# خزمەتکارەکەی مەحوی

گێڕانەوەی چوار ساڵی بەیەکەوەبوونی ئاسیا و سامی لە زانکۆدا

# خزمەتکارەکەی مەحوی

گێڕانەوەی چوار ساڵی بەیەکەوەبوونی ئاسیا و سامی لە زانکۆدا

شەوکەت شێخ بزێنی

چاپی دووەم

٢٠٢٢ - هەولێر

ناوی کتێب؛ خزمەتکارەکەی مەحوی.

ناوی نووسەر؛ شەوکەت شێخ بزێنی.

دیزانی بەرگ؛ نیاز ئیسماعیل.

بابەت؛ ڕۆمان.

نۆرەی چاپ؛ دووەم - ٢٠٢٢.

تیراژ؛ ٥٠٠ دانە.

نرخ؛ ٥ هەزار دینار.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٣٩١) ـی ساڵی (٢٠٢١)ـی پێدراوە.

# پێشکەشە بە:

- ئەو کەسەی هات؛ شین نەبوو، لەگەڵ من شین بوو و شینی کرد. لەگەڵ من چاوەڕوان بوو و ئازاری چاوەڕوانیی چەشت.

**فریشتە.**

# سوپاسنامە:

ئەمەی بەردەستت کتێبێک نەبوو، چیرۆکێکی سادەبوو، کۆمەڵێک نووسراوبوون لە کاتی جیاجیادا بەپێی ئارەزوو نووسران، بەڵام کۆمەڵێک ئازیز دەستیانگرتم و هانیاندام بەوەی بیکەم بەم کتێبەی بەردەستی تۆ. بە تایبەت:

- شاعیر و برای گەورەم (ئاسۆ مالیک)، کە بە ڕەخنە و سەرنج و تێبینییەکانی دوای بینینی کتێبەکە، وایکرد شتێکی جوانتر بێتەبوون، ئەوەی ئەو بۆی کردم هیچ کەسێ تر نەیکرد و نەیاندەکرد، تا ئەبەد خۆم بە قەرزاری دەزانم، هیچ شتێک وەکوو ئەوە خۆش و گرنگ نییە بۆ کەسێک کاتێک پێویستییەکی هەیە، کەسێ دێت دەستی دەگرێت و یارمەتی دەدات، ئەویش ئاوا دەستی گرتم.
- خوشکی ئازیزم خاتوو (سارا ئازاد)، کە هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لەگەڵم بوو، بە ئامۆژگاریی و وتە هاندانەکانی، بەجۆرێک لەگەڵم بوو: وەکوو بڵێیت یەکەمین کتێبی خۆی لەدایک دەبێت.

ئەمانە و چەندان کەسی تر، کە ناکرێت ناوی یەکە بە یەکەیان بنووسم، بەڵام بە دڵنیاییەوە چاکەیان لەبیرناکەم و هەمیشە ئەوەم لەبیردەبێت کە لەم کاتەی پێویستم پێیان هەبوو، جێیان نەهێشتم. وشەی (سوپاس) لە ئاست چاکەی ئەم مرۆڤانەدا کەمە. خۆشمدەوێن.

# پێشەکی

بەنـاوی خـودای مەزن، سـوپاس و سـتاییش بـۆ میهـر و ڕزق و ڕۆزییەکـانی. سەلام و ستاییش بۆ گیانی سەروەری مرۆڤایەتیی.

سوپاس بۆ خودای گەورە کە یارمەتییدەربوو و ژیانی پێدایین هەتا ئەم کتێبەی بەردەستت هاتەبوون. ڕۆژێـک بیـرم لەوە دەکـردەوە کتێبـێکم هەبێـت، بەڵام دواتـر هەر خۆم دەمگوت: چ خەیاڵێکی پـووچە، مـن و ئەم ڕۆژە! بەڵام لەگەڵ خـودا هیـچ شتێک مەحاڵ نییە. گەیشت ئەو ڕۆژەی پێموابوو خەیاڵێکی پووچە.

ئەم کتێبە نووسینەوەی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیـان، کە بەشـی هەرەزۆرمـان پێیدا تێپەڕدەبین، ئەویش قۆنـاغی زانکـۆیە. ڕووداوەکـان لە ڕاسـتییەوە وەرگیـراون و خەیـاڵ تێکەڵیـانبووە و لەگەڵ یەکەوە ڕۆشـتوون. دەکرێـت ئەم کتێـبە لەدیـدی خوێنەرێک بۆ خوێنەرێکی تر جیاواز بێت، دەکرێ بۆ خوێنەرێک ببێتە دڵخـوازترین کتێبی و بۆ خوێنەرێکی تریش شتێکی ئاسایی و سادە بێـت، خوێنەرەکـان هەمیشـە جیـاوازن و دیـدی هەمـووان بـۆ کتێبێـک وەک یەک نابێـت، خـۆ هەر ناشـبێت هەموومان یەک جۆر بیرکردنەوەمان هەبێت.

دەکرێـت هاوشـێوەی ئەم ڕووداوانە لە ژیـانی بەشـێکی زۆرمانـدا ڕوویانـدابێت، چونکە لەم مەملەکەتەدا بەشی زۆری زانکۆکان هەمان شتن، ئەوەی بەدوایدا نەچن زانستە! هـاوڕێیەتیی لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدیی و خۆشەویسـتییەکی ناڕاسـت لە ژیـانی هەموومانـدا هەبـووە، بە تـایبەت لە قۆنـاغی زانکـۆدا. ڕووداوەکـان بەسـادەیی

نووسراون، قوڵبوونەوەیەکی زۆری تێدا نییە بۆ بابەتەکان، کە خوێنەر زیاتر حەزیپێدەکات، بەڵام هەندێکجار لەوانەیە نووسینێکی سادە زیاتر بچێتە قووڵایی دڵەوە. لەوانەیە لە هەندێک شوێن پرسیارت بۆ دروستببێت، بەڵام زۆر ناوەستیت وەڵامی پرسیارەکەت دەستدەکەوێت. جا لە لاپەڕەی دواتربێت، یان بەبێ ئاگاداریی خۆت ئاوەزت وەڵامیدەداتەوە.

هیوادارم بە ڕووداوەکان و وشەکان جوانییەکم بە تۆی خوێنەری ئازیز دابێت، چونکە ئەم کاتە بەنرخەی خۆت بۆ ئەم کتێبە تەرخانکردووە. بە هیوای ڕازییبوون لێی.

بۆ بوونی هەر کەموکوڕییەک ببورن و ئەگەر توانیتان هەڵەکانم بە خۆم بڵێنەوە، بۆم چاکبکەن سوپاسگوزاردەبم. دڵنیابن هەڵەکان بەم شێوەیە چاکدەبنەوە، نەک بچن لە لای هەمووان باسیبکەن و بیڵێن جگە لە من.

ڕێز و خۆشەویستییم.

شەوکەت شێخ بزێنی

٢٠٢١/٢/٢٥

پێنج شەممە

گوندی گاینج/هەولێر.

# بۆچی دوای مەرگی سامی ئەم نووسراوە؟

سامی هەر ناوێک بوو دەژیا، سامی ڕۆیشت، بەڵام چیرۆکەکانی ماونەتەوە. خۆی ڕۆیشت، ناوەکەی ڕۆیشت، وێنەیەک لەدوای بەجێنەما. ئاخر ڕۆژێک کەسێک نەیدەبینی سامی وێنەیەک بگرێت و هەڵیبگرێت، هەتا دوای ڕۆیشتنی ئازیزێکی بەسەیرکردنی بگری، یان ئاگری ناخی پێ کپبکاتەوە. نا هیچ وێنەیەکی نەبوو، تەنها لاپتۆپەکەی پڕبوو لە وێنەی هاوڕێکانی. ئەوانەی دووربوون و هەمیشە بیریدەکردن. سامی ڕۆیشت، بەڵام چیرۆکەکانی لە هزری مندا دەژین. هەموو چیرۆکەکان، ئاخر ئێمە ئاوێنەی یەکتربووین، ئاگاداری هەناسەکانی یەکتریش بووین. وەک هەمیشە سامی دەیگوت: "گیانێکین لە دوو جەستەدا". بەڵێ، ئێمە گیانێک بووین.

نامەوێت دوای ڕۆیشتنی من چیرۆکەکانی سامی ونببن، لەبەرئەوە دەمەوێت بیاننووسمەوە و بمێنن. پێشتر شتی ترم زۆر نووسیوەتەوە، بەڵام ئەمجارە شتێکی ترە شتێکی جیاواز. دەمەوێت باسی سامی بکەم لەگەڵ کچێک کە هاوڕێ بوون، ئەوان وەک خوشک و برا بوون. چیرۆکی سامی و ئاسیا، کە هەموو ڕووداوەکان لە زمانی سامییەوە ئاگادارم، هەموو ڕووداوەکانی چوار ساڵی بەیەکەوەبوونیان لە زانکۆ و هەتا سەفەری ئەبەدیی سامی.

هەرچەندە من لە نووسیندا هەژارم، بەڵام لەپێناو سامی هەوڵدەدەم زۆر باش بنووسم، هەرچەندە هەتا کۆتایی تەمەنیشم بنووسم، ناتوانم وەک سامی بم. ئاخر

ئەو پێشەنگی من بوو، جواننووس بوو، ئازارەکانی بە شێوەیەک دەنووسییەوە مرۆڤ ئازاری خۆشدەویست، مرۆڤ حەزیدەکرد جەستەی پڕبێت لە برین، خوێن لە دڵیدا بچۆڕێت، تەنها بێت. من هیچ کات وەک ئەو نابم، نامەوێت وەک ئەوبم، چونکە ئەو هەمیشە گەورە و پێشەنگی من بووە، بەڵام هەر دەینووسم و دەستپێدەکەم.

بیرۆکەی نووسینی ئەم نووسراوانەی بەردەستت، کە شەونخونییم کردووە بۆ نووسینەوەیان لە خۆوە نەبووە، بەڵکوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: جارێک سامی چیرۆکێک دەنووسێت، باسی کوڕ و کچێکی زانکۆ دەکات. کوڕەکە هاوڕێی سامی بوو، کوڕەکە داوای لە سامی کردبوو کەوا شتێکی ئاوا بنووسێت، چیرۆکی (فەرهاد و ناز). هەر کاتێک سامی شتێکی نوێی دەنووسی، ئاسیا ئەگەر یەکەم کەس نەبووبێت کە خوێنەری بووە، ئەوە بێگومان دووەم کەس بووە. وەک هەر هەموو نووسینەکانی تر ئاسیا خوێنەری ئەم چیرۆکەش بووە، پێی سەرسامبووە، لە سامی پرسیوە ئاخۆ دەکرێت شتێکی هاوشێوەی ئەمە بنووسێت و باسی ئەو بکات؟

سامی گوتبووی: نازانم، دەکرێت بینووسم، بەڵام ئەمرۆ و بەیانی نا، لە داهاتوودا ئەگەر خودا تەمەنی دا. خۆشم حەزدەکەم شتێکی ئاوا هەبێت، بەڵام کات و بیرکردنەوەی زۆری دەوێت. پشتیوان بە خودای گەورە ڕۆژێک دەینووسم.

دوای ڕۆیشتنی سامی کە لاپتۆپەکەیم وەرگرت، نووسراوەکانی هەمووی لە فایلێک شاردبووەوە و کۆدی نهێنیی لەسەر دانابوو. سەرەتا کۆدەکەم نەزانی و نەمتوانی بیکەمەوە، بەڵام دواتر بیرمکەوتەوە زۆربەی جارەکان ڕۆژی لەدایکبوونی دەکردە کۆدە نهێنییەکان. ڕاستیش بووم، بە ڕێکەوتی ڕۆژی لەدایکبوونی کۆدەکە کرایەوە، لەبەرئەوەی لە ماڵەوەیان نەیانتوانیبوو کۆدەکە بکەنەوە، گوتیان هەموو نووسراوەکانی لەناوبردووە جگە لە دەستنووسێک نەبێت کە بۆ یەکێک لە خوارزاکانی نووسیوە. ئەو شەوەی کە ڕۆیشت، هیچی تری جێنەهێشتووە. کە کۆدەکەم کردەوە هەموو نووسراوەکانی لەوێ بوون. ئەو کتێبەی کە بۆ چاپ پێیدام، ئەو نامانەی بۆ چەند نووسەرێک نووسیبووی، نووسینێک بە ناوی "دوایین نووسراو" کە هیچ کات ئەو نووسراوەم نەبینیبوو و سامی پیشانی نەدابووم. تەنها جارێک باسی ئەوەی کرد نووسراوێکی بەو ناوە نووسیوە. گوتی پیشانی چەند کەسێکم دا،

کەسیان لە مەبەستی نووسینەکە نەگەیشتن، دوایین کەس بۆ ئاسیام نارد، ئەو لە بری هەمووان هەستی بە ڕازەکانی ناو نووسینەکە کرد. نووسراوەکە باسی ڕۆژێکی زستانی دەکرد، بەڵام ماوەیەکی کەم بەر لە تەواوبوونی زانکۆ نووسیبووی. ئەو شیعرانەی کە هەموو کات دەیگوت ئەوانە شیعر نین، بەڵام تەنها لە ناخمدا هەن، ئەگەر نەیانکەم بە وشە دڵنیام ناخم دەخۆن و لەناومدەبەن. کۆمەڵێک چیرۆکی جیاواز جیاواز، هەندێکیان ڕاستیبوون، باسی خۆی، یان هاوڕێکانی بوون. هەندێکیش خەیاڵیی بوون و خۆی دروستیکردبوون. ناوی یەکێک لە فایلەکان سەرنجیڕاکێشام، نووسرابوو: "چیرۆکێکی نەنووسراو". فایلەکەم کردەوە، نە چیرۆکێکی تێدابوو، نە چەندین لاپەڕە بوو، تەنها یەک لاپەڕەبوو و تێیدا نووسرابوو: **ئاسیا، کۆلێژ تەواوبوو، ئێستا نە تۆ لێرەیت و نە هیچ کەسێکی تر. بە تەنها لە ژوورەکەمم و لە هەموو جیهانی دەرەوە دابڕاوم. ئەوەی لە لامە تەنها لاپتۆپەکەمە، ئەویش ناخمی پێ بەتاڵدەکەمەوە و نووسینی لێدەکەم. جارجارەش سەیری وێنەکانتان دەکەم و بەرانبەریان دەگریم.**

**ئەمڕۆ (٢٤ی مانگی ئۆکتۆبەر)ــە. کەمتر لە (١٠) ڕۆژ ماوە بۆ ئەوەی ساڵێکی تریش لە تەمەنم بڕوات، بەڵام ئەو ساڵە ناڕوات دەزانم، نازانم چۆن دەزانم، بەڵام ئەوە دەزانم دوای دوو ڕۆژی تر سەفەری ئەبەدیی منە. هەستێکی سەیر لە ناخم هەیە و ئەوەم پێدەڵێت، ئەوە مانگێک زیاترە ئاگادارم، وەک ئەو خزمەمان کە چەند ساڵێک لەوەوپێش لە ڕۆژێکی دووشەممە ڕۆیشت، دوای ڕۆیشتنی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی گوتی: ماوەیەکە لە ڕێگەی خەونێکەوە ئاگادارکرابووەوە کەوا لەم ڕۆژەدا دەمرێت.**

**لەو کاتەوەی کە ئەم شتە دەزانم، زۆرترین کاتەکانم لەگەڵ خودا بووە. نوێژدەکەم، نوێژێکی بێدەستنوێژ. دوعادەکەم، دوعاکردنێک خۆشم نازانم چی دەڵێم. دەمم تێکدەئاڵێت و وشەکان وندەکەم، بەڵام باوەڕم هەیە خودا لێم تێدەگات و لێم وەردەگرێت.**

**ببورە، بڕیاربوو چیرۆکێک بنووسم باسی تۆ، یان باسی هەردوومان لە زانکۆدا، بەڵام ئیتر ژیان ڕێگەنادات، ناخم پڕە لە قسە بۆت، بەڵام**

**جەستەشم پڕ پڕە لە ئازار. هێزی نووسینم نییە، بۆ هەموو شتێک ببورە. دەزانم ئەو نووسینەش پێتناگات، خۆشمدەوێیت و ماڵئاوا...".**

دوای خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕە گریام، زۆر گریام و چووم لە بری سامی سەیری وێنەی هاوڕێکانیم کرد. هەموو وێنەکانم سەیرکرد یەک بە یەک، منیش زۆر بیریمدەکرد. زۆر گەڕام وێنەیەکی خۆی بدۆزمەوە نەبوو، هیچ وێنەیەکی نەبوو، تەنها هاوڕێکانی بوون. جا ئەوانەی قوتابخانە و کۆلێژ، یان ئەوانەی لە فەیسبووکەوە بووبوون بە هاوڕێ و هیچ کات دیدەنی یەکیان نەکرد.

خۆشم نازانم بۆچی، بەڵام بڕیارمدا ئەو چیرۆکەی سامی نەینووسی، من بینووسمەوە. ئاسیا دەیویست شتێک بێت لە شێوەی چیرۆکەکەی (فەرهاد و ناز). منیش ئەو چیرۆکەم خوێندووەتەوە و هەموو شتێک کە پێویست بێت بۆ نووسینی شتێکی ئاوا لە بارەی ئاسیا و سامی دەزانم و دەینووسمەوە. نازانم چۆن دەبێت و دەگەم بەکوێ و وشەکان چییان لێدێت، بەڵام تەنها دەمەوێت سامی هەمیشە زیندووبێت بە ڕۆح، بۆ مانەوەی سامی ئەو کارە دەکەم...

بۆ ئەوەی ڕووداوەکان و قسەکان ئاڵۆز و تێکەڵ نەبن، لەسەر زاری سامی خۆیەوە قسەدەکەم. بە شێوەیەک دەنووسمەوە واتە لەسەر زمانی سامییەوە بێت، ئەوەی دەدوێت سامییە" نەک من...

خودا یارمەتییدەربێت و ئاسانیبکات.

# قۆناغی یەکەمی زانکۆ

من بە جۆرێک چووم بۆ زانکۆ، هیچ کات بیرم لێی نەکردبۆوە. لە شوێنێک خوێندم هەر بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو. بەڵام هەمیشە دەڵێم: "ڕاستە من ئەم شوێنەم نەدەویست، ڕاستە ئێستەش خۆشم ناوێت و بەحەزەوە لێی ناخوێنم، بەڵام پێیرڕازیم. ئاخر لێرە دونیایەک مرۆڤی جوانم ناسی، لەوانەیە لە شوێنێکی تر نەمناسیبان". بەڵێ" هەمووکات ئاوا بیر لە زانکۆ دەکەمەوە.

ڕۆژێکی ساردی زستان بوو، یەکەم ڕۆژ و بۆ یەکەمجار کە چووم بۆ زانکۆ، بەڵام کەسم نەدەناسی ئەو ڕۆژە تێکەڵی کەس نەبووم، لای من زۆر گرانە کە دەچم بۆ شوێنێکی نوێ تێکەڵی مرۆڤەکانی ببم. کۆلێژەکەم زۆر قەرەباڵغ بوو، ڕۆژانە هەزاران قوتابی تێکەڵی یەکتر دەبوون، بەڵام لە ناو ئەم هەزاران کەسەدا زۆر بە گرانی دەتوانیت هاوڕاز و هاوزارێک بدۆزیتەوە.

کە گەڕامەوە ماڵەوە و باسی ئەو ڕۆژەم بۆ هێمن کرد، هێمن ئەو هاوڕێیەم کە گیانێک بووین لە دوو جەستەدا، زەمەنێکی زۆر بوو ئێمە هاوڕێ بووین، لە خوێندنی سەرەتاییەوە لەگەڵ یەک بووین، لە برا زیاتر نەبوویێت کەمتر نەبووە بۆم. باسی ئەو ڕۆژە ساردەم بۆ کرد، کە چەندە تەنهابووم و چۆن هەستم بە نامۆیی کردووە لە ناو هەزاران مرۆڤدا، کە پێشتر نەمبینیبوون. هەموو خەریکی وێنە و سناپ بوون، کەس ئاگاداری کەس نەبوو، هەر خودا دەزانێت لە ڕێڕەوە تاریکەکانی ئەم کۆلێژە چی دەکرا؟

دوای ئەم ڕۆژە بوو بە پشووی سەری ساڵ، هەتا هەفتەیەک نەچوومەوە بۆ زانکۆ. ساڵی نوێ دەستیپێکرد و پشوو کۆتاییهات، منیش دەستم بە دەوامکردن کرد.

دواتر وردەوردە لەگەڵ دۆخەکە ڕادەهاتم و لەگەڵ هەندێک قوتابی تێکەڵبووم و خەریکی وانەکان بووین. بەڵام ئەمە بە ڕۆژێک و دوو نا، مانگێک زیاتریش. ئاخر من بە هیچ جۆرێک تێکەڵ نەدەبووم، قوتابییەکان هەموو لە سەرمای زستان دەچوون لە کافتریایەکی گەرم دادەنیشتن و قسەیاندەکرد و تێکەڵی یەکتر دەبوون، بەڵام من هەتا زانکۆم تەواوکرد ڕۆژێک قاچەکانم نەچوونە ناو کافتریاکە. مەگەر ناسینی مرۆڤ لەم شوێنەدا هێندە ئاسانە؟ هەمووان ماسکیان پۆشیووە، ڕووخساری ڕاستەقینەی هیچ مرۆڤێک نابینیت، جا مامۆستا بێت، یان قوتابییەک کە خۆی نمایشدەکات.

لە قوتابخانەدا ڕقم لە دوو وانە دەبۆوە، هیچ کات لێیان زیرەک نەبووم و نمرەیەکی باشم نەدەهێنا. ئەوانیش: بیرکاریی و زمانی عەرەبیی بوون. کە قوتابخانە تەواوبوو سوپاسی خودام دەکرد و دەمگوت: سوپاس بۆ خودا کە بۆ هەمیشە لە بیرکاریی ڕزگارمبوو. من لەکوێ بزانم لە زانکۆدا دەچم بۆ وێرانەیەک، بۆ بەشێک کە لە شوێنی نان و ئاو زانستی بیرکاریی بەکاردەهێنن و سەرچاوەی یەکەمیان بۆ هەموو گەڕانێک زمانی عەرەبییە. هەموو ڕۆژێک وانەکان و شوێنەکەم بەنەفرەتدەکرد، چونکە هەموو شتەکان زۆر خراپ دەڕۆیشتن.

ڕۆژێک مامۆستایەک داوای ڕاپۆرتێکی لێکردین. (ڕاز)، ئەو تاکە کچەبوو کەوا لەو کاتەدا دەمناسی، لە ڕێگەی فەیسبووکەوە ناسیبووم لە پشووی سەری ساڵدا. هاتە لام و گوتی: ئەگەر بڕیاربێت داوای مامۆستا جێبەجێبکەین، پێکەوە ڕاپۆرتێک دەکەین. من و تۆ و ئەو دوو هاوڕێیەم، دەستی بۆ دوو کچ درێژکرد و چووین بۆ لایان. دوو کچی تر بوون، خۆیان ناساند. بڕیاربوو ڕاپۆرتەکە بەیەکەوە بکەین، بەڵام ئیتر هەر قسەیەک بوو و لەوێ کرا. کەس نەیویست بیکات و کەسیان دەستپێشخەرییان نەکرد و باسیبکەن. منیش بە تەنها بۆ خۆم شتێکم کرد و پێشکەش بە مامۆستام کرد.

ئەو کاتەی ڕاز دوو هاوڕێکەی پێناساندم، سەیرێکی قووڵی ئەو کچەم کرد کەوا لە لای دیوارەکە دانیشتبوو و پشتی بە دیوارەکەوە دابوو. (ئاسیا)! بەڵێ" ناوی ئاسیابوو. ئەوەی تریش (شازیار) بوو. ئاسیا هەر بە ڕاستیی هێندە جوان بوو، هێندە شیرین بوو، بە ڕوانینێک دەچووە دڵەوە. نازانم ئەو ڕاستیی بوو، یان خەیاڵ!

هەموو کات لای هێمن دەمگوت: ئاسیا مرۆڤێکە لە لووتکەی جوانیی و میهرەبانییدا، مرۆڤێکە کەم کەس هەیە وەک ئەو بێت.

بەڵام من لەوێدا گەمژانە، زۆر گەمژانە بیرمکردەوە، هەرچەندە زۆرجار لە فەیسبووک ئەو گوتەیەم بینیبوو و خوێنەری بووم، کە دەڵێت: "گەورەترین گەمژایەتیی و هەڵە بۆ لەبیرکردنی کەسێک کە مرۆڤ بیکات، ئەوەیە هەوڵبدات کەسێکی تر لە شوێنی دابنێت". بیرم لەم گوتەیە کردەوە، بەڵام هەر دڵم بەسەرمدا زاڵبوو و دەیگوت: دەی ژیان هی گەمژەکانە، هیچ نابێت بیر لە جوانیی ئاسیا بکەرەوە و خۆشتبوێت، بەڵکوو (مێلیسا) لەبیربکەیت. بەڵێ، بیرکردنەوەکە زۆر گەمژانەبوو، ستەمکردنیش بوو لە ئاسیا ئەگەر بووبایە، بەڵام سوپاس بۆ خودا هەر زوو لە یەکەم گفتوگۆماندا ئاسیا بە برا ناویبردم (هههههه). دوای ئەوە بە هەموو شێوەیەک خۆشویستنیم لە مێشکم دەرکرد. وەک کچێک، وەک ڕەگەزی بەرانبەر.

هەندێک جار مرۆڤ بڕیاری هەڵە دەدات، بەڵام هەر زوو بە هۆکارێک پەشیماندەبێتەوە و واز لە بڕیارەکەی دەهێنێت. لەوانەیە ئەمە چاکەی خودا بێت، بۆ ئەوەی بەندەکەی لە هەڵە و کاری خراپ بپارێزێت. بەندە دەبێت لە کاتی ئاوادا هەمیشە سوپاسگوزاری خۆی بۆ خودا دەرببڕێت.

ئەو کاتەی ئاسیا بە برا ناویبردم، چەند ڕۆژێک دوای ناسین و بینینی بوو لە کۆلێژ. لە ڕێگەی فەیسبووکەوە نامەیەکم بۆ نارد، هەندێک قسەمان کرد. وەک هەموو قوتابییانی کۆلێژ کە هەر جارێک لەگەڵ یەک دەدوێن، سەرەتا باسی وانەکانمان کرد. لەگەڵ وانەکان چۆنین و کامەی ئاسانە و کامەی گران و باسکردنی مامۆستاکان. پێشتر هیچ قسەیەکمان نەکردبوو، یەکەمجار بوو لەگەڵ یەکتر قسەبکەین، لەبەرئەوە چەند پرسیارێکمان لەیەکتر کرد بۆ ناسینی یەکتر. ئەو

هەر لە ناو شاری هەولێر دەژیا، وایدەزانی منیش هەر خەڵکی ناو شاری هەولێرم.
گوتی: - سامی ماڵتان لە کام گەڕەکە؟

- هیچیان.

- ئیمۆجێکی مۆنی نارد و گوتی: چییە ڕادەبوێریت؟

- نا، بەڵام خەڵکی ناو شار نیم، لە دەرەوەی هەولێر لە گوندی گوڵاڵە دەژیم.

- ئێ زوو وابڵێ، ناوی گوندەکەشتان یەکەمجارمە بیبیستم.

- بەپێکەنینەوە: دەزانم، گوندەکەمان دەڵێیت لە هەسارەیەکی ترە، خۆ کەس ناوی نەبیستووە.

ئیتر هەندێکی تر قسەمانکرد و کەمێک یەکترمان ناسی. لە کۆتایی گفتوگۆکەمان بووین، گوتم:گوڵیت. بەڵام پێی ناخۆشبوو و ڕازی نەبوو هیچ وشەیەکی ئاوای پێبڵێم. ئاخر ئەوە لەبەر ئەوە نییە کەوا ڕقی لە گوڵ بێت، یان گوڵ ناشرین بێت، هەر ئەونا، زۆر مرۆڤی تر هەن ئاوان لەم نیشتیمانەدا، ئەو وشانەیان پێ نامۆیە. ئاخر دڵۆپێک خۆشەویستییان پێنەدراوە و نازانن چۆنە. نازانن ئەگەر کەسێک ئاوای گوت چی بکەن و چی بڵێن. ئاخر چۆن مرۆڤێک پێیبڵێیت گوڵ، ڕەتیدەکاتەوە و پێی ناخۆشدەبێت! بەداخەوە بۆ ئەم نیشتیمانە، مرۆڤەکان لە بری بۆنی گوڵ و هەستکردن بە بوونی گوڵ، هەست بە گوو و هەرچی پیسایی و بۆنیانە دەکەن. بەداخەوە کەم مرۆڤەکانی ئێرە ئەو خۆشەویستییە وەردەگرن، کە شایەنی ئەوەن پێیانببەخشرێت. قسەکانمان تەواوکرد و گوتی:

- دەی خوات لەگەڵ براکەم. ئیتر منیش ماڵئاواییم لێکرد و یەکەم قسەکرنمان کۆتاییهات. بەڵێ' گوتی براکەم (هەهەهەهە). ئیتر لە ناخی خۆمەوە گوتم: سوپاس بۆ خودا لە هەڵەیەکی گەورە دووردەکەومەوە و چیتر بە چاوی کچێک سەیری ناکەم، بەڵکوو وەک خوشکێکی خۆم دەبێت.

هەندێک کات کەسێکی فریشتەئاسا دێتە ژیانمان، ئەمە دیاری خودایە، دەبێت بیپارێزین.

رۆژی دواتر چووم بۆ کۆلێژ، لەبەرئەوەی هاتوچۆم دەکرد، هەموو ڕۆژێک دەبووایە کاتژمێر هەشتی بەیانی لە کۆلێژبم، ئەگەرچی وانەی یەکەمم کاتژمێر (١٢)ـش بووایە. ڕۆژی دووشەممە بوو، کاتژمێر (١٠:٣٠) وانەی یەکەمم هەبوو، وانەی ئینگلیزیی. چەند خولەکێک پێش ئەوەی وانەکە دەستپێبکات، لە لای بەشی خۆمانەوە ویستم بڕۆم بۆ هۆڵی وانەکە، هۆڵەکە لە دەرەوەی بەشی خۆمان بوو. دەڕۆیشتم بە لای ئاسیاوە تێپەڕیم. سەلامیکرد و وەڵامم دایەوە. گوتی:

- کام وانەمان هەیە؟

- ئینگلیزیی.

- باشە بووەستە کتێبەکەم دەهێنم و بەیەکەوە دەڕۆین.

نازانم ڕێک چیم گوت، بەڵام ڕۆیشتم چاوەڕوان نەبووم بێت و لەگەڵ ئەو بڕۆم. بە تەنها چووم بۆ هۆڵەکە و وەک هەمیشە لە دواوە بە تەنها دانیشتم. بەبێ ئەوەی ڕۆژێک پەرتوکێک، تیانووسێک، مەلزەمە، یان پێنووسێکم لە لابێت. هەر چوار ساڵی زانکۆ تەواوبوو و لە هەموو وانەکان بە تەنها دانیشتم. بە بێدەنگیی ڕۆژێک مامۆستایەک پێی نەگوتم؛ بێدەنگبە و قسەمەکە.

بەرلەوەی بچم بۆ زانکۆ، لە فەیسبووکەوە کچێکم ناسیبوو و خۆشمدەویست، تەنها من خۆشمدەویست، نەک ئەویش هەمان هەستی بۆ من هەبێت. لە چاوی ئەوەوە تەنها هاوڕێ بووین، چونکە نەمتوانیبوو پێیبڵێم کەوا خۆشمدەوێت، بەڵام کە چووم بۆ زانکۆ ویستم لەبیریبکەم. وەک خۆم پۆلی (١٢) بوو، ئەو هاوینەی بەرلەوەی ببین بە پۆلی (١٢) ناسیم. دوای تەواوکردنی قوتابخانە و بەر لە چوونم بۆ زانکۆ هەموو شتێکی نێوانمان کۆتاییهات و جیابووینەوە و ئاگاداری یەک نەبووین. بەڵام منی بەدبەخت بە چی بزانم لەگەڵ ئەو کچەدا لە زانکۆ پێکەوە دەبین و ناتوانم لەبیریبکەم! ئاخر ئەو کاتەی لە فەیسبووک قسەماندەکرد لە وێنە

یەکترمان بینیبوو. دوای هەفتەیەک لە دەوامکردن لە زانکۆ ڕۆژێک کەوتەبەرچاوم. دوودڵ بووم کە ئەوە، یان نا. زۆر سەیرمکرد و دواتر ڕۆیشتم سەیری ناوی ئەو قوتابییانەم کرد کە لەگەڵ من لەم بەشەدا وەرگیرابوون. ناوەکان بە ڕیزبەندیی نووسرابوون، چاوەکانم هەر خۆیان چوونەسەر پیتی (میم). بەڵێ، ناوی (مێلیسا) وەک چۆن مانگ لە ناو ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەدا دەدرەوشێتەوە، ئەویش ئاوا دەدرەوشایەوە. تەنها یەک مێلیسا هەبوو و زیاتر نا.

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، ئەویش بە بوونی منی زانی لەوێدا و بۆ یەکەمجار ڕووبەڕوو قسەمانکرد. لەبەرئەوەی هەردووکمان کەسی ترمان نەدەناسی پێویستمان بەیەکتر هەبوو. ئیتر هەموو شتەکان وەک خۆیان لێهاتەوە و بووینەوە بە هاوڕێکەی جاران. منیش ئەوەم لەبیرکرد کە دەمەویست لەبیریبکەم...

ڕاپۆرتی یەکەم کە مامۆستایەک داوایکرد و بڕیاربوو بیکەین، نەمانکرد بە گرووپ، بە تەنها کردم. ئەمجارە مامۆستایەکی تر داوای ڕاپۆرتی کرد و گوتی: هەر قوتابییەک پێویستە بە تەنها بیکات. هەر زوو هی خۆمم کرد و تەواومکرد. ئاسیاش بە تەنها و نەیدەزانی چی بکات. ئەو ماوەیە قسەکردن و تێکەڵبوونمان زیاتربووبوو، ویستم یارمەتییبدەم. لەگەڵ فەیسبووکێک قسەمکرد ئەوانەی کە ڕاپۆرت و شت بەپارە دەکەن، بەڵام ڕێکنەکەوتین، لەبەرئەوە هەر خۆم لە کتێبێک ژیان و چەند شیعرێکی شاعیرێکم کۆپییکرد و بە چەند خولەکێک وەک ڕاپۆرتێکی تەواو ئامادەمکرد. بەیانییەکەی خۆم بۆ دەوام نەچووم، بەڵام بە کەسێکی تر بۆم نارد و ڕاپۆرتەکەی پێشکەشکرد. ڕاپۆرتەکەی خۆشم ئامادەبوو، بەڵام بە مامۆستام نەدابوو، لەبەرئەوە ئەویشم بۆ ئاسیا نارد و لەگەڵ هی خۆیدا پێشکەشی مامۆستای کرد.

لە مانگی دووی ساڵی نوێدا تاقیکردنەوەکانمان دەستیپێکرد، هیچم نەدەخوێند ئاخر هەموو وانەکان یان بیرکاریی بوون، یان عەرەبیی. جگە لەوەش دوو وانە بە هۆی ئەوەی لە قاتی سەرەوەی بینایەکەدا بوون هیچ وانەیەکم لێیان نەخوێندبوو. خۆشم نەمدەزانی چۆن دەخوێنم. هەر وانەیەک بە چاوێک سەیرمدەکرد، وام هەستدەکرد هەمووی دەزانم، بەڵام کاتێک پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەهاتنەپێشم،

وام هەستدەکرد لە ژیانمدا ئەم وانەیەم نەخوێندووە. تەنها لە یەک وانە نمرەیەکی باشم هێنا، لە وانەکانی تردا نمرەکانم زۆر خراپبوون. بەڵام ئاسیا دەیخوێند ئەو نمرەکانی باشبوون. لەگەڵ کۆتاییهاتنی مانگی دوو، ئێمەش تاقیکردنەوەکانمان تەواوبوون. بڕیارماندا زووتر لە کاتی خۆی پشووی نەورۆز دەستپێبکەین و هەتا مانگی چوار بۆ زانکۆ نەگەڕێینەوە.

زیاتر لە مانگێک لەماڵەوە بووین، کەمترین هاوڕێم هەبوو، هێشتا قوتابییەکانم نەناسیبوو و زۆر بە کەمیی قسەم لەگەڵ دەکردن. لەم پشووە زیاتر قسەم لەگەڵ ئاسیا و ڕاز دەکرد. ئەوان لە هەمووان زیاتر لێمەوە نزیکبوون. بە وێنە دیمەنە جوانەکانی گوندەکەی خۆمانم پیشاندەدان، گوندەکەمان جوان بوو، بەڵام وەک شوێنی ڕاز نەبوو، ئەو کە لە باڵەکایەتیی بوو، ئەو شوێنەی لە بەهەشتی سەر زەمین دەچێت. ناوچەیەک پڕ لە جوانیی و ئارامیی بۆ ڕۆح و جەستە، لەوێ مرۆڤ لەگەڵ سروشت هەناسەدەدات و دەژی.

کۆتا ساڵی قوتابخانەم و یەکەم ساڵی زانکۆ شتم زۆر دەنووسی بە ناوی هۆندراوەوە، هەرچەندە ئێستە دەزانم ئەو نووسراوانە هەموو شتێک بوون تەنها هۆندراوە نەبێت. بەڵام ئیتر هەستێک بوون لە دڵمدا و دەیانویست ببن بە وشە. پشووی نەورۆز هات و ماوەیەکی زۆر لەماڵەوە بووین، لەو ماوەیەدا ڕۆژێک چەند دێڕێکم بۆ ئاسیا نووسی. وەک هاوڕێیەک ناومبردبوو، بێگومان ئەو کات بووبووین بە هاوڕێ، چونکە دوو مانگێک دەبوو یەکترمان دەناسی و قسەماندەکرد. شتێکی وانەبوو کە شایەنی ئەو بێت، بەڵام ئەو کەمێکیش بێت دڵی پێی خۆشبوو.

ئەوەش نووسینەکەبوو:

**"هاوڕێکەم، تۆ نیشتیمانێکی بچووککراوەیت بۆ من.**
**هاوڕێکەم، خودا تۆی لە شێوەی خوشکێک داوە بە من.**
**هاوڕێکەم، تۆ لە جوانترین ئەو بوونانەی هەن لە لای من.**
**هاوڕێکەم، بە تاریخی زەمەن موددەتێکی کەمە هاتوویتە ژیانی من.**
**هاوڕێکەم، لە دوو مانگدا دونیایەک هیوا و جوانییت داوە بە من.**
**هاوڕێکەم، لە ناخۆشیی و دڵتەنگییدا شوڕابوویت لە پشتی من.**

**هاوڕێکەم، لەو ساتەوەی تۆ هەیت جوانتر ژیان دەبینن چاوەکانی من.**
**هاوڕێکەم، لە تاریکستانترین ساتەکانم تۆ تریفەی مانگیت بۆ من.**
**هاوڕێکەم، دیدار و دواندنی تۆ ئارامکەرەوەی ڕۆحە بۆ من.**
**خەندەی لێوانت**
**دەنگی هێمنت**
**ڕووخساری جوانت**

**جوانییگەلێک بە من دەدەن هاوشێوەیان نییە...**"

ئەوە هۆندراوە نییە، هیچ کاتیش بە هۆندراوەم دانەناوە، تەنها نووسینێکە و وشەکانی هەڵقوڵاوی ناخمن. لەوانەیە ئەگەر کەسێکیش ئاسیا نەناسێت، بڵێت ئەم هەموو وەسفە و لە کاتێکدا کەوا ماوەیەکی زۆر کەم بووە کە یەکتریان ناسیووە، بەڵام ئەوەی ئاسیا بناسێت و بزانێت لەم ماوە کەمەدا بوونی چەند گرنگبووە بۆم. ئەوە دەزانێت ئەوەندە کەمیشە بۆی.

پشووی نەورۆز کۆتاییهات، لەماڵەوە نەچووین بۆ سەیران، نازانم قوتابییەکانیش کێ چووبوو و کێ نەچووبوو. هەر لەگەڵ هاتنەوەی دەوام بڕیاریاندا بچن بۆ پارکی شار و هەموو قوتابییەکان پێکەوە سەیرانێک بکەن. من نەچووم، واتە حەزمدەکرد بچم، بەڵام توانام نەبوو. ناخۆشییەکەی ئەوە بوو لە زانکۆ بڕیاریاندا بچن، نەک ڕۆژی پێشتر بڕیاردرابێت ئەگەر وابووایە ئەوە ئەو ڕۆژە نەدەچووم بۆ کۆلێژ، واتە لە بەیانییەکەیەوە هەتا دوای نیوەڕۆ بە تەنها مامەوە لە زانکۆ، ئاسیاش سەرەتا گوتی ناچم لە لای تۆ دەبم، بەڵام دواتر ڕۆیشت. ئاگاداربووم کچە هاوڕێکانی بە زۆر بردیان.

شەوەکەی ئەو وێنانەی گرتبوویان لە گرووپ بڵاویانکردەوە، سەیری وێنەکانم کرد و هەموویانم لە لای خۆم سەیڤکرد و لە فایلێکی نوێدا لە ناو لاپتۆپەکەمدا دامنان.

ئیتر لەوێوە کاتی ئەوەبوو زۆر بخوێنین و دووبارە تاقیکردنەوەکان نزیکبوون، پێشتر باسی مێلیسام کردبوو بۆ ئاسیا، ڕۆژێک لەگەڵ مێلیسا لە گەراج لە ناو

ئۆتۆمبێلەکان بووین خەریکی قسەکردن و باسکردنی وانەکان بووین، ئاسیا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەلای ئێمەوە تێپەڕین و سەلامێکیان کرد و ئاسیا گوتی:

- ئەوە هاوڕێکەتە مێلیسا؟

- بەڵێ.

ئیتر لەوێوە کەم کەم بوون بە هاوڕێ و لەبەر ئەوەی مێلیسا لەوانەکان باشبوو زۆربەی جار وانەکانی بۆ ئاسیا و هاوڕێکانی دووبارەدەکردەوە. بەجۆرێک بووبوون بە هاوڕێ پەیوەندیی هیچ کامیان لەگەڵ من ئاوانەبوو. کە ئاوام بە ئاسیا دەگوت، دەیگوت: - ئاخر ئێمە کچین، لەبەرئەوە زیاتر تێکەڵدەبین.

تاقیکردنەوەکانمان دەکرد، ئەوان لە هەموو وانەکان باشبوون و منیش خراپ. تەنها وانەیەک کە دووبارە لێی باشبووم ئینگلیزییەکە بوو.

هاوڕێکانی قوتابخانەم کە لە کۆلێژە جیاوازەکانی تر وەرگیرابوون جارجار بۆ لام دەهاتن، هەتا هاوڕێیەتییەکەمان بەسەرنەچێت، بەڵام تەنها ساڵی یەکەم ئاوابوو. دواتر هێواش هێواش دوورکەوتینەوە و سەردانکردنیان نەما. ڕۆژێکیان یەکێک لە کوڕەکان بۆلام هاتبوو، بەیەکەوە پیاسەماندەکرد. بە شوێنکدا ڕۆیشتین ئاسیا و دوو هاوڕێی لەوێدا دانیشتبوون. هاوڕێکەم گوتی: - سەیری ئەم کچە چەند جوانە خودایە.

سەیرمکردن و تێگەیشتم مەبەستی ئاسیایە، ئیتر ڕۆیشتین. هاوڕێکەم چەند جارێک لە لام باسیکردەوە، دەیگوت من چۆن ئەو کچە ببینمەوە! بە قسەی خۆی دەیگوت خۆشمدەوێت، منیش پێمگوت:

- بەڕاستتە؟

- بەڵێ، بەڕاستمە.

- هاوڕێی من و ئامۆزاکەتە.

ئامۆزاكەی كچێك بوو لە قوتابخانە لەگەڵ خۆمان بوو و لە كۆلێژیش لەگەڵ من بوو، ئەو (یاسەمین) بوو.

– وەک گوڵ گەشایەوە، گوتی: پێیبڵێ كەوا هاوڕێكەم خۆشیدەوێت، بزانە چی دەڵێت و وەڵامی چی دەبێت. منیش چەند جارێک دووبارەمکردەوە لێی كەوا دڵنیایە؟ ئەویش دڵنیابوو.

ئیتر جارێكیان بۆ ئاسیام باسكرد، پێكەنی و گوتی:

– هەر ئەوە مابوو، ناوەڵڵا ڕازی نیم. كە بە هاوڕێكەشمم گوتەوە زۆر بە ئاسایی وەریگرت و چیتر باسمان نەكردەوە.

لە كۆتارۆژەكانی دەوامكردنی قۆناغی یەكەمدا بووین، ئەو قوتابییانەی لە بەشەناوەخۆیی دەمانەوە بەشی هەرەزۆریان گەڕابوونەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان، چونكە چەند ڕۆژێكی كەم مابوو بۆ دەستپێكردنی تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵ. ئەو قوتابییانەی دەهاتن بۆ دەوام لەم كاتەدا لە ژمارەی پەنجەكانی دەست زیاتر نەبوون. ئەوانیش بۆ ئەوە دەهاتن وانەیەک كە تێینەگەیشتوون مامۆستا، یان قوتابییەک بۆیان شیبكاتەوە، یان ئەو شتانەی بۆ تاقیكردنەوە پێویستبوون دەیانكڕی.

ڕۆژێک من و مێلیسا چووبووین بۆ دەوام، هاوڕێكانی ترمان كەس نەهاتبوون، هەندێک پیاسەمانكرد و قسەمان لەبارەی وانەكان و تاقیكردنەوەكانەوە كرد، دواتر مێلیسا داوای ڕووخسەتی كرد و ڕۆیشت بۆ لای یەكێک لە مامۆستاكان، گوتی كارم پێی هەیە. نزیكی نیوەڕۆ بوو بە تەنها لەناو كۆلێژ هاتوچۆم دەكرد. برسیمبوو، بەیانیش بەبێ نانخواردن هاتبووم بۆ دەوام. ویستم بچم لە كافتریاكە لەفەیەک بخۆم، بەڵام قسەی براكەمم بیرهاتەوە كە یەكەم ڕۆژی دەوام گوتی:

– بەهیچ شێوەیەک مەچۆ بۆ كافتریا، ئەم شوێنە زۆر قەرەباڵغە بۆ تۆ نابێت. زۆربەی مرۆڤەكان لەوێ ئاگاداری خۆیان نین، جا چۆن ئاگاداری تۆبن. دەنگی بەرزی گۆرانیی و شاییكردنی بەردەوام مرۆڤەكان بێئاگا دەكات، ئەگەر برسیتبوو بە من، یان كەسێكی تر بڵێ شتێكت بۆ بهێنێت. بیرم لە قسەی براكەم كردەوە

پەشیمانبوومەوە لەوەی بچمە ژوورەوە بۆ ناو کافتریاکە، بەڵام پێویستبوو کەسێک بدۆزمەوە داوای لێبکەم لەفەیەکم بۆ بهێنێت. چەندی سەیری دەورووبەری خۆمم دەکرد هیچ کەسێکم بەدی نەدەکرد، خودا ئەمرۆ ئەم کۆلێژە لە گۆڕەپانێکی جەنگ دەچێت، کە هیچ سەربازێک تیایدا ڕزگاری نەبووە. ئەوەی هاتووە کوژراوە و زەوی لاشەکەی قووتداوە. فەرماندەکانی جەنگەکەش لە دوورەوە لە شوێنێکی پارێزراو بە ئاوەڕدانەوەیەک سەیری گۆڕەپانەکە دەکەن، وەک بڵێیت ئەمرۆ هیچ سەربازێک نەکوژرابێت.

منیش ماندووبووم هێندەی شوێنم بگۆڕم و لەدەست گەرما و برسیەتیی ڕابکەم. چاوەڕوانبووم سەربازێک لێم پەیدابێت گوللەیەک بە سەردڵمەوە بنێت. لەژێر سێبەری دیوارێک دانیشتم و خۆم خەریکی مۆبایلەکەم کرد، سەرم نزمکردبۆوە سەر مۆبایلەکەم، کەسێک سڵاوی کرد و داوای ڕووخسەتی کرد بۆ ئەوەی دابنیشێت. سەرم بەرزکردەوە بینیم مامەیەکە بە جلێکی نیمچە دڕاو و شڕەوە، ئەندازیاری پاککردنەوە و ڕێکخستنی باخچەکانی کۆلێژ بوو. زۆرجار بینیبووم لە ناو باخچەکەدا کەوا کاریدەکرد. خەریکی جوانکردن و بڕینەوە گوڵەکان بوو. مامەکە جگەرەیەکی داگیرساند، منیش خەریکی مۆبایلەکەم بووم. لەناکاو پرسی:

- چەندەم ساڵتە لێرە؟

- یەکەم.

- ئێرە و مرۆڤەکانی ئێرە چۆن دەبینیت؟

- مامەگیان، من بەرلەوەی بێم بۆ ئێرە لە گوندەکەم و قوتابخانەکەم شوێنی زیاترم نەدیوە، هیچ کات تێکەڵی مرۆڤی زۆر نەبووم. وەک بیستوومە دەڵێن کاتی خۆی ئێرە زیندان بووە، بەڵام لەدوای وەرگرتنی سەربەخۆیی وەک هەرێمێک کراوە بە کۆلێژ. بەڵام ئێستاش من هەندێک کات لێرە هەست بە زیندانیبوونی خۆم دەکەم. مرۆڤ کە دێتە ئێرە لە بەر دەرگاوە شتانێکی جوان دەبینێت هەمووی باخچە و گوڵە، بەڵام من لەوەتەی هاتووم بۆ ئێرە دەبینم هەر ئەم مرۆڤانەی لێرەن

جوانییەکان دەشێوێنن. گوڵێک کە باخچەکە جواندەکات، جوانیی هەر بە ئێمە دەدات، بەڵام کوڕێک دەچێت لێیدەکاتەوە و دەیمرێنێت و پێشکەشی کچێکی دەکات و دەڵێت: "ئەم گوڵە پێشکەش بە تۆ، هەرچەندە خۆت لەم جوانتری". دوای چەند خولەکێک ئەم گوڵە خۆی لەناو تەنەکەی خۆڵدا دەبینێتەوە. مامە لە بارەی ئەم مرۆڤانە لە من مەپرسە، دڵنیام خۆت لە من باشتر دەیانناسیت. من لێیان تێناگەم و نازانم چۆن کەسانێکن. ئاخر ئەوانە کە هەر ڕۆژەی دەمامکێک دەپۆشن، چۆن دەناسرێنەوە؟

- ڕەحمەتی خودات لێبێت. وایە من نازانم وەک ئێوە بنووسم و بخوێنمەوە، پێمدەڵێن نەخوێندەوار، بەڵام چاک مرۆڤەکان دەخوێنمەوە و دەیانناسم. بۆ خوێندنەوەی ئەوان مەرج نییە خوێندەوارییت هەبێت. (١٠) ساڵ زیاترە من لێرەم و خزمەتی ئەم باخچانەی ئێرە دەکەم. وا مەزانە ئەم دار و گوڵانەی ئێرە لەوەتەی هەن هەر بەم شێوەیە بوون وەک ئێستا، گەورە و گەش و جوان. وەک ئەمڕۆ لەبیرمە هەموو ئەم ڕۆژانەی لێرە خزمەتم کردووە، لەبیرمە ئەم باخچانە زەوییەکی سوور و ڕووت بوون، سەوزایی و گوڵێکی لێنەبوو. لەگەڵ هاتنم دەست بە دانانی سەوزایی کرا، ساڵ دوای ساڵ گەشەیانکرد هەتا گەیشتووە بەمەی ئەمڕۆ، وا تۆ دەیبینیت. باوەڕبکە ئەم گوڵانە بەشێکن لە ڕۆحی من، وەک منداڵەکانم خۆشمدەوێن و خزمەتیاندەکەم. زیاتر لەوەی کات بە ماڵ و منداڵەکانم دەدەم بەوانەم داوە. کاتێک دەبینم گوڵێک لێکراوەتەوە جا لەسەر زەوی فڕێدراوە، یان خراوەتە تەنەکەی خۆڵەکە دڵم لەت لەت دەبێت و خوێنی لێدەچۆڕێت. ئێرە هەموو شوێنێکە تەنها زانکۆ نییە! زانکۆ هەر ئەوە نییە وانەیەکی لێبکەیت لەگەڵ دوو تاقیکردنەوە. لێرە چەندین ڕەفتار لە قوتابییان و مامۆستایان دەبینیت کەوا توشی سەرسوڕمان دەبیت! غەیبەتکردن، دڵڕەشیی، بوختانکردن بە یەکتری، درۆکردن لەگەڵ خۆیان و خودا و هاوپۆل، کەیف بەخۆهاتن و زماندرێژیی بەبێ کردار، ئەم ڕەفتارانە هەمووی شتی زۆر ئاساییە لە لایان. ئەوەی گوێی پێنەدەن خودایە! سەیری کچەکان بکە ئەگەر گوێیان بە خودا بدایە جلەکانیان بەم شێوەیە نەدەبوو. کەسە باشەکان لێرە بەقەد ژمارەی پەنجەکانی دەستن. چاوەکانت دابخە و بۆنێکی قووڵ هەڵبمژە، ئەم بۆنەی دێتە لووتت بۆنی ئاودەستەکان نییە، بۆنی

گەنیوی ناخی هەندێک لە مرۆڤەکانی ئێرەیە. بۆنی ئەم مرۆڤانەیە کە ڕۆژێک دەمامکیان دەکەوێت و ئەم ڕۆژە دەمامکی زیادەی لە لا نییە.

مامەکە بەردەوامبوو لە قسەکانی هەتا بانگی نیوەڕۆ درا، ئەوکات هەستا و گوتی:

- وابزانم زۆرم گوت و سەرم ئێشاندیت، دەچم شتێک دەخۆم و دواتریش نوێژەکەم دەکەم.

- تکادەکەم مامەگیان، دڵنیابە چێژ و سوودم لە قسەکانت دیوە، بەس داوایەک مامە هەر دەچیتە کافتریاکە، ئەگەر ئەرک نەبێت ئاوێک و لەفەیەکم بۆ بهێنیت، خۆم نەخۆشم ناتوانم بچم.

- دڵخۆشم بە گوێگرتنت، بەسەرچاوم هەر ئێستا.

چەند خولەکێک دوای ئەوەی مامەکە ڕۆیشت، مێلیسا هاتەوە. من چاوەڕوانی هاتنەوەی مامەکە بووم، کەچی مێلیسا دەرکەوت. دەستیکرد بە گێڕانەوەی ئەوەی باسی چی کردووە لەگەڵ مامۆستا، منیش گوێم بۆ گرتبوو. لەو کاتیدا مامەکە هاتەوە، ئەوەی داوامکردبوو بۆیهێنابووم. ویستم پارەکەی پێبدەمەوە، بەڵام وەرینەگرت و گوتی بەخۆشییتبێت و ڕۆیشت. مێلیسا وای پیشاندا کەوا توڕەیە.

- ئەی بۆ داوات لە من نەکرد بۆ ئەوەی بۆتبهێنم؟

- شتێکی وانییە، جیاوازیی نییە چ تۆبیت چ کەسێکی تر، گرنگ ئەوەیە گیانی یارمەتیی و چاکەکردنتان هەیە.

هەتا من خواردنەکەم تەواوکرد، مێلیسا دەمێک قسەی بۆ دەکردم، دەمێکیش خەریکی مۆبایلەکەی بوو. دواتر لەوێ هەستاین چووین بۆ دەرەوە بۆ لای تەکسییەکان، ئەو لەگەڵ تەکسییەکەی خۆی ڕۆیشت و منیش لەوێ چاوەڕێبووم هەتا هاوڕێکانم هاتن بەدوامدا.

تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵمان هەمووی کرد و بە گشتیی خراپبووم، لە دوو بۆ سێ وانە دڵنیابووم کە دەردەچم، ئەوانەی ترم هەموو دامنابوو بکەوم.

کۆتا ڕۆژی دەوام بوو، کۆتارۆژی بەهار و سەرەتای هاوینێکی گەرم بوو. دونیا دەکولا، بەرد و دار و دیوار هەمووی وەک ئاگری لێهاتبوو. کۆتاتاقیکردنەوەمان کردبوو، قوتابییەکان خەریکی وێنەگرتن و ماڵئاوایی بوون، من لەگەڵ کوڕەکان بووم قسەماندەکرد. ئاسیا و مێلیسا و یاسەمینیش لەگەڵ کچەکانی هاوڕێیان لە لایەک خەریکی گرتنی وێنەبوون، پاش کەمێک هاتن بۆلام. باسی ئەوەیان دەکرد ئەو هاوینە درێژ و تاقەتپڕوکێنە چی دەکەن و بەچیەوە خەریکدەبن. کۆمەڵێک وێنەشیان گرتبوو وێنەکانییان لە ڤایبەرەوە بۆ یەکتر دەنارد. پاش کەمێک براکەی مێلیسا پەیوەندیی پێیەوەکرد، خۆی هاتبوو بەدوایدا، ماڵئاواییکرد و ڕۆیشت. یاسەمینیش هاوڕێکانی پەیوەندییان پێوەکرد و گوتیان تەکسی هاتووە، با بڕۆین. ئیتر من و ئاسیاماینەوە، هەندێک لەگەڵ ئاسیا مامەوە و قسەماندەکرد. دونیا هێندە گەرم بووبوو لەبەر سێبەری دیوارەکانەوە ڕووخسارم هەمووی غەرقی ئارەقەبووبوو. هەندێک قسەمانکرد باسی ئەگەرەکانی دەرچوونمان و هەموو شتێکمان دەکرد، ئاسیاش ڕۆیشت، منیش ڕۆیشتم و ساڵی یەکەممان کۆتاییهات.

لەو ساڵەدا هەمیشە چەند نیشانەیەکی سەرسوڕمان و پرسیار لە مێشکمدا یارییاندەکرد. چەند جارێک هەندێک قوتابی کە هەرچەندە هاوڕێیەتییەکی وام لەگەڵیان نەبوو ئاگاداریانکردمەوە واز لە ئاسیا بهێنم و هاوڕێیەتیی نەکەم، کە لە هۆکارەکەیم دەپرسی، دەیانگوت خراپە، بەس خۆی دەوێت. کاری پێت نەمێنێت وازتلێدەهێنێت وەک ئەوەی هیچ نەبوبێت و نەتناسێت. درۆت لەگەڵ دەکات، وازیلێبهێنە دواتر پەشیمانیی دادت نادات. ئەوشتانەی دەیانگوت هیچم هەستپێنەکردبوو لێیەوە، ئەو ئاوا نەبوو، یان من نەمدەبینی و هەستم نەدەکرد! ئەوکات دڵنیانەبووم، بەڵام ئێستا باش ڕاستییەکان دەبینم و دەزانم مرۆڤەکان چۆنن، ئاسیا چۆنە و ئەوانەی ئاوا باسی ئاسیایان دەکرد چۆنن. وەک دەڵێن ئێستا ڕەش و سپی بەدیارکەوتووە.

دەوام کۆتاییهات و گەڕاینەوە ماڵەوە، چاوەڕێی ئەنجامەکان بووین، شێوازی هاتنەوەی ئەنجامەکان ئاوابوو قۆناغ قۆناغ دوای قۆناغ ئەنجامەکانمان وەردەگرتەوە. لە قۆناغی چوارەوە دەسیانپێدەکرد واتە ئێمە لە کۆتایی ڕیزبەندییەکەدا بووین. مانگی ڕەمەزان بوو ئەنجامەکانی ئێمە هاتەوە. چەند خولەکێک مابوو بۆ بانگی مەغریب، کۆدی ئەنجامەکانی خۆم و ئاسیا و مێلیسام لە لابوو. خۆم دەرنەچووم، مێلیسا بە ئەنجامێکی باش دەرچووبوو، ئاسیاش دەرچووبوو. ئاسیا گوتی:

- یاسەمین یەکەم بووە، ئەوانەی تریش کە هەندێک هاوڕێیەتییم هەبوو لەگەڵیان کوڕ و کچ زۆربەیان کەوتبوون.

هاوینێکی سەخت چاوەڕوانم بوو، چونکە کاتێک ئەنجامەکان هاتەوە و دەرنەچووبووم باوکم زۆر قسەی پێگوتم. بەجۆرێک خەمم لێی خوارد دەمگوت جارێکی تر ناچمەوە کۆلێژ و تاقیکردنەوەکانیش ناکەم هی خولی دووەم. خوێندن و لە ژوورەوەمانەوە، کەمترین جار ئاسیام دوواند. دیارنەبوو، تەنانەت ڕۆژی لەدایکبوونیشی ئاگاداری نەبووم و هیچم پێنەگوت. نەک هەر ئەو، بەڵکوو ئاگاداری زۆربەی قوتابییەکان نەبووم و قسەم لەگەڵ نەدەکردن. هاوینەکە خراپتریش بوو لەوەی چاوەڕوانمدەکرد.

کاتی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم سەیرمکرد ئەو وانانەی لێیان کەوتووم کە چوار وانەبوون، مەلزەمە و تێنووسی دوو وانەیانم نەبوو. لە ڕێگەی هاوڕێکەمەوە پەیوەندییم بە یاسەمینەوە کرد، ئەو مەلزەمە و شتانەی نەمبوو هەمووی بۆ ناردم. منیش ئەوەندەی توانیم خوێندم، تاقیکردنەوەکان زۆر گرانبوون پەیوەندیی بەوەوە نەبوو کەوا من نەمخوێندبوو، یان شتێکی تر، بەڵکوو خۆیان گرانبوون، بەڵام دەرچووم و هاوڕێکانیشم هەموو دەرچوون و چووین بۆ قۆناغی دووەم.

# پیرۆزترین دروستکراوی خودا (خوشک)

لە پشووی هاویندا خوشکم بۆ ئامۆزاکەم مارەبڕا، شەوەکەی دڵخۆش و هەم دڵتەنگبووم. دڵخۆشبووم بەوەی خوشکەکەم دەچێتە ڕێگەی ژیانی خۆی، دڵتەنگیش بووم بەوەی دەڕوات لە ماڵەوە. ئاخر ئەو خوشکەمم لە هەمووان زیاتر خۆشدەویست، چونکە تەمەنی لەخۆمەوە نزیکبوو. هەموو کات دەڵێن ئەو کەسانەی تەمەنیان لەیەکەوە نزیکە زیاتر تێکەڵدەبن و لەیەکتر تێدەگەن.

تاریکیی شەو ئاسمانی هەموو داپۆشیبوو، لە ماڵی ئێمە هەمووان خەوتبوون، چونکە ئەو ڕۆژە زۆر ماندووبووبوون. ئاسیا لە فەیسبووکەوە نامەیەکی نارد و گوتی:

- ئەگەر کاتت هەیە پەیوەندییم پێوەبکە. پەیوەندییم پێوەکرد، سەرەتا لە حاڵ و ئەحواڵی یەکترمان پرسی و دواتر باسی ئەوەمان دەکرد کەوا بەچی خەریکین و ڕۆژەکانمان چۆن دەگوزەرینێن. دواتر باسی خوشکمم کرد و بۆم باسکرد کەوا بوونی چەندە گرنگە بۆم و بوونی ئەو لە لام چ هێزێک و جوانییەکم پێدەدات.

- سەرەتا لە خوشکت پیرۆزبێت، تۆش وامەبە و خەم مەخۆ تەنها دڵخۆشبە. ئەو چەندین ساڵە لەگەڵتە و ئێستاش خۆ ناڕوات بۆ مەملەکەتێکی تر، بەڵکوو دەڕوات بۆ ماڵی مامت. هەر کات پێویستبکات دەتوانێت بە پێنج خولەک لە لات ئامادەبێت. ئەی چی ئەگەر بۆ نمونە وەک ڕەوا بایت هەر خوشکت نەبایە؟

- کێ گوتی ڕەوا خوشکی نییە؟

- خۆی دوێنی لە فەیسبووک پۆستێکی کردبوو لەسەر خوشک، ئاماژەشی بەوە کردبوو کەوا خوشکی نییە. پۆستەکەت نەبینیوە؟

- نا نەمدیوە، چەند ڕۆژێکە فەیسبووکم داخستووە، تەنها ماسنجەر بەکاردەهێنم.

- باشە، دوای ئەوەی پەیوەندییەکەمان تەواوبوو نووسینەکەت بۆ دەنێرم.
نزیکەی کاتژمێرێک قسەمانکرد و ئاسیا گوتی:
- وەرە خەت ئێستا نووسینەکەی ڕەوات بۆ دەنێرم و ماڵئاواییمان لەیەکترکرد.
کاتژمێر (١٢)ی شەو لایدابوو، ئاسیا نامەی نارد و گوتی:
- ئەوەش نووسینەکەی ڕەوا:

**"خوشک"**

**خودا خوشکی وەک هاوڕێیەک بۆ مرۆڤ دروستکرد، چونکە خودا دەزانێت خوشک دەتوانێت هەندێک ڕەفتار لەگەڵ براکەیدا بکات، کە کەسەکە ناتوانێت لەگەڵ دایکیدا بیکات!**
**مرۆڤ کە توشی خەمناکیی بوو زۆربەی کاتەکان ناتوانێت بچێتە لای دایکی و بۆی باسبکات، بەڵکوو دەچێتە لای خوشکەکەی و بۆ ئەوی باسدەکات.**
**خوشک ئەوەیە کە هەمیشە لە پێناو براکەیدا قوربانییدەدات.**
**چەندین جار زانیوومە کە هاوڕێییەکم پارەی لە خوشکەکەی وەرگرتووە، پارەیەک کە هەڵیگرتووە بۆ کڕینی جووت گوارەیەک، یان خناوکەیەک.**
**چەندین جار بینیومە دایک و باوک لە کوڕەکەیان دەدەن، خوشکەکەی هاتووە و بەرگریی لە براکەی کرتووە و ڕێگەی نەداوە لێیبدەن.**
**چەندین جار بینیومە خوشک درۆی لە پێناو براکەیدا کردووە!**
**چەندین جار بینیومە کوڕێک کە دایکی لە ژیاندا نەماوە، خوشکەکەی خۆی کردووەتە قوربانیی و خۆی خستووەتە جێگەی دایکی و گوتویەتی: خەم مەخۆ من هەم...**

**هەمیشە خەیاڵ دەکەم و دەڵێم چی دەبوو ئەگەر خوشکێکم هەبایە و لە تەمەنی مندا بایە؟ ئای ئای ..... چەندە جواندەبوو جاروبار لەباوەشم بکردایە. ئای خودایە گیان لە چ سۆز و میهرەبانیی و نیعمەتێکی گەورە بێبەشم!**

دوای ئەوەی چەند جارێک نووسینەکەم خوێندەوە، بەڵێ، چەند جارێک نەک تەنها یەکجار، پێمگوت:

- ئای خودایە دەبێت چ هەستێک بێت، من کە پێنج خوشکم هەیە ناتوانم خۆشم لە شوێنی ئەو دابنێم، خودا بەڕەحم و گەورەیی خۆی ئارامیی بەو دڵەی بدات، کە لە نازی خوشک بێبەشە.

- ئامین. بەڵێ، زۆر سەختە، لەبەرئەوە تۆ هەمیشە سوپاسی خودا بکە و بە ڕۆیشتنی خوشکەکەشت خەم مەخۆ، بەڵکوو تەنها دڵخۆشبە.

- بەسەرچاو، ئەی گیانم فیدای ئەو خوشکانە بێت. هەموو جوانیی ژیانی من ئەوانن، خەندەیەکی ئەوان هەموو دونیا دەهێنێت بۆ من.
- خودا هەمیشە سەلامەتتان بکات بۆ یەکتر، هەر لە خۆشیی و شادییدا بژین. گوتت کەوا جوانیی ژیانی تۆن. ئەمڕۆ لە گروپێکی کتێبخانەدا نووسینی کوڕێکم بینی کەوا هەموو ڕۆژێک پارچە نووسینێکی خۆی لەوێدا پۆستدەکات. ئەمەی ئەمڕۆ بە ناوی "جوانیی تۆ" بوو. باسی لە خوشک دەکرد، زۆر لە لام جوان بوو لەبەرئەوە لە لای خۆم کۆپییم کرد.
- زۆر سوپاس لەگەڵ ئێوەشدا پشتیوان بە خودای گەورە، ئەو نووسینەش مادەم کۆپییت کردووە ئەگەر عەزیەت نەبێت بۆم بنێرە بزانم چۆنە.

- باشە، ئەوەتا.

**((جوانیی تۆ**
**واتە دیتنی گریانی خوشکەکەت، لە قاقای پێکەنینەکانی دەنگی...**
**جوانیی تۆ**

**واتە هەبوونی خوشکێک، بڵێت کاکە ئەوەم بۆ بکە.**
**جوانیی تۆ**
**واتە لەگەڵ خوشکەکەت خەندەتان، گریانتان، دوواندنتان، پیاسەکردنتان، لە ئامێزگرتنتان بۆ یەک، پێکەوە ببن لە خۆشحاڵترین دووانە.**
**جوانیی تۆ**
**واتە لەگەڵ خوشکەکەت وێنەیەکتان هەبێت بە جوانترین سیمای خەندەتان لە ئامێزی یەک.**
**جوانیی تۆ**
**واتە ئەگەر لێیان پرسیت ئەو کچە چیتە؟ بڵێیت: ئەو خوشکمە، تاجی سەرمە، ڕەنگیماڵمە، جوانیی ماڵمە، بۆنی ماڵمە...**
**جوانیی تۆ**
**واتە تێگەیشتن لە بێدەنگیی دەمی خوشکت.**
**جوانیی تۆ**
**واتە ماچکردنی دەستەکانی خوشکت.**
**جوانیی تۆ**
**واتە نەهێشتنی تەنهایی خوشکت.**
**جوانیی تۆ**
**واتە هەستکردنی خوشکت بە بوونی تۆ.**
**جوانیی تۆ**
**واتە هەستکردنی خوشکت بە گەورەیی خۆی.**
**جوانیی تۆ**
**واتە متمانەکردن بە خوشکت.**
**جوانیی تۆ**
**واتە گۆڕینی گریانەکانی خوشکت بۆ خەندە.**
**جوانیی تۆ**
**واتە برابوون، باوکبوون، پشتبوون، پەنابوون، کێوبوون، فرمێسکپاککەرەوەبوون بۆ خوشکت.**
**جوانیی تۆ**

**واتە خوشکت بکەیت بە شازادە.**
**جوانیی تۆ**
**واتە خوشکت، شاجوانی دونیا لە پشتت بێت.**
**جوانیی تۆ**
**واتە پێویستنەبوونی خوشکت بە هیچ پەنایەک هەتا تۆی هەبێت، دوای تۆ پەنای خۆی لە خۆیدا بۆ خۆی دروستبکات.**
**جوانیی تۆ**
**واتە هەبوونی خوشکێک....**
**خوشکم واتە: جوانییم، خەندەم، دادەم، پشتم، ئارامییم، سەرینی لاوانەوە و هەموو دونیام....))**

"**ئیراد**"

- ئەی خودایە لەم هەموو وشە جوانە، لەم هەموو جوانییبەخشینە، لەم وشە ئارامبەخشانە! دەزانیت ئاسیا هیچ کات ئەو هەستەم نەکردووە کە نووسینێک دەخوێنمەوە نەمویستووە ئەو نووسینە هی من بێت و ئیرەییم بە نووسەرەکەی نەبردووە، بەڵام ئەم جارە ئاوابووم حەزمدەکرد ئەو نووسینە هی من بێت. ئاخر ئەو نووسینە ڕێک دای لە دڵم، خوشک شایەنی زۆر لەوەش زیاترە، نووسینەکانی ئەو کوڕەم دیوە زۆر جوان دەنووسێت.

- من ایناسم و پێشتر نووسینەکانیم نەدیوە ئەوە یەکەمجارە نووسینێکی ببینم، بەڵام بە گوێرەی ئەو نووسینەی دیارە کەوا جواننووسە. ئەم نووسینەش تازە نابێت بە هی تۆ، بەڵام دەتوانیت شتی جوانتریش بنووسیت مەرج نییە هەر ئەوە بێت، ئەگەر خوشک شایەنی لەوە زیاتر بێت دڵنیابە خوشکیش بە براوە جوانە و برا هەموو شتێکە بۆ خوشکەکەی. بەڵام هەموو برایەک نا، بەڵکوو ئەوەی بە واتای ڕاستەقیینە برایە بۆ خوشکی و هەموو کاتێک لە پشت خوشکەکەی دەوەستێت وەک چیا.

- سوپاسی ئەو متمانەیەت دەکەم کەوا بەمنت هەیە، قوربانی خوشکەکانم بم. خوشک و برا هەردووکیان بەیەکەوە جوانن.

- خودا هەمیشە سەلامەتتان بکات بۆ یەکتر، بە پشتیوانی خودای گەورە. یاخودا کەس خەمی لەدەستدانی خوشک و برا نەبینێت.

- ئامین اجمعین خودا ئێوەش سەلامەت بکات. بەخەمی لەدەستدانی خوشک و برا شتێکم بیرکەوتەوە، ماوەیەک لەوەوپێش پۆستی کوڕێکی هاوڕێمم بینی کەوا نووسینێکی خۆی بوو باسی ئەوەی دەکرد ئەو کاتەی منداڵبووە خوشکەکەی کەوتووەتە ناو ئاو و خنکاوە. نووسینەکە دڵی دەکرد بە ئاو. تێرتێر لەگەڵی گریام، زیاتریش لەبەرئەوە گریام، بیرم لەوە کردەوە ژیان هەموو شتێکی تێدایە ئەگەر ڕۆژێک ئاوا خوشکێکم لەدەستبدەم چیم بەسەردێت؟ نازانم، بەڵام ئەگەری هەیە شێتببم و هەتا مردن نەیەمەوە هۆش خۆم.

- یانی هاوڕێی نزیکی خۆت ئەوەی بەسەرهاتووە و بە چاوەکانی خۆی بینیوویەتی؟ ئەگەر نووسینەکەت لە لایە بۆم بنێرە دەمەوێت خوێنەریبم و منیش بگریم.

- نا، هاوڕێی نزیکم نییە، تەنها لە فەیسبووکەوە دەیناسم و جارجار قسەدەکەین. بەڵێ، بە چاوەکانی خۆی بینوویەتی کە چۆن دایکی لە ئاوەکە دەریهێناوە و ویستوویەتی هەناسەی پێبدات، بەڵام هیچ سوودی نەبووە. بووەستە نووسینەکەم لە لای خۆم هەڵگرتووە ئێستا نووسینەکەت بۆ دەنێرم.

- باشە چاوەڕوانم، خودا قەرەبووی بۆیان کردبێتەوە و ئارامیی پێدابن. چەند بەسەر ئەم ڕووداوەدا ڕۆیشتووە؟

- زیاتر لە (١٥) ساڵ پێش ئێستا بووە ئەو ڕووداوە. فەرموو ئەوەش نووسینەکە:

**"لە کاکە بێناز و تەنهاکەتەوە.**
**بۆ خوشکەکەم، فیردەوسەکەم.**
**خوشکێ گیان...**
**زۆرت بیردەکەم...**

**لە دونیادا هیچ یەکتریمان نەبینی، هێندەی خەونێک تۆم لەبیرە. یادگارییەکانت هێندە کەمن خەریکە هیچم لەبیر نامێنێت جگە لە ڕۆژی ڕۆشتنەکەت نەبێت.**

**گلەییم لێمەکە، ئاخر تەمەنی سێ ساڵی هی ئەوەیە شتت لەبیربمێنێت؟**

**تۆ کە ڕۆشتی تەمەنم سێ ساڵان بوو خۆت دەزانیت...**

**ئێستا کە جار جار دەڵێم هەندێک شتی پێش ڕۆیشتنی تۆم لەبیرە، دەزانیت بڕوام پێناکەن؟**

**دەڵێن ئاخر ئەو تەمەنە کەی هی ئەوەیە شتت لەبیربمێنێت...**

**تەمەنی نێوان من و تۆ زۆر کەم بوو، وەک بەیەکەوەبوونمان، ساڵێک و پێنج مانگمان لە نێوان بوو!**

**کە نێوانی هەموو ئەوانی تر لە دووساڵ کەمتر نییە...**

**ئیتر هاودەمی منداڵیی یەکتر بووین.**

**یارییکردنەکانمان بیر نایەت، بەڵام دڵنیام یاریی زۆرمان بەیەکەوە کردووە.**

**ئیتر منداڵبووین، هەڵبەت هاروهاجی زۆریشمان کردووە، بەڵام نەک وەک ئەوانەی ئێستا.**

**منداڵی ئێستا زۆر هاروهاجن، دەزانیت؟**

**بەڵام دەزانیت ئەو منداڵانەی ئێستا لە زۆربەی خۆشییەکانی زەمەنی ئێمە بێبەشن؟**

**هەرچەندە خۆشیی ئێمەش کەم بوو، زۆر کەم...**

**یارییەکانی سەردەمی منداڵیی ئێمە دووربوون لە پێشکەوتن، بەڵام پڕبوون لە میهرەبانیی.**

**پڕبوون لە خۆشەویستیی و بەیەکەوەبوون.**

**توڕەبوونمان هەبوو، بەڵام لەبەرانبەریشیدا ئاشتبوونەوەمان دوو هێندەبوو و بە زیادەوە توڕەبوونەکەمان قەرەبوودەکردەوە.**

**هەرچەندە لای ماڵی ئێمە بۆ یاریی نەدەبوو و شوێنەکەی گونجاو نەبوو، چونکە پڕبوو لە گۆماوی قووڵ کە بۆ ئێمەی منداڵ ترسناک بوو، بەڵام ئێمە باکمان بەوە نەبوو و لە ژوورەوە یاریی خۆمانمان دەکرد.**

**پێویستمان بە یاریگا و شوێنی یاریی منداڵان نەبوو.**

**هەر بەو چەند بوکەڵەی کە هەمان بوو هەموو ڕۆژەکانمان بەبێ کێشە بەڕێدەکرد.**
**نە دایکمان، نە نەنەمان کاتیان نەبوو بۆ ئەوەی یارییمان لەگەڵدا بکەن.**
**بابەش کە لە مانگێکدا تەنها هەشت ڕۆژ لە لامان بوو...**
**هەموو شتێک باش بوو...**
**من هەبووم تۆ هەبوویت، دایک و باوکمان هەبوون، نەنە و باپیریشمان لەگەڵدابوو، میمی گیانیش هەبوو...**
**هەموو ڕۆژەکانیش بە ئاسایی دەڕۆیشتن.**
**ئیتر دوای من تۆ هاتیتە دونیاوە، کە من پێم کەوتە سەر پێیەکانم و ڕۆیشتم، تۆ فێری دانیشتن بوویت. من فێری قسەکردن بووم و تۆش کەوتنە سەر پێیەکانت و ڕۆیشتیت...**
**هەمووان دڵیان بە ئێمە خۆشبوو.**
**نەنە و باپیرە لە هەموویان زیاتر، چونکە ئێمە یەکەم و دووەمین نەوەیان بووین.**
**دونیایەک ئاواتیان بۆمان هەبووە.**
**هەموو ڕۆژەکان ئاوا دەڕۆیشتن، هەتا ڕۆژی ڕۆیشتنی تۆ هات!**
**ئەگەر هەمووان بڵێن ناکرێت ئەو کات تۆ تەمەنت بچووک بوو چۆن بیرت ماوە؟**
**من دەڵێم بەڵێ، وەک ڕۆژی ڕووناک ئەو ڕۆژەم لەبیرە.**
**ئاخر چۆن ڕۆژی ڕۆیشتنی تۆم لەبیردەچێت؟**
**تۆ کە بۆ ئاوخواردنەوە ڕۆیشتبوویت بۆ سەر یەکێک لەو گۆماوانەی بەر دەرگای ماڵەوە.**
**ئاخۆ تۆیەکی منداڵ بەچی بزانیت ئەو ئاوەیە بۆ خواردنەوە دەستنادات.**
**کەچی لە بری ئەوەی تۆ ئاوی لێبخۆیتەوە.**
**ئەو تۆی خوارد...**
**ئاخر چۆن دڵی هات تۆ بەو بچووکیی و بەو هەموو جوانییەتەوە ببات، چۆن؟**
**چۆن دڵی هات جەرگی دایکێک بسوتێنێت؟**
**چۆن توانی برایەک تەنها و بێخوشک بکات، چۆن؟**

**دایکم کە زانی تۆ دیار نەماویت، هەموو ماڵەوە بەدوات گەڕا.**
**ژوورەکان، سەربان و هەموو شوێنێک گەڕا.**
**دواهەمین شوێن کە بیری بۆ چوو، سەیرکردنی گۆماوەکان بوو، بەڵێ، گۆماوەکان...**

**ئاخر دایکم کە لە ماڵەوە بەدواتدا دەگەڕا بیری بۆ ئەوە نەدەچوو بڕۆیتە ئەوێ، ئاخر منداڵێکی دووساڵان چ کارێکی بەوێ هەیە، کە پێشتر هیچ جار بە تەنها نەچوویت بۆ ئەوێ؟**

**بەڵام کە شوێن نەما ئەوێ نەبێت، ناچار بۆ دواهەمین شوێن هات بۆ دەرەوەی ماڵەوە، بۆ لای گۆماوەکان.**
**چی ببینێت لەوێ!**

**کۆمەڵێک منداڵ لەدیار یەکێک لە گۆماوەکان وەستاون و هاوار دەکەن: یارمەتیی، کەسێک بێت ئەو منداڵە خنکاوە، تکایە یارمەتیی!**

**لەبەردەم منداڵەکانیش کچێکی بچکۆلانە، کە عەزییەکی شینی لەبەردایە، لەناو ئاوەکە لەسەر دەم ڕاکشاوە. وەک بڵێیت لە باوەشی دایەی لە شیرینترین خەودایە.**
**بەڵێ فیردەوسەکەم، منداڵەکە لە تۆ زیاتر کەسی تر نەبوو...**

**عەزییە شینەکەشت ڕۆژی پێشوو میمی گیان بۆتی دووریبوو، ئەمڕۆژەش بەیانییەکەی دوای ئەوەی دایە سەری هەردووکمانی شوشت لەبەریکردیت.**
**کە ئێستاش وێنەکانت دەبینم بڕواناکەم دوو ساڵان بوبیت ئەوکات، نا گەورەتر دیاریت!**
**جوانتر و دڵگیرتربوویت لە من.**
**ئیتر کە دایکم تۆی لەوێ بینی، بینی وا لەژێر ئاوەکە لەسەر دەم کەوتوویت...**
**نازانم چ هەستێکی هەبوو؟**

**دایک نیم و ناتوانم ببم بە دایکیش هەتا لەوە تێبگەم، بەڵام دڵنیام بە هیچ ناخۆشییێکی دونیا بەراورد ناکرێت، ئەو ساتە لە ژیانی دایکماندا...**

**من بەدوای دایکم هەموو شوێنێک بەدواتدا گەڕام هەتا لای گۆماوەکانیش هاتم و گوێم لە دەنگەدەنگی منداڵەکانیش بوو.**

**ئەو ساتەشم بینی کە دایکم بە دەستەکانی تۆی لە ئاوەکەدا دەردەهێنا!**

**تۆی لەسەر زەوی و لەسەر پشت پاڵخست.**

**بەدەمی خۆی هەوڵیدەدا تۆزێک هەوا بخاتە سییە بچوکەکانت.**

**بەدەستەکانی سینگتی دەگوشی هەتا ئەگەر ئاو چووبێتە ناو دەمت، ئاوەکە دەربکەیتە دەرەوە.**

**بەڵام نە سییەکانت هەوایان وەرگرت، نە دەمت هیچ ئاوێکی دەرکرد.**

**مەرگ ڕێگەی نەدابوو تێنوێتییەکەشت بەم ئاوە پیسەش بشکێنیت، ڕێگەی نەدا دڵۆپێک ئاو بڕواتە ناختەوە...**

**لە ئاو بێبەزەییتر مەرگ بوو، کە زۆر بێڕەحمانە تۆی لە ئێمە سەند.**

**هەرگیز ئەو دیمەنەی دایکمم لەبەر چاو لاناچێت، کە چۆن لەسەر زەوی ڕاکشابوو وەک منداڵ دەگریا و هاواریدەکرد.**

**فیردەوسەکەم! دەی دایەمان حەقیشی بوو، چ کەسێک چ دایکێک بەرگەی ئەو لەدەستدانە دەگرێت؟**

**بابەش ئەو ڕۆژە لەماڵەوە نەبوو لەگەڵ مامە چووبوون بۆ سەفەر، نازانم کەی هەواڵەکەی پێگەیشت! ئاخۆ کە دەنگێکی بیستووە پێیگوتووە: کچەکەت خنکا! تۆ بڵێیت چ هەڵوێستێکی هەبووبێت ئەو کاتە؟**

**باپیرە و نەنەش چووبوون بۆ شار، هەتا ئێوارە هاتنەوە و ئەو قەرەباڵغییەیان بینی، پاشان هەستییانکرد، لەوێش نەبوویت ببینیت کەوا نەنە چۆن لەهۆش خۆی چوو و هەتا ڕۆژی دواتر نەهاتەوە هۆش خۆی. باپیرەش بە بێدەنگیی لەژێر دیوارێکی حەوشەکە دانیشتبوو، دڵنیام یەک بە یەکی ماچەکانت و هەموو شتێکی دەهاتەوە پێشچاو کە پەیوەندیی بە تۆوە هەبوو.**

**نازانم بۆ وا زوو تۆیان شۆرد و کفنیان کردیت، بۆ وا حەزیاندەکرد تۆ بخنە ناو خاکەوە، ئاخر بۆ؟**

**ئاخر گڵی بەهار چۆن دەتوانێت جەستەی ناسکی تۆ هەڵبگرێت، چۆن دەتوانێت؟**

**ڕۆژی تازیەکەی تۆشم هەرگیز لەبیر ناچێت.**
**کە بە بێدەنگیی و بە حەپەساویی سەرم خستبووە سەر کۆشی نەنە و بە حەپەساویی بۆ قەرەباڵغی و خەمناکیی دەوروبەرمم دەڕوانی.**
**بە دزییەوە سەیرمدەکرد کە تۆیان شۆرد و خرایتە ناو بەرماڵێکی شین، شین وەک جلەکانت. تۆیان هێنایە ژوورەوە، جەستەی سارد و بێگیانتیان لە ناوەڕاستی ژوورەکە دانابوو. ماچم کردیت و زۆر بانگم کردیت، بەلام هەڵنەستایت. تۆیان برد و لە ناو خاکدا خەوێندرایت.**
**هەتا دێم بۆ لات، وەک ئەو ڕۆژانەی بەیەکەوە یارییمان دەکرد و زیاتریش لەوکات خۆشمدەوێیت و بیرتدەکەم.**
**دەزانم ئێستا تۆ لە بەهەشتیت، لە لای خودا.**
**چاوەڕوانی هاتنم بکە.**
**کە هاتم بانگم بکە کاکە و لە باوەشم بکە.**
**لە باوەشکردنێک کەوا ئارامییەکم پێبدات لە باوەشی دایەش ئەو ئارامییەم وەرنەگرتبێت.**
**بیرتدەکەم...".**

- هیچم نییە بۆ ئەم وشانە جگە لە گریان. چاوەکانم تەڕتەڕ بوون، شەوت شاد کاکەی من. بە گریانەوە دەخەوم و خۆشمدەوێیت.

- شەوت شادبێت گیانی کاکە، منیش خۆشمدەوێیت. بەیانی کە هەستایت ئەو نووسینەش بخوێنەرەوە:

کاتژمێرێک مابوو بۆ بانگی ئێوارە، (زەیتوون) تازە کارەکانی تەواوکردبوو و دانیشتبوو، کەمێک ماندووبوونی بحەسێتەوە. دایک و باوکی چووبوون بۆ ماڵی مامی و ئێوارە لەوێ دەمانەوە. براژنی لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی بەسەردانییکردن چووبوونەوە ماڵی باوکی و براکەشی دوای نانی ئێوارە لە کار دەهاتەوە، لەبەرئەوە زەیتوون بڕیاریدا ئەم ئێوارەیە هیچ شتێک ئامادە نەکات و بەدەستی بەتاڵ دابنیشێت.

دەنگی بانگی مەغریب لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە کە دەگەیشتە هەموو کوچە و کۆڵانەکان خەیاڵەکانی زەیتوونی پچڕاند، کە لە باخچەکەوە دانیشتبوو سەیری ئەو دوو پشیلەی دەکرد کەوا خەریکی شەڕکردن بوون. هاتەوە ژوورەوە، دەستنوێژی شوشت و نوێژی مەغریب و چەند ڕکاعەتێک نوێژی سوننەتی کرد.

چووە ژوورەکەی خۆی، تەلەفزیۆنەکەی داگیرساند و لە دیاری دانیشت. پاش کەمێک هەستیکرد کەوا برسییەتی. حەزیشی نەدەکرد هەڵبستێت هیچ شتێک ئامادەبکات. پەیوەندیی بە براکەییەوە کرد و گوتی:

- کاکە کە لە کار هاتیتەوە لەگەڵ خۆت نەفەرێک کەبابم بۆ بهێنەرەوە، برسیمەوە و حەزم لێیەتی.

- براکەی: بۆ خانم مەگەر من بۆ تۆ کاردەکەم؟ شتێک بۆ خۆت بخۆ، شەویش درەنگ دێمەوە. ئیتر پەیوەندییەکەشی بەبێ خوداحافیزیی لەسەر زەیتوون داخستەوە.

چەند زوو لەبیریچووەوە کە خوشکەکەی (١٦) ساڵی خوێندنی لە قوتابخانە و زانکۆدا قەمیس و جلە پیس و چڵکنەکانی بۆی دەشوشت، هەتا وەک کوڕێکی پاکوخاوێن لە ناو هاوپۆلەکانیدا دەربکەوێت.

چەند زوو لەبیریچووەوە کە خوشکەکەی لە زستان و هاویندا گۆرەوییە بۆندارەکانی بۆی دەشوشت، هەتا شەرمەزاری لای هاوڕێکانی نەبێت.

چەند زوو لەبیریچووەوە کە خوشکەکەی هەموو بەیانییەک ئامادەبوو دەستبەرداری خەوە شیرینەکانی ببێت، هەتا هەڵبستێت نانی بەیانی بۆ ئامادەبکات، نەک براکەی لە قوتابخانە برسییبێت و لەبەر برسییبوون ئاگاداری مامۆستا و وانەکەی نەبێت.

چەند زوو لەبیریچووەوە کە خوشکەکەی تەنها لەبەر خاتری ئەو هەموو هەوڵێکی دەدا، بۆ ئەوەی زوو کارەکانی ناو ماڵی تەواوبکات، هەتا خواردنێکی گەرم

و پڕچێژ بخاتە بەردەمی براکەیەوە کاتێک ئەو لە کەشێکی ساردی باراناویی زستاندا لە قوتابخانە، یان زانکۆ دەگەڕایەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا خوشکەکەی ئەم کارانەی تەنها وەک ئەرکێکی خۆی سەیردەکرد و ئەنجامیدەدان، بەبێ ئەوە ڕۆژێک بڵێت کاکە من هەموو ئەو کارانە لەبەر خاتری تۆ ئەنجامدەدەم، کەچی تۆ هیچت لەبەرچاو نییە.

خوشک سەربازە نادیارەکەی ماڵ، تەنها لە کاتی نەبوونییدا هەست بە بوونی دەکرێت...

دوای ئەوەی براکەی گوتی شەو درەنگ دەگەڕێمەوە و پەیوەندییەکەی لەسەرداخست، ڕۆیشت بۆ مەتبەخەکە و هەر لەوێدا سێوێکی خوارد و گەڕایەوە ژوورەکەی. نوێژی عیشای کرد و چووە ناو جێگای خەوەکەی و بە زۆر خۆی خەواند.

نزیک کاتژمێر (١٢)ی شەوبوو لەگەڵ دەنگی دەرگا زەیتوون خەبەریبوویەوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری حەوشەکەی کرد براکەی بوو تازە گەڕابوویەوە. هەستا و چووە هۆڵەکە بینی دایک و باوکیشی گەڕاونەتەوە و خەوتوون. دوای ئەوەی براکەی هاتە ژوورەوە زەیتوون سڵاوی لێکرد و بەخێرهاتنەوەی کرد. براکەی بە سارددییەوە گوتی:

- بۆچی تا ئەو کاتە نەخەوتوویت؟

- دەمێک بوو خەوتبووم، ئێستا خەبەرمبوویەوە، براژن لەماڵەوە نییە جلە پیسەکانت لەبەر دەرگادابنێ هەتا بەیانی بۆت بشۆم و ئوتوویانبکەم.

هەتا زەیتوون چووە مەتبەخەکە پەرداخێک ئاوی خواردەوە و هاتەوە هۆڵەکە، براکەی جلە پیسەکانی لەوێ دانابوو و دەرگای ژوورەکەی خۆی داخستبوو.

زەیتوون نزیکەی کاتژمێرێک خەریکی جلەکان بوو هەتا هەموویانی شوشت و ئوتویانی کرد. وەک هەمیشە لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە جلەکانی جێهێشت بۆ ئەوەی بەیانی براکەی لەبەریانبکات و دووبارە بچێتەوە سەر کار

# قۆناغی دووەمی زانکۆ

قۆناغی دووەم سەرەتایەکی نوێ بوو، ئەگەرچی لەیەکتر دووربووین لەگەڵ قوتابییەکان و زۆر بە کەمیی یەکترمان دەدواند، بەڵام ئەو ماوەیە زۆر شتی بۆمان بەدەرخست، پێیگوتین سەختە بتوانیت بەیەکەوە هاوڕێیەتیی هەمووان بکەیت، چونکە تۆ لەیەک کاتدا هاوڕێیەتیی دوو کەس دەکەیت، بەڵام ئەو دوو کەسە پەیوەندییان نییە لەگەڵ یەکتر. لەبەرئەوە دەکرێت تۆ هەردووکیان لەدەستبدەیت، تەنها دەبێت لەگەڵ چەند قوتابییەک بیت و ببن بە گرووپێک و پەیوەندیتان بەوانەی ترەوە نەبێت.

یەکەم ڕۆژی دەوام لە قۆناغی دووەم، لە لای بەشەکەی خۆمان لەگەڵ ئاسیا و یاسەمین وەستابووم و قسەماندەکرد. باسی هەموو شتێکمان دەکرد: (وانەکان، ژیان، دونیا و وەرزش هتد...)، لەناکاو هەستمکرد کەسێک لەدواوە خۆی بە مندا کێشا. لەچاوتروکانێکدا بینیم کە چواردەورم پڕیەتی لە مرۆڤ، ئاسیا و یاسەمین ڕۆشتوون ئاخر ئەوان کچن هیچیان پێناکرێت، نە دەتوانن دەستەکانم بگرن هەتا هەڵمبستێننەوە، نە هیچ شتێکی تر. هەموو ئەوانەی لە چواردەورم کۆبووبوونەوە کوڕ بوون. یارمەتییاندام هەتا هەڵبستمەوە.

ئەو کوڕەی خۆی پێداکێشام لەگەڵ خۆمان بوو، دەمناسی، بەڵام وەک هاوڕێ هاوڕێم نەبوو. دواتر هاوڕێیەکی قوتابخانەم کە لە بەشەناوەخۆیی لە نزیک ژوورەکەی ئەو کوڕەبووبوو قسەی لەگەڵ کردبوو، کوڕەکە گوتبووی ئەمڕۆ خۆم کێشا بە سامیدا و کەوت. وەک بڵێیت کارێکی باشی کردووە، ئاوا باسیکردبوو!

شەوەکەی قسەم لەگەڵ ئاسیا کرد، زۆر بێزاربووم، زۆر ماندووبووم، تێرتێر گریام، ئەویش قسەی بۆ دەکردم، بەڵکوو کەمێک ئارامببمەوە، بەڵام بورکانێک کە بتەقێت ئیتر کپنابێتەوە و خۆی ناخواتەوە. هێندە پڕبووم لە خەم پێمگوت هەرگیز بەتاڵنابمەوە، هەرگیز...

لە فەیسبووکەوە قسەماندەکرد، بە ئاسیام گوت هێزی نووسینی نامەم نییە ئیتر، باڵانسیشم نییە، ئەگەر بکرێت تۆ پەیوەندییم پێوەبکەیت و قسەم بۆ بکە. ئەوەبوو ئاسیا پەیوەندییکرد و ماوەیەکی زۆر قسەی بۆ کردم. کەمێک هەستم بە باشبوون کرد. منیش قسەم کرد و ناخی خۆم بەتاڵکردەوە. بایەکی فێنک بەر دڵ و دەروونم کەوت. ئەو ڕۆژە ئاسیا یەکەمجاری بوو بمبینێت کە بکەوم، لەبەرئەوە بەرلەوەی پەیوەندییەکە دابخاتەوە، گوتی:

- ببورە کە ئەوە دەڵێم نزیکەی ساڵێک دەبێت یەکتر دەناسین، هەندێک شت لە بارەی نەخۆشییەکەتەوە دەزانم، هەموو کات ویستوومە زیاتر بزانم، بەڵام بوێریی پرسیارکردنم نەبووە، ترساوم پرسیارەکەم ئازارت بدات، بەڵام ئیتر ئەمڕۆ کە ئاوا تۆم بینی بڕیارمدا پرسیارەکەم بکەم، جا هەرچییەک ڕوویدات، دەکرێت لە بارەی نەخۆشییەکەتەوە قسەم بۆ بکەیت؟

- ئێستا ناتوانم، کەمێک گرانە بۆم و خۆشت دەزانیت ئێستا حاڵم چۆنە، لەوانەیە بەیانی بە پارچە نووسینێک بۆت بنێرم، بیخوێنەوە ئەوەی ڕوون نەبوو لە لات پرسیار بکە و وەڵامت دەدەمەوە.

- باشە، چاوەڕێم.

ئیتر دوای ئەوە پێمگوت خەومدێت و دەخەوم. سوپاسیم کرد، بۆ بوونی و بۆ پەیوەندییەکەی. ئەویش گوتی ئەوە ئەرکی خۆمە. ماڵئاوایی و شەوشادیمان لەیەکتر کرد.

- بەیانیت باش خانمی جوان و گوڵئاسا. هیوای ڕۆژێکی پڕ لە جوانیی و خەندەت بۆ دەخوازم. نەخۆشییەک بەبێ شێوە و بەبێ ئازار!

**"نەخۆشییەک کەس لە ئازارەکانی تێناگات، چونکە ئازاری نییە. نا ئەم نەخۆشییە ئەگەر شتێک ڕوونەدات هیچ ئازارێک بە جەستە نادات و بوونی دیار نییە. بەڵام کەوتنی هەیە، وەک کەوتنی دوێنی، وەک بەیانی و ڕۆژانی پێشوو، کەوتنێک کە لەوانەیە هەرچی خراپە لەگەڵیدا ڕووبدات. وەک: (شکانی سەر، دەست، قاچ یان برین لە هەر شوێنێکی تری جەستە و خوێنبەربوون، چەندان جار کەوتووم، ددانم شکاوە، لێوم پڕ لە خوێن بووە، یان سوڕانی دەمارێک لە شوێنی خۆی). ئەوانە ئازارەکانی ئەو نەخۆشییەن کە دەبینرێن، ئەوانە لەگەڵ کەوتنەکە دروستدەبن، ئەگەرنا نەخۆشییەکە ئازارێکی نییە مرۆڤ توشی هاوار و ناڵە بکات.**

**دەلێم ئەو نەخۆشییە بێئازار دیارە، ئەو ئازارانەی کە مرۆڤ توشی هاوار و ناڵەناڵ دەکەن. بەڵام ئازارگەلێکی هەیە ناخی مرۆڤ دەخوات و دیار نییە، هێواش هێواش ناوەوەی مرۆڤ دەخوات و هەتا دەگاتە پلەی وێرانیی و نەمانی کەسەکە. من هێشتا ماوم و نازانم هەتا کەی دەمێنم!**

**بە خولەک، کاتژمێر، ڕۆژ، مانگ و ساڵ گرنگ نییە، هەرچەندی بدووێیت لە بارەی ئەو نەخۆشییە و ئازارە نادیارەکانی، چەندین ساڵ کەسانێک لەگەڵت بژین، هێشتا کەس ناتوانێت وەک خۆت هەستبکات بە ئازارەکان. هەتا ڕۆژێک لە جەستەی تۆ نەبێت و لە شوێنی تۆ ژیان نەکات، ئەوەش کە مەحاڵە و ڕوونە نابێت...**

**مرۆڤەکان ئەو کاتە لە ئازارەکان دەگەن کە وەک تۆ ژیان، ئەگەر جارێک کەوتن و خوێنی دەم و لووتی خۆیان بینی، ئەگەر جارێک کەوتن و نەیانتوانی هەڵبستنەوە سەر قاچەکانیان و هیچیان لەدەست نەهات جگە لە گریان. ئەو ڕۆژانە لە ئازارەکان دەگەن کە نیوەشەوێک لە خەو هەڵستان، تینوویان بوو، یان پێویستیان بە سەرئاو هەبوو، بەڵام نە دەستەکانیان، نە قاچەکانیان هێزی تێدانەبوو هەتا هەڵبستن و دەستیان بە ئاو نەگات، ناچار هەتا بەیانی بە چاوی پڕفرمێسک و دڵێکی وێرانەوە دانیشتن، ئەو کاتە لەوانەیە کەمێک لە ئازارەکان بگەن. ئەو کاتە تێدەگەن کە وەک زیندانییەک**

**لە ژوورەکەیان ژیان بکەن و ماندووببن لە سەیرکردنی چوار دیواری ژوورەکەیان. بە چاوی داخراوەوە هەموو شتێکی ژوورەکەیان بینی، ئەو کات تێدەگەن.**

**بەڵام نا، من نامەوێت کەس لەم ئازارانە بگات، چونکە ئەگەر کەسێک تێیانبگات پێویستە وەک من بژیێت، منیش نامەوێت کەس ئاوا بژی، نامەوێت کەس ئازارانە بچێژێت و ئەو ژیانە خراپەی هەبێت. قەینا با کەس تێنەگات، با هەمووان باشبن، هەموو ئازیزانم باش و دڵخۆشبن، ئەوکات منیش باشدەبم.**

**دەڵێن ئەوانەی خودا خۆشیدەوێن بە نەخۆشیی بەسەریاندەکاتەوە. بە پشتیوانی خودای گەورە لە خۆشەویستانی خودابین و ئەو دونیامان هەبێت ئێرە هیچ نییە...**"

ئەو شەوەی قسەم لەگەڵ ئاسیا کرد، پێنج شەممەبوو، بەیانی کە ڕۆژی هەینی بوو و دەوام نەبوو، لەبەرئەوەی شەو کەمێک زوو خەوتبووم، بەیانی زوو خەبەرمبوویەوە. داواکەی ئاسیام لەبیربوو، پێویستبوو وەڵامیبدەمەوە. ئەو نووسینەی سەرەوەم بۆ نووسی و ناردم بۆی. نووسیشم: ناتوانم لەوە زیاتر بۆت شیبکەمەوە، چونکە زۆر حاڵەت هەن ناکرێن بە وشە، خۆشت دەزانیت.

پێش نیوەڕۆ ئاسیا هاتە خەت، نووسینەکەی خوێندەوە و گوتی:

- تەواو زۆر شت تێگەیشتم کە بێوەڵام بوون لە مێشکم، نازانم بڵێم هەستتپێدەکەم، یان نا. تەنها پرسیارێک کە وەڵامەکەیم وەرنەگرت ئەوەیە: هۆکاری ئەو نەخۆشییە چییە؟ ئایە بە ڕووداوێک توشبوویت، یان بۆماوەییە؟

- بەڵێ لە هەستت تێدەگەم، دەزانم چۆنە کەوا ناتوانیت بڵێیت هەستتپێدەکەم، یان نا. ببورە بیرم نەبوو باسی هۆکارەکەشی بکەم، نازانم لە تەمەنی چەندساڵییەوە سەردانی دکتۆر دەکەم، سەردانی چەندان دکتۆرم کردووە و هەموویان گوتوویانە نەخۆشییەکە بۆماوەییەوە و هۆکارەکەی بوونی پەیوەندیی خزمایەتییە لە نێوان

باوانمەوە. ئەوان ئامۆزای یەکترن، هەموو دکتۆرەکانیش هەمان قسەدەکەن و دەڵێن هەتا ئێستا ئەم دەردە بێدەرمانە و نەخۆشییەکەش ڕۆژ دوای ڕۆژ لە گەشەکردندایە. واتە ئەو حاڵەی ئێستا تێیدام بەر لە دوو ساڵ ئاوا خراپ نەبووم، بەر لە پێنج ساڵ زۆر باشتر بووم، دوای دوو ساڵی تریش زۆر لە ئێستا خراپتردەبم.

لە ساڵی دووەمی زانکۆ، ئاسیا هاوڕێیەکی کچی پەیداکردبوو ناوی (ئاواز) بوو، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئەوبوو. هەر جارێ بمویستبا کەمێک قسەی لەگەڵ بکەم کاتی نەبوو و لەگەڵ ئەو کچە بوو، کچێک بوو هەر لە کۆلێژی خۆمان بوو و خزمێکیان بوو. چەند جارێکیش لە فەیسبووکەوە کە قسەماندەکرد چەند قسەیەکی نەشیاوم بە هاوڕێکەی گوت لە لای ئاسیا. واتە دەمگوت کەسێکی بێتام و بێزارکەرە، ڕۆژێک گوتی ئاوای پێمەڵێ، قسەت پێیگوتووە، لە دەرفەتێکدا قسەی لەگەڵدا بکە داوای گەردەنئازایی لێبکە.

چەند ڕۆژێکی پێچوو لە لای بەشەکەی خۆمان بووم، هاوڕێکەی ئاسیا بەلامدا تێپەڕی. بانگم کرد و پێمگوت کەوا شتێکی ئاوا هەیە.

- ئاساییە، گەردەنت ئازابێت برای گەورەی منیت. داوای لێبوردنیش دەکەم کەوا زۆربەی کاتەکانی ئاسیام داگیرکردووە، بەڵام بوونی ئەو بۆ من زۆر پێویستە. منیش سوپاسیم کرد و ڕۆیشت، دواتریش بە ئاسیام گوتەوە.

- کارێکی باشت کردووە و چیتر ڕقت لێی نەبێت، ئەو کەسێکی زۆر باشە. هیچت لە دڵ نەبێت بەرانبەری. ئیتر لەوکاتەوە ڕوانینم گۆڕا بۆ هاوڕێکەی.

ئاسیا و مێلیسا ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر تێکەڵدەبوون، چەند جارێکیش بە ئاسیام دەگوت بە مێلیسا بڵێت کە خۆشمدەوێت. دواتر یان خۆم پەشیماندەبوومەوە، یان ئەو پەشیمانیدەکردمەوە. دەیگوت پێیمەڵێ لێیبگەڕێ با هەر وەک هاوڕێیەک هەبێت ئەوەندە بەسە. تۆ کە عاشقی ئەویت نابێت باوەشی ئەوت بوێت، نابێت خەم لەوە بخۆیت کە نابێتە هی تۆ، بە من ناڵێیت ئەو داستانانەی باسی دوو عاشق دەکەن کامیان گەیشتوون بە یەک؟ نییە هەم داستانە کوردییەکان و هەم جیهانییەکان، عاشقە ڕاستەقینەکان هیچ کات نەبوون بە هی یەک، بەڵکوو تەنها لە

دڵی یەکتردا بوون. باش بزانە ئەوەی ئێستا هەیە هیچیان عەشق نین، تەنها حەزێکی جەستەن و دوور لە چاوەکان و لە شوێنە تاریکەکان بەتاڵدەکرێنەوە. فەرموو هەفتەی پێشوو لە یەکێک لەم کۆلێژانەی لای خۆمان کوڕ و کچێک بە ناوی عەشقەوە تێکالابووبوون و حەزەکانیان بەتاڵدەکردەوە. لێوەکانیان لێکئالابوون دەیان قوتابی لە دیاریان وەستانبوون و سەیریاندەکردن، بەڵام ئەوان مەستبووبوون و ئاگاداری هیچ نەبوون، هەتا پۆلیس هات هەردووکیانی برد. دوو ڕۆژ دواتر بە بیانووی پاککردنەوەی شەرەف کچەکە بە کوژراویی لە دەرەوەی شار دۆزرایەوە، بێگومان لە لایەن کەسوکارییەوە ئەم کارە کراوە. کوڕەکەش بۆ خۆی دەسووڕێتەوە و لەوانەیە ئەگەر ئەویش ڕۆژێک جەستەی گەرمی بە گولەیەک ساردنەکرێتەوە ئەوە وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت چارەنووسی چەند کچێکی تریش بەم شێوەیە لێبکات. هیچم نەبوو بۆ قسەکانی ئاسیا، چونکە دەمزانی کەوا ڕاستە هەموو قسەکانی. بە ئاسیام گوت:

- بەڵام من نە جەستەی مێلیسام دەوێت، نە ماچێکی لێوەکانی. دێڕێکم بۆ مێلیسا نووسیوە هەموو کات بیری خۆمی دەهێنمەوە، ئەویش:

Don’t be mine.

Just be fine.

- واتە: مەبە بە هی من، تەنها باش و ئاسوودەبە؟

- تەواوە، ئەگەر نەبێت بە هی منیش، گرنگ نییە تەنها با باشبێت، جا لە لای هەر کەسێک بێت.

ئاسیا لەگەڵ مێلیسا هێندە تێکەڵبووبوون، هاوڕێکانی یەکتریشیان هەموو دەناسی و هەموو کات پێکەوەبوون. ئەوەش زیاتر منی تەنها دەکرد.

ئەو ساڵەش وانەکان زۆر ناخۆشتربوون، هیچ ئاگاداریان نەبووم و هەموو ڕۆژێکیش نەدەچووم بۆ دەوام. وابزانم نیوەی ساڵ بوو ڕۆژێک کە ماوەیەکی زۆربوو

بە هۆی نەخۆشییەوە نەچووبووم بۆ دەوام، ئاسیا وێنەیەکی بۆ ناردم، خۆی و مێلیسا و چەند هاوڕێیەکیان بوون. گوتی:

- دەزانم بیرماندەکەیت با ئەو وێنەیەت لە لابێت. سوپاسیم کرد. هەمووکات نا، بەڵام لە زۆربەی کاتە سەختەکانم ئاسیا بەهانامەوە دەهات و یارمەتییدەدام، چونکە هەندێک جار داوای شتێکم لێدەکرد لەوانەیە لە توانای ئەودا نەبووە، یان بە هۆکارێکی دیارییکراو نەیتوانیوە یارمەتییم بدات، بەڵام بە گشتیی زۆربەی کات بەپێی توانای خۆی کە داوای شتێکم لێبکردایە یارمەتییدەدام. هەتا بڵێیت مرۆڤێکی میهرەبان و ناوازەبوو، ئەوە وایدەکرد ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر خۆشمبوێت.

لەو ساڵەدا هەم من و هەم ئاسیا کەم کەم بە کتێب ئاشنابووین و دەمانخوێندەوە. زۆربەی جار کە قسەماندەکرد باسی کتێبمان دەکرد. جا قسەکان لە فەیسبووک بایە، یان بە تەلەفۆن. هەموو کاتیش کە بە تەلەفۆن قسەماندەکرد ئاسیا دەیگوت: دەنگم چەند ناخۆشە هههههههە. بەڵام دەنگی ئارامیی بوو بۆ گیانم. خۆ تەنها ئەو نییە ئێمە زۆربەمان ئاواین و ڕقمان لە دەنگی خۆمانە، لە تەلەفۆن، یان لە گرتەی ڤیدیۆیی هەر نامانەوێت دەنگی خۆمان ببیستینەوە.

# ڕۆمانی ژنە کوژراوەکە

بە تەنها لە ناو باخچەکە دانیشتبووم، خەریکی خوێندنەوەی "ئێوارەی پەروانە" بووم. لە ناو وشە جوانەکانی (بەختیار عەلی)دا غەرقبووبووم. من سەیرم پێدێت کەوا کەسانێک دەبینم دەنووسن: بۆ هەر کتێبێکی بەختیار (١٠٠$)م پێبدەن هێشتا نایانخوێنمەوە. ئەو قسەیە واتای چییە؟ ئەوانە ئەهلی نووسینەکانی ئەو نین، یان چی؟ لای من بەختیار، نووسەرێکە کە هەمیشە شانازیی پێوەدەکەم و بە حەزێکی زۆرەوە نووسراوەکانی دەخوێنمەوە و چێژێکی زۆریان لێوەردەگرم. مۆبایلەکەشم لە لام بوو و خەتەکەش کرابووەوە، ئاسیا نامەیەکی دەنگیی نارد. کردمەوە گوتی:

- چی دەکەیت؟

- لە باخچە دانیشتووم، کتێب دەخوێنمەوە.

- ئاسیا: چەند خۆشە، چی دەخوێنیتەوە؟

- سامی: وایە کەشێکی زۆر جوانی هەیە، خەریکی خوێندنەوەی "ئێوارەی پەروانە"م.

- ئاسیا: ڕۆمانی بەختیار عەلییە؟

- سامی: بەڵێ، هی بەختیاری جواننووسە.

– هەتا ئێستا هیچ کتێبێکیم نەخوێندووەتەوە، زۆر حەزمدەکرد "دواهەمین هەناری دونیا" بخوێنمەوە. چەند لاپەڕێکیشم لە سەرەتای خوێندەوە، بەڵام قورسبوو و مێشکم نەیدەتوانی وەریبگرێت لەبەرئەوە وازم لێهێنا.

– بەختیار یەکێکە لە جوانترین نووسەرەکانی کورد، تەنها تۆ نیت کەوا لەگەڵ کتێبەکانی یەکترتان نەگرتووە، بەڵکوو زۆر کەسی تر هەن ئاوا کەوا لێی حاڵینابن و وازی لێدەهێنن.

– دیارە بەختیار بۆ هەموو خوێنەرێک نانووسێت و خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە. واز لە بەختیار بهێنە، (گۆران سەعید) دەناسیت؟

– بێگومان خوێنەرانی بەختیار تایبەتن، نا ئەو ناوە ناناسم، کێیە؟

– وابزانم شاعیرە، فەیسبووکەکەیم لە لایە شیعر و نووسینی جوان و کاریگەر بڵاودەکاتەوە. بە شێوەیەکە هەموو نووسینەکانی لە دڵ دەدەن و موچرکەیەک بە جەستەتدا دەهێنن وا هەستدەکەیت باسی تۆ دەکات و بۆ تۆی نووسیوە. جا دەمەوێت بزانم کتێبیشی هەیە" یان تەنها ئەو نووسینانەی ناو فەیسبووکە. ئێستا پرۆفایلەکەیت بۆ دەنێرم سەیریبکە و بزانە نووسینەکانی چۆنن و بە دڵتن.

– تامەزرۆی نووسینەکانی بووم ئاوا باسیدەکەیت.

ئاسیا ناوی پەیجەکەی گۆرانی پێگوتم و دۆزیمەوە. سەیری نووسینەکانیم کرد و کۆمەڵێک نووسینی کورت و درێژم خوێندەوە. خودایە ئەوە چ جوانییەک بوو، ئەو پیاوە بۆ ئاوا جوان دەنووسێت؟

ئەی چۆن هەتا ئێستا من نەمناسیووە؟

تۆ بڵێیت چەند نووسەری تریش هەبن ئاوا جواننووسن و نەیانناسم؟

بە ئاسیام گوت دواتر قسەدەکەینەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو وشە جوانانە بە ڕۆحم بدەم. زیاتر لە کاتژمێرێک لە ناو نووسینەکانی بووم، هەموویان یەک لە یەک جوانتربوون، یەکێک لە جوانترین نووسینەکان ئەوەبوو باسی لە شەو و

ڕۆژێکی ژیانی خۆیان دەکرد لە گوند، لە وەرزی سەرما و باران، ئەو نووسینە هێندە تایبەت بوو کەوا ڕۆحم بە شێوەیەک تێکەڵیبوو پێشتر لەگەڵ هیچ نووسینێکی تردا ئاوا تێکەڵ نەبووبووم.

ناڵێم ئەو نووسینە جوانترین نووسراوبوو کەوا لەوێ بینیم، چونکە گرانە لە نێوان ئەو هەموو نووسراوە دانەیەک هەڵبژێریت و بڵێیت ئەوە جوانترینە. وەک هەمیشەش لە لای من هەر نووسراوێک باس لە جوانیی خوشک بکات، یەکێک دەبێت لە جوانترینەکان. جا گرنگ نییە نووسراوی کێ بێت. زۆریش گەڕام بۆ ئەوەی بزانم کەوا گۆران کتێبی هەیە، یان نا. لە ناو فەیسبووکدا هیچ ئاماژەیەکم بەدەست نەکەوت کە بڵێت کتێبی هەیە. نامەیەکم بۆ خودی نووسەر نارد، وەڵامی دامەوە و گوتی: ((بەڵێ دوو کتێبم هەیە، بەڵام هیچیان چاپنەکراون هەریەکی بە هۆکاری جیاجیا. تەنها بە شێوەی (pdf) بەردەستن و دەتوانیت خوێنەریان بیت)).

لینکی هەردوو کتێبی بۆ ناردم، دوو ڕۆمانی پڕ لە جوانیی ئەوانیش "مینا و ژنە کوژراوەکە". منیش سوپاسم کرد و کارەکەیم بەرزنرخاند.

درەنگانێکی شەو "ئێوارەی پەروانە"م تەواوکرد. کۆتاییەکەی کەوا بە هیچ شێوەیەک دڵخۆشکەر نەبوو. ئەو نووسراوەی گۆران کەوا لە سەرەوە ئاماژەم پێیدا بۆ ئاسیام نارد.

- خوێنەری ئەو نووسینە بووم زۆر جوان و کاریگەرە، ژیانی بەشی هەرەزۆری گەلی کورد ئاوا بووە و بەو قۆناغەدا تێپەڕیون. هەموومان ئەو پەرداخ و دۆلکە و تەشتانەمان بینیوە کەوا لەبەر دڵۆپەکانی باران دانراون لە شەوە درێژ و ساردەکانی زستان.

- وایە هەرگیز ئەو ساتانەم لەبیرناچێت کەوا لە گەرمەی خەودا بووم، دڵۆپەیەک کەوتووەتە سەر چاوەکانم، یان ڕووخسارم و خەوەکەی پچڕاندووم.

– جیلی ئێستا ئەو شتانەشیان نەدیوە و چەندی بۆیان باسبکەیت تێناگەن و هەست ناکەن ئەگەر لە ناو واقیعەکەدا نەژیابن. ئەی شتێکی تر هیچ زانیارییت دەستکەوت ئاخۆ گۆران هیچ کتێبی هەیە، یان نا؟

– ناکرێت ژیانی جیلی ئێستە بە ڕابردوو بەراوردبکەیت، چونکە دونیایەک جیاوازن. بەڵێ، قسەم لەگەڵ خۆی کرد دوو ڕۆمانی هەیە بە ناوەکانی "مینا و ژنە کوژراوەکە"، هەردووکیشی بۆ ناردم.

– ئەی خودایە دوو ڕۆمان دەبێت چەندە جوان بن، واتە هەردوو کتێبی کردە دیاریی بۆت؟

– نا، دیاریی چی! بە (pdf) بۆی ناردم. من ئاوا خوێنەریان دەبم، هەر ئەمشەو ناخەوم، هیچ خەوم نایەت دەست بە خوێندنەوەی ژنە کوژراوەکە دەکەم.

– ئەی نەیگوت لێرە لە چ کتێبخانەیەک دەستدەکەوێت، بەڵکوو بە گەیاندن داوایبکەم بۆم بهێنن؟

– نا ئەزیزم، نا. لە هیچ شوێنێک بەردەست نییە. لەم کۆمەڵگەیە بتەوێت کارێکی جوان بکەیت، سەدان بەربەست و هۆکار ڕێگەت پێدەگرن و ناتوانیت کارەکەت ئەنجامبدەیت. گۆرانیش چەندین بەرەبەست ڕێگەیان لێگرتووە، لەوەی کتێبەکانی بەچاپبگەیەنێت. لەبەرئەوە تەنها دوو بژاردەت لە بەردەمە: یەکەم ئەوەیە دەبێت بە (pdf) خوێنەریان بیت، دووەمیش ئەوەیە خوێنەریان نەبیت...

– بەڵام خۆ تۆ دەزانیت هەتا ئێستا هیچ کتێبێکم بە (pdf) نەخوێندووەتەوە، چاوەڕواندەبم بەڵکوو لە کاتێکی نزیکدا بەچاپبگەن.

– بەڵام هەندێک کات ناچاریت کەوا خوێنەری ئەوەش بیت، چونکە هیوایەک بوونی نییە لە داهاتووشدا ئەو کتێبانە چاپبکرێن.

زۆر هەوڵمدا ئاسیا ڕازیبکەم کەوا بە (pdf) خوێنەری کتێبەکان بێت، بەڵام ڕازی نەبوو و گوتی لە ئێستادا خوێنەریان نابم بزانم لە داهاتوودا چی دەبێت.

هەر ئەو شەوە دەستم بە خوێندنەوەی "ژنە کوژراوەکە" کرد. هەر کە وشەیەکم دەخوێندەوە وشەی دواتر بۆ خۆی ڕایدەکێشام و پێیدەگوتم بووەستە سامی، کاتی خەو نییە و بەردەوامبە لەگەڵم. کاتژمێر (١٢)ی شەو لایدابوو کەوا دەستمپێکرد. نیوەی زیاترم خوێندەوە و دەمتوانی تەواویبکەم، بەڵام حەزمکرد بەیانی تەواویبکەم بۆ ئەوەی ببێت بە دوو پارچە. لەو نێوەندەشدا هەندێک بیر لەوانە بکەمەوە کەوا خوێندبوومەوە، خۆشم هەندێک خەیاڵ و پێشبینیی بکەم بۆ ڕووداوەکانی دواتر. کاتژمێر (٢)ی شەو لایدابوو کە خەوتم.

ڕۆژی دواتر هەتا دوای عەسر دڵم نەهات بگەڕێمەوە بۆ لای ژنە کوژراوەکە، خۆم بە کتێبێکی تری ئایینییەوە خەریککرد کەوا ڕۆژانی پێشوو بەشێکم لێی خوێندبوویەوە، ئەو ڕۆژە هەتا عەسر بەو خەریکبووم و تەواومکرد.

دوای عەسر دەستمکردەوە بە خوێندنەوەی ژنە کوژراوەکە، ئەوەندەی مابوو ویستم تەواویبکەم. وشە بە وشە کە دەمخوێندەوە لێیان ورددەبوومەوە و بیرم لە جوانییان دەکردەوە. کەمتر لە سەد لاپەڕەم مابوو تەواویبکەم کەچی دوو کاتژمێر زیاتری ویست هەتا تەواومکرد. پەشیمانیش بووم لەوەی تەواومکرد، ئاخر ئەو کتێبە نەدەبووایە تەواوبێت، ئاساییە با ساڵێک خەریکیبووبام، بەڵام با تەواو نەبووبا هیچ کات، چونکە ئەو دێڕ و وشانە هی ئەوە نەبوون مرۆڤ دەستبەرداریان ببێت. بەڵام هەر دەگاتە کۆتایی. هەر ئەونا، بەڵکوو کتێبی گەردوون و ژیانیش ڕۆژێک کۆتاییاندێت و هیچ وشەیەک لە دوایان بەجێ نامێنێت.

دوای تەواوکردنی کتێبەکە قسەم لەگەڵ ئاسیادا کردەوە و پێمگوت کەوا ژنە کوژراوەکەم تەواوکردووە.

- تەواوتکرد؟ بە کەمتر لە ڕۆژێک!

- بەڵێ، گوڵ خانم تەواومکرد، دەمتوانی شەو تەواویبکەم، بەڵام بۆ ئەوەی جوانیی زیاتری لێوەربگرم و چێژێکی زیاترم پێبدات ویستم بە دووجار خوێنەری بم. کاتێک کتێبێکت خۆشدەوێت ئاوایە دەبێت هەموو بوونت پێبدەیت و لەگەڵی بیت. ژنە کوژراوەکەش شایەنی ئەوەیە کاتی خۆتی پێبدەیت و واز لە هەموو

سەرقاڵییەکانت بهێنیت لەبەر ئەو. ئەوە ڕۆمانێک نییە، بەڵکوو شاکارێکە کە پێویستە هەمووان خوێنەری بن بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ڕەگەزی بەرانبەر.

- ئەی خودایە گیان، جا خوێنەربوونی تۆ لەکوێ و من لەکوێ کاکە. من ناتوانم هیچ کتێبێک حەقی خۆی پێبدەم. لە کتێبێکی ئاساییەوە، جا چی بگات بەو شاکارەی باسیدەکەیت. هەندێک باسیم بۆ بکە، بەڵکوو حەزی خوێندنەوەی لە لام پەیدابێت.

- نا، شتێکی وای ناوێت بۆ ئەوەی بە هەموو بوونت لەگەڵ ئەو کتێبەدا بیت کەوا خوێنەری دەبیت. ئەوەندە بەسە واز لەبیرکردنەوە بهێنیت لە هەموو ئەو شتە ماندووکەرانەی کەوا ڕۆژانە ڕوودەدەن و تەنها لەگەڵ ئەو بیت. بۆ باسیشی خوێنەری ئەو پارچە نووسینانە بە لە کتێبەکەوە دەرمهێناوە و ئێستا لە گرووپێک پۆستم کرد، بەڵکوو کەسانێکی تریش ئەو شاکارە بناسن و خوێنەری ببن.

- پۆستەکەم لە گرووپدا بینی، کۆمێنتێکیشم کرد، نووسیم: لەکوێ دەستمبکەوێت؟ هههههـ خوێندمەوە، بە ڕاستیی ناوازەن ئەو نووسینانەی ناو کتێبەکە گومانیشم نییە لەوەی هەموو کتێبەکە ئاوا جوان و ناوازەیە، بەڵام شتێک ئەوانە نووسینەکانی ناو کتێبەکەن من بۆچوونی خۆتم لەسەر کتێبەکە دەوێت.

- باشە کەمێکی تر ڕاوبۆچوونی خۆم پێتدەڵێم.

- ئممم، باشە.

- ئەوەش بۆچوونم بۆ کتێبەکە، لەوانەیە وشەکانم لە ئاست کتێبەکە نەبن، بەڵام ئیتر ئەو چەند وشەیەم نووسی:

((ژنە کوژراوەکە زۆر شتی پێدام، زۆر شتی فێرکردم، وەڵامی زۆر پرسیارمی دایەوە. چەندین بیرکردنەوەی لە مێشکم گۆڕی.

ژنە کوژراوەکە پێیگوتم؛ لەژێر خەندەکانی خوشکەکەم چی هەیە، ئارەزووەکانی ئێوەی کچان چییە؟ غیرەکردن چی لە مرۆڤ دەکات و بەرەو کوێی دەبات؟

ژنە كوژراوەكە فێریكردم كەی قاقای پێكەنینی خوشكەكەم گوێكانی كاسكردم، ئەو كات زیاتر گرنگیی پێبدەم، چونكە ئەوەی گوێكانم كاسدەكات لە ڕاستییدا دەنگی قاقاكانی نییە، بەڵكوو هاوار و ناڵەیەكە لە ناخیدا پەنگیخواردووە و بە هیچ دەرنایەت.

ژنە كوژراوەكە پێیگوتم؛ كاتێك ئافرەتێك، كچێك، یان خوشكەكەت دانیشتووە قسەت بۆ دەكات، یادەوەریی و خەمەكانی بۆت ڕیزدەكات قسەی پێنەبڕم، نەڵێم منیش ئاوا و دڵم و ژیانم ئاوا، بەڵكوو لێیبگەڕێم هەتا دوایین وشەی بە ئارەزووی خۆی قسەبكات.

ژنە كوژاوەكە پێیگوتم؛ هەتا دەتوانم ڕێگە نەدەم خوشكەكەم، تۆ یان خۆشەویستەكەم توشی غیرەكردن بێت، چونكە ئافرەت لە لای زۆر ئاساییە ئەگەر لەسەر غیرەكردن لەو كەسەی خۆشیدەوێت، یان لێیەوە نزیكە چەند كەسێكیش بكوژێت. یان لەوانەیە دڵی خۆی بە شێوەیەك بشكێت هەتا مردنیشی چاك نەبێتەوە و نەبێتەوە بەو ئافرەتەی جاران كەوا میهرەبانیی بە كەسانی دەوروبەری دەبەخشی و جوانیی بڵاودەكردەوە بەو دڵەی بۆ ئەوەی خەندە دروستبكات لەسەر ڕووخساری ئازیزانی، خەندەیەكی ڕاستەقیینە.

ژنە كوژراوەكە وایلێكردم هەندێك شت تایبەتبن لە لام، وەك ڕەنگی شین، كە جوانترین ڕەنگە. وەك پێنج شەممە كە جوانترین و سامناكترین ڕۆژە. وەك خەندەكانی تۆ كە هێزێكی سیحراویی هەیە بۆ ئارامیی ڕۆح.

- خودا خەندەكانی من بكاتە قوربانی یەك چركەی ئارامیی ڕۆحی كاكەم. چەندە جوانە ئەو وشانە.... لینكەكەیم بۆ بنێرە هەوڵدەدەم خوێنەری بم.

- خودا نەكات جانی جانانم، یاخودا هەر هەبیت و سەلامەتبیت بۆمان. هەر تۆ و لینك، وەی بەسەر هەردوو چاوەكانم.

- زۆر سوپاس كاكەگیان، تۆ بە كەمتر لە ڕۆژێك تەواوتكرد، من هەوڵدەدەم بە سێ، یان چوار ڕۆژ تەواوی بكەم.

لینکەکەم بۆ ئاسیا نارد، خۆشم دەستم بە خوێندنەوەی "مینا" کرد، ڕۆمانی دووەمی گۆران. دوو ڕۆژ زیاتری خایەند هەتا تەواومکرد، چونکە ئەو چەند ڕۆژی تەندروستیی جەستەم هیچ باش نەبوو و فەیسبووکەکەشم نەکردەوە، هەتا چوار ڕۆژ، ئەو چەند ڕۆژە نەچووم بۆ دەوام و لەماڵەوە مامەوە. میناش وەک هەر نووسینێکی تری نووسەر پڕ لە جوانیی بوو، بەڵام بۆ من ژنە کوژراوەکە جوانتربوو.

دوای چوار ڕۆژ کەوا تەندروستییم کەمێک باشتربوو، فەیسبووکەکەمم کردەوە. ڕۆژی پێشتر ئاسیا نامەیەکی ناردبوو، تەنها نووسیبووی: ژنە کوژراوەکەم تەواوکرد. منیش وەڵامیم دایەوە؛ سوپاس بۆ خودا، ئەی چۆن بوو بە لاتەوە؟

ئەوکات لەخەت نەبوو، پاش کاتژمێرێک هاتەوە خەت و وەڵامی دامەوە.

- بڵێم چۆن بوو! هەر وەکوو پێشبینییم دەکرد وەک هەموو نووسینەکانی کە لە فەیسبووک خوێنەریان بووم جوان بوو، بەڵام ڕاستیی بڵێم، بۆ من بەو شێوەیە نەبوو کەوا تۆ باستەکرد و بە شاکارێک ناوت بردبوو، جا نازانم هۆکاری چی بوو من مافی خۆیم پێنەداوە، یان شتێکی ترە.

- من دەزانم هۆکارەکەی چییە!

- چییە؟

- تۆ کچیت، تۆ لە ناو هەموو ئەو شتانە دەژیت کەوا نووسەر باسیکردووە و من لێیانەوە فێربووم. ئەوەی من لەم کتێبەم خوێندەوە و بینیم تۆ هەموو ڕۆژ لەگەڵیدایت، لەبەرئەوە شتی نوێی کەم تێدابووە بۆ تۆ.

- ئمممم، من کچم...

لەو ماوەیەدا من ژمارەیەکی باش کتێبم خوێندەوە، ئاسیاش یەک دوو شتی سادەی خوێندەوە لەگەڵ ژنە کوژراوەکەش. لە کۆتایی ساڵیشدا قوتابییەک کەوا کەمتر لە ئاسیا لەگەڵی تێکەڵبووم و دەمناسی نزیکەی (٣٠) کتێبی بەدیاریی پێدام و گوتی:

- ئەو کتێبانە با بۆ تۆ بێت، تۆ نرخیان دەزانیت، نەک من، چونکە من خوێنەریان بووم، ئەگەر لە لام بمێننەوە تەنها تۆزیان لەسەر دەکەوێت، بەڵام تۆ سوودی لێدەبینیت و لەوانەیە بیدەیت بە کەسانی تریش. کتێبەکانم وەرگرت، ناوازەترینەکان بوون، ئەوانەبوون کە من خۆشمدەویستن. کە بە ئاسیام گوت، توڕەبوو. گوتی:

- ئەی بۆ بە منت نەگوت، منیش هەندێکم دەبرد بۆ ئەو هاوینە دوورودرێژە بێکارە.

دەوام تەواوبووبوو و گەڕابووینەوە ماڵەوە. دوایین ڕۆژی دەوام بوو کە کتێبەکانم وەرگرت، لەبەرئەوە بە ئاسیام گوت:

- کە کتێبەکانم وەرگرت هەم درەنگبوو و هەم لەبیرم نەبوو بە تۆ بڵێم کەوا شتێکی ئاوا هەیە. بە پشتیوانی خودای گەورە لە ساڵی نوێ بۆت دەهێنم.

ساڵی دووەمیش تەواوبوو، دووبارە کەوتم و ئاسیا دەرچوو نمرەکانی باش نەبوون، بەڵام گرنگ دەرچوو. مێلیساش هەر وەک ئەو، بەڵام یاسەمین کە هاوڕێیەتییان لەگەڵ ئەویش هەبوو ساڵی یەکەم کەوا پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو لە ساڵی دووەم بە هۆی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە ڕووبەڕووی خێزانەکەیان بووەوە نەیتوانی لەگەڵ خوێندنەکەی باشبێت، لەبەرئەوە بە بەراورد بە ساڵی یەکەم بە پلەیەکی خراپەوە دەرچوو و پلەی یەکەمی لەدەستدا. هاوڕێکانیشم وەک خۆم زۆربەیان کەوتن. هاوینەکەی سەخت بوو، بەڵام وەک ساڵی پێشوو نەبوو، بەڵکوو باشتربوو. ئەنتەرنێت نەبوو بە هۆکارێک ئەنتەرنێتی ئەم وێرانەیە هەمووی ڕاگیرابوو. ئەمساڵ مۆندیالیش هەبوو، بەڵام هەر زوو هەڵبژاردەکانی دڵخوازی من کرانەدەرەوە.

ماوەیەک چووم بۆ دکتۆر، دکتۆرێک کەوا لە فەیسبووکەوە پێیان ناساندم گوتیان چارەسەری نەخۆشیی هاوشێوەی من دەکات بە چارەسەری سروشتیی. پەیوەندییمان کرد و کاتی سەردانکردنمان وەرگرت، منی بینی و هەندێک شتی پێگوتم و هێزی جەستەمی تاقیکردەوە و گوتی ئەگەر ئەوە بە تەواویش چاک نەبێت، بەڵام زۆر لەوەی ئێستا هەیە باشتر دەبێت. ئێستا بڕۆن لەم چەند ڕۆژەدا پەیوەندییتان پێوەدەکەین، بۆ ئەوەی ڕۆژانە بێن بۆ وەرگرتنی چارەسەر. دوای سێ ڕۆژ پەیوەندییان کرد گوتیان وەرن. بەرنامەکە ئاوابوو ڕۆژانە دەبووایە کاتژمێرێک و نیو بچووبام بۆ ئەوێ لەگەڵ دوو کەس وەرزشیان پێدەکردم، بۆ ئەوەی باشبم. بە هۆی ئەوەوە یاریی کۆتایی مۆندیالم نەبینی، چونکە ئەو کاتەی یارییەکە هات من لەوێدابووم. چوار بۆ پێنج ڕۆژ ئاوا بەردەوامبووین، جەستەم وێران وێران بووبوو. دەتگوت وەک هەویری نان شێلدراوم. لەگەڵ براکەم دەچووم بۆ ئەوێ ڕۆژی پێنجەم بوو دکتۆرەکە هات بۆ لای براکەم و گوتی:

- ئەوە چەند ڕۆژێکە ئێوە هاتوچۆی ئێرە دەکەن، وابزانم ڕێگەشتان دوورە و لە دوورەوە دێن بە هۆی ئەوەوە ئەو وەرزشکردنە هیچ سوودی نابێت بۆ نەخۆشەکە، لەبەرئەوە پێشنیازدەکەم چیتر مەیەنەوە، ئەگەر توانیتان هەر لەماڵەوە ئەو وەرزشانەی پێ ئەنجامبدەن، بزانن چی دەبێت. ئەگەر باشتربوو، وەرنەوە شتی نوێی بۆ دادەنێین، ئەگەرنا هیچ، ئێمە هەر ئەوەندەمان لەدەستدێت.

بە گریانەوە ئێستا ئەوانە دەنووسمەوە، ئاخر بۆ؟ سەرەتا هیوایان پێدام و هەر خۆیان دواتر بێهیوایان کردم. نەفرەت لە مرۆڤی ئەو زەمانە. سەرەتا کە هیوایان پێدام هەزاران خەیاڵم کرد، سەدان شت هاتە بیرم، من چاکدەبمەوە؟ نا، چاک نەبووم. ئەوەتا حاڵم زۆر لەو کاتیش خراپترە.

خراپ بێزاربووم و کات نەدەڕۆیشت. مێلیسا کورەپورێکی هەبوو کە لە هەمان کۆلێژی ئێمە لە بەشێکی تردا بوو، بە هۆی مێلیساوە ئێمەش واتە من و ئاسیا و ئەوانە دەماننناسی و هاوڕێیەتییەکمان لەگەڵیدا هەبوو، ناوی (ئادەم) بوو. ئەوکاتەی کەمێک مابوو ساڵی سێیەمی خوێندنمان دەستپێبکات واتە مانگێک مابوو بەنزیکەیی، ئادەم زووزوو نامەی بۆ دەناردم و چەند کاتژمێرێک قسەماندەکرد. جار

هەبوو سێ بۆ چوار کاتژمێر قسەماندەکرد. باسی هەموو شتێکمان دەکرد، لە کتێب و خوێندن و خواردنەوە هەتا خۆشەویستیی. کوڕێکی زیرەک بوو، زانیاریی باشی لەسەر هەموو شتێک هەبوو، خوێنەرێکی زۆر باش بوو و زیاتر لە من کتێبی دەخوێندەوە. هەموو کات دەیگوت: مرۆڤ دەبێت خوێنەربێت لە ناو کتێبەکاندا ژیان بکات و ئەزموونی ژیان بکات، بۆ ئەوەی فێربێت هەموو شتێکی ئەم جیهانەی گەورەیە ببینێت، بەڵام ئەوانەی ئێمە نە دەخوێننەوە، نە لە جوڵەدان بۆ ئەوەی ئەزموونی ژیان فێربن، بەڵکوو لە شوێنی خۆیان دانیشتوون و دەیانەوێت ژیان وەک مامۆستایەک بێت یەخەیانبگرێت و فێریانبکات بەبێ ئەوەی بکەون و دووبارە هەڵبستنەوە سەر قاچەکانی خۆیان.

ئادەم باسی ئەوەی دەکرد کەوا کچێکی خۆشدەوێت، بەڵام هێشتا پێینەگوتووە. ڕۆژێک وێنەی کتێبێکی نارد. گوتی:

- لەم ڕۆژانەدا دەچم بۆ سلێمانی ئەمەی وەک دیاریی بۆ دەکڕم، کە بە خۆشەویستییەکەم ڕازیبوو پێیدەدەم، چونکە دەمەوێت وەک خۆم خوێنەر بێت. لەبەرئەوە لە سلێمانی دەکڕم لێرە دەستم نەکەوت. منیش شتێکم بۆ باسدەکرد لەسەر خۆشەویستیی خۆم بۆ مێلیسا، بەڵام لەبەرئەوەی مێلیسا کچی خاڵی بوو، نەمدەتوانی شتێک بڵێم کەوا هەستبکات من کچەخاڵەکەیم خۆشدەوێت.

جارێکیان لە ناوەڕاستی قسەکانمان گوتی:

- دەزانیت من لە شتێک دەترسم؟

- لە چی؟

- لەوەی هەردووکمان هەمان کەسمان خۆشبوێت.

من دڵنیابووم لەوەی هەمان کەس نییە، بەڵام وام پێنەگوت. تەنها پێمگوت خەمت نەبێت ئەگەر هەمان کەسبوو پێشکەشت بێت. گرنگ ئەو خۆشبەخت بێت، بەڵام ئەو وای نەگوت.

- ئەگەر وابڵێم قسەی دڵم نابێت و هەر پێم ناخۆش دەبێت.

مرۆڤێکی باشم دەبینی لێی، بەڵام ڕوویێکی سەیریشی هەبوو، کە خوێندنەوەی سەخت بوو.

هەر لەو ماوەیەشدا کە قسەماندەکرد ڕۆژێک گوتی:

- دوای چەند خولەکێکی تر لەگەڵ مێلیسا و چەند کەسێکی تر دەچین بۆ بازاڕ، هیچت پێویست نییە؟

- دەچن بۆ لای قەڵات و ناو کتێبفرۆشان؟

- بەڵێ، بە پشتیوانی خودای گەورە دەچین بۆ ئەوێش، چیت پێویستە؟

- ناوی کتێبخانەیەکت پێدەدەم لەوێ داشکادنێکی باشیان کردووە، ناوی هەندێک کتێبیشت بۆ دەنێرم ئەو کتێبانەم بۆ بکڕە کەی هاتینەوە دەوام لێت وەردەگرمەوە.

- باشە لە ڤایبەر بۆم بنێرە بەسەرچاوم.

ناوی کتێبخانەکە و ناوی کتێبەکانم بۆ نارد. شەو لە ڤایبەرەوە نامەی بۆ ناردم، وێنەی کتێبەکان بوو. سوپاسیم کرد و گوتم:

- بە ڕاستیی زۆر دڵم خۆشبوو، چونکە ئەگەر ئەو داشکاندنەم لە دەستبچووبایە زۆر خەمم لێدەخوارد.

- سوپاس بۆ خودا ئەوە لە دەستت نەچوو، شتێکیش کتێبەکان دوو دانەیان دیاریی مێلیسان.

کە دەوام کرایەوە هەر زوو ئادەم کتێبەکانی بۆ هێنامەوە، سوپاسی ئەو و سوپاسی مێلیساشم کرد بۆ کتێبەکانی.

مانگی (٩) ئەو وانانەی لێیان کەوتبووم تاقیکردنەوەم لێیانکردەوە و دەرچووم. هاوڕێکانیشم هەموو دەرچوون. ئیتر هەموومان بووین بە قۆناغی سێیەم. ڕاستە

چەند کەسێک لە قۆناغی یەکەم و دووەم لێمان دابڕابوون، بەڵام هاوڕێم نەبوون و نەمدەناسین.

کاتێک ئەنجامەکانی خولی دووەم هاتنەوە، خەتم نەبوو لەبەرئەوە ئادەم ئەنجامەکانی بۆ وەرگرتمەوە و گوتی:

- دەرچوویت.

دەمزانی کە دەردەچم، بەڵام کە شتەکە بووە فەرمیی دڵخۆشبووم. ڕۆژێک قسەم لەگەڵ ئادەم دەکرد، باسی ئەوەمان دەکرد مەوقیفێک شتێکی ناخۆشمان بەسەرهاتبێت لە کۆلێژ، منیش گوتم:

- ڕۆژێک هاتم وانەی یەکەمم هەبوو کاتژمێر (8:30) تاقەتم نەبوو بچمە ژوورەوە و وانەکە بخوێنم، شتێکی زۆر بێتام بوو و لەگەڵ قسەکانی ئەو مامۆستایە هەر ژانەسەرم دەگرت. لە دەرەوە ئاسیام بینی، دەچووە هۆڵەکە و پێمگوت:

- ئیجازەم بۆ وەربگرێت و بە مامۆستا بڵێت حاڵم باش نییە، لەبەرئەوە نەهاتوومەتە ژوورەوە. کە کاتی وانەکە تەواوبوو قوتابییەکان هاتنە دەرەوە، بۆ لای ئاسیا چووم و گوتم:

- چی بوو؟ پێکەنی، بەپێکەنینە ناوازەکەی کە لە ناوەڕاستی ڕۆژ بووایە وەک مانگ دەدرەوشایەوە ئەو چاڵانە سەر گۆناکانی دەردەکەوتن.

- پێمەکەنە، پێم بڵێ مامۆستا چی گوت؟

- وەڵڵا مامۆستا دەڵێت سامیم لە دەرەوە بینیوە و کێشەی نەبوو، با چیتریش ئاوا نەکات و بە عاقڵیی بێت لە وانە دابنیشێت.

دوای ئەو ڕووداوە چیتر نەچوومەوە وانەکانی ئەو مامۆستایە. ئادەمیش هەندێک شتی باسکرد، بەڵام شتی وانەبوون. من و ئادەم قسەکانمان زیاتر دەبوو و زیاتر تێکەڵدەبووین و کاتی دەوامیش نزیکتر دەبوویەوە.

# چەند نووسراوێک

دوو ڕۆژ دوای ئەوەی ئادەم و مێلیسا چوون بۆ بازاڕ و ئادەم کتێبەکانی بۆ کڕیم. ئادەم وێنەی چەند کتێبێکی بۆ ناردم.

- ئەو کتێبانە زۆر دەمێکە حەزم لێیان بوو، لەو کتێبخانەی کتێبەکانم بۆت کڕی هەبوون، حەزمکرد بیبانکڕم و هەتا دەوام دێتەوە خوێنەریان ببم. ئەو دیوانانەش شاعیرە دڵخوازەکانی منن، گەوهەرێکن بە پێویستی دەزانم لە ناو کتێبخانەکەمدا هەبن.

- کارێکی باشتکرد، جوانترینەکانت هەڵبژاردووە. منیش حەزدەکەم دیوانی هەموو شاعیرەکانم هەبێت، بەڵام نرخیان زۆرە، ناتوانم هەموویان بکڕم مەگەر ساڵی دانەیەک بکڕم.

- زۆر سوپاست دەکەم براگیان، نەخشە لە تۆش بێت ڕۆژێک بێت جوانترین دیوانە شیعرییەکان لە ناو کتێبخانەکەت ڕیزبووبن. سوپاس بۆ خودا من کێشەم نییە، ئەوەی بمەوێت دەیکڕم، بەڵام زیادەڕەوییش ناکەم.

- زۆر سوپاس کاکە، پشتیوان بە خودای گەورە.

- پرسیارێکم هەیە.

- گیان فەرموو.

– ئەوەندە عاشقی دیوانەکانیت، وابزانم شیعر و شتیش دەنووسیت؟ ئەو نووسینەی دوێنی لە فەیسبووک داتنابوو هەرچەندە شیعر نەبوو، بەڵام شتێکی جوان بوو بە لای منەوە.

– ئەوەی ڕاستیی بێت، زۆر حەزم لە نووسینە. جارجارەش شتێک دەنووسم، بەڵام هەر بۆ خۆمە، یان هەندێکجار هاوڕێیەکم داوادەکات شتێکی بۆ بنووسم، واتە ئەوەی دەینووسم پێیان ناڵێم شیعر، تەنها بۆ ئارامیی ڕۆحی خۆمە و هیچی تر. دوێنی چەند نووسینێکم دانابوو لە فەیسبووک، کامەی دەڵێیت؟

– بە هیوام ڕۆژێک بێت نووسراوەکانت لە کتێبێکدا بخوێنمەوە، هەوڵی بۆ بدەیت و بەردەوامبیت پێیدەگەیت. ئەو نووسینەی گفتووگۆی خۆت و هاوڕێکەت بوو، مەبەستم ئەمەیە:

- **سامی!**
- **گیانی سامی**
- **هەموو شتەکان باش دەبن، متمانەت هەبێت.**
- **کەی ئەو باشبوونە دەبێت؟**
- **نازانم، بەڵام باوەڕم هەیە کەوا دەبێت.**
- **ئەوکاتەی ئارەزوویێک بۆ ژیانکردن نەما؟**
- **جا چییە؟ گرنگ ئەوەیە شتەکان باش ببن.**
- **هەهەهەهـ نا، ئەزیزم نا، هەموو باشبوونێک باش نییە، وەک ئەوەی تۆ دەیڵێیت.**
- **لەبەرچی ئاوا بیردەکەیتەوە سامی؟**
- **ئاخر چاوەکانت بکەرەوە، ببینە خۆت گێل مەکە، خۆت باش من دەناسیت و دەزانیت چیم دەوێت، ئێستایەک کە توانای کردنیانم نەبێت، بەیانی وەک تۆ دەڵێیت ئەگەر شتەکان باشبوون لەوانەیە ئەوەی ئەمڕۆ دەمەوێت ئەو کات نەمەوێت، ئەو کات ئەو باشبوونە چی! نامەوێت.**
- **بە خودا ڕەشبینیت سامی گیان هەهەهەهەهـ.**
- **وایە حەقی خۆتە وابڵێیت، زۆر کات ڕەشبینم...**

- **سامی تۆ واز لەوە بهێنە، بە من ناڵێیت لەم وێرانەدا ئێستا ئارەزووی چی دەکەیت؟**
- **مەرگ.**

– بۆ کتێبەکە زۆر دوورە، بەڵام دەڵێم پشتیوان بە خودای گەورە. بڵێم چی بۆ ئەم نووسینەش! ئەو وشانە ماوەیەکی زۆربوو لە ناخمدا پەنگیانخواردبوویەوە، دوێنێ هەوڵێکی زۆرم لەگەڵیان دا هەتا هاتنە دەرەوە. کە جوانیشی دەبینن جوانبینینی خۆتانە کاکەم، ئازارەکان هەمیشە جوان دەبیندرێن.

– دەتوانیت چەند نووسراوێکی خۆت ئەگەر لە لات بن بۆم بنێریت؟ حەزدەکەم خوێنەریان بم.

– بەسەرچاوم هەر ئێستا، لە نۆتی مۆبایلەکەم هەیە، چەند دانەیەکت بۆ دەنێرم.

– چاوەڕێم.

– فەرموو کاکەگیان، خوێنەری ئەمانە ببە.

- 1 -

نامەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ

نازانم قەرار وایە، چ کات و ساتێک بگەڕێیتەوە ماڵە وێرانەکەتان.
ماڵەکەتان کەلاوە و ڕووخاو نییە.
ماڵەکەتان وەک هی ئێمە کۆن و هەمووی درز نییە.
خۆ خۆت هاتوویت بۆ ژوورەکەم.
لە هەر چوارلاوە دیوارەکانی هەموو درزی گەورە گەورەن.
دەترسم هەر بێتۆ بم و ڕۆژێک بەسەرمدا بڕوخێت.
پەنجەرەکانی ژووەکەم.
کە لە زستاندا لە دوو دڵۆپ باران.
یەکێکیان بۆم دەنێرنە ژوورەوە.
درزەکانی ژووری خوشکەکانم.

دیوارەکانی ژووورە شڕەکەی دایکم.
کە هەر چواریان یەکیانبەرداوە.
دەڵێیت چوارپارچەی ئەم وڵاتە بێخاوەنەن.
بە زۆر لەیەکتر کراون.
نا ماڵەکەی ئێوە ئاوا وەک هی ئێمە وێران نییە.
هەموو ماڵەکەتان بگەڕێیت درزێکی وەک ژوورەکەی منی لێنییە.
وێرانیی ماڵەکەی ئێوە لەوەیە:
خاڵییە لە خۆشەویستیی و میهرەبانیی.
خاڵییە لە ئارامیی و ئاسوودەیی.
خاڵییە لە جوانیی و هەرچی هەستی جوانە.
پڕە لە گوڵ، گوڵانێکی بێبۆن و ڕەنگ.
بەڵێ، ماڵەکەتان وێرانە وێران.
کە لەم شوێنە هاتیتەوە.
کە تۆ پێیدەڵێیت زانکۆ.
منیش پێیدەڵێم هۆڵی شانۆگەریی.
نامەگەلێکم بۆ ناردوویت.
بە دەستوخەتی خۆم، نەک لە سناپ و ماسنجەر.
ببورە هەرچەندە دەستوخەتم هێندە ڕێک و جوان نییە، بەڵام لە نامەیەکی بێگیان باشترە.
کە لە سناپ پاش کەمێک خۆی دەسڕێتەوە و بوونی نامێنێت.
نامەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ.
هەرچی جوانیی یە لە ڕەنگ و وشەی نامەکان بۆم نووسیویت.
نامەکانم بە دەرگای ماڵە وێرانەکەتان هەڵواسیوە.
کە چوویتە ژوورەوە لێیان وردبەرەوە.
جوان جوان بیانخوێنەوە و وشەکان تێکەڵ بە ڕۆح و ئاوەزت بکە.

**نامەیەک لەسەر کاغەزانێکی زەرد**

تیایدا بە درێژیی بۆم نووسیویت لە گوڵێکی زەرد دەچیت و بوویتە هۆکاری ئەوە زەردم خۆشبوێت و مرۆڤێکی بەهیوا بم.
لە دوایین دێڕیدا نووسراوە: هەموو ڕێگەکان دەگەڕێنەوە سەر خۆشویستنی تۆ.

**نامەیەک لەسەر کاغەزانێکی شین**

لەو نامەیە بۆت نووسراوە چەندە شینم خۆشدەوێت، هەموو شینێکم خۆشدەوێت تەنها دانەیەک نەبێت، ئەویش شینیی چاوەکانی تۆ.
نامەکە دوورودرێژە، لە دوایین دێڕیدا نووسراوە: بەیانی ئەگەر بتبینم چاوت شینی شەوێ پێوەدیاربێت من دەمرم.

**نامەیەک لەسەر کاغەزانێکی سوور**

نامەیەک پڕ لە ناسکیی و پڕ لە جوانیی، کەمتر لە جوانیی تۆ، وشەکانی ئەو نامە لە خوێن دەچن زۆر هەستیار و ناسک و سامناکن، بەڵام تۆ لە وشەکان مەترسە خۆشتبوێن، وەک ئەوان کە تۆیان خۆشدەوێت.
لە دوایین دێڕی نامەکەدا نووسراوە: ناوەڕاستی شوبات ڕۆژی خۆشەویستیی ئێمە نییە، بەڵکوو هەموو ڕۆژێک هی ئێمەیە.

**نامەیەک لەسەر کاغەزانێکی پەمەیی**

نامەیەک وشەکانی وەک خۆت کچن. دەتتوێننەوە، دەبن بە خوێن و لە دەمارەکانت دێن و دەڕۆن. نامەیەک چارەکە کاتژمێرێکی دەوێت بۆ خوێندنەوە، بەڵام تۆ چوار هێندەی خۆی کاتی پێدەدەیت.
لە دوایین دێڕیدا نووسراوە: دەزانم لەدوای دوایین وشەی ئەو نامەیە پەیوەندییەکم بۆ دێت، وەڵام دەدەمەوە تۆیت و خۆت فیدام دەکەیت.

**نامەیەک لەسەر کاغەزانێکی ڕەش**

وامەزانە کە نامەکە ڕەشە پڕە لە بێهیوایی، نا هیوات پێدەدەم. ئاخر دوێنێ کە قسەماندەکرد، دایکم هاتە ژوورەوە دوایین وشەی قسەکانمانی بیست کە پێمگوت "خۆشمدەوێیت". گوتی کێیە؟

پێمگوت: بووکەکەت. تۆش لە تەلەفۆنەکەوە گوتت قوربانی دایکت بم، ئەوە هیوایە.
لە دوایین دێڕی ئەو نامە نووسراوە: دایکم تامەزرۆی هاتنتە.

**نامەیەک لەسەر کاغەزانێکی سپیی**

ئەو نامەیەش درێژە وەک ئەوانەی تر، پێنج لاپەڕەیە، لاپەڕەی یەکەم بەتاڵە، لاپەڕەی دووەم، سێیەم، چوارەم، هەمووی بەتاڵن. نازانم چۆن لەو بەتاڵییە تێدەگەیت، بەڵام بەنییەتی ئەوەوە ناردوومە کە لاپەڕەیەکی سپیی و پاکم وەرە بۆ ماڵمان و بە دڵی خۆت پڕمبکەرەوە. لە کۆتایی لاپەڕەی پێنجەمدا نووسراوە: خودایە ئارامیی و بەیەکگەیشتن کۆتایی ئەو خۆشەویستییە بێت، ئەگەرنا دەمرین.

**دوایین نامە**

نامەیەکی بێڕەنگە، وەک چۆن دەڵێن ئاو ڕەنگی نییە، ئاوایە دوایین نامەی منیش. دوورودرێژیش نییە، تەنها نووسراوە: وەک ئاو گرنگیت بۆم، ئەگەر هاتی دەژیم، نەهاتیت دەمرم.

هەینی دێینە داوات...

- ٢ -

**مەرگی پەپوولەیەک**

ئیتر لەمڕۆوە من ڕقم لە ژوورەکەمە.
ئەو ژوورەی لێی دادەنیشم و دەخەوم.
ئەو ژوورەی بەئاشکرا لێی پێدەکەنم و بەدزییەوە دەگریم.
ئەو ژوورەی لێی دەخۆم و دەخۆمەوە.
ئەو ژوورەی تاوانی تیادەکەم و یادی خوداشی لێ دەکەمەوە.
ئەو ژوورەی تێیدا دەخوێنمەوە و دەنووسم.
ئەو ژوورەی، ئەو ژوورەی هەموو ژیانمی تیادەکەم.
هەموو ژیانم.

بەڵام ئیتر من ڕقم لەم ژوورەیە.
ئاخر من دڵێکم هەیە بە چەشنی باڵی پەپوولە ناسکە.
لە پەڕەی گوڵ تەنکترە.
دڵێک کە بە وشەیەک، بە نیگایەک، بە نامەیەک.
بە زۆر شتی سادە دەشکێت.
کە دڵی مرۆڤەکانی تر بەم شتانە ناشکێت.
ئاخر دایکم هەموو کات دەیگوت:
هەموو هی ئەو نەخۆشییەتە وایکردووە دڵت ئاوا ناسک بێت.
دڵت ئاوا بە شتی سادە درزی پێبکەوێت و بشکێت.
هەموو کات دایکم، خوشک و براکانمی ئاگادارەدەکردەوە و دەیگوت:
ئاگاداری دڵی بن، نەخۆشە، دڵی زۆر ناسکە ئاگاداریبن.
بەڵام بێباکبوون لەو وشانەی دایکم...
کەم ڕۆژ هەبوو سەرم بخەمە سەر سەریین و ئەو ڕۆژە درزێک لە دڵم دەرنەکەوتبێت، درزێکی نوێ.
بە وشەکانیان، بە سەیرکردنەکانیان، بە نارەزاییەکانیان بەرانبەر داوایەکی سادەم.
ئەوان گوێیان بۆ قسەی دایکم نەگرت، ئاگاداری دڵم نەبوون.
لەو کاتەوە هەموو ڕۆژێک بەدرزی نوێ بەیان دەکەمەوە.
کەم بەیان هەیە جوان بێت و بە دڵخۆشیی لە خەو ڕابم.
هەموو بەیانێک سەیری قەنەفە ڕزیوەکەم دەکەم و ئاهێکی قووڵ ناخم گڕدەدات.
ئیتر ڕقم لە قەنەفە ڕزیوەکەشمە.
ئەو قەنەفەی تەنها لای ئەو هەڵدەستمەوە.
ئیتر ڕقم لە هەموو ژوورەکەمە بە هەموو شتەکانییەوە.
ئاوێنەکەی، دیوارەکانی، پەنجەرەکانی، کە چیتر لێیان سەیری دەرەوە ناکەم...
کەنتۆرەکەم، جلەکانم، ئەو جلانەی بۆ هیچ ڕۆژێکی خۆش نەمپۆشین.
ئاهـ ئەو شتەی هەرگیز لە خەیاڵم نەبووە.
ڕقم لە کتێبخانەکەشمە، لە ڕەفەکانی، لە کتێبەکانی.
ئەو کتێبانەی ڕۆژگارێک وێڵبووم بەدوای کۆکردنەوەیان.
ئیتر ڕقم لە هەموو شتێکی ئەو ژوورەیە، هەموو شتێک...

ژوورێک کە بووە هۆکاری گیاندانی پەپوولەیەک.
بەڵێ، مەرگی پەپوولەیەک.

- 3 -

تۆ بۆ بوونم لە ژیانت بڵێ، بەڵێ.
گشت ژیانم بۆ تۆ دەبێت.
تۆ هیچ مەڵێ.
ئیتر دەبم بە موڵکی تۆ.
بیکە گشت پرسیارێک لە بارەی من.
بەڵام نەکەی هەرگیز نەکەی.
نەپرسی لە تەمەنی من.
من منداڵم.
تەمەنم تەنها چوار ساڵە.
لەگەڵ یەکەم دیدەنی تۆ.
چاوم بە دونیادا هەڵهێناوە.
تۆ بەس پێمبڵێ، بەڵێ.
ئیتر من بۆت دەبم بە:
کاغەزێکی سپیی و پاک
بە دڵی خۆت بمنووسەوە.
بە منداڵێکی ساوا
بەدڵی خۆت پەروەردەم بکە.
ڕۆحێک لەژێر دەستت
گریان، یان خەندەم فێربکە.

- 4 -

**ئێوارەی پێنج شەممەیەک**

ئێوارەیەک لە تەنیایی
کە کاسەی تەنیایی خەریکە لێیدەڕژێت.
ئێوارەیەک بێ تۆ،
ئێوارەیەک بە بوونی من و لە غیابی تۆ.
چ ئێوارەیەکە ئەمە خودایە...
سووتانە، چ سووتانێکە بێتۆ.
نازانم تۆ کێیت،
مرۆڤیت! یان مرۆڤیش نیت؟
فریشتەی خەیاڵەکانم
بۆ دیدەنت عەودالم
تەنها ئارەزووومە بزانم کێی
لە چ ڕەنگ و ڕەگەز و ڕەگێکیت!
ڕەشیت، یان سپیی، گرنگ نییە.
ئەوەی گرنگە تۆ کێیت؟
فریشتەیت، یان مرۆڤ
نووریت، یان ئاگر
دووریت، یان نزیک
هەردووک بەندەی یەک خوداین.
هەر بەندەی خودای منیت
دروستکراوی دەستی خودای عیسا و موسایت
تۆ کێیت
بۆچی لە خودای خۆت و خۆمم دەکەیت؟
بۆچی هەمیشە لە خەیاڵمی کوفرم پێدەکەیت؟
ئەوکاتانەی خودا دەدوێنم
ئەو کاتانەی دوعا و نوێژەکانم دەخوێنم
لەگەڵ وتنی هەر زکرێک و فەرزی ئیمان
لەگەڵ وتنی هەر وشەیەکی قورئان

لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێک لە کتێبی ژیان
تۆ هەر لە خەیاڵمیت
خەیاڵ و بیرکردنەوەم هەمووی داگیرکراوە لە لایەن تۆ
مەگەر تۆ چ هێزێکت هەیە بەبێ جەنگ ئاوا دیلتکردووم؟
ئاخر نازانیت ئەوە کوفرە؟
کوفرە من خودا بدوێنم
لەم کاتیش بەندەیەکی بە خەیاڵ
لە باوەشم بهەژێنم.
بۆ وازناهێنیت؟
دەتەوێت بەرەو کوێم ببەیت؟
دۆزەخ!
ئاخر من چیم لە تۆ کردووە هەتا دۆزەخ جوانبێت لە لات
بە بوونی من تیایدا.
دەلێمگەڕێ
لەم زەوییە وێرانە هی من نیت، با بەهەشتیی بم و لەوێ هی من بیت...
بەڵکوو خودا لەوێدا تۆم پێبدات!
دەلێمگەڕێ نازانم ئەم هەموو ئازارە چییە پێمدەدەیت.
دەلێمگەڕێ نازانم ئێستا ئێرە ئێوارەیە، یان کاتی دۆزەخە.
بۆ تۆ بەبێ من ئێوارەیە
بۆ من بەبێ تۆ دۆزەخە
دۆزەخت باش خانمی بێناونیشان.

- 5 -

**کۆترێکی کێویی**

حەزمدەکرد کۆترێکی کێویی بام
بەبێ ماڵ و حاڵ
ئاوارە و دەربەدەر
ڕۆژێک لە لادێ، ڕۆژێک لە شار

ڕۆژێک لە دەشت، ڕۆژێک لە ناو شاخ و دەوار
حەزمدەکرد بێنیشتیمان بام
سەرپشک بام بۆ هەڵبژاردنی نیشتیمانێک
ئەو کات تۆم دەکرد بە نیشتیمانم
تۆ لەهەر کوێ بایت
ئەو شوێنە دەبووە هێلانەی ژیانم
هەڵنیشتم لەسەر شانەکانت
ئارامییم دەبوو
دەستهێنانت بە پەڕەی بەفرئاسام
جوانترین جوانییم دەبوو
حەزمدەکرد کۆترێکی کێویی بام
ئاوارەی ماڵی تۆ بام
هەڵدەفڕیم بە ئازادیی
شار بۆ شار
لادێ بۆ لادێ
هەمیشە لە دوای تۆ بام
دەمەویست کۆترێکی کێویی بام
سەرپشک بۆ هەڵبژاردنی نیشتیمان
بەبێ دوودڵیی شانەکانی تۆم دەکرد بە نیشتیمانم
ئەوێ دەبووە هێلانەی ژیانم...

- ئای خودایە لەم هەموو جوانییە! لەم وشە سادە و ئارامبەخشانە. سامی بە ڕاستیی جواننووسیت گوڵ برا، دەستەکانت خۆشبێت و هەر بژیت. ڕاستە ئەم نووسینانە ئێستا بدەیت بە شاعیرێک، یان ڕەخنەگرێک هیچ بەلایەوە باش نییە، چونکە بە شێوەیەکی ئازاد نووسراون، دوور لە گشت یاسا شیعرییەکان، بەڵام ئاواش زۆر جوان و هەستبزوێنن. لەگەڵ خوێندنەوەی پارچەی سێیەم ئەو کەسەم هاتەوە بیر کەوا خۆشمدەوێت، هەستێک لە ناخمدا پێمدەڵێت بڕۆ ئەو نووسینە کۆپییبکە و بۆی بنێرە.

- سوپاسی یەکە بە یەکەی وشەکانت دەکەم کاکەگیان، من دڵخۆشم بە کەسانی وەک تۆ لە لام و بوونتان لە ژیانم جوانیی و هێزم پێدەدات. وایە خۆشم هەست بەوە دەکەم کە شیعری هێمن، یان هەر شاعیرێکی تر دەخوێنمەوە دەڵێم یەک دێڕی ئەوان بەرانبەر هەموو نووسراوی منن، بەڵام ئەوان شاعیر بوون، مێژووی گەلێکن. من هیچ کات شتێکی وا بە خۆم ناڵێم و ئەو نووسراوانەش بۆ خۆمم نووسیوە، یان بۆ هاوڕێیەکم، گرنگ نییە کەسێک کە بە دڵی نییە چی دەڵێت. کەسانێک هەن نمونەی تۆ، بە دڵییانە ئەوەندە بەسە. بۆ ناردنیشی هەرچیت ویست ئازادیت لە بەکارهێنانی وەهای دابنێ هی خۆتە.

- ئەزیزی منیت براگیان، منیش دڵخۆشم بە بوونت. سوپاسی ئەو پێشکەشکردنەشت دەکەم لە گەورەیی خۆتانە. ئەگەر ئیزن بفەرموون من پێویستە ئێستا بڕۆم، پشتیوان بە خودای گەورە کاتێکی تر قسەدەکەینەوە.

- شایەنی زیاترن کاکەگیان، فەرموو کاتی خۆت وەربگرە، کاتێکی خۆش و خودات لەگەڵ.

- بۆ تۆش هەروا، سپاردەی خودابیت.

# قۆناغی سێیەمی زانکۆ

سالْی نویْ دەستیپێکرد و بووین بە قۆناغی سێیەم. واتە تازە نیوەی زانکۆمان بڕیبوو و هێشتا نیوەی مابوو. دەوامکردنی من بەجۆرێک کەمبووبوویەوە هەفتەی یەک ڕۆژ دەچووم. سالْی یەکەم هەموو ڕۆژێک دەچووم بۆ دەوام، سالْی دووەم ڕۆژی پێنج شەممان نەدەچووم، تەنها ئەگەر تاقیکردنەوەم هەبایە دەچووم. ئەمەش بە هۆی گەشەکردنی نەخۆشییەکەم کە سالْ دوای سالْ توانام کەمتردەبووەوە بۆ ڕۆیشتن. بەڵام هەر شتێک کە ڕوویدابا و پێویستبا ئاسیا، یان هاوڕێیەکی تر بۆیان باسدەکردم.

سەرەتای دەوام بوو ڕۆژێک کە نەچووبووم بۆ دەوام، پەیوەندییم بە ئاسیاوە کرد، بۆ ئەوەی بزانم چی بووە و وانە و شتەکان چۆن بوون، هەندێک قسەمانکرد و ئاسیا گوتی:

- دەزانیت ئەمرۆ مێلیسا شتێکی پێگوتم.

- چی پێگوتیت؟

- کەسێک بە مێلیسای گوتووە بۆ من، واتە کەسێک خۆشیدەوێم، بەڵام پێی نەگوتم کێیە، بە ڕای تۆ دەبێت کێ بێت؟

- نازانم.

بەڵام دوای ئەوەی قسەکانمان تەواوبوو لەگەڵ ئاسیا، شتێکم بیرهاتەوە، چەند ڕۆژێک پێشتر ئادەم پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایا لە گرووپەکەی ئێوە کامە کچ جوانە؟

منیش چەند ناوێکم پێگوت، بەڵام ئاسیام نەگوت، کە زانی ئاسیای تێدا نییە دەیویست بڵێت ئەی ئەو، بەڵام نەیدەزانی چۆن بیڵێت. منیش هەستم کرد و زانیم مەبەستی چییە، لەبەرئەوە هەر ناوی ئاسیام پێ نەگوت، هەتا خۆی گوتی:

- ئەو کچەش کە هاوڕێی مێلیسایە چەند جارێک دیومە زۆر جوانە، کە خەندە دەکات ئەو چاڵانەی گۆناکانی دڵی مرۆڤ دەبات ناوی ئاسیایە.

زۆر سەرسامبوو بە ئاسیا. ئەو ڕووداوە هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی گومانبکەم کە ئادەمە ئەو کەسەی لە ڕێگەی مێلیساوە داوای خۆشەویستیی لە ئاسیا کردبوو، بەڵام دڵنیانەبووم، لەبەرئەوە هیچم بە ئاسیا نەگوت. ڕۆژی دواتر کە نەچووبووم بۆ کۆلێژ لە کاتی عەسر لە فەیسبووکەوە قسەم لەگەڵ ئاسیا کرد. گوتی:

- ئەمڕۆ مێلیسا پێیگوتم کێیە، ئادەمە.

- دەمزانی.

- چۆن، ئەی بۆچی پێت نەگوتووم؟

- ڕاستییەکەی دڵنیانەبووم، لەبەرئەوە نەمویست پێتبڵێم، چونکە ئەگەر ئەو نەبووایە ناخۆشدەبوو. دواتر ئەو ڕۆژە و پرسیارکردنەکەی ئادەمم بۆ باسکرد.

- ئەی بۆ زووتر باست نەکردووە؟

- ئەو کاتەی کە ئەو شتانەی دەپرسی چەند ڕۆژەک بوو حاڵم باش نەبوو و ئاگاداری خۆم نەبووم، لەبەرئەوە گرنگییم پێنەدا و نەمویست پێتبڵێم کە شتێکی ئاوا هەیە. دواتر پرسیم ئەی ئەنجام چی بوو؟

- بەتەمای چیت! ڕازی نابم. ئادەم بە مێلیسای گوتووە ئەگەر پێی ڕازیببم، ئەوە دەمکات بە بەختەوەرترین ئافرەتی دونیا.

بەڵێ لەوانەشە لە توانایدا بووایە، چونکە لە ڕووی ماددییەوە بارودۆخی باشبوو و دەیتوانی زۆر شت بکات کە بیەوێت، بێگومان دەیتوانی خەون و ئارەزووەکانی ئاسیاش بکات بە ڕاستیی.

- هۆکاری ڕازینەبوونت چییە؟

- من دەزانم کەوا ئادەم کوڕێکی باش و بەڕێزە، دەمێکە بە هۆی مێلیساوە دەیناسم، بەڵام هیچ هەستێکم بۆی نییە ناتوانم خۆشمبوێت. بزانە سامی ئێستا من دەڵێم تۆم خۆشدەوێت، ئەگەر ناخی تۆم خۆش نەوێت ئەوە خۆشەویستیی نییە. ئەگەر تۆ لە داهاتوودا کارێک، یان شتێک بۆ من بکەیت ئەو کات واتە خۆشەویستیی من بۆت لەبەر کارەکەتە، نەک ناخی تۆم خۆشبوێت. ئەگەر تۆش منت لەبەر جوانییەکەم، یان ڕۆژێک جلێکی جوان بپۆشم کە بە دڵی تۆ بێت ئەو کات خۆشەویستییت بۆ من زیادبێت بە هۆی ئەم شتانەوە، ئەوە خۆشەویستیی ڕاستەقینە نییە و ناخی منت خۆش ناوێت، کە ئەوە لە هەموو شتێک گرنگترە. ئەگەر ناخی یەکترمان خۆش نەوێت، ئەوە هەر با ئەو خۆشەویستییە نەبێت، چونکە شتێکی کاتییە و لە کاتێکی نزیک وندەبێت. لەم قسانە مەبەستم ئەوەیە دەکرێت ئەم کوڕانە لەبەر ڕووخسارم، یان لەبەر شتێکی ئاوای کاتیی بە من دەڵێن خۆشماندەوێیت، بەبێ ئاگاداربوون لە ناخی من.

- قسەکانت ڕاستن لەگەڵتم بۆ ئەمە. بەڵام دەکرێت دەرفەتیش بدەیت بە کەسێک لەوانەیە کە ڕازیبوویت ئەوکات خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەستپێبکات.

- ناتوانم نە لە ئێستا و نە لەداهاتوودا خۆشمبوێت نازانم بۆ، لەبەرئەوە هیچ کات پێی ڕازی نابم.

ئەرێ بە ڕاست خۆشەویستیی چییە ئەو مرۆڤانە ئاوا لێیدەترسن؟ خۆشەویستیی، وەفایە. خۆشەویستیی، پشتبەستنە بە کەسی دووەم. خۆشەویستیی،

گیانفیدایيە. خۆشەویستیی، دۆستایەتییە. خۆشەویستیی، ڕاستگۆییە. خۆشەویستیی، تایبەتمەندیی لێبوردەیی دڵە. خۆشەویستیی، هاوسەنگیی ڕووی ئەم زەمینەیە. خۆشەویستیی، ئاسوودەییە. خۆشەویستیی، گەڕانەوەیە بۆ خود. خۆشەویستیی، بەستەی ئیلاهیی دڵە. خۆشەویستیی، ڕەنگکردنی نەخش و نیگاری دڵی هۆنراوەکانە. خۆشەویستیی، باوەڕە. خۆشەویستیی، ئارامگرتنە. خۆشەویستیی، هۆنراوەیە. خۆشەویستیی، فەرامۆشکردنی هەڵە بچووکەکانە. خۆشەویستیی، ڕەوشتە. خۆشەویستیی، ڕێکردنی دڵە یەککەوتووەکانە بەرەو ژیانی هەتاهەتایی. خۆشەویستیی، لەبیرکردنی کارە نەرێنییەکانە. خۆشەویستیی، بەزاندنی هەموو ناخۆشییەکانە و باڵگرتنە بەرەو پێشکەوتن. خۆشەویستیی، بەدەستهێنانی ئەو دڵەیە کە خۆشتدەوێت، هێندەی ئەوەی خۆشەویست دڵت پێدەدات. خۆشەویستیی، متمانەکردنە بەقەد شینایی زەریاکان و ئاسمان. خۆشەویستیی، هەموو شتێکە... ئاوایە خۆشەویستیی، بەڵام بوونی هەندێک ڕووداو و چیرۆک کە پڕن لە خیانەت و پیسیی، لەبەرئەوە مرۆڤەکان ئەمڕۆ لێیدەترسن.

خۆ ناکرێت هەموو بۆ خۆشەویستیی ئەوانەی لە دەرگا دەدەن، شەیتان لە ناخیاندا هەبێت، بەڵام شەیتانی ناخی کەسانێکە وایکردووە مرۆڤانێکی هاوشێوەی ئاسیا وابزانن خۆشەویستیی خودی شەیتانە و نزیکبوونەوە لێی ئاگرە.

هەر ئەو ڕۆژەی ئاسیا بۆی باسکردم کە ئادەم خۆشیدەوێت، شەوەکەی دووبارە قسەم لەگەڵ ئادەم کردەوە. دووبارە چووینەوە سەر باسی خۆشەویستیی. پێمگوت:

- شتێک بڵێم خەیاڵت ئاسوودەبکەم؟

- چییە؟

- ئەو کچەی تۆ خۆشتدەوێت ئەوە نییە کە من خۆشمدەوێت، ئەگەر ئەویش بێت من هەرگیز پێیناڵێم.

- من دوێنێ لە ڕێگەی کەسێکەوە پێمگوت.

- وەڵامی چی بوو؟

- بەداخەوە، شتەکان بە دڵی من نەبوون و ڕازی نەبوو.

هەندێک قسەمانکرد و ئادەم گوتی:

- متمانەم پێتە پێتدەڵێم کێیە، باوەڕبکە یەکەم کوڕیت کە دەزانیت، نزیکترین هاوڕێی خۆم ئاگاداری ئەو شتە نییە. ئاسیایە، ئەو کچەی کە باسمانکرد ئەو جارە. تەنها تۆ و مێلیسا و ئەڤین دەزانن کەسی تر نا. (ئەڤین)یش هاوڕێی ئادەم و مێلیسابوو، لەو کاتیدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بووم کە لە کۆمەڵە چیرۆکێک پێکهاتبوو. لە چیرۆکێکدا کۆمەڵێک پێوەر هەبوون بۆ هەڵبژاردنی خۆشەویستی ژیانت، ئەو چەند لاپەڕەی کەوا پێوەرەکانی لێ نووسرابوو وێنەیانم گرت و ئەو کات لە ڤایبەر قسەم لەگەڵ ئادەم دەکرد، لەوێ بۆم نارد.

- بەپێی ئەو پێوەرانەبێت کەوا نووسەر ئاماژەی پێکردووە ئەوە ئاسیا لەگەڵ من دەگونجێت و زۆربەیان ئەرێنیین. ئیتر زۆر قسەمان کرد، لە بارەی ئاسیاوە شتێکی پرسی.

- نازانم، لەسەر ئەو بابەتە زانیارییم نییە.

- هێندە تێکەڵن چۆن نایناسیت و نازانیت، ئاسیا کچێکی زۆر سەیرە بە خودا (١٠٠) پیاو دەباتە سەر دەریا و ئاویان پێنادات.

- بە ڕاستیی وایە؟

- بەڵێ، تۆ هێشتا نەتناسیوە چ جۆرە کچێکە.

زۆر پێکەنینم بەو قسەیە دەهات، لەخۆم پرسی ئاسیا وایە، یان نا؟ وەڵامەکەی ناخم گوتی نا، ئاسیا ئاوا نییە.

ئیتر ئادەم پێیگوتم کەوا هیچ شتێک بە ئاسیا نەڵێم و هەوڵنەدەم ڕازیبکەم. لەبەر کەسیانم نەبوو، بەڵام نەمدەویست دڵێک لەم نێوەندەدا بشکێت، لەبەرئەوە

قسەم بۆ ئادەم دەکرد و داوام لێکرد نوێژی ئیستیخارە بکات. ئەگەر ئاسیا گونجاوبێت بۆی، ئاساندەبێت و دڵی نەرمدەبێت. ئەگەر نەشبوو لەبیریدەکەیت و دیارە خێری تێدایە. پێموایە نوێژەکەی کرد، لەگەڵ ئاسیاش چەند جارێکی تر قسەمکردەوە، دەمگوت بەڵکوو شتێک بگۆڕێت، بەڵام بە پێکەنینەوە دەیگوت کە خۆشم نەوێت با هەر باش و ڕێک بێت.

پێش ئەوەی ئاسیا بە هەستەکانی ئادەم بزانێت بە هۆی مێلیساوە جارجارێک سەلامکردن و قسەکردنێکی کورتیان هەبوو و یەکتریان دەناسی، بەڵام دوای ئەوەی ئادەم هەستەکانی خۆی بۆ ئاسیا دەربڕی هیچیان نەما و شەرمیاندەکرد. پاش چەند ڕۆژێک قسەم لەگەڵ ئادەم دەکرد، وینەی چاتەکانی خۆی و کەسێکی تری گرتبوو و بۆی ناردم، بەڵام ناوی کەسەکەی لادابوو، کەسەکە باسی ئاسیای کردبوو، بەڵام بە وێنەی فەیسبووکەکە زانیم ئەوە نە مێلیسا بوو، نە ئەڤین. ئادەمیش گوتبووی تەنها ئەو دووە بە شتەکە دەزانن، کەچی ئەو نامانە قسەکانی ئەوی بە ناڕاستخستەوە، بەڵام قسەم نەکرد و نەمگوت وایە. ئادەم گوتیشی دووبارە ئاسیا ڕازی نەبووە.

- بەچی ڕازی نەبوو؟

- دووبارە مێلیسا پێیگوتەوە، بەڵام ڕازی نەبوو هەر لەسەر قسەی خۆیەتی و ئەو دڵە ڕەقەی نەرم نابێتەوە.

- دەتەوێت لە هەفتەیەک وەڵامی کەسێک بگۆڕێت کە ئەو وەڵامە لەوانەیە هەموو ژیانی داهاتووی دیارییبکات، بووەستە چ پەلەتە و دونیایەک قسەم بۆ کرد.

وابزانم دوای ئەو دووجارە ئیتر ساردبووەوە و وازیهێنا. دوای کۆتاییهاتنی هەموو شتێک و بیرکردنەوە لە ڕووداوەکانم سەیرم پێهات، بیرم لە ئادەم دەکردەوە مەگەر ئەو وەک کاڵایەک دەیەویست ئاسیا بەدەستبهێنێت، یان مرۆڤ؟ ئاخر هەندێک شتی کرد زۆر هەڵەبوون، نمونەی کتێبەکە و لەوانەیە شتی تریشی کردبێت. واتە ئەگەر ئاسیا پێیرازیبووبایە ئەوانە دەبوون بە هی ئاسیا. مەگەر مرۆڤ بە خۆشەویستیی دڵی کەسێک بەدەستدەهێنێت، یان مادده؟ هەموو شتێک مادده

نییە، ئێستاش بیر لە ئادەم دەکەمەوە لەوانەیە هەستیشی پێنەکردبێت، پێم وانییە ئاسیاش وەها بیریکردبێتەوە، بەڵام یارییەکی زۆر ترسناکی کرد. ئەوەی باشبوو سەرینەگرت و ئاسیا هەر لەسەر قسەی خۆی بوو و ڕازی نەبوو، سوپاس بۆ خودا.

دوای چەند مانگێک ئادەم لە فەیسبووک پۆستێکی کردبوو و نووسیبووی: ئەوانەی خۆشمانویستن، بەڵام ئەوان ئێمەیان خۆش نەویست ئەوە ئێمەیان لەدەستدا. ڕۆژی دواتریش ئەوەیان پێگوتم کەوا کچێکی مارەکردووە. دوای دوو هەفتەش گواستییەوە. مرۆڤ چ بوونەوەرێکی سەیرە! بڕیارێکی ئەوا بەم پەلەکردنە لە ئەنجامی دڵشکان؟ خۆ من مەبەستم ئادەم نییە، شتی ئاوا زۆرە بە هۆکارێک کچ و کوڕێک بەیەکناگەن، ئاوا زوو بڕیارێک دەدەن لەوانەیە دواتر هەتا کۆتایی تەمەنیان لێی پەشیمانببنەوە. هەر لەم کاتەدا بوو شتێکیان بۆ باسکردم: کوڕ و کچێک لە پەیوەندیی خۆشەویستییدا بوون چەند ساڵێک بوو. ئیتر کوڕەکە چوو بۆ خوازبێنیی کچەکە، بەڵام باوکی کچەکە ڕازی نەبوو و کچەکەی خۆی پێنەدا. ڕێک دوای دوو ڕۆژ کوڕەکە کچێکی تری مارەکرد. کە خۆشەویستەکەی بەوەی زانی، لەسەر کاغەزێک نووسی: سەرەتا باوکم بە بڕیارێکی هەڵە و تاکەکەسیی منی کوشت، دواتر تۆ بەم بڕیار و کارەت منت کوشت. ئێستاش من بڕیارێک دەدەم و کۆتایی بەم خۆکوژییە دەهێنم.

بڕیارێکی هەڵەی باوکێک چی دەهێنێتە ئاراوە!

# چیرۆکی فەرهاد و ناز

لە پشووی سەری ساڵدا بووین، چەند ڕۆژێک بوو تاقیکردنەوەکانی کۆرسی یەکەممان تەواوکردبوو. مێشک و جەستەیەکی ماندوومان هەبوو. بۆ ئەوەی بێمەوە سەر خۆم و ئارامیی بە ڕۆح و گیانم بدەم، زۆربەی کاتەکانم بە خوێندنەوە و نووسین بەسەردەبرد. جوانترین ساتەکانی ژیانم ئەو کاتانەیە کەوا دێڕێک دەخوێنمەوە، یان دێڕێک دەنووسم.

وەک هەمیشە کە نووسینێکی نوێم دەنووسی یەکەم کەس بۆ ئاسیام دەنارد، چیرۆکی فەرهاد و نازیش کەوا ڕۆژی پێشوو تەواوبووبووم لە نووسینی بۆ ئاسیام نارد. ئەگەرچی لە خەتیش نەبوو ئەو کاتەی چیرۆکەکەم نارد. ئەو چیرۆکەی کەوا فەرهادی هاوڕێم شتەکانی بۆ باسکردم و داوای لێکردم وەک چیرۆکێک بۆی بنووسمەوە، نەک تەنها لە هزریدا بێت، بەڵکوو دەیەویست بە نووسراویش لە لای بێت.

ئەمەش چیرۆکەکەیە:

وەک ئێستا لەبیرمە، چوار ساڵ بەر لە ئێستا، کە یەکەم ڕۆژ بۆ زانکۆ چووم. هەرچەندە نەمدەویست بچم بۆ دەرەوەی هەولێر، بەڵام بەدەست خۆم نەبوو، لە شاری کۆیە ناوم هاتەوە. دوور لە شاری دایە، دوور لە قەڵا و منارە، خودایە چەندە سەختبوو بیرکردنەوە لێی، بەڵام هەرچۆنێک بێت سوپاس بۆ خودا، زۆر کەس

سوپاسگوزار دەبێت لە شوێنی من بخوێنێت، لە کاتێکدا کەوا من ناڕەزایی دەردەبڕم، خۆم کۆکردەوە و چووم.

یەکەم ڕۆژ، چەندە قەرەباڵغ بوو، پڕپڕ بوو لە مرۆڤ، کەچی هەستیشم دەکرد چۆڵە و کەسی لێنییە، ئاخر من نامۆبووم بە شوێنەکە، ئەویش نامۆ بە من.

زۆربەی ئەو قوتابییانەی لە هەمان بەشی من دەیانخوێند هی شارەکەی خۆیان بوون، چەند کەسێکی کەمبووین لە شوێنەکانی ترەوە هاتبووین. لە بەشەناوەخۆیی دەمانەوە، بەشەناوەخۆیی شوێنێک فێری ژیان و بەرپرسیارویێتیی و دونیایەک شتت دەکات، مرۆڤ دروستدەکات. هەرچەندە هەندێکیش لەوانەیە لەوێ خۆیان لەدەستبدەن و بدۆڕێن، چونکە ژیان ئاوایە لە هەموو شوێنێک خراپەش هەیە، وەک چۆن چاکە هەیە بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک دروستببێت.

بە دەوام و وانەکانەوە خەریکبووین، هەندێک قوتابییم ناسیبوو، کەسانێک هەبوون کاتەکانم پڕبکەنەوە و هاودەمم بن. زیاتریش ناسینی قوتابییەکان لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بوو، گرووپێکیان دروستکردبوو هەموو قوتابییەکانی تێدابوو. نەک هەر ئێمەی قۆناغی یەکەم، بەڵکوو هەموو قۆناغەکانی تریش. شتێکی باشبوو هەم بۆ تیکەڵبوونی قوتابییان، هەم بۆ وەرگرتنی زانیاریی و شت، چونکە داوای زانیارییەکت بکردایە قوتابیی قۆناغەکانی تر یارمەتییدەر دەبوون. هەندێکیش لە قوتابییەکان لەم گرووپە ئیش و کاریان ئەوەبوو قسەی زل بکەن و خۆیان چاک و ڕۆشنبیر پیشانبدەن.

ڕۆژێک کچێک کەوا بەگوێرەی ناوەکەی دەمزانی قۆناغی یەکە و لەگەڵ خۆمە، بەڵام بە ڕووخسار نەمدەزانی کێیە. شتێکی بڵاوکردبوویەوە و نوسیبووی: (*قوتابییانی زانکۆ خوێنەر نین و کات بۆ کتێب تەرخان ناکەن، هەموو کاتیان بەفیڕۆدەدەن*). لەبەرئەوەی کچ بوو زۆربەی کوڕەکان هەرچەندە خۆیان لە ناو کەتوارەکەدا بوون، کەچی بۆیان دەنووسی دەستخۆش ڕاستە. لێرەدا لەم نیشتیمانە جوانەی من، بێزدەکەمەوە لەو مرۆڤانە، کچێک، یان بڵێم مێیینەیەک شتێک دابنێت، نێرەکان بە خۆڕووتکردنەوە دەیبینن و دەستخۆشیی لێدەکەن. بەبێ ئەوەی بزانن چییە و باسی چی دەکات، لەبەرئەوە حاڵی نیشتیمانم ئاوا جوانە! نەفرەتت

لێبێت نیشتیمان. منیش کۆمێنتێکم بۆ کرد، بەڵام لەبەرئەوەی ڕای جیاوازم هەبوو، بۆم نووسی: (لەوانەیە تاکی ئاوا هەبێت و هەیە، بەڵام هەمووانیش ئاوانین، من خۆم دەخوێنمەوە و حەزم لە کتێبە، بەڵام هەندێکجار دەستم ناکەوێت).

پاش کەمێک وەڵامیدامەوە گوتی:

- دەستنەکەوتنی کتێب بەهانە نییە بۆ نەخوێندنەوە.

- ڕاستە، هۆکار زۆرە بۆ خوێندنەوە، ئەگەر مەبەستمان بێت. منیش بەپێی توانام هۆکارەکانی ترم بەکارهێناوە، بەڵام بوونی کتێب لە ناو دەستەکانت شتێکی ترە. ئەگەر ڕاستیش دەکەیت  کتێبم بۆ بهێنە، با بیخوێنمەوە.

- باشە چی کتێبێکت دەوێت؟

- ناوێ کتێبێکم پێگوت. کتێبێکی زانستیی بوو، باس لە دۆزینەوەی خودا دەکات.

- ئەوەم نییە، پاشان خۆی ناوێکی گوت. ئەوەت بۆ دەهێنم شتێکی زۆر باش و بەسوودە.

چەند ڕۆژێکی بەسەردا ڕۆیشت، هیچ هەواڵێکی نەبوو، ڕۆژێک لە لای بەشەکەی خۆمان لەگەڵ چەند کچ و کوڕێک وەستابووم، دوو کچ هاتن بۆ لامان، یەکێکییان شیرینی لەلابوو، پێیداین. دیاربوو شەوی ڕابردبوو مارەبڕابوو. کچەکەی تریش گوتی:

- سڵاو کاک فەرهاد، بە پشتیوانی خودای گەورە دواتر کتێبەکەت بۆ دەهێنم.

- ئێوە خاتوو نازن؟

- بەڵێ، منم.

- باشە دەستەکانت خۆشبێت، چاوەڕێم.

ئیتر ئەوان ڕۆیشتن، منیش ڕۆیشتم وانەمان هەبوو. خەریکی وانەکان بووم و هیچ تێنەدەگەیشتم، بە ڕاستیی سەرەتا هەتا کەمێک ڕاهاتم زۆر سەختبوو. تێکەڵبوون بە مرۆڤەکان و وانەکان سەختبوو. جیاکردنەوەی مرۆڤە باش و خراپەکان سەختبوو، دونیایەکی نوێ و جیاواز.

ماوەیەکی باش لە خاتوو نازەوە هیچ دەنگێک نەبوو، ڕۆژێک لە بەشەناوەخۆیی لە ژوورەکەی خۆمان بە تەنها دانیشتبووم، ئەو ژوورەی کە لەگەڵ سێ قوتابی تر لێی دەمامەوە. هاوڕێکانم نووستبوون، پاش عەسر بوو کەمێک بوو لە زانکۆ هاتبووینەوە، بڕیارمدا نامەیەکی لە فەیسبووکەوە بۆ بنێرم. نامەیەکم بۆ نارد، پاش ماوەیەک وەڵامیدامەوە. هەندێک قسەمانکرد، باسی خوێندن و وانەکان. دواتر پێمگوت:

- چی بوو کتێبەکەت نەهێنا؟

- ئەوەی ڕاستیبێت شەرمدەکەم بێمە لات.

- شەرمی بۆ چییە، کتێبەکەم پێدەدەیت و تەواو، دەشتوانی لەگەڵ خاتوو پەری بێیت بۆ لام. خاتوو پەری هاوڕێیەتیی لەگەڵ هەردووکمان هەبوو.

پاش چەند ڕۆژێک لەگەڵ پەری هاتنەلام، کتێبەکەی پێدام و ڕۆیشت. هەرچەندە ئەوکات لە کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم بووین و خەریکی تاقیکردنەوە بووین، بەڵام هەر کتێبەکەم خوێندەوە. کتێبێکی جوان بوو، پڕ لەوانەی ژیان و ئایینیی بوو. سوپاسم کرد و کتێبەکەم بۆ گەڕاندەوە.

ساڵی یەکەم تەواوبوو و ناز دەرچوو، منیش لە سێ وانە کەوتم، هاوینێکی سەختم تێپەڕاند. هەندێک کتێبم خوێندەوە، ئەو ماوەیە کەم کەم خەریکی وانەکانیشم بووم، دوای ئەوەی لە خولی دووەم تاقیکردنەوەکانم کردەوە. هەر سێ وانەم پڕکردەوە و چوومە قۆناغی دوو.

قۆناغی دووەم وانەکانی زۆر ناخۆشتر بوون، هەر لە سەرەتاوە وازم لێیانهێنا. ڕۆژێک لە لای بەشەکەی خۆم وەستابووم، پشتم بە دیوارێکەوە دابوو. چەند

کوڕێک دانیشتبوون، یەکێکیان گۆرانیی دەگوت، دەنگی زۆر خۆشبوو. بە کوردیی، عەرەبیی، فارسیی و تورکیی بەو زمانانە گۆرانیی دەگوت. بە ڕاستیی دەنگی ناوازەبوو. ئەوکات بەرنامەیەک دەهات بە ناوی "کورد ئایدڵ"ەوە، یەکێکیان گوتی:

- ئەوە بۆ بەشداریی ئەو بەرنامەیە ناکەیت؟

- لەوانەیە ساڵی داهاتوو بچم. ماوەیەکی باش گۆرانیی گوت، دواتر ڕۆیشتن.

لە پشووی سەری ساڵ چەند ڕۆژێک لە ماڵەوە بووین، هەر لەم پشووەش زانیم ئەو کوڕەی گۆرانیی دەگوت ناوی ڕزگارە و لە هەمان بەشی من دەخوێنێت.

شەممە بوو، دوایین ڕۆژی پشووی سەری ساڵ بوو، بڕیاربوو بەیانی بگەڕێمەوە کۆیە. نامەیەکم بۆ ناز نارد، هەندێک قسەمانکرد. دواتر پێمگوت:

- خۆ ئاگاداری م. ئازادیت بۆ بەیانی ئەرکێکی داوە، دەبێت شیکاری بکەین؟

- بەڵێ شیکاریشم کردووە.

- بارودۆخم ئاوایە، پێم ناکرێت شیکاری بکەم، ئەگەر بکرێت بۆ منیش بیکەیت و بەیانی لەوێ پێمبدەیت، سوپاسگوزارت دەبم.

- بەسەرچاو، ئێستا خەریکی دەبم و کۆپییەک بۆ تۆش ئامادە دەکەم.

بۆ بەیانی پۆلەکەی ئەوان سەرەتا وانەی م. ئازادیان هەبوو، دواتر ئێمە. لەبەر دەرگای بەشەکەم وەستابووم، لەگەڵ هاوڕێیەکی هات کاغەزەکەی پێدام. گوتی:

- هەرچەندە مامۆستا لە ئێمەی وەرنەگرت، بەڵام با لە لات بێت، سوپاسم کرد و ڕۆیشت.

چوومە ژوورەوە دانیشتم، هێدی هێدی هۆڵەکە پڕبوو لە قوتابی و دواتر مامۆستا هاتەژوورەوە و وتی:

- وەڵامەکە بۆ خۆتان، تەنها ئەنجامەکەم پێبڵێن. چەند کەسێک ئەنجامەکەیان بۆ خوێندەوە، هەڵەبوو. لەبەرئەوەی ئەنجامەکە ژمارەکی گەورەبوو هەندێکیش نەیاندەزانی بیخوێننەوە، ئیتر پاش پێنج بۆ شەش قوتابی من دەستم بەرزکردەوە و وەڵامەکەم بۆ خوێندەوە. گوتی:

- ڕاستە و دەستخۆشیی لێکردم.

لەگەڵ ناز کەمترین قسەکردن و شتمان هەبوو، بەڵام لە زۆربەی مرۆڤەکانی ئەوێ باشتربوو. گوێگرێکی باش بوو، بەبێ دوودڵیی هەموو قسەیەکم لە لای دەکرد و ناخی خۆم خاڵییدەکردەوە. هاوڕاز و هاوزارم بوو، هەمیشە سوپاسی خودام دەکرد بۆ بوونی ئەو لە ژیانمدا.

ڕۆژەکان ڕۆیشتن، ڕۆژی لەدایکبوونی ناز نزیکبوو، خۆی پێشتر ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی پێگوتبووم. نامەیەکی دووورودرێژی پڕ لە جوانییم بۆ نووسی. نامەکە بە زمانی ئینگلیزیی بوو. زمانی ئینگلیزیی بە باشیی دەزانی. لەبەرئەوە نامەکەم بە ئینگلیزیی نووسی. وشەکان هەمووی هی خۆم نەبوون، زیاتر لە گۆرانییەک وەرمگرتبوو و هەندێک دەستکارییم کردبوون، بەڵام هەمان ئەو هەستانەشم بۆ ناز هەبوو کە لە گۆرانییەکەدا بوو. نامەکە جوان بوو، بەڵام بە ڕاستیی جوانیی ئەو زیاتربوو. هەر جوانیی ڕووخساری نا، میهرەبانیی و وەفا و باشییەکەی دونیایەک جوانتری کردبوو. ڕۆژی لەدایکبوونی هات، نامەکەم بۆ نارد، دڵخۆشبوو، دەیگوت جوانترین نامە و پیرۆزباییە بۆم هاتبێت. پاش کەمێک چووم ئینستاگرامەکەمم کردەوە، سەیرمکرد نامەکەی لەوێ بڵاوکردبووەوە، لەسەریشی نووسیبووی: "سوپاسی خودا دەکەم بۆ بوونت لە ژیانم، خودا هەموو شتێکی باشت پێبدات و هەمیشە دڵخۆشبیت". دڵخۆشبووم. کۆمێنتێکم بۆ کرد. کچێکیش کە ئینگلیزیی نەدەزانی نووسیبووی نازەکەم ئەوە چییە؟

نازیش وەڵامی دابووەوە: دواتر لە کۆلێژ بۆت دەکەمە کوردیی.

ئەوەش دەقی نامە ئینگلیزییەکە بوو:

## It’s your birthday

My wish for you…
Is…
That you'll always stay happy.
That you always have a smile on your lips…
That whatever comes around in your life boring you happiness…
That you listen to your heart and follow your dreams…
That whenever something’s, it turns out right…
And that your mind always stays bright…
I don't really know how to tell you…
But you mean the world to me…
I don't really know how to thank you…
But thanks for making it so easy for me to just be me…
I don't really know how to explain exactly how i feel…
But i love you from the bottom of my heart…
You are many things…
You’re the shoulder to cry on…
You’re the ears that are listening…
You’re the hand that helps me stand when i fall…
You’re the feet that carry me…
You’re the lips that smile…
You’re the voice who says “everything is going to be all right”…
You’re the sun on a cloudy day…
You’re the rain in a dry dessert…
You’re the wish i made from a shooting star…
But most of all
You are…
My friend…
A friend who really cares about me…

A friend who really listens to me…
A friend who really understands me…
A friend who will always be there for me…
A friend that will never tell me lies…
A friend who laugh and cry with me…
Sometimes life is hard, sometimes life is easy…
But you, my friend, you make it worth it…
Because when everything falls apart…
And it seems like the world is crashing at my feel…
You like me the best … when I'm a mess…
When I'm my own worst enemy…
You make me feel beautiful…
When i have nothing left to prove…
And i can't imagine…
How I'd make it through…
There is no me without you…
That's right…
There is no me without you…
And i can't picture my life… without you… So thanks for being, and thanks for being my friend and my sister
I love you forever…

ساڵی یەکەم لە وانەکان پەری یارمەتییەکی زۆری دەدام، بەڵام لە ساڵانی دواییدا پەیوەندیی من و پەری هێدی هێدی کاڵدەبوویەوە. ناز لە شوێنی ئەو یارمەتییدەدام، وانەکانی پێدەدام، شتێکم نەزانیبایە پێیدەگوتم. کوڕەکان زۆربەیان وەک خۆم لە وانەکاندا خراپبوون، لەبەرئەوە یارمەتییم لە کچەکان وەردەگرت.

لە کۆتایی ساڵی دووەم نزیکبووبووینەوە ئیتر کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بوو. نە وانەکانم دەزانی، نە تاقەتی خوێندن و لەبەرکردنی پێناسەیەکم هەبوو. تاقیکردنەوەکان تەواوبوون، خۆشم نازانم چۆن تێپەڕین. پێم وابوو لە زۆربەی وانەکاندا دەکەوم.

پاش ماوەیەک ئەنجامەکان هاتنەوە، تەنها لە یەک وانە کەوتبووم، وەک ساڵی یەکەم خەمم پێی نەخوارد و سەخت نەبوو. ناز و هەندێک هاوڕێکانم دەرچووبوون، وەک هەمیشەش کوڕەکان پێکەوە کەوتبووینە خوولی دووەم. هاوینەکەی باش تێپەڕبوو، دونیایەک کتێبم خوێندەوە. ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەچوومە ناو دونیای کتێبەوە. هاوینەکە نازانم بۆ زوو تەواوبوو، تاقیکردنەوەکەم ئەنجامدایەوە، بەرلەوەی ئەنجام بێتەوە شەوێکیان کە لە ماڵەوە بووم دڵم بەقەد کونی سەری دەرزی تەنگبوو. هەموو شتەکان ڕەشبووبوون لەبەرچاوم، خۆشم نازانم بۆ! کۆدێکمان لە لابوو بۆ وەرگرتنەوەی ئەنجامەکان ئەوەی خۆمم بۆ ناز نارد و پێمگوت:

- ماوەیەک لە فەیسبووک نابم، حاڵم باش نییە، کەی ئەنجامەکان هاتنەوە بۆم بنێرە. کە هاتمەوە فەیسبووک دەیبینم. چەند ڕۆژێک دوور لە فەیسبووک بووم، کە کردمەوە ئەنجامەکان هاتبوونەوە، ناز بۆی ناردبووم و دەرچووبووم و بووم بە قۆناغی سێ. واتە تازە نیوەی ڕێگەم بڕیبوو.

ساڵانی پێشوو قوتابییانی قۆناغەکانی پێش ئێمە دەیانگوت قۆناغی سێیەم ئاسانترینە، بەڵام وانەبوو. هەر تاس و حەمامەکەی جاران بوو. گرانتربوو، ئاسانتر نەبوو. ڕۆژ دوای ڕۆژ وانەکان سەختتر دەبوون. ماوەیەک بوو دەوام دەستیپێکردبوویەوە ڕۆژێک نامەم بۆ ناز نارد، سەرەتا کەمێک باسی دەرس و شتمان کرد. دواتر گوتی:

- کاک فەرهاد دەتوانیت لە شتێک یارمەتییم بدەیت؟

- لەخزمەتتدام بەوەی لە توانامدا بێت.

- هاوڕێکەم کوڕێکی خۆشدەوێت دەمێکە لە دڵیەتی، تەنانەت بوێریی ئەوەشی کردووە نامەی بۆ کوڕەکە ناردووە و پێیگوتووە کە خۆشیدەوێت. ئاخر لەم وێرانەیە ئەم شتە بە زۆر لەسەر کچ دەکەوێتەوە و بە کارێکی بەدڕەوشتی ناودەبەن، بەڵام کوڕەکە پێیگوتووە ببورە ناتوانم هیچت بۆ بکەم و خۆشمبوێیت. ڕاستگۆدەبم لەگەڵت من نیازم هەیە لەم وێرانەیە بڕۆم، لەبەرئەوە نامەوێت کەس

لەپاشم ئازاربخوات. داوای لێبوردن دەکەم، هیوادارم تۆش لێم تێبگەیت و بەسەر هەستەکانتدا زاڵببیت. ئێستا هاوڕێکەم حاڵی زۆر خراپە، زۆر دەگری، خەم دەخوات بە شێوەیەک وێرانە، نەبێتەوە. بەڕای تۆ چی بکات باشە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کەمێک خۆی لەبیربکات و بەسەر خۆیدا زاڵببێت و هێزی بێتەوەبەر؟

– بەداخەوەم بۆ هاوڕێکەت، بە ڕاستیی سەختە ئەم شتە. بە ڕاستیی بوێربووە کە توانیویەتی نامە بۆ کوڕێک بنێرێت و بڵێت خۆشمدەوێیت. ناتوانم ببم بە ئەو و وەک خۆی هەست بە ئازارەکانی بکەم، بەڵام ئەگەر بکرێت با هەوڵبدات خوێنەربێت، تیکەڵ بە کتێب ببێت. ئەگەر منداڵی بچووکیان هەیە با خۆی پێیانەوە خەریکبکات و یارییان لەگەڵدا بکات، لەوانەیە کەمێک سوودی هەبێت.

– ناتوانێت، سوودی نییە ئەو شتانە بۆ ئەو دڵە وێرانەی ئەو.

هەستمکرد خۆی بێت، ئەوە باسی خۆی بێت، نەک هاوڕێیەکی. بەڵکوو تەنها سینارۆیەکە بە هاوڕێیەکی داوە، لەبەرئەوە ویستم بڵێم هاوڕێکەت ناوی نازە؟ مەبەستم لەوەبوو خۆیەتی، بەڵام دوودڵ بووم کەمێک وەستام، بەڵام بەرلەوەی من ئەو قسەیە بکەم.

– ئەوە چیرۆکی خۆم بوو، خۆم ئەو بوێریەم پەیداکرد و نامەم بۆ کوڕەکە نارد.

هەندێک قسەی ترمان کرد، بەڵام بوێریی ئەوەم نەبوو بپرسم ئەو کوڕە کێیە. ئایا دەیناسم هی کۆلێژە، یان ناسیاو و شتێکی خۆتە. ئیتر ئەو ڕۆژە باسەکە داخرا. ڕاستیی چەند جارێکی بیرم لەو حاڵەی ناز دەکردەوە، حەزمدەکرد بزانم ئەو کوڕە کێیە، بەڵام هیچ کات نەمپرسی. شتێک لە ناخمدا دەیگوت ئەو پرسیارەت لەوانەیە ئازاریبدات، لەبەرئەوە بێدەنگیی باشترە.

چەند جارێکی تریش باسی ئازار و شتمان کرد لەگەڵی، باسی تەڕبوونی سەرینەکانی لە شەودا، منیش دەگریام بە ئازارەکانی. هیچیشم لەدەست نەدەهات بۆی، شەوێک پاش ئەوەی قسەمانکرد و چاوەکانم بەرگەی ئەو ئازارانەی نەگرت، کە یەکێک لە نزیکترین هاوڕێکانم دەیچەشت، تەڕبوون، گریام. شەو خەونێکم

بینی، بەیانی هەرچەندەی بیرمکردەوە هیچی ڕوون نەبوو. لە خەونەکەدا: "لە کۆلێژ بووم، من و ڕزگار و دوو کوڕی تر بووین، وانەیەک کەوا تێینەگەیشتبووین ناز بۆی باسدەکردین و تێیگەیاندین. ڕزگار لە هەمان قۆناغی ئێمە نەبوو، بەڵام خەونەکە وابوو، ناز کە وانەکەی بە جوانیی تێگەیاندین، ئەو ڕۆیشت. ڕزگار گوتی:

- زیرەکە ها.

- جوانیشە.

سەیرێکی کردم و خۆی مۆنکردەوە. (مەبەستی بوو نابێت باسی جوانیی ناز بکەم، چونکە ناز هی ئەوە).

دواتر ڕزگار بە کوڕەکانی تری گوت: چیتان کردەوە؟

- پرسیارمان کردووە کاک ئەحمەد (مەبەستیان باوکی ناز بوو، بەڵام لە ڕاستییدا باوکی ناوی حەمید بوو، نازانم بۆ لە خەونەکە بووبووە ئەحمەد). پیاوێکی زۆر چاک و بەڕێزە، ناسراوە لە ناو خەڵک بە چاکیی و باشییەکەی بەناوبانگە. بنەماڵەکەشی بەڕێز و ناسراون. منداڵەکانیشی وەک خۆین. ڕزگاریش گوتی:

- باشە لەم ڕۆژانە دەچینە داوای، مەبەستی چوونەداوای ناز بوو".

ماوەیەک بەسەر خەونەکە تێپەڕبوو، نەمدەزانی بۆ نازی باسبکەم، یان نا. سەرەتا لە مۆبایلم خەونەکەم نووسیەوە نەوەکوو لەبیری بکەم. دوای چەند ڕۆژێک قسەمانکردەوە. پێمگوت:

- خەونێکم پێتەوەدیوە، بۆت باسبکەم؟

- بۆ نا، با بزانم چییە.

ئیتر منیش نووسینەکەم بۆ نارد و خوێندیەوە. پێی سەیربوو.

- نازانم واتای چییە خێری پێوەبێت.

- ئامین. چیتر بیرم لە خەونەکە نەکردەوە.

سالّی سێیەم تەواوبوو، ئەوجارە بە خولی یەکەم دەرچووم لە هیچ وانەیەک نەکەوتم، بەڵام هاوڕێکانم زۆربەیان کەوتن.

لەو ماوەیشدا ناز جارێک پێیگوتم کەوا چیتر ناگری و بەهێزە. خۆشەویستییەکەی لەبیرکردووە و بەسەر دڵیدا زاڵبووە. منیش دڵخۆشبووم بەوەی هاوڕێکەم ئاوا بەهێزە و دەستخۆشییم لێکرد.

ناز مرۆڤێک بوو هەر شتێکت بۆ کردابایە هێشتا کەمبوو. دونیایەک چاکەی بەسەر منەوە هەبوو، چەندین جار هەبووە دەستێک نەبوو بۆ یارمەتییدانم، بەڵام ئەو هەمیشە ئامادەبوو. هەرگیز پێم وانییە ئەو چاکانەی ئەو لەبیربکەم. بێگومان لەبیرکردنی خۆیشی شتێکە لە دەوری مەحاڵەوە.

قۆناغی کۆتایی دەتوانم بڵێم ئاسانتر و خۆشتر بوو، ماندووبوونی کەمتربوو. لە کۆتاساڵدا چەند جارێک ڕووبەڕوو قسەم لەگەڵ ناز کرد، بەڵام هەر وەک یەکەم ساڵ هەمیشە شەرمم لە باشیی و میهرەبانییەکەی دەکرد. ڕۆژێکیش لە فەیسبووکەوە قسەماندەکرد کات درەنگبوو. گوتی:
- ماندووم دەخەوم، ڕۆیشت بخەوێت. پاش کەمێک ناز نامەیەکی ناردەوە گوتی: خەونت بە ڕزگارەوە بینیبوو؟
- بەڵێ، خەونم بە ڕزگارەوە بینی کە لەگەڵ چەند کوڕێکی تر بووین.
- ئاخر بۆ ئەو؟
- بۆچی؟
- هیچ نییە لەبیریبکە.
- ئاخر بەو قسەیەت هەزار پرسیارت لە مێشکی من دروستکرد هههه
- ئێ بۆ؟
- ئاخر ڕزگاربوو ئەو کەسە؟
- دەی باشە با چیتر پرسیارەکان مێشکت ماندوو نەکەن، بەڵێ ئەوبوو، بەڵام لەبیرمکردووە و تۆش لەبیریبکە، ئیتر خەوت.

نازانم چ هێزێک بوو وایکرد ڕاستییەکە تێکەڵی خەون بوو وەڵامی پرسیارەکانی مێشکم لە خەونەکەبوو، بەڵام هەستم پێنەکرد.

پێم وابێت چیتر لە فەیسبووکەوە قسەمان نەکردەوە، ڕۆژێک ویستم نامەیەکی بۆ بنێرم، زۆر گەڕام نەمدۆزییەوە. لە کۆلێژ پێی گوتم کەوا فەیسبووکی نەماوە.

خوێندنیش ئاسایی دەڕۆیشت و گەیشتینە کۆتاییەکان، لەبەرئەوەی کۆتاساڵمان بوو، ئاهەنگی وێنەگرتن و زۆر شتمان هەبوو، بەڵام خۆم لە هەمووی دزییەوە و گەڕامەوە هەولێر. یەک وێنەشم نەگرت و دووربوونم پێ باشتربوو خۆشم نازانم بۆ. پاش ماوەیەک تاقیکردنەوەکانیشمان کرد و دەرچووم. کۆتایی بە خوێندن هات و ئاگاداریش بووم کەوا نازیش دەرچووە.

خوێندن کۆتاییهات لەگەڵیشیدا ئەو پەیوەندییە هاوڕێیەتییانەش کۆتاییانهات کەوا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دامەزرابوون. ئەوەی بە دە کەسی دەگوت هاوڕێ، ئێستا یەک لەو کەسانەی لە لای مابێت زۆر باشە. هەمووان لەیەکتر دەبڕان، منیش هەرچەندە هاوڕێیەتییەکی وام لەگەڵ پەری نەمابوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی دەوام دوو جار لە ڕێگەی ئەوەوە هەواڵی نازم دەپرسی و ئاگاداربووم کەوا حاڵی باشە و لە ناو خێزانەکەی وەک ئێمە خەریکە ڕۆژەکانی بەڕێدەکات. هێشتا نەبووبوو بە دوو مانگ پەریش ونبوو و فەیسبووک و شتی نەما. زۆربەی قوتابییەکان ئاوان دوای دەوام فەیسبووک و شتیان دەگۆڕن، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە کەسانێک لە ژیانیان بکەنەدەرەوە.

دوای پەری چەند مانگێک بوو ئاگاداری ناز نەبووم، بەیەکجاریی ناز لە ژیانم نەمابوو. تەنها لە ژیانم واتە قسەکردن و یەکتربینین و شتی وامان نەبوو، بەڵام بەڵێنم بە خۆم دابوو هیچ کات نابێت لەبیری‌بکەم و هەمیشە لە دڵمدا بێت. ڕاستە لە ژیانم نەمابوو، بەڵام ئەو شتانێکی پێبەخشیبووم و شتانێکی فێرکردبووم کەس وەک ئەو نەبوو. باشترین شت ئەوەبوو ئەو وایکرد فێری خوێندنەوە ببم و کتێب بکەم بە هاوڕێم، ئەوەتا ئێستا نزیکترین هاوڕێم کتێبە.

دوای هەشت مانگ لە تەواوبوونی زانکۆ، لە مۆڵێکی جلوبەرگدا کارم دەستکەوت. وەک ژمێریار کارمدەرکرد، کارێک خۆش و ئاسان بوو و بە دڵی خۆم بوو. ڕۆژانە سەدان کەسی جیاوازم دەبینی لە خەڵکی ئەو شارە. هەندێک کڕیاری تایبەتیشمان هەبوو کەوا زۆر سەردانیان دەکردین و یەکترمان دەناسی. ڕۆژێکیان دوای عەسربوو دانیشتبووم خەریکی کاری حیسابیی بووم، بەڕێوەبەر داوای بڕی فرۆشراوی لێکردبووم. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا، بازاڕ باشبوو و ڕۆژ دوای ڕۆژ قازانجی مۆڵەکە لە هەڵکشاندا بوو. چاوەکانم لەسەر دەفتەرەکەی بەردەمم بوو، دەنگێکی ئاشنا بەگوێکانم سڵاوی کرد و منیش بەبێ ئەوەی سەرم بەرزبکەمەوە وەڵامم دایەوە. خەریکی کارەکەم بووم، بە هۆی سێبەرەکەیەوە زانیم کەوا کەسەکە هێشتا لە بەرانبەرم وەستاوە و نەڕۆیشتووە، بۆ ئەوەی بەدوای پێداویستییەکانی بگەڕێت. سەرم بەرزکردەوە، ناز بەرانبەرم وەستابوو، بەڵێ نازا!

- سەلام هاوڕێ گیان، چۆنیت؟ هیوادارم باشبیت، چی دەکەیت لێرە؟

- سڵاوی خودات لێبێت خاتوو ناز. سوپاس بۆ خودا من باشم، ئێوە چۆنن باشن؟ ئەوە مانگێک زیاترە لێرە وەک ژمێریار کاردەکەم.

- یاخوا هەر باشبیت و کارەکەشت خێرداربێت، سوپاس بۆ خودا ئێمەش زۆر باشین.

- زۆر سوپاست دەکەم لوتفتان هەیە، وەک هەمیشە خەندە جوانەکەتان ئارامییە بۆ مرۆڤ، چۆن خزمەتت بکەم؟

- زۆر سوپاست دەکەم، گەورەیی خۆتە وامان دەبینیت. ڕاستییەکەی ماوەیەکە بەدوای کارێکی گونجاودا دەگەڕێم، نیوەڕۆ ڕزگار لە فەیسبووکەوە بینیبووی کەوا بڵاویانکردبووەوە کارمەندی ئافرەتتان دەوێت، ئیتر ئێستا منی هێنا بۆ ئێرە و خۆشی ڕۆیشت بۆ کار. (CV)ـم هێناوە پێمگوت بەڵکوو لێرە کارم دەستبکەوێت.

- ڕزگار!؟

- بە خەندەیەکەوە: بەڵێ، ڕزگار.

- چۆن؟

- چیرۆکێکی درێژە دواتر بۆت باسدەکەم، ئێستا من بۆ کار هاتووم.

- من شۆک بووم، هههههە تەواو لە کارەکە وەرگیرایت، تەنها من تێبگەیێنە چی ڕوویداوە ئەو ماوەیە؟

- بە جددیی وەرگیراوم؟ بە کورتیی ئێمە ئێستا هاوسەری یەکترین دواتریش بە وردیی هەموویت بۆ باسدەکەم.

- بەڵێ، چونکە ئەو هەلی کارە لەسەر داوای من بڵاوکرایەوە، بەڕێوەبەر سەرپشکیکردووم کێ هەڵبژێرم لەو کەسانەی دێن. تۆ دەناسم و گومانم لە تواناکانت نییە، لەبەرئەوە وەرگیرایت و دواتر قسە لەگەڵ بەڕێوەبەر دەکەم و هەواڵت دەدەمەوە کەوا کەی دەستبەکاربییت.

- زۆر سوپاست دەکەم فەرهاد گیان هاوڕێ نمونەییەکەم، با پێتبڵێم بە ڕاستیی ئەو هەموو کەسەی لە زانکۆدا ناسیم، جگە لە یەک کچ کەسی تریان وەک تۆ نەبوون. هەموویان هەر یەکێک و لە کاتێکی جیاواز و بە بیانووی جیاواز دوای تەواوبوونی زانکۆ خۆیان ونکرد. تەنها تۆ بوویت هەتا ئەو کاتەی پەری مابوو لێتدەپرسیم. باوەڕبکە پەریش خودی خۆی لێی نەدەپرسیم تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە تۆ قسەت لەگەڵ دەکرد. دواتر ئەویش خۆی ونکرد. ئێستا کە ئەو ماوەی بەسەردا ڕۆیشتووە جگە لە یەک قوتابی کە لە زانکۆ ناسیم کەسی تر لە ژیانمدا نەماوە. ماوەیەک لەوەوپێششیش دەمەویست ژمارەکەتم دەستبکەوێت ویستم لە ڤایبەرەوە قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام چونکە مۆبایلی پێشووم سووتا ژمارەکەتم نەمابوو. ویستم لە پەری وەربگرم، بەڵام ژمارەکەی ئەویش داخرابوو. ئەوەیە حاڵی قوتابییانی زانکۆ دوای تەواوبوون.

- بەداخەوەم کەوا ئاوایە، چی بکەین خۆ بە زۆر خۆمان لە ژیانیان ناهێڵینەوە. ئەوەی ئەهلی ڕۆیشتن بێت، خۆتی بۆ بکەیتە قوربانیی هەر دەڕوات. دەبێت سوپاسی خودا بکەین کەوا کەسانی ئاوا لە ژیانمان نەماون و بڵێین: "هەموو کەس

شایەنی لەگەڵ ئێمە بوون نییە". منیش ئاگاداری کەس نیم لە کوڕ و کچەکان، زۆربەیان چەند جارێک قسەم لەگەڵ کردن، بەڵام هەستەکانیان لە زستان ساردتربوون. ئیتر منیش وازم لێهێنان. فەرموو ئەوەش ژمارەکەم نامەیەکم بۆ بنێرە بۆ ئەوەی دواتر کە قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەر کرد هەواڵت بدەمەوە و باسی هەموو شتێکم بۆ بکەیت.

- باشە، ئەوە نامەیەکم بۆ ناردیت.

- تەواو هات، دەستەکانت خۆش بێت.

- ئێستا خەریکی کاری خۆتبە، با زیاتر ڕاتنەگرم. منیش پیاسەیەک دەکەم بە ناو شوێنەکەدا و دواتر دەڕۆم بە پشتیوانی خودای گەورە شەو قسەدەکەینەوە.

- باشە، فەرموو. سەیربکە و بزانە شوێنی کارەکەت چۆنە، هیوادارم کاتێکی خۆشتان هەبێت.

- زۆر سوپاس، خودات لەگەڵ.

ناز نزیکەی نیو کاتژمێرێک بەناو شوێنەکەدا سووڕایەوە و دواتر لە مۆڵەکە چووەدەرەوە. خولەکێک لە دەرەوە وەستا ئۆتۆمبێلێک هات بەدوایدا، شۆفێرەکە ڕزگاربوو.

ئێوارە دوای ئەوەی کارەکانم تەواوبوو بەرلەوەی بگەڕێمەوە ماڵەوە قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری مۆڵەکە کرد و باسی نازم بۆ کرد. ئەویش گوتی باشە با بەیانی بێت بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەین و لەسەر کاتەکانی کارکردنی و مووچەکەی ڕێکبکەوین.

گەڕامەوە ماڵەوە نانی ئێوارەم خوارد، بێگومان دەمێکبوو نانی ئێوارەیان خواردبوو، چونکە من دوای نوێژی عیشا گەیشتمەوە. دوای نان خواردن کەمێک ئیسراحەتم کرد و چەند لاپەڕەیەکم لە کتێبێک خوێندەوە. ناز نامەی نارد و گوتی:

- کاتت هەیە؟

- بەڵێ، بێگومان.

- چۆنیت؟ کەی لە دەوام هاتیتەوە؟

- سوپاس بۆ خودا من باشم، تۆ چۆنیت هاوسەرەکەت چۆنە؟ کاتژمێرێک دەبێت هاتوومەتەوە.

- هەر باشبیت، ئێمەش هەردوومان باشین.

- هەمیشە سەلامەت و بەختەوەربن، ئەمڕۆ دوای تۆ قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەر کرد. گوتی با بەیانی بێت بۆ ئەوەی لەسەر مووچە و کاتی کارکردنی قسەبکەین.

- سوپاس خودایە گیان لەم هەواڵە خۆشە، پێم وانەبوو ئاوا زوو وەڵامبدەنەوە، لەبەرئەوە چوومەتەوە ماڵی دایکم، هەتا سبەی ئێوارە لەوێ دەبم، ئاساییە دووبەیانی بێم؟

- باشە، ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە مۆڵەکە ئامادەببە.

- زۆر سوپاس، بە پشتیوانی خودای گەورە وادەکەم.

- ئمممم، باشە فەرموو ئێستا باسی هەموو ئەو شتانەم بۆ بکە، کە تۆی گەیاندە ئەمڕۆ. ناتوانم لەوە زیاتر چاوەڕوانبم.

- بە پێکەنینەوە: باشە.

چوار مانگ دوای تەواوبوونی زانکۆ ڕۆژێک ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندیی پێوەکردم، وەڵامم نەدایەوە. پاش چەند خولەکێک کورتەنامەیەکی نارد. نووسیبووی: ناز کارم پێتە، تکایە وەڵامم بدەرەوە، ئێستا پەیوەندییت پێوەدەکەمەوە. لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم دانیشتبووم، چووم بۆ ژوورەکەی خۆم. چەند خولەکێکی پێچوو دووبارە پەیوەندیی کردەوە. خۆی ناساند، کچێک بوو هاوڕێ و هاوپۆلی ڕزگاربوو. لە ڕێگەی کچێکی هاوڕێمەوە ژمارەکەمی وەرگرتبوو، گوتی کەوا ڕزگار دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات. دەیەوێت چەند شتێکی گرنگم پێبڵێت. گوتی

من دەمتوانی بەبێ ئاگاداریی خۆت ژمارەکەت بە ڕزگاربدەم و ئەو پەیوەندییت پێوەبکات، بەڵام ڕزگار گوتی سەرەتا ئاگاداریبکەرەوە، پاشان قسەی لەگەڵ دەکەم. منیش قبوڵمکرد و پێمگوت باشە ژمارەکەی پێبدە با لە ڤایبەرەوە نامەم بۆ بنێرێت.

ڕۆژی دواتر ڕزگار نامەی نارد...

دوای ئەوەی هەندێک قسەمانکرد و لە ئەحواڵی یەکترمان پرسی، ڕزگار گوتی:

- زۆر شت هەیە دەمەوێت پێتبڵێم هەمووم نووسیوەتەوە، بۆت دەنێرم خوێنەریبە و هەڵوێستی خۆتم لەسەری پێبڵێ.

- باشە بینێرە.

- فەرموو خوێنەریبە.

*دوای ئەوەی کۆلێژم تەواوکرد خۆت ئاگاداری ئەوەبوویت نیازم هەبوو لێرە بڕۆم، بەڵام دایکم و خوشکەکانم ڕێگەیان پێنەدام و گوتیان بەرگەناگرین دەریاکان لاشەکەتمان بە ساردیی بۆ بنێرنەوە. منیش نەمتوانی بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان بڕۆم، لەبەرئەوە مامەوە و لێرە باوکم کارێکی بۆ دۆزیمەوە و خۆم بە کارکردنەوە خەریککرد. بێگومان هیچ کەسێکیش لە ژیانم نەبوو و خۆشەویستم نەبوو، دوای چەند مانگێک لە کارکردن دایکم داوای لێکردم کەوا ژیانی هاوسەرگیریی پێکبهێنم. دایکم گوتی ئەگەر کەسێک لە ژیانت هەیە پێمانبڵێ و با بچینە داوای بۆت. بەڵام من پێمگوت کە هیچ کەسێک لە ژیانمدا نییە. دوای ئەوە دایکم هەر خزم و کەسێکی دەبینی باسی ئەوەی دەکرد کەوا نیازیان هەیە ژنم بۆ بهێنن، زۆر کچیان پێشنیازکرد، هەم دایکم و خوشکەکانم، هەم خزمەکان، هەمووانیش ئەوانەی دەیانناسیم و نەیاندەناسیم ڕازیبوون کچەکان و کەسوکاریشیان. بەڵام من چەندی سەیری دۆخەکەم دەکرد دڵم کەسیانی نەدەویست، زۆر هەوڵمدا کەوا کەسێک قبوڵبکەم، بەڵام دڵم هەر وەک خۆی بوو، هەستمدەکرد کەوا هەموویان جوانیی و ناو و شتەکانی ڕزگاریان دەوێت، کەس نەبوو خودی ڕزگاری بووێت.*

*ئاخر ئەوانە شتێکیان دەویست کەوا موڵکی من نەبوو، جوانییەکەم، کارەکەم، ئەوانەش خودا پێیداوم دەکرێت بەیانی بیانباتەوە. من دەمەویست کەسێک هەبێت ناخ و خودی ڕزگاری بووێت. جگە لە تۆ کە خودی ڕزگارت دەویست، بێگومانیش بە هیچ کات تۆ و هەڵوێستەکەتم لەبیرنەکردووە بەوەی کەوا نامەت بۆ ناردم و ڕاستگۆیانە هەستەکانی خۆت پێگوتم.*

*لە ڕێگەی ئەو کچەی دوێنێوە توانیم پێتبگەم. ئێستاش دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم کەوا من تۆم دەوێت و دەمەوێت ببیت بە هاوبەشی ژیانم. ڕازیبیت، یان نا مافی خۆتە، بەڵام ڕازیبوونت شتێک بە من دەدات کەوا لە تۆ هەیە لە هیچ کچی تر ئەو شتەم نەبینی و هەستم پێنەکرد. ئەگەر دڵۆپێک لەو خۆشەویستییەی ئەوکاتت بۆم مابێت، بەڵێنت پێدەدەم بەم دڵۆپە باخچەیەک بڕوێنین و ژیانت پڕبکەم لە گوڵ و گوڵزار و جوانی. یەک دڵۆپ لە خۆشەویستییت بەسە بۆ من. ئێستاش هەرچی بڵێیت من قبوڵیدەکەم و چاوەڕوانی وەڵامی تۆم. مەرجیش نییە هەر ئەمڕۆ وەڵامم بدەیتەوە کاتت هەیە هەرچەندی ویستت.*

*- بەر لە هەر شتێک وا خەریکە غەرقدەبم لەناو فرمێسکەکانم، دوعاکانمم بیردەکەوێتەوە کە بە چاوی پڕ لە گریانەوە داوام لە خودا دەکرد، داوای تۆ. خودا وەڵامی داوای بەندەکانی دەداتەوە، بەڵام لەوانەیە ئەو کاتەی بەندە داوای شتێک لە خودا دەکات، کاتێکی باش نەبێت و ئەو شتەی داوایدەکات باش نەبێت بۆی. وەک من پاش زیاتر لە دوو ساڵ ئێستا داواکەم بۆم بوو. درۆت لەگەڵ ناکەم وام بەخۆم گوتوە کەوا لەبیرمکردوویت، بە ڕاستییش لەبیرمکردوویت، خودی خۆتم لەبیرنەکردووە، بەڵکوو خۆشەویستییەکەتم لەبیرکردووە، بەڵام تۆ بۆ ئەبەد وەک یادگاریی زیندوویت لە لام. خەریکم لەگەڵ دوا دڵۆپەکانی خۆشەویستییت دەژیم، هەندێکجار بیردەکەمەوە و دەڵێم مەگەر چی دەبوو ئێستا لێرەبایت؟ مەگەر دونیا کاولدەبێت بە بوونی تۆ؟ بەڵێ، ئەو دوا دڵۆپەی تۆ گوتت لە خۆشویستنم بۆت ماوە، چەند دڵۆپێک ماوە و هیوام پێیان هەیە و هەبووە هەموو کات... یارمەتییم دەدەیت ئەم چەند دڵۆپە ببێت بە دەریایەک؟*

*- دەریا نا، دەیکەین بە زەریا.*

*- دەبم بە زەریایەک لە خۆشەویستییت و غەرقتدەکەم...*

ئیتر ئاوابوو رازیبووم بەوەی ببم بە هاوسەری و ژیانم لەگەڵیدا بەشبکەم. چەند ڕۆژێک ئاوا قسەمانکرد و باسی هەموو شتێکمان کرد. ڕزگار بە ماڵەوەیانی گوت و هاتنە ماڵەمان. کەس ڕێگر نەبوو، هەموو گوتیان کەوا خۆتان ڕازین ئێمە هیچ شتێکمان نییە جگە لەوەی دوعای بەختەوەرییتان بۆ بکەین. دوای کەمتر لە مانگێک هاوسەرگیرییمان کرد و چووین بۆ ماڵی خۆمان کە دەکاتە نزیکەی چوار مانگ لەوەوپێش. ئێستاش ژیانێکی زۆر خۆش و بەختەوەر دەژین و دڵخۆشین بەیەکەوە و زۆر یەکترمان خۆشدەوێت. ئەو ماوەیە حەزدەکەم بێمە دەرەوە، لەبەرئەوە داوام لە ڕزگار کرد کەوا ڕێگەمبدات کاربکەم. ڕازیبوو، بەڵام بە مەرجێک کارێکی ئاسان بێت و ماندووم نەکات، چونکە سوپاس بۆ خودا ئێمە کێشەی دارایی‌مان نییە، بەڵکوو تەنها حەزم لێیە کاربکەم.

- چی بڵێم بۆ ئەم شتانە، تەنها ئەوەندەت پێدەڵێم زیاتر لە زۆر دڵخۆشم، دڵخۆشم بە بینینەوەت و بیستنی ئەو هەواڵانە. هەمیشە دڵخۆش و سەلامەت بن یاخودا.

- زۆر سوپاست دەکەم هاوڕێی ڕاستەقینەم.

- هاوڕێ و هاوکار.

- بە پێکەنینەوە: بەڵێ، هاوکار. ئێستاش ئەگەر ئیزنم بدەیت دایکم بانگم دەکات پێویستە بڕۆم.

- فەرمووو کاتی خۆت وەربگرە، بە هیوای کاتێکی خۆش.

- زۆر سوپاس کاتێکی خۆشتر بۆ تۆ و خودات لەگەڵ.

دوای دوو ڕۆژ لەم قسەکردنە ناز و ڕزگار بەیەکەوە هاتن بۆ قسەکردن لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەر. دوای کاتژمێرێک قسەکردن لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتن و بە ڕەزامەندیی هەردوولا گرێبەستیان ئیمزاکرد. هەر ئەو ڕۆژی ناز، من و ڕزگاری بەیەکتر ناساند و گوتی باسی تۆم کردووە بۆ ڕزگار، هەر لەوێدا بە

پێکەنینەوە بە ڕزگارم گوت دەی پیاوە دەنگخۆشەکە بە خۆشیی کارەکەی نازەوە گۆرانییەکمان پێشکەشبکە. ڕزگار گۆرانییەکەی پێشکەشکردین و ڕۆیشتن. ڕۆژی دواتر یەکەم ڕۆژی کارکردنی ناز بوو لەگەڵ من و لە مۆڵەکەدا.

دڵخۆشبووم بە گەڕانەوەی ناز، دڵخۆشبووم بە کارکردنی لەگەڵم و دڵخۆشبووم بەوەی بووین بە هاوڕێ لەگەڵ ڕزگاردا...

لە ناو ئەم مەملەکەتە وێرانە و ئەم هەموو قەرەباڵغییە ئێمە جوانییمان بنیاتدەنا و جوانییمان دەبەخشییەوە.

ساڵ و مانگ و هەفتە و ڕۆژ و هەموو شتێک بەختەوەرییە.

سوپاس بۆ خودا.

کۆتایی.

دوو ڕۆژ دوای ئەوەی چیرۆکەکەم بۆ نارد، ئاسیا هاتە خەت و گوتی کەوا بە هۆی نەخۆشکەوتنی دایکییەوە ئەو دوو ڕۆژە لە خەت نەبووم.

- ئەمە چییە ئەو چیرۆکە؟

- بیخوێنەوە، دەزانیت.

- هەمووم خوێندەوە، شتێکی جوان بوو هەر بژیت کاکە جوان و جواننووسەکەی من، بەڵام ئەم فەرهاد و نازە کێن؟

- قوربانی ئاسیاکەم بم، تۆ جوانتریت. فەرهاد خەڵکی هەولێرە، نزیکەی چوار ساڵە دەیناسم لە فەیسبووکەوە ناسیم، مرۆڤێکی زۆر باشە و یەکێکە لە نزیکترین هاوڕێکانم. دوو ساڵ لەوەوپێش زانکۆی تەواوکرد لە کۆیە دەیخوێند. ئەگەر

بیرتبێت ئەمساڵیش لە سەرەتای دەوام ڕۆژێک پێمگوتیت هاوڕێیەکم کەوا لە فەیسبووکەوە ناسیومە سەردانم دەکات. مەبەستم فەرهادبوو هات سەردانی کردم.

– بەڵێ بیرمە، ئێوەشم بینی کە بەیەکەوە لە لای ئەزبەریفرۆشەکە وەستابوون و خەریکی خواردنی ئەزبەری بوون. ئەی چی سەبارەت بە ناز و نووسینی چیرۆکەکە؟

– ئەی چۆنە پرسیارت نەکرد ئەو ڕۆژی بڵێیت کێیە؟ من نازم نەبینیوە نە لە وێنە، نە لە ڕاستیشدا. تەنها ئەوانەی لە بارەیەوە دەزانم کەوا فەرهاد بۆی باسکردووم، بەڵام زۆر حەزدەکەم لە نزیکەوە ببینم. فەرهاد پێیگوتم قسە لەگەڵ ناز دەکەم، ئەگەر گونجا ڕۆژێک بەیەکەوە دێین بۆ لات. نووسینی چیرۆکەکەش لەسەر داوای فەرهادە، ئەو ڕۆژەی هات بۆ کۆلێژ بۆ لام، داوایکرد شتێکی وای بۆ بنووسم. ئەو شتانەی لە چیرۆکەکەش باس کراون هەموو ئەو بۆی باسکردووم، هەندێک شت پێشتر پێیگوتبووم هەندێکیش دوای ئەو ڕۆژە پێیگوتم.

– کاکە هەموو شتێک هی پرسیارکردن نییە، نابێت هەموو کات بمەوێت شتە تایبەتەکانی تۆ بزانم. بە ڕاستیی منیش سەرسامبووم بە ناز، خاوەن دڵێکی زۆر میهرەبان و جوان بوو. بە گشتییش چیرۆکەکە هەمووی جوانبوو، کۆتاییەکەی زۆر تایبەت بوو. کەسایەتیی فەرهاد و ناز هەردووکیان زۆر باشبوون و دوو هاوڕێی نمونەیی بوون بۆ یەکتر. سەرەتا زۆر خەمم بۆ ناز خوارد کەوا ئاوای لێهات، بەڵام دواتر کە گەیشت بە ڕزگار و لەگەڵ فەرهاددا یەکتریان بینییەوە فرمێسکی دڵخۆشییم بۆ ڕشت. یاخودا هەر دڵخۆش و بەختەوەربن.

– پشتیوان بە خودای گەورە خودا لەیەکیان نەکات، دوو هاوڕێی نمونەیی بۆ یەک، وەک من و ئاسیاکەم.

– بەڵێ، وەک من و کاکەم. زۆر حەزدەکەم ناز ببینم.

– ئممم، ناونیشانی ئەو مۆڵەت پێدەدەم کەوا لەگەڵ فەرهاد کاری لێدەکەن، برۆ سەردانیانبکە.

- باشە، بە پشتیوانی خودای گەورە ڕۆژێک دەرفەت هەبێت دەچم. کاکە شتێک بڵێم؟

- گیان، بێگومان بڵێ.

- بەیەکەوەبوونی فەرهاد و ناز زۆر لە ئێمە دەچێت، زۆر خاڵی لێکچوومان هەیە، چەند جوان دەبێت دوای تەواوبوونی زانکۆ لە ساڵی داهاتوو شتێکی هاوشێوەی چیرۆکی فەرهاد و ناز بنووسیت و باسی خۆمان بکەیت.

- حەزدەکەیت؟

- بەڵێ.

- فەرهاد و ناز زۆر کەم یەکیان دەبینی و ڕووبەڕوو قسەیاندەکرد. وەک ئێمە تێکەڵاو نەبوون. درەنگتر لە ئێمە یەکتریان ناسی. ئەگەر بینووسم زۆر وردتر و زیاتر دەبێت، کاتێکی زۆری دەوێت بیر لە هەموو یادگارییەکانی هەر چوار قۆناغ بکەیتەوە و بیانکەیت بە نووسین. چاتەکان، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، قسەکردنە ڕووبەڕووەکان و هەستەکان، گرانە، بەڵام هەوڵی خۆم دەدەم. هەرچەندە هێشتا زووە بۆ ئەمە، چونکە زیاتر لە ساڵێکمان ماوە ئێمە.

- دڵنیام شتێکی ناوازە دەبێت، پشتیوان بە خودای گەورە خودا تەمەن دەدات زانکۆکە تەواودەکەین و ئەو نووسینەش دەنووسرێت و خوێنەریشی دەبین.

- هههههه وەک دایکم هەموو کات دەڵێت ئەوەی لە شەڕ نەبێت شیری تیژە. تۆ خوێنەری چیرۆکەکەش بوویت چ زوو. کەسمان نازانین هەتا بەیانی چی دەبێت، تەنها خودا دەزانێت. ئەگەر خودا تەمەنی دا و تەواومانکرد، ئەو کاتیش نەخۆشییەکەم تەواو هێزی لێنەبڕیم، ئەوە هەوڵی خۆم دەدەم بۆ نووسینی. هەوڵدەدەم نەک بڵێم بە دڵنیاییەوە دەیکەم.

- پشتیوان بە خودای گەورە دەمێنین و نەخۆشییەکەشت ناگاتە ئەو ئاستە، کاکەگیانم پێش هەموو شت من بوون و سەلامەتیی تۆم دەوێت، نەک نووسین و شتێکی تر.

- خودا دەزانێت چی دەبێت، ئەوەی خێری تێدایە بۆ مان، خودا ئەو بهێنێتە ڕێگەمان.

براگەورەکەشم خوێندکاری زانکۆ بوو، قۆناغێک لە پێش من بوو، ساڵێک پێشی من تەواودەبوو. ئەو سێ ساڵە هەموو ڕۆژێک لەگەڵ ئەو هاتوچۆم دەکرد. ئەم ساڵ ئەو زانکۆ تەواودەکات. هەمیشە قوتابییانی قۆناغی کۆتایی وانەکانیان کەمترە و لە کۆتاقۆناغدا زیاتر کاتی بەتاڵیان هەیە. بۆ بەردەوامبوون لە ژیان و لەسەرپێوەستان مرۆڤ پێویستە کاربکات. براکەشم کە خاوەنی ماڵ و منداڵ بوو، لەبەرئەوە دەیەویست کاتە بەتاڵەکانی بە کارکردن پڕبکاتەوە. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کارێکیان دەستکەوتبوو، کارەکە هەموو ڕۆژێک نەبوو، لەبەردەستی وەستایەک کاریاندەکرد، ئەو کاتەی ئەو پەیوەندییدەکرد دەبووایە بچن بۆ کار، هەر کاتێک بێت. بە هۆی ئەوەوە زۆرجار جگە لەوەی کاتە بەتاڵەکانیان پڕدەکردەوە، بەڵکوو وانەکانی خۆشیان پشتگوێدەخست، بۆ ئەوەی بچن بۆ کارەکە و چەند هەزارێک بخەنە ناو گیرفانی سارد و بەتاڵیان. ڕۆژێکی زستان بوو، ڕۆژی دووشەممە چووم بۆ دەوام، سارد و باراناویی بوو. ویستم بچم بۆ ئەو هۆڵەی وانەمان لێی هەبوو. شازیار گوتی:

– وەرە، خشتەی وانەکان گۆڕاوە، لەوێ نییە. دەچین بۆ هۆڵی ژمارە (٤) چووم بۆ ئەوێ.

وانەکەمان خوێند یەک کاتژمێر بوو، (٨:٣٠ تا ٩:٣٠). وانەکە شتێکی گران نەبوو و لەگەڵ قسەکانی مامۆستا خۆی تەواوبوو. دوای ڕۆیشتنی مامۆستا و چۆڵبوونی هۆڵەکە، بانگی یەکێک لە کوڕەکانم کرد، کەوا لەبەر دەرگای هۆڵەکە وەستابوو. بۆ ئەوەی یارمەتییم بدات هەڵبستمەوە. ژیان چەند نهێنییەکی سەیرە، ئاخۆ ئەگەر ئاگاداری ئەوە باین بەیانی چی ڕوودەدات، ئەوە لە هەمان هەوڵ و تێکۆشانی ئەمڕۆدا بەردەوامدەبووین؟ لەبیرمدێت لە قۆناغی یەکەم توانای ڕۆشتن و هەستانەوەم هەبوو، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک یارمەتییم بدات، بەڵام پڕ لە شەرم بووم و شەرمم نەدەشکا، لەبەرئەوە هەموو کات بە ترسەوە هەنگاومدەنا و هەڵدەستام و دادەنیشتم. قۆناغی دووەم کەمێک ترسەکەم شکا، بەڵام لەگەڵ شکانی ترسەکەمدا، هێزی جەستەشم نەما و ڕۆیشت، زۆر بە گرانیی دەمتوانی هەڵبستمەوە. ئاخۆ ئەگەر لە ساڵی یەکەمەوە بمزانیبایە ساڵانی داهاتووم بەم شێوەیە دەبێت، ئەو کات هەموو هەوڵێکم دەدا بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکەمدا؟ ئێستاش

کە ساڵی سێیەمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانم خۆم هەڵبستمەوە هەمیشە پێویستە کەسێک یارمەتییم بدات. ساڵی داهاتوو دەبێت چۆن بێت؟ هەر خودا خۆی دەزانێت.

دوای ئەوەی بە یارمەتیی ئەو کوڕە هەڵستامەوە لە هۆڵەکە چوومە دەرەوە، ڕۆیشتم سەیری خشتە نوێیەکەی وانەکانم کرد. شۆک بووم! ئەم ڕۆژە تەنها دوو وانەمان هەبوو، وانەیەک ڕۆیشت، وانەی دووەمیش کاتژمێر (١٢:٣٠) دەستیپێدەکرد. واتە هەتا سێ کاتژمێری تر دەبووایە بە دەستبەتاڵیی لە ناو کۆلێژ هاتوچۆم بکردایە. لەمە ناخۆشتر ئەوەبوو: وانەی دووەم لە قاتی دووەم بوو، کە نەمدەتوانی بچم بۆ ئەوێ. ئەوەندەی لە کۆلێژ بووم کۆمەڵێک جار درۆمکردووە، خۆ نە فریشتەم و نە مرۆڤێکی فریشتەئاسا. لەوانەیە پێویستبووبێت، یان بە مەبەست درۆیەکم کردبێت. زۆرترین درۆ کە کردوومە ئەوەبووە گوتومە: (نا، ئاوا ئاسوودەترم). ئەو درۆیەش لە وەڵامی ئەو پرسیارەوە دەهات کە لە شوێنێک هەندێک قوتابی هەبوون، یان قوتابییەک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، دەیانگوت وەرە دابنیشە. منیش دەمگوت: نا، ئاوا ئاسوودەترم. واتە وەستان بەپێوە. ئاخر نەمدەتوانی دابنیشم، ئەگەر لە شوێنێک دانیشتبام لەوانەبوو بە هاوکاریی ئەوانیش نەتوانم هەڵبستمەوە، چونکە دەرەوە زۆر جیاوازبوو لە هۆڵەکانی وانەخوێندن.

هەرچۆنێک بێت بە پیاسەکردن و قسەکردن و خۆخەریککردن بە مۆبایلەوە بوو بە کاتژمێر (١٢). نزیکەی سێ کاتژمێربوو لەسەر قاچەکانم وەستابووم، هەستمدەکرد وا قاچەکانم خەریکن توشی ئازار دەبن و ئارامییم دەبەن. هاوپۆلەکانیشم یەک لەدوای یەک دەڕۆیشتن بۆ هۆڵی وانەی دووەم لە سەرەوە. ئیتر منیش بە تەنها مامەوە. چوومە گەراج و لە ناو ئۆتۆمبێلەکان وەستابووم. لە فەیسبووکەوە قسەم لەگەڵ (مینا) دەکرد، ئەو لە شارێکی تر بوو، دوای تەواوکردنی پۆلی (١٢) ناسیبووم، زۆربەی هاوڕێکانمی دەناسی (ئاسیا، مێلیسا، ڕاز و شازیار)، باسی ئەوانەم بۆ کردبوو. ئەوانیش مینایان دەناسی هەموو کات دەیگوت: ئەو کەسانەی لە چواردەوری تۆن زۆرم خۆشدەوێن، چونکە ئەم شتانەی من ناتوانم بۆت بکەم و یارمەتییت بدەم، ئەوان بۆت دەکەم. ئەویش وانەی نەبوو و بە تەنها لە کافتریا دانیشتبوو، پاش کەمێک ئەویش ڕۆیشت.

سەرەتای ساڵی نویٚ بوو، زستانە و هێشتا ڕۆژ درێژنەبۆتەوە. کاتژمێر یەک بوو، براکەم پەیوەندیی کرد و گوتی: من لە کارم، کەی تەواوبوون چاوەڕوانم بکەن، نازانم کەی دێمەوە. تەنها یەک شوێن هەبوو هەندێکجار لێی دادەنیشتم و دەمتوانی لێی هەڵبستمەوە بەبیٚ یارمەتیی هیچ کەسێک، شوێنەکە لەبن دیوارێک لە شێوەی قەنەفەیەک چاککرابوو، هاوشێوەی ئەو قەنەفەیەی لە ماڵەوە لەسەری دادەنیشتم. بەڵام شوێنەکە زۆر چۆڵبوو، هیچ کات نەمدەبینی قوتابییەک بەوێدا تێپەڕببێت، لەبەرئەوە کەم دەچووم بۆ ئەویٚ، دەترسام جارێک بکەوم، یان شتێکم بەسەربێت بە تەنها و دەنگم نەگات بە هیچ کەسێک. ئازاری قاچم هێندە زۆربووبوو، لەبەرئەوە بەبیٚ بیرکردنەوە چووم بۆ ئەو شوێنە دانیشتم. کەش و هەوا زۆر ساردبوو، بەڵام بارانەکە وەستابوو.

کاتژمێرێک زیاتر لەم شوێنە دانیشتم. ئامۆزاکەم کە لەگەڵ ئێمە هاتوچۆی دەکرد، پەیوەندیی کرد و گوتی:

- لە کۆلێژی تۆم، کەی دەڕۆین و لەکوێیت؟

- جاریٚ ناڕۆین، برام چووەتە کار. پێموت لەکویٚ دانیشتووم هەتا بێت بۆ لام. پاش چەند خولەکێک هات بۆ لام، دوو چا و دوو لەفەی هێنابوو.

- نانت خواردووە؟

- نا. ئیتر ئەوەی بۆی هێنابووم پێیدام و دەستمان بە خواردن کرد. خۆی باش دەیزانی نانم نەخوردووە، بەڵام پرسی. هەندێک مرۆڤ هەن هەر چاوەکانت ببینن هەست بە هەموو ڕازە نەوتراوەکانت دەکەن. کەمن ئەم مرۆڤانە، بەڵام ئەمانەی هەن زۆر تایبەتن. هەموو کات کەسی ئاوامان دەست ناکەوێت، خۆشبەختیی ئەوەیە کەسی ئاوات هەبێت و ئەو کەسە لێتەوە نزیکبێت. هەموو کاتیش نەبێت زووزوو ببیینیت. هەندێکجار دادەنیشیت کەسێک دەکەیت بە هاوڕاز و هاوزار ماوەیەکی زۆر قسەی بۆ دەکەیت، بەڵام دواتر تێدەگەیت ئەو کەسە نەبووە کە شایەنبێت گوێت بۆ بگرێت و لێت تێناگات، چونکە بەم هەموو قسەکردنەت هیچ شتێک نەگۆڕا. کەچی کەسانێک هەن کە ئەهلی دڵن، تەنها بە نیگایەکی چاوەکانت

هەست بە هەموو شتێک دەکەن. پێویست ناکات خۆت ماندووبکەیت و قسەبکەیت.

کاتژمێر سێ بوو ئامۆزاکەم گوتی با بڕۆین بۆ لای دەرگای دەرەوە. هەر ئەو کاتیش پەیوەندیی بە براکەمەوە کرد. براکەم گوتی: - کەمێکی تر دێمەوە. ئەم کەمەیە بوو بە نزیکەی دوو کاتژمێر! بەیەکەوە بە پیاسەکردن بۆ دەرەوە دەچووین. هیچ قوتابییەک لە کۆلێژ نەبوو جگە لە ئێمە، چونکە دەمێکبوو دەوام تەواوبووبوو. لەم کاتەدا یەکێک لەم پاسەوانانەی لەبەر دەرگای کۆلێژ کاریدەکرد کە لە ناو کۆلێژ ئێمەی بینی، گوتی:

- بەم کاتە چی دەکەن لێرە؟ دەوام تەواوبووە بۆ نەڕۆیشتوونەتەوە؟

- ئەو کەسەی هاتوچۆی لەگەڵ دەکەین لە کارە، هێشتا نەهاتووە بەدوامادا. بە توڕەییەوە وەک بڵێیت تاوانێکمان کردبێت گوتی:

- بڕۆن لەبەردەرگای دەرەوە چاوەڕوانی بکەن. لەناو کۆلێژ مەمێنن. ئەمڕۆ تاوانێک کرابوو لە ناو کۆلێژ، پێم وابێت کچێک شەرەف و جەستەی خۆی بە کوڕێک دابوو، لەبەرئەوە لە هەموو کۆلانێکی کۆلێژ پاسەوانەکان دەبیندران. ئێمەش چووینە دەرەوە، بارانێکی ورد دەباری، مرۆڤی تەڕنەدەکرد، بەڵام بوونی دیاربوو. کات دەڕۆیشت و ئێوارە و تاریکیی شاریان داپۆشیبوو، کەچی براکەم هەر نەهات. قوتابییانی دەوامی ئێواران دەرکەوتن، کاتی وانەکانیان بوو، بەڵام ئێمە هێشتا لەوێ بووین. دووبارە ئازار، قاچەکانم هیچ هێزێکیان تێدانەمابوو. لەتاو ئازار و هێندەی لەسەریان بووەستم دەلەرزین. لەکۆتاییدا (٢٠) خولەک بەر لە بانگی مەغریب براکەم هات! کە گەیشتینەوە ماڵەوە شەوبوو. نانم خوارد و بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بکەم خەوم لێکەوت. زیاتر لە شەش کاتژمێر لەسەر قاچەکانم بووم، خودا، ئەو مرۆڤانەی تەندروستن بەرگەی ئەوە ناگرن، ئەی قاچەکانی من چۆن بەرگەیان گرت؟ ئەوە یەکەم و کۆتاجاریش نەبوو ئاوابم، لە هەر چوار ساڵ چەندین ڕۆژم ئاوا بەڕێکردووە.

هەر شوێنێک باسی کتێب، بۆنی کتێب، یان هەر شتێکی لێبێت پەیوەندیی بە کتێبەوە هەبێت حەزم لێیە لەو شوێنە ئامادەبم. ڕۆژێک نەچووبووم بۆ دەوام ئاسیا نامەی نارد و گوتی:

- ئەمڕۆ یەکێک لە مامۆستاکان باسی کتێبی دەکرد لێی پرسین ئاخۆ چەند دەخوێنینەوە و کێ دەخوێنێتەوە؟ زۆر حەزمدەکرد لێرەبایت. بۆی باسکردم کێ قسەیکردووە و کێ گوتویەتی دەخوێنێتەوە و چەند دەخوێننەوە. زۆرم پێ ناخۆشبوو کەوا لەوێ ئامادە نەبووم، بەڵام هیچیش نەدەکرا. هەر ئەو ڕۆژی قوتابییەک ڕەسمێکی لە ستۆریی ماسنجەرەکەی دانابوو کەوا کتێبخانەیەکی گەڕۆک هاتبوو بۆ کۆلێژ، منیش ڕەسمەکەیم برد و لەسەری نووسیم: "ئەو کاتانەی من لەوێ نیم، شتە جوانەکان ڕوودەدەن". لە لای خۆم بڵاومکردەوە.

ڕۆژی دواتر چووم بۆ کۆلێژ و هاوڕێکانمم بینی. دڵخۆشبووم بە بینینیان، ئاسیاشم بینی، ئارامیی بوو بۆ گیانم. دواتر چووم بۆ لای کتێبخانەکە و کاتژمێرێک زیاتر لەوێ بووم و چەند کتێبێکم کڕی. دوای نیوەڕۆ چووم بۆ گەراجەکە و لەوێ بە تەنها پیاسەمدەکرد. وێنەی یەکێک لە کتێبەکانم گرت و لەسەری نووسیم: "دیاریی خۆم بۆ خۆم"، لە ستۆریی دامنا. دواتر ئاسیا و هاوڕێکانی هاتن بۆ لام، ناوی کتێبێکم بە ئاسیا گوت. پێمگوت:

- دواتر ئەگەر چوویتەوە لای کتێبخانەکە ئەو کتێبە بکڕە و شەو نامەیەکت بۆ دەنێرم لەسەر کتێبەکە بینووسە و بیدە بەو هاوڕێیەم بە ناوی منەوە. ئەوکات ماوەیەک بەسەر ئەوەدا ڕۆیشتبوو کە یەکێک لە تایبەتترین کتێبەکانی ژیانمم پێشکەشی ئاسیا کردبوو. بێگومان شایەنی زیاتریش بوو ئاسیا.

لە وانەیەک کەوا زۆربەمان نمرەمان خراپبوو مامۆستاکە گوتی ڕاپۆرتم بۆ بکەن نمرەتان پێدەدەم، بەڵام ئەوەی کێشەبوو بۆ زۆربەی قوتابییەکان، ئەوەبوو کەوا وانەکە بە زمانی ئینگلیزیی بوو. من لە زمانی ئینگلیزیی باشتربووم لە قوتابییەکانی تر، بەڵام نازانم بۆچی لەو تاقیکردنەوەیە نمرەی پێویستم نەهێنابوو. لەبەرئەوە منیش دەبووایە وەک قوتابییەکانی تر ڕاپۆرتەکە ئامادەبکەم. ڕۆژێک چوومە لای مامۆستای وانەکەم و پێمگوت:

- تەنها دەبێت ڕاپۆرت بکەین، یان سیمینار و توێژینەوەش دەبێت؟

- هەرچی دەکەن بیکەن، گرنگ سوودی هەبێت.

هەر ئەو ڕۆژی دوای ئەوەی لە لای مامۆستا هاتمەوە قسەم لەگەڵ ئاسیا و موحەممەد کرد و پێمگوتن ئەگەر یارمەتییم بدەن دەمەوێت سیمینارێک بکەین بۆ مامۆستا. (موحەممەد) لە گرووپێکی تر بوو، بەڵام هاوڕێیەکی نزیکمان بوو و هەر لە قۆناغی یەکەمەوە ناسیبووومان. هەردوویان بۆچوونەکەیان قبوڵکرد و گوتیان ئەوەی لە توانای ئێمەدابێت یارمەتییت دەدەین. ئەوەبوو نزیکەی هەفتەیەک بە ئامادەکردنی سیمینارەکەوە خەریکبووین. دوای ئەوەی هەموو شت ئامادەبوو، قسەمان لەگەڵ مامۆستا کردەوە ئەویش لە وانەی ڕۆژی دووشەممە یەک کاتژمێری پێداین. سەرکەوتووانە سیمینارەکەمان پێشکەشکرد و هەر یەکێکمان (١٠) نمرەمان وەرگرت، کەوا ئەو نمرانە بووە هۆکاری دەرچوونمان لەو وانەیەدا.

یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی موحەممەد ئەوەی بە ئاسیا گوتبوو کەوا موحەممەد ئاسیای خۆشدەوێت، بەڵام موحەممەد خۆی هیچ کات نەیتوانی بە ئاسیا بڵێت، کەوا خۆشیدەوێت و چ هەستێکی بۆی هەیە. کەچی من و ئاسیا و هاوڕێکانی ئاسیا ئاگاداری ئەو شتە بووین. ئەوەی کەمێک وردبایە هەستی بەم شتە دەکرد، تەنانەت ڕۆژێکیان شازیار خوشکە بچووکەکەی خۆی هێنابوو بۆ زانکۆ، لە دراما تورکییەکانەوە هەموو شت فێربووبوو، گوتی ئەرێ ئەوە ئەم کوڕە دەڵێیت عاشقی ئاسیایە بۆ ئاوا هەر سەیریدەکات! مەبەستی موحەممەد بوو. دوای ئەوەی ئاسیا بە هەستەکانی موحەممەدی زانی و هەمیشە دەیگوت دەبێت کەی بوێریی پەیدابکات و خۆی شتەکانم پێبڵێت. هەر وەک هاوڕێش بەردەوامبوون و قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. جارجارەش باسی کتێبیان دەکرد پێکەوە. موحەممەد هەر بە هۆی ئاسیاوە بووبوو بە کەسێکی خوێنەر و کتێبی دەخوێندەوە، بە تایبەت کتێبێک کەوا ئاسیا بۆی پێشنیازبکردایە. کوڕێکی زۆر باش و ڕێک بوو. لە ناو هەموو هاوڕێکانماندا خۆشەویست بوو، کەسێکی تێگەیشتوو بوو و زمانێکی باشی هەبوو بۆ قسەکردن، بەڵام ئێستاش نەمزانی هۆکار چی بوو نەیتوانی هەستەکانی دەرببڕێت.

واتە ئەمەش هەر بێئەنجام دەرچوو و نەگەیشت بە دڵی ئاسیا، ئاسیاش دەویست هەر وەک هاورێ بەردەوامبن و هەر ئاواش بوو، خۆ ئەگەر داوای خۆشەویستیی لێبکردایە، بێگومان ئاسیا ڕازی نەدەبوو و ئەویش هیچی دەست نەدەکەوت.

هەر لەو ساڵەدا دوای ئەوەی ئاسیا ئادەمی ڕەتکردەوە، نازانم هەر لەبەر ئەوەبوو، یان چی، بەڵام دوای ئەو ڕازینەبوونە و ونبوونی ئادەم، مێلیساش دوورکەوتەوە، بەجۆرێک لە من و ئاسیا دوورکەوتەوە کەوا سڵاوکردنیشی لەگەڵمان نەما. من چوار ساڵ زیاتر بوو دەمناسی، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. وەک ئەوەی نەمناسێت ئاوا منیش بووم بە نامۆ لە لای. لە کۆتایی قۆناغی سێیەمەوە مێلیساش ونبوو بۆ ئەبەد و هەر دەنگیشیم نەبیستەوە، تەنها جارجار جەستەیم دەبینی، جەستەیەکی بێڕۆح و بێبەش لە میهرەبانیی. منیش سوپاسی خودام دەکرد بۆ نەمانی مێلیسا، چونکە پێم وابوو شایەنی ئەو خۆشەویستییە نەبوو و پاش ماوەیەک لە ونبوونی لە دڵیشمدا نەما.

جگە لەو سیمینارەی کردمان دوو مامۆستای تریش داوای ڕاپۆرتیان لێکردبووین، هەر لەو ماوەیەی کەوا خەریکی ڕاپۆرتەکانی خۆمان بووم، ئاسیا گوتی:

- ئەو کچەی هاورێی کە لە قۆناغی دووەم داوای لێبوردم لێکرد کە ناوی ئاواز بوو لە بەشێکی تر دەیخوێند، ڕاپۆرتێکی دەوێت ئەگەر بتوانم بۆی ئامادەبکەم. منیش داوام لێکرد گرووپچاتێک دروستبکات، هەتا لەگەڵ ئاواز قسەبکەم. ئیتر دروستیکرد و ماوەیەکی باش خەریکمبووم هەتا ڕاپۆرتێکم بۆ کرد، ڕاپۆرتەکەی ئاواز بە زمانی عەرەبیی بوو.

لە بەرانبەر ماندووبوونی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا گوتی:

- تۆ و ئاسیا دەعوەتدەکەم لە کافتریای کۆلێژ.

- سوپاس من هیچ کات ناچمە کافتریا و پێویست ناکات.

دواتر ئاسیا پێیگوتبوو کەوا حەزم لە کتێبە، ئەویش قەولیدابوو کتێبێکم بۆ بکاتە دیاریی، بەڵام کۆلێژیش تەواوبوو و من ئەو کتێبەم هەر نەبینی. هاوینەکەی دوای تەواوبوونی قۆناغی سێیەم چەند جارێک کارم پێی هەبوو، ئەویش بەپێی توانای خۆی یارمەتییدەدام. کەسێکی باش بوو، هەر ئەو چەند جارەبوو چیتر قسەم لەگەڵ ئاوازدا نەکردەوە. بەو یارمەتییانەی کەوا هاوینەکە بۆ مەشقی هاوینە یارمەتییدام، حەقی ڕاپۆرتەکەی بۆ قەرەبووکردمەوە، چونکە لە چەند کێشەیەک و کاری گرنگ یارمەتییدام.

# نامەیەک بۆ گەشبیر ئەحمەد

یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم بوو، سەرەتای هاوین بوو و دونیا زۆر گەرم بووبوو، لە هۆڵی تاقیکردنەوە هاتینەدەرەوە. دوای ئەوەی هەندێک قسەکرا لەسەر ئەوەی چۆنمان وەڵامداوەتەوە و پرسیارەکان چۆن بوون، بە گشتیی زۆربەی قوتابییەکان لەم وانەیەدا باشیان وەڵامدابوویەوە. دوای ئەوە من و ئاسیا و شازیار چووین بۆ گەراجەکە بۆ ئەوەی ئەزبەرییەک بخۆین و کەمێک ناخمان فێنکبکەینەوە و ماندووبوونی گەرما و تاقیکردنەوە لە جەستەماندا دەربکەین. چووین بۆ لای ئەزبەرییفرۆشەکە، ئەزبەرییفرۆشەکەی بەردەرگەی کۆلێژمان کوردێکی ڕۆژئاوابوو بوو. هەندێکجار ئەگەر قوتابییەک بە تەنها لە لای بووایە، دەردەدڵی لە لای قوتابییەکە دەکرد و باسی خۆی بۆ دەکرد. نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو کۆلێژ تەواو چۆڵبووبوو، چوومە لای و بە تەنها دانیشتبوو. منیش چاوەڕوانی ئەوەبووم کە قوتابییەکانی تر تەواوبن و بەدوامدا بێن، بۆ ئەوەی بۆماڵەوە بگەڕێینەوە. ئەزبەرییەکی هەزاردیناری تامی پرتەقاڵی بۆ تێکردم و دانیشتەوە. منیش لای وەستابووم و ئەزبەرییەکەم دەخوارد. مامەی ئەزبەرییفرۆش گوتی:

- سەیری ژیان بکە، چەند ساڵێک لەوەوپێش لە ناو ماڵی خۆمدا لە ناو نیشتیمانی خۆمدا بە ئاسودەیی دەژیام. لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شارەکەی خۆم مامۆستای جوگرافیا بووم، بەڵام سەیربکە ڕۆژگار چی لە ئێمە کرد، لە مامۆستایەتییەوە بۆ ئەزبەرییفرۆشتن! براگیان کە وا دەڵێم وامەزانە نارازیم لە ئەزبەرییفرۆشییەکەم. نا، بەپێچەوانەوە زۆر لێیرازیم. ماندوویکردووم، بەڵێ چاک ماندوویکردووم، بەڵام هەر

کارەکەمم خۆشدەویت. ئەو کارەیە وادەکات پارووەنانێکی حەڵاڵ لەبەردەم منداڵەکانم دابنێم. لە سەرمادا پاقڵە و شێلمی کوڵاو دەفرۆشم، لە گەرمادا ئەزبەریی و ئاوی سارد لەگەڵ شیرینییەکی تاڵ دەفرۆشم. شیرینییەک کەوا ڕۆژگار تاڵیکردووە. دڵخۆشم بەوەی بە فرۆشتنی ئەم شتانە چێژێک بە قوتابییەکانی ئێرە دەدەم، دڵخۆشدەبم کەوا دەبینم قوتابییەکان بە تامەزرۆییەوە بۆ لام دێن. هەر خودا دەزانێت چەند دڵخۆشدەبم کەوا دوو هاوڕێ داوای ئەزبەریی دەکەن و یەکێکیان دەڵێت من پارەکەی دەدەم، ئەوەی تر دەڵێت نا، من. لای من لەم ڕۆژگارەدا لەم گەرمایەدا فێنککردنەوە ڕۆحی کەسێک چاکەیە.

براگیان باوەڕم پێبکە ئەو پیشەییەی خۆم هێندە خۆشتدەوێت کەوا یەک ڕۆژی ناگۆڕمەوە بە مووچە و هەموو شتێکی ئەم دکتۆر و پرۆفیسۆرانەی لە ژوورەوە بەناو ئێوە فێری زانست دەکەن. ئەوان ئەگەر بەخۆیاندابچنەوە ئەوەندە بەسە بۆیان کەوا قوتابییەکان دەبینم لێرە ڕۆژانە هەزاران نەفرەتیان بۆ دەنێرن.

من و شازیار لە ناو گەراجەکە وەستاین و ئاسیاش ڕۆیشت سێ ئەزبەریی بۆ هێناین. وەک هەمیشە ئەزبەریی پرتەقاڵ بۆ من. لەگەڵ خواردنی ئەزبەرییەکەدا خەریکی گفتووگۆ بووین و باسی تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانی داهاتوومان دەکرد. پێمگوتن:

- دە توخوا واز لە باسی تاقیکردنەوە بهێنن لە هەموو شوێنەک و هەموو کاتێک هەر باسی ئەوەیە، هێندە گرنگ نییە.

- چۆن گرنگ نییە، من دەترسم بکەوم، دەبێت بخوێنم نمرەکانم هیچ باش نین.

- دووبارە بەزمەکەیە، هەمان قسە و دواتریش پێش هەمووان دەردەچیت.

- وایە، وایە، من لە ئێستاوە دەرچووم، دەمەوێت لە ئێستاوە هەندێک کتێب بکڕم بۆ ئەوەی لە پشووی هاویندا خوێنەریان ببم.

- ئافەرین، کارێکی باش دەکەیت. دەتوانیت هەندێک کتێب لە شازیاریش وەربگریت.

- هههههـ چییە کاکە تانەم لێدەدەیت!

- نا کاکەگیان، ئەمە چوزانێت کتێب بخوێنێتەوە.

- ڕۆژی ئەویش دێت و فێردەبێت، بەڵام ئاسیا ئەگەر کتێبت کڕی، ئێمەش لەبیرمەکە.

- خەمت نەبێت. بەوە ئەو دوو کتێبەم بیرکەوتەوە "نزاکانی دایکم و بۆنی دایکم"، کە بە بۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونت بۆت کرانە دیاریی. خوێنەریان بوویت؟ چۆن بوون؟

- ئەم دوو ناوە جوانە، کێ بۆی کردی بە دیاریی؟

- ڕاز پێیدا، ئاگادابووم.

- دەستەکانی خۆشبێت، بەگوێرەی ناویان شتی ناوازە دیارن. بە ڕاستیی ڕاز کچێکی زۆر باشە و چەندە باسیبکەیت هێشتا کەمە. ڕاستە من زۆر تێکەڵی نەبووم و هەستان و دانیشتم کەمە لەگەڵیدا، بەڵام مرۆڤێکە لە دوورەوە هاواردەکات هەستە باشەکانی بۆ کەسێک ئەگەر هەستیانپێبکات. دەزانن زۆرم خوشدەوێت، کچێکی بێدەنگە و حەزناکات تەداخولی هەموو شتێک بکات، کەوا پەیوەندیی بەوەوە نییە. هەتا بڵێیت ئەو کچە عاقڵ و شیرینە.

- قوربانی ئەو وەسفەت بم گوڵ شازیار، تەنها تۆ مرۆڤ دەناسیت. بەڵێ، ئاسیا خوێنەری هەردووکیان بووم، لەمێژە بەر لە بەهارێ، هەر ئەو کات ویستم نامەیەکیش بۆ نووسەرەکە بنێرم، بەڵام ئەو کات نەکرا، لەبەرئەوە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا دەستمکرد بە نووسینی و دوو ڕۆژ لەوەوپێش تەواومکرد و لە فەیسبووم بۆم نارد.

- جا وەڵامیدایتەوە؟

- بەڵێ، دوێنێ شەو وەڵامی دامەوە و نامەکەی خوێندەوە.

- جا کوا نامەکە و وەڵامەکەشی ببینین.

- باشە، نامەکە هێندە زۆر نییە، ئەگەر دەڵێن بۆتان دەخوێنمەوە، بەڵام شتێک ئاسیا بەرلەوەی بیخوێنمەوە ئەرک نەبێت هەر لێرە لای ئەزبەرییفرۆشەکە ئاوێکی ساردم بۆ بهێنە.

- بەسەرچاوم.

- ئێهـ گوڵبرا ئەوە ئاوەکەشمان خواردەوە، ئێستا نامەکەمان بۆ بخوێنەرەوە.

- نا، سامی کوا مۆبایلەکەت، پێمبدە من بە دەنگە ناخۆشەکەم بۆتان دەخوێنمەوە.

- فەرموو، لە ماسنجەر برۆ ناو چاتی گەشبیر ئەحمەد، نامەکەی من و وەڵامی ئەویشی لێیە.

- باشە، فەرموو گوێبگرن، ئێوە و نامەیەک بۆ گەشبیر ئەحمەد هههههـ

**"بۆ گەشبیر ئەحمەد...**

**نامەیەک بۆ مرۆڤێکی دوور بە جەستە، بە دڵیش لە ناو نیشتیمانی وێران دەژی. مامە، دوێنێشەو دوای تەواوکردنی "بۆنی دایکم" بڕیارمدا نامەیەکت بۆ بنووسم، نامەیەک وەک نامەکەت بۆ ماریا، نازانم پێتدەگات، یان نا، بەڵام هیوادارم بگات.**

**سڵاو مامە گەشبیر، تەمەنت (١٠) ساڵێک زیاترە لە من، لەبەرئەوە بە مامە ناوتدەبەم، باشە؟**

**مامە، من کاتێک ئازارەکان دەنووسمەوە دەگریم، تۆ هێندەت ئازار نووسیوەتەوە فرمێسک ماوە لە چاوانت؟ چاوە جوانەکانت وشک نەبوون؟**

**خۆ من هەموو کات سوپاسگوزارم، خۆم هەموو کات دەگریم، دەزانم گریان چ نیعمەتێکە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە، بەڵام چی ئێمەی مرۆڤ هەر**

**نامانەوێت گریان و فرمێسکی ئازیزانمان ببینین. بگرین، بەڵام تکایە زۆر مەگرین...**

**هەرچەندە کۆمەڵێک ڕووداو هەیە لە دوای کۆتادێرەکانی "بۆنی دایکم" حەزدەکەم بیانخوێنمەوە و بزانم چی دەبێت، بەڵام پێدەنێم بەسەر حەزەکەمدا و دەڵێم ئەگەر وەک من دەگریت چیتر مەنووسە، با چاوەکانت سەلامەتبن. ئاخر لێرەوە هەستم بەو ئاگرە گەورەیە دەکرد لە ناخت کە دەبووایە خۆت لە سامان بەدووربگریت، لەبەر هەواڵی باوکی، ئەو ئاگرەی خراپتر و بەتینتر بوو لە ئاگری بیرەنەوتی دزەکان.**

**گەیشتن بە کتێبەکانت کاتی ویست، ماوەیەکی زۆربوو ناویانم دەبیست و ڕەنگیان نەبوو و دەستم پێیان نەدەگەیشت، هەتا ئەو کاتەی فەرهاد ماڵی وەفایی سووتاند. ئەو فەرهادەی کەسانێک پێیدەڵێن شێت، توخوا مامە فەرهاد لە شێت دەکات؟ من پێم وایە ئێرە لە چەند فەرهادێکی کەمە، پڕبەدڵ خۆشمدەوێت. ئاخر گەورەترین زاناکانی دونیاش بهێنیت بۆ ئەم کۆمەڵگەیە، هەر وەک فەرهادیان لێدێت، خۆ شێتیش نییە، ئەگەر هەموو کورد شێتبێت، ئەو شێت نییە. بە زمانی ئەو کۆمەڵگەیە، شێتێک دەیان کتێبی هەیە هههههههه.**

**ئەو کتێبخانەیەی کە سووتا، کتێبەکانیان وەک خەیار و تەماتە لەسەر شەقام هەڕاجدەکرد، چەندە حەزمدەکردم بچم، بەڵام نەمدەتوانی لەبەر نەخۆشییەکەم. بە دونیایەک ڕجا و تکاکردنەوە براکەمم ڕازیکرد هەتا ڕۆیشت بۆ ئەوێ، چەند کتێبێکم دەویست هەبوون، پێمگوت هەندێک وێنەشم بۆ بنێرە، بزانم چی هەیە، وێنەکانم بۆ هات، لە یەکێک لە وێنەکان "خوێنەکەی بەرپێی سنەوبەر" هەبوو، داوامکرد، ئەویش بۆی هێنام.**

**کە براکەم هاتەوە ماڵەوە کتێبەکانی هێنایەوە، کتێبەکان بۆنی ئاگریان لێدەهات، ئەوەی تۆش سووتا و ڕەش بووبوو، بۆنێکی تیژی لێدەهات، بۆنی ئاگر. پێمگوت قەینا یادگاریی ئاگرەکەی فەرهادە.**

**پاش چەند ڕۆژێک کتێبەکەتم خوێندەوە، بە ڕۆژ و شەوێک تەواومکرد. هەرچەندە قەبارەشی گەورەبوو، ڕووداوەکان، دێرەکان، کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە، هەموویان مرۆڤیان هۆگری خۆیان دەکرد. مرۆڤ حەزیدەکرد بەبێ وەستان لاپەڕە دوای لاپەڕە بخوێنێتەوە. پڕبوو لە جوانیی و سادەیی. ئاخر بە زمانێکی هێندە سادە و جوان نووسراوبوو، بەبێ گرێ دێڕ دوای دێڕ خۆی دەڕۆیشت. دوای تەواوکردنی کتێبەکە تۆم خۆشویست، پێشتریش خۆشمدەویستن، بەڵام وەک ئەو کات نا.**

**ئەها لە هاوینی ساڵی ڕابردوو هاتیتەوە، هاتیت بۆ هەولێر، کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی "بۆنی دایکم"ت بەڕێوەبرد. هەر لەگەڵ کۆڕەکەت، وابزانم گرووپێکی زمانگیریش کە بەشێک لە هاوڕێکانمی لێیە چالاکییان هەبوو لەوێ، لەگەڵ کۆڕەکەی تۆدا. زۆر حەزمدەکرد لەوێدا ئامادەبم هەم لەبەر تۆ، هەم لەبەر هاوڕێکانم. بەڵام بەداخەوە کۆڕەکە ڕۆیشت و کتێبەکەشم دەست نەکەوت. هەر خودا دەزانێت کە کتێبێکم دەوێت و دەستم ناکەوێت، دڵم بۆی چەندە تەنگدەبێت. باوەڕبکەن نزیکەی سێ ساڵ دەبێت بەدوای کتێبێکەوەم دەستم ناکەوێت.**

**هەتا مانگی (١٠)ـش لە چەند داشکانێکی کتێبخانە جیاوازەکان دەستم نەکەوت. یان نەیانبوو، یان بەرگێکیان هەبوو، بەڵام من هەردوو بەرگم دەویست "نزاکانی دایکم و بۆنی دایکم". ساڵی نوێی خوێندن هاتەوە، کە تازە نیوەی ڕێگەکەمم بڕیبوو لە زانکۆدا، ماوەیەک دەوامامان کرد، ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکم وەستابووم، گوتی:**

**- ڕۆژی لەدایکبوونیشت نزیکە.**

**- کوا کەیە؟ خۆم کاتەکەم دەزانی، بەڵام بۆ دڵنیابوون لەوم پرسی.**

**- ٣ـی نۆڤێمبەری جوان و ئارامبەخش.**

**- نا نا، دەزانیت ئافەرین، بەڵام مەبەستت چییە لە نۆڤێمبەری جوان؟**

**- مەگەر دەکرێت ڕۆژی لەدایکبوونی تۆ لەبیربکەم، نۆڤێمبەریش لەبەرئەوە جوانە، چونکە تۆ تێدا لەدایکبوویت. دەمەوێت کتێبێکت بۆ بکەمە دیاریی، لەو ڕۆژەدا چ کتێبێکت دەوێت؟**

**- هەر چییەک بێت و ئەوەی خۆت پێتباشبێت، شتێکی دیارییکراو نییە حەزم لێیبێت.**

**- نمونە چ کتێبێک هەیە حەزت لێیبێت و نەتبێت، یان هەتا ئێستا دەستت نەکەوتبێت، من بۆت دەهێنم ئەو دەرفەتە لەدەست خۆت مەدە.**

**- ئەوەی ڕاستیی بێت هەرچی حەزم لێیبووبێت دەستمکەوتووە، جگە لە کتێبێک، کە ماوەیەکی زۆرە دەمەوێت، بەڵام دەستم ناکەوێت، چاپی نەماوە لە بازاڕدا.**

**- باشە، ناوەکەم پێ بدە من ئەوەت بۆ دەهێنم.**

**- بەدڵی خۆت بکە، هەرچەندە دەشزانم دەستت ناکەوێت.**

**یەک ڕۆژ مابوو بۆ ڕۆژی لەدایکبوونم، چووم دەستکاریی فەیسبووکم کرد، وامکرد کەوا فەیسبووک بیری کەس نەهێنێتەوە، کە ڕۆژی لەدایکبوونمە. ئیتر ڕۆژی دوایی یەک کەسیش ئاگادارنەبوو بەوەی ڕۆژی لەدایکبوونمە، تەنانەت دایەش. دواتر هاوڕێکەم ئەوەی قەراربوو کتێبەکەم بۆ بهێنێت، واتە پاش چەند ڕۆژێک دوای (٣)ــی مانگ گوتی لەبیرمبوو، بەڵام هیچم نەگوت، چونکە ویستم سوپرایزێکت بۆ بکەم، بەڵام ڕێک نەکەوت، لەبەرئەوە هیچیشم پێنەگوتیت. ڕۆژەکە تێپەڕی و کەسیش ئاگادار نەبوو، ڕۆژێکی چەند درێژبوو مامە...**

**پاش چەند ڕۆژێک هاوڕێکەم نامەیەکی نارد و گوتی:**

**- هەموو هەولێر گەڕاوم ئەو کتێبە دەست ناکەوێت، شتێکی ترم پێبڵێ، با بۆت بهێنم.**

**- نا، لێیگەڕێ قەینا. بەڵام ئەو پێداگریی کرد، منیش هەندێک بیرمکردەوە و ناوی "بۆنی دایکم و نزاکانی دایکم"ـم پێدا. کتێبخانەی مەم و زینیش ئەوکات لە لای کۆلێژەکەمان بوو، شەو بوو، نامەم بۆیان نارد، گوتیان تەنها یەک بەرگیمان هەیە. گوتم ئەگەر هەردووکی هەبێت با هاوڕێکەم هەر لەوێوە بچێت بیانهێنێت، بەڵام بەداخەوە نەبوو. ڕۆژی دواتر لە کۆلێژ بەیانییەکەی بە هاوڕێکەمم گوت: لە مەم و زین هەردوو بەرگی کتێبەکە نەبوو.**

**- ئاساییە، لە دەرفەتێکدا دەچم لە لای قەلات دەیانکرم.**

**هەر ئەو ڕۆژی لە ڕێستێکدا، مۆبایلەکەمم دەرهێنا و خەتەکەمم کردەوە و سەیرمکرد کتێبخانەی مەم و زین نامەیان ناردبوو، گوتیان بەرگەکەی تریشمان هەیە. منیش بە هاوڕێکەمم گوت. ئەویش لە ڕێستێکدا ڕۆیشت بۆ لایان، بەڵام بەدەستی خاڵیی گەڕایەوە و گوتی کتێبخانەکە داخرابوو، ڕۆژێکی تر دەچمەوە. پاش دوو ڕۆژ دووبارە ڕۆیشتەوە و کتێبەکانی هێنا، بەڵام هەر ئەوکات پێی نەدام، بەڵکوو نزیکەی پاش هەفتەیەک لە زەرفێکی پێچراو، لە ڕۆژێکی باراناویی جواندا پێیدام. ڕۆژەکە خۆی جوانبوو، لەگەڵ دیارییەکانی ئەو جوانتربوون.**

**پاش نیوەڕۆ لە کۆلێژ هاتمەوە، لە ماڵەوە نانم خوارد و زەرفەکەم کردەوە، سەرەتا "بۆنی دایکم" لەسەرەوەبوو، نامەیەکی جوانی لە سەرەتاکەی بەدەستنووسی خۆی نووسیبوو. گوڵێکی زەردیش کە گوڵە دڵخوازەکەی منە لەگەڵ گەڵایەکی دار لە ناوەڕاستی کتێبەکەدا بوو. ئای خودایە، دڵم چەندە خۆشبوو! کتێبی دووەم "نزاکانی دایکم" بوو، لە پەڕەی یەکەم گوڵێکی بەیبوون و لە پەڕەی دووەم نامەیەک جوانتر لە نامەی یەکەم و لە ناوەڕاستیشەوە گەڵای دارێک. ئای خودایە، چەندە جوان بوون! چەندە دڵخۆشبووم پێیان!**

**- مامە، باوەڕدەکەیت هەتا ئێستاش نەمتوانیوە سوپاسی هاوڕێکەم بکەم؟ سوپاسێک جوانبێت و کەمێک لە دیارییەکەی ئەو بچێت. ئەوکاتیش**

**تەنانەت نامەیەکیشم بۆ نەنارد، پاش ماوەیەک پێمگوت ببورە سوپاسیشم نەکردیت، بەڵام باوەڕبکە نەمزانی چی بڵێم بەرانبەر ئەو هەموو جوانییەت بەرانبەر ئەو میهرەبانیی و گەورەیی و دڵە چاک و پاکەت.**

**- هیچ سوپاس و شتی ناوێت ئەرکی خۆم بووە لەسەرشانم و بەجێمگەیاندووە.**

**بەڵێ مامە، ئەو یەکێکە لە جوانترین جوانییەکانی ناو ژیانم.**

**ئەو ڕۆژە ماوەیەکی زۆر کتێبەکانم لە لای خۆم دانا و سەیرمکردن و وێنەمگرتن. دواتر لە ناو کتێبەکانی تری ناو کتیبخانە بچکۆلانەکەم ڕیزکران. هەندێک کتێب هەن دڵم نایەت زوو بیانخوێنمەوە، ئەوانیشم نەخوێندەوە هەتا ماوەیەک، هەر خەریکی کتێبی تر بووم، ڕۆژێک گوتم ئیتر کاتی ئەوانە.**

**ئێوارەیەکی باراناویی بوو، گوندەکەمان کەشێکی هێمن و بێدەنگی هەبوو. ئەوەی دەنگی دەهات تەنها باران بوو. سوپاس بۆ خودا ژوورەکەم تیڤیشی لێ نییە، وەک تۆ سەیری تیڤیش ناکەم، بەڵام من ساڵێک دەبێت تەرکمکردووە، تۆ دەمێکە. گڵۆپەکانیشمان کوژاندەوە و لەگەڵ براکەمدا چەند مۆمێکمان داگیرساند. لەژێر مۆمەکانەوە دەستم بە خوێندنەوەی نزاکانی دایکم کرد. وەک "خوێنەکەی بەرپێی سنەوبەر" سادە و جوان، بەڵام جوانتربوو لەو. لەگەڵ ئێوەبووم لە ڕووداوەکان، لەگەڵ تۆ پێدەکەنیم و خەمم دەخوارد و دڵم پڕدەبوو، بەڵام لە دڵپڕبوونەکەشم چێژم دەبینی. ڕووداوەکانی ناو سلێمانیی و ماڵئاوایکردن لە ماڵەوە و بڕینی سنوورەکان و ئازارەکانی بڕینی سنوور و ئاوارەیی، دەمدەمێکیش هەندێک ڕووداوەکانم بۆ دایەم باسدەکرد، کە لە لام دانیشتبوو، ئەویش دەیگوت دواتر پێمبڵێ چی ڕوویدا؟ وەک تۆ دڵخۆشبووم ئەوکاتەی لە کارگەکە لە تورکیا کرایت بە چێشتلێنەر، متمانەم پێت هەبوو سەرکەوتوو دەبیت، وەک چۆن تۆ متمانەت بە خۆت هەبوو و سەرکەوتووش بوویت. خۆشەویستییەکانت، بەڵام لە هەمووشی دواتر تەنهابوونت بۆ دەمایەوە، نازانم بۆ وای لێدەهات**

**ڕووداوەکان هەر دەبووایە جیاببنەوە و جێتبهێڵن و ببنە ئازار بۆت. وەک تۆ ماندووبووم لە سنووری نێوان تورکیا و یۆنان، ئاوەکان هەموو گیانیان تەڕکردم. قوڕەکان بۆ خۆیان ڕایاندەکێشام. جەندرمەکان ئازاری ناخمیان دەدا بەو ڕەفتارانەی دەیانکرد، بەڵام لە کۆتایی گەیشتن بە یۆنان و بینینەوەی براکەت، هەموو ماندووبوونەکەی بردەوە و ئیسراحەتی پێداین. دواتر ڕۆشتنی کاکەت بۆ ئیتاڵیا و ناسینی ماریا و چوون بۆماڵیان، ئەو ڕۆژەی دیدارەکەت لەگەڵ ماریا، لەوێ بووم لە سوچێکی کافتریاکە دانیشبووم، بۆنی ئازارێکی سەختم دەکرد. بە بێدەنگیی سەیری چاوەکانتانم دەکرد، چاوەکانی ماریا پڕ لە ئاگر بوون بۆ براکەی و بینی جلەکەی لەبەر تۆ، چاوەکانی تۆش پڕ لە پرسیار، دواتریش ڕۆیشتن و هەنگاونان بەرەو ئامانجی سەرەکیی، بەریتانیا. دوای مانەوە و ئازارگەلێکی زۆر گەیشتن بە ئامانج. چەندە دڵخۆشبووم بە گەیشتنتان بە شوێنی مەبەست، خۆ لەوێش شتەکان هێندە ئاسان نەبوون، بەڵام باشتربوون. ماندووبوونی زۆری ویست بۆ جێگیربوون، هەستمدەکرد وا لەگەڵ تۆ لەوێم، لە نیشتیمانی غەریبییدا دەژیم. مامە دەزانیت وەک بڵێیت ئێمەش لێرە ئاوارە و غەریبین بەو نیشتیمانە. ئاخر ئێرە هیچی پێنەداوین، تەنها هەناسەکەیە، هەناسەکەش بچین بۆ هەر سوچێکی ئەم جیهانە هەوا و هەناسەدان بێبەرانبەرە. ئای نیشتیمان دەردت چەندە گرانە لە دڵی مندا!**

**پاش ماوەیەک مانەوە لەوێ و وەرگرتنی ئیقامە بۆ مانەوەی هەمیشەیی و یەکەم گەڕانەوەت بۆ نیشتیمانی دایک، بۆ ماڵەوە و بۆ ناو خوشک و براکانت، دایک و باوک و هاوڕێکانت، دەزانیت دڵم پڕبوو لەو ڕووداوەی لە سنووری ئێران، لە نێوان کوڕەکە و دایکیدا، نازانم جوانم بیر نییە، بەڵام دەزانم زۆر  گەمژانە هەڵسوکەتی بەرانبەر دایکی کرد. ئەو دایکە ئازار نەما نەیچێژێت بۆ ئەو، بۆ گەورەکردن و پێگەیاندن و خوێندنی و هەموو شتێکی. ئاوان زۆرن گەمژەی ئاوا کەوا هەموو شت لەبیردەکەن، نەفرەت، نەفرەتیان لێبێت.**

**که لێره بوویت بینیت نیشتیمان چەند گۆڕاوه، لەو چەند ساڵەی لێره نەبوویت، بینیت هەموو شوێنەکان لات نامۆبوون. بینای بەرز، بەڵام نارێک، وادەزانن هەر بەرزکردنەوه گرنگە، ئەی کە نەخۆشکەوتیت و چوویت بۆ دکتۆر، دوو دەرزیی تێکەڵکرد هههههههـ. مامه لێره زۆر ئاساییه، خوشکەکەم ژانەسەرێکی خراپی هەیه هەموو جار سێ دەرزیی بۆ تیکەڵدەکەن و لێیدەدەن. ئێمە ڕاهاتووین لەوەی ئاوا ئیفلیجمان بکەن و بمانکوژن. لێره ئەوه گرنگە پارەکە وەربگرن، گرنگ نییه چیت پێدەدەن. بۆ ئەو قسه هەر مەبەستم دکتۆر نییه، نا، هەموو خاوەنپیشەکان وان. خواردنگەیه و کەلوپەلی کارەبایه، یان هەر شتێک لە ئەلفەوه بۆ یائـ. مامه ئێره پڕه لە دز و وێرانه وێران.**

**نامەوێت باسی ئەوەش بکەم کە چوویته گوندەکەی سامان، دڵ بەرگە ناگرێت ئاخر...**

**ئەو ڕۆژەی قەراربوو بگەڕێیتەوه، ئەو شتانەی بۆت هاتبوون، یان بڵێم ئەو باره شتانەی بۆت هاتبوون، کە بیبیانگەیەنیت: خواردن، چەرەزات، شیرینیی و چوزانم دونیایەک شت، بەڵام نیوه زیاتریت نەبرد. گەڕاندتەوه، یان بەخشیته خوشک و براکانت. خۆ شتێکی زۆر باشیشت کرد، ئیتر گەڕایتەوه.**

**نزیکەی دوو ڕۆژێکی ویست، ئەوەم تەواوکرد. کە تەواومکرد، پەرۆشبووم بۆ ڕووداوەکانی دواتر. دەمگوت ئێستا زۆر کەس ئاگادار نییه ئەو کتێبه بەرگی دووەمی هەیه، زۆرکەس ئاگاداره و کتێبەکەی دەست نەکەوتووه. مامه دەزانیت چ ناخۆشیی و ئازارێکه کە کتێبێکت دەوێت و دەستت ناکەوێت، بەڵام خۆشبەخت من بووم کە بەرگی دووەمی لە ناو کتێبخانەکەم بوو. هاوڕێ جوانەکەم کە پێیدام، هەر ئەو شەوەی بەرگی یەکەمم تەواوکرد، دەستم بە خوێندنەوەی بەرگی دووەم کرد. نەمویست زیاتر چاوەڕوانبم بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو.**

**بۆنی دایکم، هیچی لە دوو کتێبەکەی پێشوو کەمتر نەبوو، پڕچێژ و جوانیی بوو. پڕ لە ئازار بوو، کارکردنی بەردەوام، خوێندن، سەفەرکردن و هاتنەوە، هەموو ڕۆژەکان و مانگەکانت پڕبوون لە ئازار. نازانم نامەوێت نامەکەم هێندە درێژبێتەوە، تەنها دەمەوێت ئەوە بڵێم جوانترین شت لە بۆنی دایکم لای من، ئەوەبوو کە لە دوایین سەفەر گەڕایتەوە بۆ ئەوروپا. لە فڕۆکەکەتدا کچێک خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو، هەوڵتدا بزانیت چ کتێبێکە، بەڵام نەتبینی. دواتر کچەکە هەستا و سەیری کتێبەکەت کرد، بەڵێ کتێبەکە لە کتێبی تۆ زیاتر شتێکی تر نەبوو. گفتوگۆیەکی کورت و جوانیشت لەگەڵ دایکی کچەکە کرد. ئەی خودایە چەند ساتێکی جوان بوو! تۆ بڵێیت منیش توشی ڕێککەوتێکی ئاواببم؟ چەندە حەزدەکەم، جا نووسەرەکە بم، یان خوێنەرەکە جیاوازی نییە، گرنگ ڕۆژێکی ئاوا ببینم.**

**بۆ کۆچی دایکیشت دونیایەک خەمم خوارد. دایکم ماوە سوپاس بۆ خودا، بەڵام پێم وایە کەمێک هەستدەکەم کە نەبوونی دایک چەندە سەختە. کەمێک هەستدەکەم، بەڵام تێگەیشتنێکی تەواو مەحاڵە هەتا دایکم لەماڵەوە بێت.**

**نازانم بەو کچەش گەیشتن کە کچی خێزانی دووەمی باوکی هاورێکەتان بوو و لە فەیسبووکەوە بینیبووت، یان نا. بەڵام هیوادارم شتەکە بە دڵی ئێوە بووبێت. هەمیشە هیوای باشیی و بەختەوەرییت بۆ دەخوازم. ئێوە لە ناو کورددا قەڵەمێکی جوانن. بە هیوای بەردەوامیی، بەڵام نامەوێت لەگەڵ نووسینەکان وەک من بگرین و ئازاری چاوەکانت بدەیت تکایە.**

**هەمیشە باشبن و هەمیشە هەبن.**

**کۆتا وشەم، خۆشمدەوێن"**

- ئەوەش نامەکەی سامی کۆتاییهات، ئێستاش ئێوەوە و وەڵامی گەشبیر، کە بە دوو نامە وەڵامیداوەتەوە. سەرەتا بەرلەوەی بیخوێنێتەوە، دوای تەواوکردنی نامەکە، ئەوەش وەڵامەکانی:

**"سڵاو کاک سامی گیان... زۆر سوپاس بۆ نامەکەت، ئێستا بە خوێندنەوەی نامەکەتەوە سەرقاڵم.**

**برای خۆشەویستم کاک سامی، زۆر سوپاس. نامەکەتم خوێندەوە، زیاتر لە کتێبێک چێژبەخشبوو. چیرۆکئامێز بوو نامەکە. زۆر خۆشحاڵم بە ناسینی مرۆڤی جوانی وەک ئێوە. جێگەی شانازیین بۆ هەمیشە. دڵخۆشم کە چێژت لە کتێبەکانم وەرگرتووە، هەمیشە لە خۆشەویستیی و بەختەوەرییدا بن براگیان. ڕێز و خۆشەویستییشم هەیە بۆ ئەو هاوڕێیەت کە کتێبەکانی پێدایت، هەمیشە پایەدار و سەربەرز بن.**

- بەپێکەنینەوە: بینەرانی بەڕێز گەیشتینە کۆتایی ئەم بەرنامەیە، هەتا بەرنامەی داهاتوو خوداتان لەگەڵ.

- کچی جوان پێشکەشکاریشت لێ جوانە، بڕۆ یەکێک لە کەناڵەکان لەبەر جوانییەکەت وەرتدەگرن و پارەیەکی باشت پێدەدەن.

- نا ئەزیزم ئەم پارووە گەورەیە بۆ قوڕگی من نابێت، سامی ئەوە نووسینەکەشم بۆ خۆم نارد دواتر دووبارە خوێنەری دەبم. بە ڕاستیی شتێکی جوان بوو، بە هیوای شتی جوانتریش لە داهاتوودا.

- وایە زۆر جوان بوو نامەکە، پڕبوو لە هەستی جوان و تێگەیشتن و وەفا. دەستخۆشییت لێدەکەم بۆ نووسینی. تامەزرۆی ئەو کتێبانەبووم، بەڵام تاقەتی خوێندنەوەشیانم نییە.

- زۆر سوپاسی هەردووکتان دەکەم، بە تایبەت ئاسیا کەوا ماندووبوویت بەخوێندنەوەی.

- نا، خۆم ویستم. فەرموو مۆبایلەکەشت وابزانم براکەت نامەی ناردووە دەڵێت وەرەدەرەوە دەڕۆین. ئێمەش دەچین بۆ کافتریا دادەنیشن هەتا تەکسی بەدواماندا دێت.

- بەڵێ براکەمە لەبەر دەرگەیە، من دەبێت بڕۆم لەسەر ئیزنتان، سوپاس بۆ بوونتان و خوداتان لەگەڵ.

- سوپاس بۆ تۆش، سپاردەی خودابیت گوڵبرا.

تاقیکردنەکانی کۆتایی ئەو ساڵەشمان کرد، بەر لە کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکان ماوەیەک بوو ئاسیا هەر دەیگوت چ کتێبێکت دەوێت و حەزت پێیەتی بۆت دەکەمە دیاریی. منیش ناوی دوو کتێبم پێدابوو و لە سلێمانییەوە لە ڕێگەی هاوڕێیەکییەوە بۆی کڕیم. دوو کتێبی ناوازە، ناوازە وەک خۆی. نامەیەکیشی لەسەر کتێبی یەکەم نووسیبوو، وشەکان هێندە سادەبوون ئارامییان بە گیان دەدا، پڕبوون لە جوانیی. ئاخر ئەو خۆی دونیایەک جوان بوو، لەبەرئەوە وشەکانیشی وەک خۆی جوان و ناوازەبوون لە لام.

دوای ئەوەی گەڕاینەوەماڵەوە و پشوو دەستیپێکرد و چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەنجامەکان بووین، کۆدی خۆم و ئاسیا و ڕازم لە لابوو. پێشبینیم دەکرد کەوا لە چوار وانە، یان زیاتر دەکەوم. بەیانییەکی هاوین گەرمایەکی زۆربوون نمرەکان هاتەوە، سەرەتا سەیری هی ڕازم کرد، ئەوەی سەرەتا من و ئاسیای پێکناساند، دەرچووبوو. دواتر سەیری هی ئاسیام کرد، بە جددیی نەمتوانی بەرگەبگرم لە دوو وانە کەوتبوو، یەکەمجاری بوو کەوا بکەوێت. هیچ ساڵێک لە قوتابخانەش لە وانەکانی نەکەوتبوو. دواتر سەیری هی خۆم کرد، چیم بینی دەرچووم! باوەڕم نەدەکرد، هێندە شۆک بووبووم هەتا چەند ڕۆژێکیش هەر دووبارەمدەکردەوە و دەمگوت چەند سەیرە دەرچووم، لەبەرئەوەی پێش ئەوەی نمرەکان بێتەوە، بۆ خۆشیی زۆر بە ئاسیام دەگوت بە پشتیوانی خودای گەورە تۆش لەگەڵمان دەکەویت. بێوەفا نابیت و ئێمە هەموو بکەوین و تۆش دەربچیت، بەڵام کە شتەکە پێچەوانەبوو، وابزانم زۆر لێم توڕەبوو. ڕووم نەبوو قسەی لەگەڵ بکەم. دڵم هێندە تەنگبوو دڵخۆشبوونم لەبیر نەبوو بە بۆنەی دەرچوونی خۆمەوە. بە کەسێکم گوت ئاگاداری ئاسیابێت، چونکە حاڵی خراپبوو.

بە گشتیی ئاسیام خۆشدەویست وەک خوشکی خۆم، وەک هاوڕێیەک کەوا هاوشێوەی نییە. بە گشتیی واتە مەبەستم زۆربەی کاتە. هەندێک کات هێندە باشبوو ئەگەر گیانی خۆم پێبدایە هێشتا کەمبوو بەرانبەری. فریشتەک بوو لە بەرگی مرۆڤدا. ناوازەبوو بە کردار، جوانییەکی بێوێنە، وەک ئادەمیش دەیگوت ڕوومەتچاڵ. بەڵام جارجارەش توڕەیدەکردم، شتێکی دەکرد پێچەوانەی من، یان داوایەکم لێکردبا نەیکردبا، توڕەدەبم. زۆرجاریش کارەکانی دڵی دەشکاندم، حەتمەن

هەر ئەو نا، بێگومان منیش هەڵەم هەبوو. لەوانەیە شتانێکم کردبێت دڵی شکابێت، لەبەرئەوە کەسمان بێهەڵە نەبووین، بەڵام ئەوەی باشبوو سوپاس بۆ خودا هیچ شتێک وای نەکرد لەیەکتر ببین و دووربکەوینەوە. هەمیشە بەردەوام بووین، هیچ کات درۆی لەگەڵ نەکردم و هەموو کات ڕاستییەکانی دەگوت. متمانەیەکی تەواوی پێم هەبوو وەک چۆن منیش بەقەد خۆم متمانەم پێی هەبوو.

ناوەڕاستی مانگی هەشت بوو، کە مانگی لەدایکبوونی ئاسیابوو، چەند ڕۆژێک مابوو بۆ لەدایکبوونی، کتێبێکم هێنا و لەسەری نووسیم: "ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆز". پاشان وێنەیەکیم گرت و گوتم لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا ئەو وێنەی بۆ دەنێرم و پێیدەڵێم ئەوەش دیاریی ڕۆژی لەدایکبوونت. نووسینەکە زۆر سادەبوو، بەڵام دڵم لێی پڕبوو، چونکە ساڵی پێشوو لە ڕۆژی لەدایکبوونم کە چاوەڕێی شتێکی باشم لێ دەکردن، کەچی ئەو بە وشەیەکی زۆر سارد و بێتام تەنها گوتی "تەمەندرێژ بیت". نەدەبووایە منیش ئاوابکەم، بەڵام ناخم پڕبوو و ئەوەی شایەنی ئەوبوو بۆم نەنووسی، (٢٠)ی مانگی هەشت ڕۆژی لەدایکبوونی بوو، وێنەی کتێبەکەم بۆ نارد و سوپاسی کردم، بەڵام دواتر گوتی:

- حەزم لەو کتێبە نییە.

- ئەی حەزت لە چی کتێبێکە؟

- ئەو کتێبەت کە لە لامە، با بۆ خۆم بێت.

کتێبێک بوو کە دونیایەک خۆشمدەویست و هێشتا نەمخوێندبوویەوە پێمدابوو بۆ ئەوەی ئەو خوێنەری بێت.

- با بۆ خۆتبێت، بەڵام نامەیەکی لەسەر بنووسە کە دیاریی منە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونت.

- باشە، بە پشتیوانی خودای گەورە دواتر شتێکی لەسەر دەنووسم. بەڵام هەر نەینووسی، چەندین جاریش هەر پێمگوتەوە هەر دەیگوت باشە و بەڵام هەر نەینووسی هەتا دوایین جاریش کە کتێبەکەی لە لابوو.

ئەو هاوینە باشتربوو زیاتر لە پێشوو ئاگاداری بووم و قسەماندەکرد. چەند جارێکیش باسی ئەوەی دەکرد کە خەم لە وانەکانی دەخوات، کە کەوتووە و تاقەتی نییە بخوێنێت، بەڵام سوپاس بۆ خودا تاقیکردنەوەکانی کردەوە و دەرچوو. هەموو بووین بە قۆناغی  چوار و گەیشتینە کۆتاساڵمان.

# نامەیەک بۆ خزمەتكارەكەی مەحوی

بەر لە سڵاو...

دەزانیت دوایین جار کەی بوو گریام؟

دەزانیت هۆکاری گریانەکەم چی بوو؟

نا، نازانیت بووەستە با بۆت باسبکەم.

نزیکەی (٤٨) کاتژمێر بەر لە ئێستە، ئەو وێرانەی ئێمە پێیدەڵێین ماڵەوە، لە وێرانەکەی ئێمە هەمووان خەوتبوون، تەنها من بووم وەک هەمیشە بە تەنها بێداربووم، بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێت قسەی لەگەڵ بکەم. لە ناو جێگەی خەوەکەمدا پاڵمدابوویەوە و بیرم لە تۆ دەکردەوە، فەیسبووکم کردەوە، هەر کاتێک لە بەشی گەڕان یەکەم پیتی ناوەکەت دەنووسم، ئەگەرچی ناوت لە ناو لیستی فرێندەکانمدا نییە، بەڵام هەر لەگەڵ نووسینی پیتی یەکەمت هەمیشە یەکەم ناو کە دێت، دەنووسرێت "مینا". هاتمە ناو پرۆفایلت، بینیم چوار کاتژمێرە وێنەی کەڤەری فەیسبووکەکەتت گۆڕیوە. وێنەیەکی خۆتت دانابوو بە خەندەیەکەوە، خەندەیەک کە هەر بە بینینێک دڵی مرۆڤی دەبرد، لەسەر پۆستەکەش نووسراوێکی مامۆستا هێمنت دانابوو:

"پێکەنینی تاڵی من، غەمگینترە لە گریان".

ماوەیەکی زۆر سەیری وێنەکەم کرد، نووسراوەکەم خوێندەوە و دەستمکرد بە گریان، گریانێک سەرینەکەی تەڕتەڕ کردم. ئێستا زانیت کەی و بۆچی دوایین جار گریام؟

پاشان سڵاو خانمە پەرستارەکەی  دڵم.

ئەم نامەیە لە هیچ نامەیەکی تر ناچێت، نامەیەکی کورتە، بۆ کەسێکی گەورە، گەورە بە قەبارە نا، دوور لە تۆ وەک فیل هههههـ گەورە لە مرۆڤایەتیی و میهرەبانیی.

ببورە ئەگەر پێتناخۆشە بۆت دەنووسم، ئاخر گوتیان باش نییە نامە بۆ کەسێک بنووسیت کە لە ژیانت نەماوە، ئێ لە ژیان نەماوە، ئەی لە دڵ؟ ببوورە کەوا  بەبێ ئیزنی خۆت بۆت دەنووسم، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەوە دوایین نامەیە، دوایین وشەکانن لەدوای ئەوەوە هیچت پێناگات. ناشزانم، لەوانەیە ئەو نامەش تەواو نەکەم و بە ئاواتی دڵم بگەم و بمرم، واتە ئەوەشت پێناگات. دەزانیت پێشتر ژیانم خۆشدەویست! زۆر کات بیرم لە مردن دەکردەوە و حەزمدەکرد بمرم. باوەڕبکە چەند جارێک هەبووە تۆزێک زەهرم دەستبکەوتبایە بەبێ دوودڵیی دەمخوارد، بەڵام دواتر بیرم لە دوو مرۆڤ دەکردەوە (یەکیان تۆ) بە خۆمم دەگوت ئەو مرۆڤانەت هەیە چۆن ئاوا لە ژیان دەڕوانیت؟ بەڵێ، لەبەر ئێوە ژیانم خۆشدەویست، بەڵام ئەی ئێستا (ئێستا کە ئەو نامە دەنووسم (١٣) خولەک ماوە بۆ ساڵی نوێ ٢٠١٩). ئێستا نە تۆ، نە ئەوەی تریش نەماون، ئەی ژیانم بۆ خۆشبوێت؟  ئاخر ئێستا دڵم هێندە داغە خەریکە وەک گڕکانێک بتەقێت. کەسیش نییە لای دڵم بەتاڵبکەمەوە، کەس... مرۆڤی باش هەن لێرە سوپاس بۆ خودا، بەڵام لەم کاتە کەسی لێنییە.

ئێهـ بیرتدەکەم، چ بیرکردنێک!

چۆنیت؟ چاوەکانت لەگەڵ شین چۆنن؟

دەزانیت جوانیی شین خراپ لەبەرچاوم کاڵبووەتەوە. ئاخر دەمێکە تۆیەکی شینم نەدیوە، ئێستا چاوەکانم شینیان پێ نامۆیە. تو خودا وەرەوە با ئیتر چاوەکانم جوانیی ژیان ببینن، لەو جوانییە بێبەشیان مەکە، تکایە.

دەزانم ئێستا جوانتریت، لە جوانییت ناپرسم. ئاخر تۆ لە گوڵێکی زەرد دەچیت، هەمیشە ڕۆژ دوای ڕۆژ جوانتر دەبیت، جوانییەکی بێکۆتا. هەمیشە ئاوا جوانبە تکایە، بۆ ئەوەی هەمووان جوانبن نزیکەکانت بە ڕەنگدانەوەی جوانیی تۆ.

هێندە پەشۆکاو و بێئاگام لە خۆم، دێڕێک تەواودەکەم نازانم دێڕی دواتر بەچی دەستپێبکەم بۆت. پڕم لە گلەیی لەو کۆمەڵە گایەی تۆیان دوورخستەوە لێم. پڕم لە هاوار کەوا دەنگێک، هێزێک نییە دەریانبکات لە قورگ و ناخم. پڕم لە فرمێسک کەوا چاوەکانم بەرگەیان ناگرن. پڕم لە تۆ و هەتا قیامەتیش بەتاڵ نابمەوە. دەزانم شێتانەیە، بەو جۆرەی من ئاوا خۆشیی تۆم دەوێت، نا لای خۆم ئاساییە، وەلێ لای کەسانێک لەوانەیە وابێت.

ئەوە یەکەم چرکەی ساڵی نوێ ڕۆیشت، ئەمساڵیش هەر خۆشمدەوێیت و زیاتریش لە ساڵی پێشوو. دەنگی تفەنگەکان گێژیانکردم ،دەڵێیت شەرەف و ناموسیان دەکرِنەوە و کەرکوک ئازاد دەکەن. چەندە گەمژەن ئەو میللەتە. ئاخر بە من ناڵێیت سەری ساڵی زایینیی ئاهەنگ و تەقەی خۆشیی بۆ چییە؟

سەیری ئەو نامەیە بکە بۆ ئەو  کۆمەڵە گایە دواکەوتوو و وێرانەم نووسی، بەڵام خۆی لەگێلیی دا و  هەر وەڵامی نەبوو:

**سلاو کۆمەڵە گا...**

**ئالیکتان ماوە بەشی ژیان؟**

**ئارەزووە ئاژەڵییەکانتان تێر نەکرد؟**

**بەتەما نین کەمێک مرۆڤ بن؟**

**تێر نەبوون لە ناو ڕانی کچەکان؟**

**ئاگادار نین وا ڕووباری خوێنی پەردەی کچێنیی ئەو کچە بێکەسانە کۆلانە هەژار نشینەکانی شاری هەموو وێرانکرد؟**

**خودا کەمی ئاژەڵ پێداون لە بری گۆشتی مانگایەک دەچن مەمکەکانی کچێکی هەژدەساڵان بە ددانەکانتان کە لە کەلبەی سەگ دەچێت دەخۆیان و پڕیاندەکەن لە ئازار و برین؟**

**کۆمەڵە گا، ئاگاداری ئەو کچە بوویت کەوا هەفتەی پێشوو خۆی کوشت؟ دوای ئەوەی شەو لەسەر کار دەگەڕێتەوە لە یەکێک لە کۆڵانە چۆڵ و تاریکەکانی نیشتیمان بەرلەوەی بگاتەوەماڵەوە سێ لە گا برسییەکانت پەلاماریدەدەن و هەر لەوێدا خۆیان لێ بەتاڵدەکەنەوە، گایەکانت لەو چینەبوون کەوا بەدزییکردن گیرفانەکانیان هێندە گەرمبووە هەر شتێکیان بوویت لەم نیشتیمانە بەدەستیدەهێنن. چەند ڕۆژێک چاودێریی ئەو کچەیان کردبوو، کەوا چ کاتێک لەو مۆڵەی کاری لێدەکات دێتەدەرەوە و بە کام ڕێگەدا دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەوەشیان زانیبوو کەوا کچە هەم باوکی مردووە، هەم برایەکی نییە، کەوا بتوانێت ئاگاداری خوشکەکەی بێت. خۆ ئەوان بە پارەکانیان کەوا دڵۆپێک ئارەقەشی بۆ نەڕشاتراوە دەستیاندەگات بە زۆربەی ئەو کچانەی دەیانەوێت، بەڵام ئەم کچە ئامادە نەبوو بۆ پارە ژیان و جەستەی خۆی بخاتە ژێر ئارەزووی چەند گایەکەوە، کەچی ئەوان ئامادە نەبوون واز لەو جوانییەی بهێنن، چونکە لەناو خۆیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کەوا بێگومان ئەمە تام و چێژێکی جیاوازتری هەیە و هەموو کات قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کامیان سەرەتا کارەکە بکات. دوای ئەوەی هەرچی ویستیان ئەنجامیاندا بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێن جلە داکەندراوەکانی کچەکەیان بۆ فڕیداوە و چەند تفێکیان لێکرد و ڕۆیشتن.**

**دوای زیاتر لە کاتژمێرێک مانەوە لە شوێنی خۆی و ڕشتنی ڕووبارێک لە فرمێسک، کچەکە کەمێک هێزی دایە بەرخۆی و هەڵستایەوە. هەموو پارچە جلەکانی بەدەستێک هەڵگرت بەبێ ئەوەی هیچیان بپۆشێت و بەبێ ئەوەی ترسێکی هەبێت، یان شەرمبکات. ئاخر ئەو ئیتر شتێکی نەمابوو لەدەستیبدات و دڵنیاش بوو لە ڕێگە هەتا دەگاتەوە ماڵەوە هیچ ئاژەڵێکی تر جلە لە پشیلەکان جەستە ڕووت و وێرانەکەی نابینن. لە ماڵەوەش ئێستە تەنها دایکی بەخەبەرە و چاوەڕوانی گەڕانەوەیەتی، بەڵام ترسی لە چاوەکانی**

**دایکیشی نەبوو لەوەی جەستەی ببینێت، چونکە ئەوە بووبوو بە پێنج ساڵ کەوا بە هۆی ئاگرکەوتنەوەیەک لە ماڵەکەیاندا دایکی بینایی هەردوو چاوی لەدەستدابوو. گەیشتە بەر دەرگەی ماڵەوە لە ناو گیرفانی چاکەتەکەی کە بە بەدەستی ڕاستی هەڵیگرتبوو، کلیلەکانی دەرگای دەرهێنا و دەرگاکەی کردەوە. گومانی نەبوو لەوەی دایکی ناتوانێت بیبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەیرێکی جەستەی خۆی کرد و ڕۆیشتە ژوورەوە. هەر لەگەڵ دەنگی پێیەکانیدا دایکی کە لەسەر بەرماڵێک دانیشتبوو و دوعای دەکرد گوتی:**

**- کچم بۆ ئاوا درەنگکەوتیت؟**

**- شتێکی وانییە دایکە، چەند ماڵە بەرپرسێک بەیانی ئاهەنگیان هەیە، لەبەرئەوە هەموو ئافرەتەکانیان سەردانیانکردبووین و کرێیارمان زۆربوو. ماندووم دەخەوم تۆش بخەوە. شەوت شاد و خۆشمدەوێیت. چووە ناو جێگەی خەوەکەی و یەکسەر خەوی لێکەوت.**

**که خەبەری بوویەوە کاتژمێر (١٠)ـی پێش نیوەڕۆبوو، خۆی ئەو ڕۆژە پشووی بوو و نەدەچوو بۆ سەر کار، لەبەرئەوە دایکی و دوو خوشکە بچووکەکەی بانگیان نەکردبوو، سەیرێکی حەوشەکەی کرد بینی دایکی لە ناو باخچەکە دانیشتووە، بەیانی باشی لە دایکی کرد و گوتی:**

**- کوا کچەکان؟**

**- خۆیان ئامادەکرد بۆ قوتابخانە و چوون بۆ لای ئامۆزاکانیان. پاشان نیوەڕۆش لەوێوە دەچن بۆ قوتابخانە. لە ڕووناکییەوە سەیری ڕانەکانی کرد هەمووی خوێنی وشکبووەوە بوو، سەیری هەموو جەستەی کرد هەمووی برین و شوێنی ددانەکانی ئاژەڵەکان بوو. جلەکانی شەوی برد بۆ حەمام بۆ ئەوەی خۆی و جلەکانیش بشوات. بەرلەوەی جلەکانی بخاتە ناو جلشۆرەکەوە، دەستێکی بەگیرفانەکانیان دادەهێنا نەوەک شتێکیان تێدابێت، یەکێک لە گیرفانەکانی چاکەتەکەی پڕبوو لە پارە. شەو بەبێ**

**ئەوەی ئاگاداربێت گاکان بەرانبەر ئەو کارەی کردبوویان بۆیان دانابوو، سەیرێکی پارەکەی کرد ئەگەر (١٠٠)ساڵ تەمەن بکات و بەم مووچەیەی کەوا ئێستا هەیەتی کە (٤٠٠$)ــە ناتوانێت ئەو پارەیە کۆبکاتەوە. پارەکەی لە لایەک دانا، خۆی و جلەکانی شوشت.**

**هەتا عەسر لە ناو ماڵەکە دەهات و دەچوو، بەڵام حاڵی هیچ باش نەبوو و هەستیدەکرد شتێک وا قورگی گرتووە و ڕێگە نادات هەناسەبدات، چووە مەتبەخەکە چەقۆیەکی هێنا و لەسەر جێگەی نووستنەکەی دانیشت دەفتەر و قەڵەمێکی خوشکە بچووکەکانی لەوێبوو هێنای نامەیەکی بە گریانەوە نووسی. دوای ئەوە نامەکەی تەواوکرد، فرمێسکەکانی سڕی و بە چەقۆکە دەمارەکانی مەچەکی هەردوو دەستی بڕی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.**

**دوای دوو ڕۆژ لە خۆکوشتنەکەی، ئەو نامەی کەوا نووسی بڵاوکرایەوە، بەبێ ئەوە تاوانبارانیش دەستنیشانبکرێن، نووسیبووی:**

**خودایە خۆت ئاگاداری لەم مەملەکەتە وێرانەی من چی ڕوودەدات.**

**من نە یەکەم و نە کۆتا نێچیرم بە دەستی ئەو ئاژەڵانەوە هەموو شتێکم ببردرێت. سەرەڕای ئەوەی ئێمەی هەژار هیچیشمان نییە، جگە لە پەردەیەک کە تۆ پێتداوین، کەچی ئەوان ئەوەشمان پێ ڕەوانابینن و لێماندەبەن.**

**ئەو پارەی بۆیان جێهێشتووم بە درێژایی ژیانم تەنها لە میدیاکەنەوە بینیومە و بڕەکەیم بیستووە.**

**ئازارێک خەریکە وا دەمخوات ئەگەر هەموو پارەکانیان بە هەموو دکتۆرانی جیهان بدەم، ناتوانن ئازارەکەم لابدەن. لەوانەیە هەموویان تەنها چارەسەرێکیان لە لابێت، بەڵام ئەو چارەسەرە بە خۆڕایی لای خۆیشم دەستدەکەوێت و بەکاریدەهێنم، ئەویش خۆکوشتنە.**

**من دەڕۆم و ماڵئاوایی لە ژیان دەکەم، بەڵام تکایە ئەو پارەیەی کە بە هۆیەوە وەک سۆزانییەک سەیردەکرێم دوای مردنیشم، بە دایکمی بدەن و بە شێوەیەک بۆی بەکاربهێنن خوشکەکانم هیچ کات پێویستیان بەوە نەبێت کاربکەن. تەنها با خەریکی خوێندنەکەیان بن و ئەگەر گونجا با سەریان هەڵبگرن و لەو کۆمەڵە گایە بڕۆن و بۆ ئەبەد نەگەڕێنەوە...**

**کۆمەڵە گا، دەزانن تەمەنم هەتا گەیشتە ئێرە چەندە گەڕام بەدوای هاوڕاز و هاوزارێک؟ دەزانن چەند ماندووبووم بۆ دۆزینەوەی؟ ئاخر ئێوە تێناگەن، ئێوە هەست ناکەن، ئێوە کوێرن و نابینن، زۆر کەمن ئەوانەی تێدەگەن، هەستدەکەن و دەبینن، دونیایەک مرۆڤم ناسی هەتا هاوڕاز و هاوزارێکم دۆزییەوە، چ سەخت بوو، ئەمما چ جوان بوو، جوانتر لە هەموو گاکانی ئێرە، بە بێدەنگیی هەستیدەکرد، بە بێ چاو دەیبینی، بە بێ قسەکردن تێدەگەیشت، ئەو مرۆڤ بوو، یان فریشتە؟ بۆ من فریشتەیەک و بۆ ئێوەش ئارەزووێک.**

**من دەمێکە دەستم لە ئێوە شوشتووە، دەمێکە هیوام بە هیچ جوانییەک نەماوە لێرە. ئاخر من هێندە بێهیوا و ڕەشبینیش نیم، بەڵام چی لە ئێوە بکەم کەوا شتەکان بەرەو هەڵدێران دەبەن، چی لە ئێوە بکەم هەموو شتەکان خاپووردەکەن بۆ یەک خولەک چێژی خۆتان. چی لە ئێوە بکەم کە کوێرن، کوێر چ جۆرێک لە کوێریی، من دەبینن و کوێرن، بە قاچەکانی خۆتان دەڕۆن ڕاست و ڕەوان کەچی کوێرن. جۆرێکی ناوازەیی کوێرن ئێوە. نیشتیمان هاوار بۆ تۆ، ئەوە چ کوێرییەکە لە تۆدا لەدایکبووە، نەفرەتیان لێدەکەم نەفرەت، نەفرەت لەو گێژاو و ناشرینییەی دروستیدەکەن. حەزمدەکرد منیش کوێربووبام، بەڵام وەک ئێوە نا. کوێرێک چاوەکانی نەبینێت، بەڵام هەست بکات. ڕەنگەکان نەبینێت، بەڵام بۆنیان بکات و لە پەیامیان بگات. نەفرەت لە تۆش ئەی نیشتیمانی ناشرین، ئاخر بۆ ئەوانە لە لای تۆ لەدایکبوون، نەفرەت.**

**نیشتیمان من دڵم بەجۆرێک لە تۆ شکاوە، هەرگیز چاک نابێتەوە. ئاخر ساڵێکە جارێک نەبوو کە دەڵێم باشم، کەسێک نەبوو بڵێت چیتە چی بووە؟**

**ئەوانەی لێرەن هەر بە باشیی دەمبینن، کوا کەی لەم ساڵەدا خەمەکانم جوان بەیانکردووە؟**

**کوا کێ لە بێدەنگییم تێگەیشتووە؟**

**کوا کامە ئازارم لەبیرکردووە؟**

**نیشتیمان، ئاخر تۆ بۆ ئەم گایانە لێرە دەژیێنیت؟**

**هەر ئەوانە بوون ئازیزانیان بردم، هەر ئەوانە بوون ئەو کەسانەیان بردم بەبێ نیگایەک هەستیان پێ دەکرد. بە دوو گوێ نا بە هەموو جەستە گوێیاندەگرت. بە من ناڵێیت نیشتیمان من چۆن ئیتر بتوانم تۆم خۆشبوێت؟ دڵنیابە ڕۆژێک نایەت جوان پێناست بکەم، پێناسی تۆ لە فکر و خەیاڵی مندا ژاوەژاوە. دەنگەدەنگ و هەرا و هۆریایە. ئارەزوو و تێکشکانە، ناشرینیی و نەفرەتکردنە. بە من ناڵێیت تۆ کوێت جوانە ئەی نیشتیمان؟ ئەگەر جوانییەکیش هەبێت لە مرۆڤەکانت بردووتە، بردن بۆ خۆت نا، بۆ نەهێشتنی جوانییەکە.**

**چەندە پڕم لێت، لە زەریای هێمن دەچم، لە هێمنییەکەی نا، نا هێمن نیم، لە پڕییەکەی دەچم و هەرگیزیش بەتاڵ نابمەوە. دونیا کۆتاییدێت من هەر وەک خۆم پڕم لە ئاهـ و ناڵەی نەوتراو. پڕم لە برینی تەڕ و خوێناویی. نیشتیمان ئەی نازانیت ڕەنگی سووری شەقام و کۆڵانەکانت هەمووی هی خوێنی منە؟ نا نازانیت، نەفرەتت لێبێت چەندە بێئاگایت، هەستە لە خەو، کوێر مەبە، ئەو هەموو خوێنە ببینە، دڵۆپ دڵۆپ وا خوێنم لێدەچۆڕێت. نازانم کامە دڵۆپ هی کامە برینە، ئاخر برینەکانم هێندە تەڕ و زۆرن نایانناسمەوە، هەر گایەک هات برینێکی خستە جەستمەوە، تۆش خەوتبووی و ڕێگرییت نەکرد.**

**ماندووم لە دەست خۆت و گا برسییەکانت، دەڕۆم لێرە، دەڕۆم بۆ ئەبەد.**

**ماڵوێران ئەی نیشتیمان، ئالیکتان ماوە بەشی ئەمڕۆ و بەشی ژیان؟**

بەڵێ پەرستارەکەی دڵم، ئەو نامەیەم بۆ ئەو وێرانە نارد، بەڵام تەنها خوێندییەوە و هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. ئەو تاوانە و هەزاران تاوانی ئاوا ڕۆژانە لێرە ئەنجامدەدرێن، کەچی هەمووشیان وندەکرێن. نەفرەت لەم نیشتیمانە.

پەرستارەکەم، دەزانم قسەکانم ڕەقن، دەزانم ئاگر و تورەییان لێدەبارێت، بەڵام توخودا تۆ گلەییم لێمەکە، کە من بەم چاوەوە دەیانبینم. بزانە من مەبەستم هەمووان نییە، خۆشت باش دەزانیت نێر زۆرە و پیاو کەم. من قسەکانم بۆ چینێکە لەمانە، نەک هەمووی. باش دەزانم ئێرە پیاوانێکی لێیە پڕن لە پاکیی و جوانیی، فریشتەئاسان، بەڵام خراپەکان هەموو شتیان داگیرکردووە و بوون بە زۆرییینە. باشەکان دەکەم بە تاجی سەرم، دەیانکەم بە پەیکەری جوانیی و ڕێز، بەڵام ئەوانەی تر شایەن نین. دڵنیابە قسەکانم بە ڕووی هەمووواندا نییە، بەڵکوو خۆشت باش دەزانیت من لەگەڵ چ چینێکمە.

ئێهـ دەردی نیشتیمان گرانە لێیبگەڕێ با بێمەوە لای تۆ.

گلەیی بێت لێت، ساڵی پێشوو نمرەکانت باش نەبوون، ئاخر بۆ؟ خۆ ئاگاداربوویت منیش بە خولی یەکەم دەرچووم! خۆشم نازانم چۆن!

دوو ڕۆژی تر تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم دەستپێدەکات و دەستەکانم بۆ مەلزەمەیەک ناچێت، دوژمن بەحاڵی من نەبێت. لە من بگەڕێ، ئەمساڵ باشتربە تۆ، ئێ؟ بەڵێن بدە خۆت زیاتر ماندووبکە...

دێڕەکانی سەرەوە لە کۆتاخولەکەکانی ساڵی پێشوو و یەکەم چرکەکانی ئەمساڵ بۆم نووسیت، بەڵام ئێستا (٢٢) ڕۆژ تێپەڕیوە بەسەر دێڕەکانی سەرەوەدا. ئەها دیوتە چۆن دەستم لە خۆم بەرداوە و چەندە ئیهمالم تۆ لێرەنیت، ئەها بیرتە ژیاننامەی خۆمم دەنووسییەوە کۆتاشت کە بۆم ناردیت باسی هاتنی بولبولەکان و ڕۆیشتنیان بوو، ئەوکات تۆ لێرەبوویت. لەوکاتەوە تاکە دێڕێکم بۆ ئەو نووسینە زیاد نەکردووە، بولبولەکان بوون بە دوایین ڕووداوی ژیاننامەکەم. خۆ تۆ نایەیتەوە هەتا دووبارە بنووسمەوە، نایەیتەوە؟ سەرێ لەم منە وێرانە نادەیتەوە؟ بیرمدەکەیت

وەک چۆن من بیرتدەکەم! ئاخر چۆن هێندە ئیهمالم نامەیەک کە بۆ تۆیە ئاوا بە ئیهمالیی دەینووسم.

بیرتە کاتێک لە قۆناغی یەکەم بوویت پێمگوتیت: نەخۆشم چارەسەرم بکە. گوتت بووەستە با دەربچم و ببم بە پەرستار. کەمت ماوە، من هێشتا چاوەڕوانم چارەسەرم دەکەیت؟ هەر سەرێکم لێبدە بزانم چۆن دۆڕاوم لە جەنگێکی نایەکسان لەگەڵ نەخۆشییەکەم، نە توانای ڕۆیشتن، نە هەستانم ماوە. دەمەوێت ڕابکەم بێم بۆ لات، ئاخر ناتوانم، بگریم؟ لە بێتۆییدا دڵگرانم. بارانێکی زۆر خۆشە، چەند ڕۆژێکە ئاسمان خەریکی شینە، دەی منیش دەڕۆم هەندێک دەگریم لەگەڵ یادگارییەکانمان و وێنەکانتدا، جارێک خودات لەگەڵ و گریانت باش.

چەند ڕۆژێکە هیچم بۆت نەنووسیوە، تاقیکردنەوەم هەبوو، ئەمڕۆ تەواوبوون. (٦) دانە چووم و خراپبووم. (٣) دانەش هەر نەچووم نەمکرد. توانام نەماوە، ئاخر جەستەم ڕێگەم نادات ئەوەی دەمەوێت، یان پێویستە بۆم ئەنجامیبدەم. تۆش تەواوبوویت ئێستا دەزانم، تۆ چۆن بوویت؟

دەزانیت خەیاڵکردن خۆراکی منە؟ ماوەیەکە وازم لە خواردن هێناوە هەر خەیاڵ دەخۆم و خۆمی پێ تێردەکەم. دوێنێ لە خەیالّم هاتمە لای تۆ، نا لای تۆ نا، هاتمە کۆلێژەکەت، بە دزییەوە سەیرمکردیت، لە باخچەی کۆلێژ لەگەڵ چەند کچێک پیاسەتدەکرد، چەندە جوان بووبوویت. دوودڵ بووم لەوەی کەوا خۆت بیت. گومانم برد فریشتەیەک بێت، نەک تۆ بیت، بەڵام لە دوودڵییەکەمەوە کچێک بەلامدا تێپەڕی، نازانم بۆ هەستەکانم گوتیان ئەمە هەڵاڵەی هاوڕێتە. ئەها هاوڕێیەکت بەو ناوە هەبوو، بەبێ ئەوەی ئاگاداری خۆم بم پێمگوت:

- خاتوو هەڵاڵە!

- فەرموو.

- ئەوە کێیە؟ ئاماژەم بە تۆ کرد.

- خۆیەتی، ناوتی هێنا.

دەزانیت ئەگەر عەیب نەبووایە دەگریام لەگەڵ بیستنی ناوت، هەمیشە بەبینین، یان بیستنی ناوت دەگریم. ئەگەر نەشگریم ناخم دەسوتێت. ئەها نازانم لە فەیسبووک پەیجی "گوڵ"ت لە لا ماوە، یان نا؟ ئەو ماوەیە ئادمینێکی لێیە نووسینەکانی دادەنێت هەمان ناوی تۆی هەیە، هەرکاتێک ناوی دەبینم دڵم پڕدەبێت. ئاخر جارێکیش کەسێکی تر کە هەمان ناوی تۆی هەبوو لە کۆمێنت نووسیبووی "هەموو ئەوانەی ناوی منیان هەیە پڕن لە جوانیی". خۆ ڕاستیشی دەکرد، نەک پڕ لە جوانیی، بەڵکوو تۆ خودی جوانییت. پاش ماوەیەک قسەکردن و پێکەنینەکانتان تەواوبوو و هاوڕێکانت ڕۆیشتن، تۆش مایتەوە لە چاوەڕوانیی ئەوەی کە بەدواتدا بێن، بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە ماڵەوە. دەرەوە ساردبوو، ساردییەکە گیانی مرۆڤی هەموو دەهێنایە لەرز. نازانم زیاتر بەرگەی ساردییەکەت نەگرت، یان دیدارت هەبوو، ڕۆیشتی بۆ کافتریاکە. لەوێ لەگەڵ کوڕە چاوسەوزەکە دانیشتیت، نەمتوانی زیاتر سەیرتبکەم و کۆلێژەکەتم بەجێهێشت. نازانم هەتا کەی لە لای بوویت و باسی چیتان دەکرد...

ئەمڕۆ هەینییە، (٧)ی مانگی دوو.

تازە لەخەو هەستاوم، زیاتر لە هەموو ڕۆژەکان بیری میهرەبانییت دەکەم، بیری نامەیەک و بیری جوانییت، بیری ئەوە دەکەم کە چاتەکانی خۆمانت لە ستۆریی دادەنا و ئادە دەیگوت ئەوە کێیە؟ بیری هەموو شتێکت دەکەم. هەر لە ناو جێگەبووم بەرلەوەی هەستمەوە دەستم بۆ مۆبایلەکەم برد، ویستم خەتەکە بکەمەوە، سەیرم کرد خەتەکە خۆی کرابووەوە، شەو بیرم نەبوو دایبخەم، لە فەیسبووک ناوەکەتم سێرچکرد، نەهاتمە ناو پرۆفایلت، بەڵکوو سەیری کۆمێنتەکانمانم کرد لەو گرووپ و پەیجانەی قسەمانکردووە، چ زۆر قسەمانکردووە لەگەڵ سەفین، لەگەڵ ڕێنۆ چوزانم یەک دونیا یادگاریی لەو کۆمێنتانەدا هەیە. ناخم پڕبوو لە ئاگر، هەرچەندە کاتژمێر (٩) لایدابوو، بەڵام خەتەکەم کوژاندەوە و خەوتمەوە.

هێندە پڕم لە قسە بۆت نازانم باسی چی بکەم، نامەکەی بۆ گەشبیرم نووسیبوو کە داپیرە بۆی ناردیت (بە نیاز دەڵێم داپیرە، ئەویش بە من دەڵێت

باپیرە، لە (٢٠١٦)ـوە لەوەتەی یەکتر دەناسین.) سوپاس کە کاتی خۆت پێدا، سوپاس کە خوێندتەوە. ئەها بە داپیرەشت گوتبوو: کەوا بە من بڵێت بەوە دڵخۆشم کەوا دەزانم هەموو ڕۆژ بیرم لێدەکاتەوە. پەیامەکەت گەیشت، دەزانی لێرەبایت چیت دەگوت؟ دەتگوت تکایە هێندەش جوان مەنووسە. ئاخر دڵ بەرگەی ئەو وشانە ناگرێت، ناسک و جوان لە باڵی پەپوولە و پەڕەی گوڵێکی زەرد دەچن. بەڵێ، ئاوات دەگوت. ئاخر من باشتر لە خۆم تۆ دەناسم پەرستارەکەم، حەزیش ناکەیت پێتبڵێم پەرستارەکەم!

خزمەتکارەکەی مەحوی، بیری شیعرەکانی مەحوی دەکەم، بیری قسەکردنە پڕ لە عیرفانەکانت دەکەم. خۆ بەر لە ناسینی تۆ من نە لەگەڵ شیعری کلاسیک دۆستبووم، نە ئاشنای شیعرەکانی مەحوی و نالی بووم، بەڵام تۆ فێرت کردم جوانیی لەوان وەربگرم. جوانترین شیعرەکان کلاسیکن تۆ وات لێکردم ئەو جوانییانە ببینم. تۆ چاوەکانت کردمەوە لە دونیای شیعر، من کوێربووم لە ئاست ئەم شاعیرانە و شیعرەکانیان. یەکێک لە هاوڕێکانم کەوا تۆش دەیناسیت و زۆر جار باسمکردووە بۆت، ئەویش هەندێک شت لە بارەی تۆوە دەزانێت. هەموو جار دێتە بەر دەمم و دەڵێت:

- خزمەتکارەکەی مەحوی گەیشتە کوێ و چی بەسەرهات؟

- بە من ناڵێیت چی وەڵام بدەمەوە؟

ئاخر ئەگەر باسی ئەوەشی بۆ بکەم کەوا کۆمەڵە گا تۆی لە من کرد، ئەو تێناگات. هیچ لە بارەی ئەو کۆمەڵە گایە نازانێت و نایانناسێت...

دەمەوێت یانی ئەگەر بە دڵی خۆم بێت نامەوێت ئەوە نامەیەک بێت، بەڵکوو دەمەوێت ڕۆمانێک بێت بۆتی بنووسمەوە، بەڵام لەبیری ناکەم چاوەکانت ئازاریان هەیە، لەبەرئەوە چیتر نانووسم.  ئێستا کۆرسی یەکەمت تەواوبووە، واتە دەوامت نییە و لەماڵەوەیت، لەوانەیە هەفتەیەک، یان زیاتر لە ماڵەوە بیت، دوای ئەوەی کۆرسی دووەمت دەستپێکرد، ڕۆژێک کە خۆر بە ئاسمانەوەیە جەوێکی جوان و بەهارییە، تۆ لەوانەیە لە محازەرە دانیشتبیت و بێزاربیت، یان لەوانەیە لەگەڵ کوڕە

چاوسەوزەکە لە باخچە خەریکی پیاسەبیت، یان لە کافتریا خەریکی خواردنی لەفەیەک بیت، ئۆتۆمبێلێک لەبەردەرگای کۆلێژەکەت دەوەستێت و کچێک بەوێدا تێپەڕدەبێت. کەسێک لە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە بانگی کچەکە دەکات و پێیدەڵێت:

- تۆ قوتابیت لێرە و لە بەشی پەرستاریی دەخوێنیت؟

- کچەکەش بە بەڵێ جوابدەداتەوە. هیوادارم کچەکە قۆناغی سێیەم بێت، بەڵام لەوانەشە یەک و دوو، یان چواربێت. کچەکە دەڵێت فەرموون خزمەتێکتان هەبوو؟

- کەسەکەش دەڵێت: پەیامێکمان هەیە بۆ قوتابییەک لە قۆناغی سێیە بەم ناوەوە، ئەگەر بیناسیت و پێیبگەیەنیت سوپاست دەکەین.

- کچەکەش دەڵێت: بەگوێرەی ناو نایناسم، بەڵام دەگاتە دەستی. ئیتر لەوێوە لەوانەیە دوای کاتژمێرێک نامەکە بگاتە دەستت، بەڵام هیوادارم ئەوکات لای کوڕە چاوسەوزەکە نەبیت، نەوەکوو بڵێت ئەوە چییە و کێ ناردوویەتی؟

بەس تو خودا بە کۆترێکیش بێت، یان هەر کەسێک بێت، ئەگەر بە یەک وشەش بێت با ئەو نامەیە بێوەڵام نەبێت.

چۆن تۆ بەبێماڵئاوایی ڕۆیشتیت، ئاوا منیش ناڵێم ماڵئاوا (مەبەستم لە وشەکەیە، نەک خوانەکات ماڵت ئاوەدان نەبێت).

دوایین دێڕم

خۆشمدەوێیت.

- مینا، بە ڕاستیی زۆرم خۆشدەوێت، قەراریش بوو یەکتر بناسین، بەڵام نەبوو. خودایە سەیری ئەو هەموو ئازارە! ئەو هەموو خۆشەویستیی و هەستە جوانە دوای دابڕانیش! نازانم ئەوە ناوبنێم وەفا، یان چی. ئاخر نمونەی ئاوا زۆر کەمە ئەگەر هەشبێت لە دەیان پەیوەندییدا یەک دانەی ئاوا وەکوو ئێوە هەیە. میناش شایەنی

ئەو هەموو خۆش ویستنەیە. نالّێم لەبیری بکە، بەڵام ئەو خۆشەویستییەت بۆی بەردەوامبێت تەنها ئازارت دەدات. ئەوە دەمەوێت چەند شتێک بپرسم، ئەگەر ئاسایی بێت لە لات؟

- فەرموو گیان، هەمووی بە جارێک بپرسە.

- باشە، یەکەم: لە نامەکە باسی سەرەتای ساڵ دەکەیت، کەچی ئێستا مانگی (٩)ـیە ئەو نووسینەت بۆ ناردووم، بۆ؟

دووەم: خۆ مینا لە ژیانت نەماوە، ئەو نامەیەت هەر ئاوا نووسیوە، یان چۆن بۆت ناردووە؟

سێیەم: پرسیارە قورسەکە هههههه کاممانت زیاتر خۆشدەوێت من، یان ئەو؟ وە من لێرەم، ناتوانم لە شوێنی ئەوبم بۆت؟

چوارەم: مەبەستت چییە لەوەی نووسیوتە خزمەتکارەکەی مەحوی؟

پێنجەم و دوایین پرسیار: حەزدەکەیت بگەڕێتەوە؟

فەرموو وەڵامبدەرەوە، پرسیارەکانیشم هاوشێوەی پرسیاری دکتۆرەکانمانە لە کۆلێژ تەرککردنی نییە.

- باشە خەمت نەبێت وەڵامی هەموویان دەدەمەوە، جا ئەگەر بە یەک وشەبێت، یاخود سەدان وشە.

سەرەتا باسی کاتی نووسینی نامەکە، وایە لە سەرەتای ساڵ نووسیومە، بەڵام بۆ کەسم نەناردووە، چونکە گوتم نابێت هیچ کەسێک بەر لە خۆی خوێنەری بێت. دوو ڕۆژە نامەکەی پێگەیشتووە ئاگادارم، لەبەرئەوە ئێستاش بۆ تۆم نارد.

سەبارەت بە هۆکاری نووسینی نامەکە و چۆنیەتیی ناردنیشی، ئەو نامەیە نووسینی ڕۆژێک و دووان نییە، بەڵکوو زیاتر لە چوار مانگی ویست هەتا تەواومکرد، بەڵام ڕۆژ هەبوو دەمنووسی هەتا مانگێکی تر هیچم نەدەنووسی.

سەرەتا نامەکەم لە نۆتی مۆبایلەکەمەوە نووسی و دواتر کردم بە دەستنووس بۆ ئەوەی نامەیەکی زیندووبێت و بمێنێتەوە. لەگەڵ کتێبێکدا پێچامەوە و لە ڕێگەی کۆمپانیایەکەوە کەوا کاری گەیاندن دەکەن ناردم بۆ شارەکەی و لەوێش بۆ کۆلێژەکەی. لە کۆتایی نامەکەشدا نووسراوە کەوا لەوێدا چۆن دەگاتە دەستی.

کامەتانم زیاتر خۆشدەوێت! ناتوانم بڵێم کامتان، چونکە خۆشەویستیی ئێوە جیاوازە. تۆ کەوا ڕۆژانە دەتبینم و گوێم لە دەنگت دەبێت، جیاوازە لە مینا کەوا هیچ کات ڕووبەڕوو یەکترمان نەبینیوە. پلەی خۆشویستنی هەردووکتان شتێکە کە ناکرێت بەراوردبکرێت. تۆ ئاسایت هیچ کات نابیت بە مینا، ئەویش هەر خۆیەتی و نابێت بە ئاسیا. زۆر شت هەیە وا دەکات جیاوازبن، بێگومان تۆ زۆر ناوازەیت و زۆر بە نرخیت بۆم، بەڵام هەتا ئەبەد تۆ هەر ئاسیایت.

خزمەتکارەکەی مەحوی لە کوێوە هات، من کە سەرەتا ناسیم ئەو کاتیش ئەو نازناوەی هەبوو، منیش لە لام نیشانەی پرسیاربوو، ئەو کات باشە بۆچی ئەو نازناوە؟ بەڵام لەبەرئەوەی لە سەرەتای یەکترناسین بووین لێم نەمپرسی، هەتا دوای ماوەیەک خۆم وەڵامەکەم دەستکەوت. ئێستا بڕۆ سەیری ناو فەیسبووک، ئینستاگرام هەر شتێکی دەکەیت بکە، هەمووی لەسەر وێنەکانی خۆی، یان وێنەی هەر شتێک کەوا بڵاویدەکاتەوە شیعری مەحوی و شاعیرە کلاسیکەکانە. زۆر عاشقی شاعیرە کلاسیکەکان بوو بە تایبەت مەحوی. هەموو دیوانی مەحوی لەبەربوو. زۆربەی شیعری شاعیرەکانی تری لەبەربوو. ئەدەبدۆستێک بوو هاوشێوەی کەمبوو. من پێشتر هیچ کەسێکی ئاوام نەناسیبوو، زۆر جار لە کاتی قسەکردن بە شیعر قسەیدەکرد. واتە من قسەیەکم کردبا، ئەو بە دێڕەشیعری شاعیرێک وەڵامیدەدامەوە، کەوا لەگەڵ قسەکەی من دەگونجا. مینا بە ڕاستیی خزمەتکاری ئەدەب و مەحوی بوو. ئەو نازناوەش هاوڕێکانی لێیاننابوو و ئیتر ئەویش بەدڵیبوو و بەکاریدەهێنا.

بۆ گەڕانەوەی، ئەگەر بڵێم بەڵێ، یان ئەگەر بڵێم نەخێر، ئەوە درۆدەکەم. لە گەڕانەوەی دەترسم! ئەوە ساڵێک زیاترە ئێمە قسەمان نەکردووە، ساڵێک گەلێک زۆرە بۆ ئێمە کە ڕۆژێکمان تێپەڕنەدەکرد بەبێ قسەکردن. دەترسم بگەڕێتەوە ببین

بە نامۆ و شەرمبکەم وەک جاران تێکەڵی ببم. شەرم لە هەموو شتێکی، لەبەرئەوە نە دەڵێم حەزدەکەم، نە دەڵێم حەزناکەم.

ئەوە هەموویم وەڵامدایەوە، هیچ کێشەت هەیە؟

- نەخێر، هەموو ئەو وەڵامانەی دەمویست دەستمکەوت، بەڵام ئێستا پرسیارێکی ترم بۆ دروستبوو، وەڵامم بدەرەوە و دەخەوم.

- چ پرسیارێک؟

- چۆن یەکترتان ناسی؟ هیچ کات باسی ئەوەت نەکردووە.

- وەڵامی ئەوەشت دەدەمەوە، تەنها بۆ زانیاریشت لەگەڵ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگریم.

دوای تەواوکردنی پۆلی دوازدە و بەر لە هاتن بۆ زانکۆ لە فەیسبووک فرێندم بوو، بەبێ ئەوەی قسەبکەین و بیناسم، فەیسبووکەکەم کەسیی نەبوو، واتە بە ناوی خۆمەوە نەبوو، لەبەرئەوە زۆربەی فرێندەکانم نەدەناسی. باسی ئەوەم کردووە بۆت بەر لەوەی بێم بۆ ئێرە لە زمانی تورکیی وەرگیرام. پێش ئەوەی لە زانکۆ وەربگیرێین دەمبینی کەوا لە پۆستەکانی، یان لە کۆمێنت شتی بە زمانی تورکیی دەنووسی. قسەم لەگەڵی کرد و پێیگوتم کەوا ئاستی زمانی تورکیی باشە. گوتم کەوا ئەگەر لە زمانی تورکیی وەربگیرێم دەبێت بۆ فێربوون یارمەتییم بدەیت. ئەویش قبوڵی کرد.

ناوم لە کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی تورکیی هاتەوە و ئاگادارمکردەوە. ئەوەبوو چەند ڕۆژێک دەستمانپێکرد و ڕۆژانە وشەی پێدەگوتم، چەند کتێب و شتێکی بۆ پێشنیازکردم، کەوا پەیدایان بکەم بۆ ئەوەی سوودیان لێببینم.

بەر لەوەی شتەکان پەیدابکەم، هاوڕێیەکم پێیگوتم کەوا لە کۆلێژی ئاداب زمانی تورکیی لە بینایێکە لە قاتی سێیەم واتە شوێنەکە بۆ من نەدەبوو و نەدەبایە بچم، ئاخر من ناتوانم سەر قادرمەیەک بکەوم، جا چوون بۆ قاتی سێیەم! قسەم لەگەڵ

مینا کردەوە و پێمگوت کەوا شتێکی ئاوا هەیە و دەبێت واز لە تورکیی بهێنم و بە ناچاریی بچم لە شتێک بخوێنم کەوا لەگەڵ ئارەزوو و هیچ شتێکی من ناگونجێت. بۆ ئەوەی بە جوانیی تێبگات دەبووایە باسی نەخۆشییەکەم و هەموو شتێکی بە وردیی بۆ بکەم. ئەوەش لەوانەیە هەفتەیەکی خایەند و من بەشەکەم گۆڕی و هاتم بۆ لای ئێوە.

هەتا ئەوەش ڕوویدا لەگەڵ مینا تێکەڵاوییەکم پەیداکردبوو و دەبووین بە هاوڕێ. زمانی تورکییەکە نەبوو، بەڵام بە هۆیەوە کەسێک هاتە ژیانمەوە کەوا خودا بۆی ناردبووم. لە فریشتەیەک دەچوو زیاتر، نەک لە مرۆڤ. ئیتر ئاوا بەردەوامبووین...

هیوادارم وەڵامت وەرگرتبێت و شەوت شاد.

- ئاسیا: وەرمگرت، شەوت شاد کاکەگیان.

# قۆناغی چوارەمی زانکۆ

براکەم زانکۆی تەواوکرد و کاری هەبوو، نەیدەتوانی هەموو ڕۆژ من ببات بۆ زانکۆ، لەگەڵ ئامۆزاکەم و هاوڕێیەکم بە تەکسی هاتوچۆمان دەکرد. ئەوان هەموو ڕۆژ دەچوون، بەڵام من هەفتەی ڕۆژێک، یان دوو ڕۆژ دەچووم. چوونیشم زیاتر لەبەر توێژینەوەی قۆناغی کۆتایی بوو. هەندێکجار مامۆستا داوایدەکرد لەوێ بم. ئەگەرنا چوون بۆ وانەکان هیچ پێویست نەبوو. بەنەچوون هیچمان لەدەست نەدەچوو. بۆ ئەمەش بەشێک لە مامۆستاکان زۆر یارمەتییدەرم بوون.

هەندێکجار مرۆڤ لە کەسانی دەورووبەری دەکەوێتە گومانەوە کە یارمەتیی دەدەن، نازانێت لە چاکەی خۆیانە، یان بەزەییان پێماندادێتەوە! لە قۆناغی یەکەم بۆ کارێک کە پێویستبوو چووم بۆ کارگێریی بەشەکەی خۆمان. ئەو کات نەیاندەناسیم و ئاگادارنەبوون لەوەی نەخۆشم. کارەکەیان بۆ نەکردم. ساڵ دوای ساڵ کە مامۆستاکان و هەموو ئەوانەی کۆلێژ دەیانناسیم زیاتر یارمەتییاندەدام. لە کۆتاساڵدا بۆ هەمان کاری قۆناغی یەکەم چوومەوە هەمان شوێن، بەبێ وەستان کارەکەیان بۆ کردم. وەڵامی ئەم پرسیارەم دەست نەکەوت، ئەمە یارمەتیبوو، یان چی؟

لە کۆتا ساڵ هەموو مامۆستاکانیش زۆر یارمەتییاندەدام، دوو لەو وانانەی هەمانبوو مەنهەجەکەی کتێبی مامۆستاکان خۆیان بوو. بەبێ ئەوەی بیانناسم و بچم بۆ دەوام و وانەیان، کتێبەکانی خۆیان بە هاوڕێیەکمدا بە دیاریی بۆ ناردبووم. بۆ نمرە و ئامادەبوون لە وانەکان و هەموو شتێک یارمەتییدەرم بوون. یەکێک لە

مامۆستاکان کە نەدەچووم بۆ وانەکانی، قوتابییەکان دەیانگوت هەر ڕۆژێک کە وانەی ئەومان هەیە لەکاتی خوێندنەوەی لیستی ئامادەبووان کە دەگات بە ناوی تۆ، دەڵێت: ئەرێ ئەم سامییە کێیە؟ ئەوەی نەخۆشەکەیە؟ ئاساییە نایەت بۆ وانە، بەڵام هەر ڕۆژێک بێت با ببینم بزانم کێیە و کەسێکی چۆنە. چەندین جار قوتابییەکان ئەوەیان دووبارەکردەوە هەتا ڕۆژێک لە ناو گەراج مامۆستاکەم بینی و خۆم پێناساند. دوای ئەوە چیتر لە ناو قوتابییەکاندا باسی نەکردبووم. لە وانەی ئەویش لە تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم نمرەیەکی باشم هێنا.

ئاسیا ڕووخسارێکی جوان و شیرینی هەبوو، جیاوازبوو لەوانەی تر. ئەها جوانەکان هەندێکجار دەڵێن جوانییەکەمان لە بری ئەوەی باشبێت بۆمان، دەبێتە بەڵا بۆ سەرمان. ئاسیا هیچ کات وای نەدەگوت، بەڵکوو ئەو هەر لە جوانیی خۆی ڕازی نەبوو. زۆرجاریش گلەییدەکرد، بەڵام وانەبوو کە ئەو پێی وابوو، زۆریش جوانبوو. جوانییەکەی بووبووە هۆی ئەوەی زۆربەی کات لە لایەن کوڕەکانەوە داوای خۆشەویستیی و پەیوەندیی لێبکرێت، بەڵام ئەو هەمووانی ڕەتدەکردەوە و کەس نەدەچووە دڵی. نازانم دڵی ئەو چ مرۆڤێکی دەویست. سەرەتای ساڵ بوو، ڕۆژێک گوتی:

- میران دەناسیت؟

- بەڵێ.

میران کوڕێکی باش و جوان و ڕێک بوو، لەگەڵ خۆمان بوو، دەمناسی، بەڵام هاوڕێیەتییەکی وام لەگەڵی نەبوو، بەڵام هاوڕێکانیم باش دەناسی. لەبەرئەوە ئەویش کەسێکی باش بوو، پێمگوت:

- بۆ لێیدەپرسیت؟

- خۆشیدەوێم.

- کێ پێیگوتیت؟ ئەوەش هاتە ڕیزەکەوە هههههه.

- خۆی نامەی ناردووە و دونیایەک قسەی بۆ نووسیوم، دەڵێت کە دەمێکە چاودێرییم دەکات و ئاگادارە کەوا کچێکی خۆپارێزم و تێکەڵ نیم لەگەڵ کوڕان و بە جوانییەکەم سەرسامە و دونیایەک دێڕەنووسینی تر.

بەڵام ئەوەش وەک ئەوانەی تر ئاسیا بەدڵی نەبوو و ڕەتیکردەوە. لەو کاتەدا میرانم زۆر بێتاوان و گوناهـ هاتە پێشچاوم. لە نامەیەکدا بۆ ئاسیا نووسیبوو: ئاخر بۆ بەو ئاسانییە دەڵێیت نا و  تەواو، هەندێک کاتم پێبدە بزانە شایەنم، یان نا...

بەڵام ئاسیا گوێی نەگرت و پێیگوت: چیتر نامەم بۆ مەنێرە تکایە. میرانیش دوورکەوتەوە ئیتر، هەر خوداش دەزانێت دڵی چی تیابووە و چۆن سووتاوە.

نازانم ئەو کوڕانەی کە ئاسیا پێیان ڕازی نەدەبوو دڵشکاو دەبوون، یان نا. خەمیان دەخوارد، یان لەلایان ئاسایی بوو. نمونە وەکوو هاوڕێکەم لە قۆناغی یەکەم، بەڵام ئەگەر دڵیان شکابێت و خەمیان خواردبێت، ئەوەی بێگومان ئاسیاش پێی ناخۆشبوو. مرۆڤ کە کەسێکی خۆش نەویست خۆ بە زۆر نییە، ناتوانیت بە زۆر لە دڵتدا شیرینی بکەیت، ئەگەر خۆی نەچێتە قوڵایی دڵتەوە. ئاسیاش وابوو، کە کەسیانی خۆش نەدەویست خۆ نەدەکرا پێیان ڕازیبێت، هەندێکجار ئاسیا پێیدەگوتم بە ڕاستیی فلان کەس کەسێکی باشە، بەڵام کە خۆشم نەوێت چی. دەیگوت باشیی و خۆش ویستن دوو چەمکی جیاوازن، خۆ ناکرێت خۆشەویستییەک کە هەموو تەمەنی پێوەبەندە بکەیت بە قوربانیی باشییەک کە لەوانەیە بەیانییەک لەگەڵ لەخەوهەستاندا ئەو باشییە نەمێنێت و ببێتە خراپە. لەسەر حەق بوو بۆ ئەم بیرکردنەوانە، مرۆڤ هەر نابێت سەیری ئەمڕۆ بکات. ژیان دوورودرێژە، دەبێت بیرێکیش لە بەیانی بکەینەوە، ئەگەرنا خراپمان بەسەردێت لەو تاریکییەی بەرەو بەیانیمان دەبات.

ئاسیا بۆ ئەم شتانە باشبوو، هەموو کات قسەی بۆ دەکردم و ڕووداوەکان کە لە نەبوونی من ڕوویاندابوو بۆی دەگێڕامەوە. ڕۆژێکیان باسی ئەحمەدی دەکرد، کوڕێکی باش و ڕێکی هاوڕێی خۆمان بوو. کاتەکەی نزیک ڤالانتاین بوو. گوتی:

- دەزانیت ئەمڕۆ ئەحمەد چی پێگوتم؟

- چوزانم، تۆ پێمبڵێ هەتا بزانم.

- داوای لێکردم بۆ ڤالانتاین گوڵێکی سووری بۆ بکڕم هههههههـ خۆشی بە پێکەنینەوە قسەکەی کرد. ئاخر ئەو داوایە زۆر گەمژانەبوو، پەیوەندییەکی وا لە نێوانیان نەبوو، ئەوەی هەبوو هاوڕێیەتییەک بوو لە کۆلێژ و جارجار بەیەکەوە دەوەستان و قسەیاندەکرد، یان لەوانەیە لە کافتریا بەیەکەوە دانیشتبێتن. هەرچەندە دەمزانی ئاسیا کارێکی وا ناکات کە ئەم کوڕە داوایکردبوو، بەڵام هەر بۆ خۆشیی پرسیم: گوڵەکەی پێدەدەیت؟

- ئاسیاش پێکەنی و گوتی چییە ئەوهام دەبینی؟ مەبەستی ئەوەبوو واتە ئەوا کەسێکی سووکم هههههههـ زووزوو ئەو وشەی بەکاردەهێنا، شتێکی کردبا، یان ویستبای بیکات، دەیگوت سووک دەبم بەو شتە ئەگەر بیکەم.

لەبەرئەوەی ئەو بۆ من زۆر باشبوو، نا لەبەر ئەوەنا، لەبەرئەوەی شایەن بوو هەر شتێکی بۆ بکەیت، هەر شتێکی گوتبا بەپێی توانا بۆم دەکرد و یارمەتییم دەدا. ئەویش وابوو بۆمن. هەندێکجار لە فەیسبووک کە قسەماندەکرد دەیگوت بۆ بە قسەم پێناکەنیت هههههههـ؟ واتە ئیمۆجی پێکەنین بۆ نامەکانی دانێم. دەیگوت دیارە قسەکانم بەقەوەت نین بۆیە. بە تایبەت کە لە گرووپ قسەمانبکردایە، یان هەندێکجار دەیگوت ئەو شتە لە گرووپ بنێرە و ئەو پرسیارە بکە.

جارێکیان وانەی بیرکارییمان هەبوو، مامۆستای وانەکە هەر شتێکی ویستبا ناوی شازیاری دەهێنا، شازیار دەفتەرەکەت، شازیار لەکوێین و هتد...

شەوەکەی ئاسیا گوتی: کوا لە گرووپ بپرسە و بڵێ شازیار ئەوە ئەو مامۆستایە خزمتانە، یان چی؟ ئەوا دەتناسێت و بەس ناوی تۆی لەسەر زمانە. پێم باش نەبوو، بەڵام پرسیم. پاش کەمێک شازیار وەڵامیدایەوە و گوتی: ناوالله خزم نییە تەنها هاوڕێی کوڕە پورێکمە بەیەکەوە خوێندوویانە، لەبەرئەوە دەمناسێت و هەر ئەوەندەیە هیچ خزمایەتیی و شت لەئارادا نییە.

گرووپەکەمان ئەوەی کە قسەمان لێدەکرد نزیکەی (١٠) قوتابی دەبووین لەوێ، دەتوانم بڵێم هەموو لەیەکەوە نزیکبووین، کەسی وای تێدا نەبوو کە هاوڕێیەتیی نەکەین. باسی هەموو شتێک دەکرا. خوێندن، سەفرە و گەشت، تۆپی پێ و فلیم و هەموو شتێک. زۆربەی کات لەوێ دونیایەک قسەماندەکرد و سەرچاوەیەک بوو بۆ خەندەکانمان. کەم کات هەبوو ئەوێ بێدەنگبێت.

زۆربەی جار ئاوا هەموو داواکانیم جێبەجێدەکرد، بێگومان ئەویش شتی وای بۆ من دەکرد، بەڵام من هەمووکات داوام نەدەکرد، مەگەر شتەکە پێویستبایە. هەندێک جاریش فەیسبووکی یەکترمان بەکاردەهێنا و دەچوو بە فەیسبووکی من جوابی کۆمێنتی کوڕەکانی گرووپی دەدایەوە، یان کۆمێنتی بۆ دەکردن. دەیگوت ئاخر ئەو پۆستانە دەکەن و دڵم دەتەقێت قسەی دڵم نەنووسم بۆیان هەهههە ناشتوانم بە فەیسبووکی خۆم کۆمێنت بکەم، خۆش نییە. منیش فەیسبووکی خۆم پێیدابوو و ئازادمکردبوو لەوەی هەرکاتێک بیکاتەوە.

قۆناغی چوارەم، دوا ساڵی کۆلێژ واتە ماڵئاواییکردن لەیەکتر! بیرمە ساڵی یەکەم و دووەم کە ئەوانەی قۆناغی چوار بوون ماڵئاواییان دەکرد، ئاسیا دەیگوت چەند سەخت و ناخۆشە هەموو شت کۆتایی پێدێت، دانیشتن و وانە و چوونە کافتریا ئیتر یەکتر نابینن. کەس ئاگاداری کەس نابێت، ئیتر لێرەوە هاوڕێیەتیی ڕاستەقینە بەدەردەکەویت. منیش فشەم پێدەهات و دەمگوت بۆ ناخۆشە، وەڵا زۆر ئاساییە و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیەم لەم وێرانەیە دووربکەومەوە و چیتر نەگەڕێمەوە لای. بەڵام ئێستا تێدەگەم چەندە سەختە، بیردەکەمەوە چیتر نایانبینمەوە دەگەینە کۆتایی، لەوانەیە هاوڕێکان ڕۆژێک لە شوێنێک یەکتر ببینەوە، بەڵام گرانە بۆ من دووبارە بیانبینمەوە. کێ دەڵێت ژیان هێندە درێژدەبێتەوە و مەودای دیداری ترمان پێدەدات. لەوانەیە ئەگەر زۆر بژیم دوای کۆتاییهاتنی ئێرە ساڵێک بژیم و بگەم بە کۆتایی. ئیتر ژیانم کۆتاییدێت. هەموو شت کۆتاییدێت. ئازارەکان، خەندە درۆیینەکان، کەوتنەکان، خوێن بینینەکان....، لە گۆشەگیریی و تەنهایی، نازانم ئەوکاتیش ئاسیا بەکوێ دەگات و چی لێدێت، نازانم ئازیزانم چییان بەسەردێت، بەڵام ئەو کات هیچ شتێک گرنگ نییە، مەگەر کە مردین خودا لێمان ڕازیبێت، چیتر گرنگە؟

ڕووداوەکان زۆرن، بەڵام خۆ ناکرێت هەموو شتێک باسبکرێت و بگێڕدرێتەوە. لە کۆتا ساڵدا چەند جارێک ئاسیا پاقڵەی سورکراوەی بۆمان دەکڕی، لەگەڵ هاوڕێیەکانی بەیەکەوە دەمانخوارد. چەند جارێک داوای ئاوم لێدەکرد بۆی دەهێنام. واتە باسی ئەوەم کرد کە خراپترین و ناخۆشترین ڕووداو کە توشبووم لەوانەیە ئەو هۆکاربووبێت، بەڵام خۆ ناکرێت بە هۆی ئەوەوە چاکەکانی هەموو لەبیربکەم، چاکەکانی بەرانبەرم بێسنوورن، ئەو کاتانەی گوێگرم ویستووە بۆم بووە بە گوێگر و هەتا ماندووبووم لە قسەکردن گوێیگرتووە و هەستیکردووە و لێم تێگەیشتووە. ئەو کاتانەی کەسێکم ویستووە قسەم بۆ بکات، قسەیکردووە بۆم. ئەوەندەی من ویستوومە بە زیادیشەوە، ئەوکاتانەی پێویستم بەوە بووە کەسێک لە لام بێت لە لام بووە و بە خەندەکانی ئارامیی پێداوم و بووە بە هەموو کەس بۆم.

بۆ خوێندن، جا مەلزەمە و یان هەر شتێک کە پێویستم بووایە  هەموو کات یارمەتییداوم. بەپێی توانای خۆی وانەکانی پێدەگوتم کە لەدەستمدەدا. ئەو شتانەی نەمدەنووسییەوە دەفتەری خۆی، یان هی کەسێکی تری بۆ کۆپییدەکردم. ئەو بابەتانەی مامۆستا دیارییدەکردن و دەیگوت گرنگن بۆی دەناردم. لەوانەیە هەندێک کات بەگوێمی نەکردبێت، بەڵام بێگومان چاکەکانی زۆرزۆرن بەرانبەرم. ناتوانم هیچ شتێکی دیارییبکەم و بڵێم ئەو ڕووداوەیان باشترینە و باسیبکەم. هەموو شتەکانی و بوونی باشبوون و دڵخۆشیان دەکردم. میهرەبانییەکی بێسنووری هەبوو.

هەر لە کۆتا ساڵیشدا جارێکیان کەسێک بە خراپ ناوی ئاسیای هێنا لە لام و باسیکرد، ویستم لێیبپرسم هۆکاری ئەو خراپییەی چییە بۆ من نایبینم و تەنها چاوەکانی ئێوە دەیبینێت؟ ئاخر لەوانەیە بەر چاوەکانی ئێوە پیسبێت، نەک  ئەو! بەڵام هێندە تێکەڵ نەبووم لەگەڵ ئەو کەسە و نەمویست بەهۆی پرسیارەکەمەوە شتێک دروستبکەم لەگەڵی باسەکە گەورەبکەم، لەبەرئەوە لێیگەڕام. دواتر نامەیەکم بۆ شازیار نارد لە ماسنجەرەوە، شازیار باشتر لە هەمووان ئاسیای دەناسی و هەر لە زووەوە بووبوون بە هاوڕێ و هەموو کات پێکەوەبوون. بە شازیارم گوت نازانم پەیوەندیی تۆ لەگەڵ ئاسیادا هەتا چ ئاستێکە، لەوانەیە ئەوەی چاوەکانی ئێمە دەیانبینێت ڕاستەقینە نەبن، چونکە زۆر کەسمان بینیوە لەبەر چاوەکانمان ڕۆحێک بوون لە دوو جەستەدا، بەڵام لە ڕاستییدا شتێکی تربوون. دەمەوێت پێمبڵێیت:

– ئاسیا کەسێکی چۆنە؟ بزانە من کە ئەوە دەپرسم مەرج نییە گومانم لە ئاسیا هەبێت، یان دڵنیانەبم لە باشییەکانی ئەو. بەڵێ، ئەوە تەنها بۆ ڕەتکردنەوەی قسەی ئەوانەیە کە بە خراپە باسیدەکەن. مرۆڤیش بوونەوەرێکی سەیرە کاتێک قسەیەک دەبیستێت، یان گومانێک لە لای دروستدەکرێت، دەیەوێت بە سەلماندن ئەو شتە ڕەتبکاتەوە. قسەکانی تۆش ڕەتکردنەوەی ئەو قسانە دەبێت کە بیستوومە و دڵنیاکەرەوە دەبن بۆ من. ئاخر ئەو مرۆڤەی ڕۆژانەمان لەگەڵیان بەشدەکەین هەندێکجار وامان لێدەکەن گومان لە بوونی خۆمان لە و هەموو شتێک بکەین، نازانم لەم شتانە چی قازانج دەکەن و چی بەدەستدەهێنن؟

– باشە ئەوەی پێت دەڵێم کاریگەریی ئەوەی بەسەرەوە نییە کەوا ئێمە هەتا چەند هاوڕێین، یان نا، بەڵکوو بینینی ڕاستەقینەی منە بۆ ئاسیا. ئاسیا کچێکی جوان، باش، بەڕەوشت و بەئەدەبە، سنووری خۆی دەزانێت و خۆشەویست و شیرینە، ڕێزی بەرانبەری دەگرێت و ئازاری کەس نادات. لەوانەیە هەندێکجار بووبێتە هۆکاری ئازاردانی کەسێک، یان دڵشکانی، بەڵام دڵنیابە ئاسیا هیچ کات ئەوەی نەویستووە. مرۆڤێکە پڕە لە جوانیی، ئەگەر هاوڕێیەتیی بکەیت زەرەر ناکەیت. لەوانەیە هەندێکجار کارێک شتێکت پێبڵێت لە بەرژەوەندیی خۆی بێت، بێگومان من هیچی وام لێنەدیوە، بەڵام بەپێی کەسایەتییەکەی هەستدەکەم و دەزانم وایە. بەڵام ئەوەش هیچی لێ کەمناکاتەوە. کێ هەیە لە ئێمە ئەو شتەی نەبێت؟ هەمووومان شتانێکمان بۆ خۆمان دەوێت و هەندێکجار بەرژەوەندییەکانی خۆمان پێشدەخەین. ئەویش هەر وەک ئێمەیە، بەڵام کەسانێک لەوانەیە هەست نەکەن خۆشیان ئەو ڕەفتارەیان هەیە، بەڵام تەنها لەودا دەیبینن لەبەرئەوە لەوانەیە بە خراپە ناویببەن، بەڵام دڵنیابە ئاسیا کچێکە پڕ بە پێستی مرۆڤایەتیی پیشانداوە و دەدات. چەندەی باشبیت لەگەڵی شایەنی زیاترە. ئیتر من وا لە ئاسیا تێگەیشتووم و دەشزانم وایە. دووبارەش دەیڵێمەوە بێگومان ئەو قسانەم پەیوەندیی بەوەوە نییە کەوا نێوانی ئێمە لە چ ئاستێکدایە.

– زۆر سوپاست دەکەم، بە ڕاستیی قسەکانت هەموو ڕاستن و نایابن، ئاسیا شایەنی هەموو جوانیی و باشییەکە، بەڵام ئەوانەی بە خراپ ئاسیا دەبینن، ئەوە هەر خودا دەزانێت هۆکار چییە.

– تۆ خۆت ئاسیا دەناسیت و دەزانیت کەسێکی چۆنە، لەبەرئەوە واز لەوانە بهێنە و بیر لە قسەکانییان مەکەرەوە.

– بەسەرچاو وادەکەم، دووبارە سوپاس بۆ قسەکانت.

– شایەنی نییە گوڵبرا، لە خزمەتدام. تۆ چۆنیت؟ لەگەڵ کتێب خوێندنەوە چۆنیت؟

– سوپاس بۆ خودا دەروونتدروستم، بەڵام تەندروست نیم. لەگەڵ خوێندنەوەش زۆر باش دەڕۆم ئەم ماوەیە.

– خودا باشت بکات، بۆ خوێندنەوەش بە هیوای بەردەوامیی و خوێندنەوەی زیاتر.

– زۆر سوپاس، هیوادارم ڕۆژێک بێت تۆش ئاوا بخوێنیتەوە.

– باوەڕبکە زۆر حەزدەکەم بخوێنمەوە، بەڵام دەست بۆ هەر کتێبێت دەبەم ناتوانم لە چەند لاپەڕەیەک زیاتر بخوێنمەوە. براکەشم هەندێک کتێبی هەیە هەموو کات دەڵێت لە بری ئەوەی بێکار دابنیشت و خۆت بە تۆڕە کۆمەڵایتییەکان خەریک بکەیت، هەستە کتێبێک بخوێنەرەوە باشترە. بەڵام هەر ناتوانم.

– براکەت چ کتێبێکی هەیە؟

– نازانم ناوی کتێبەکانیش بە تەواوی نازانم، هەندێک هی شیعرن و دوایین هەنار و کۆشکی باڵندەکان و شتی ئاوای هەیە.

– گیان کۆشکی باڵندە غەمگینەکان. بەڵام شتێک هەیە تۆ کە خوێنەری سەرەتاییت ئەو کتێبانە قورسن بۆ تۆ، تێگەیشتن لێیان ئاسان نییە.

– بەڵی، ناوەکەی ئەوەیە، ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە؟

– نا، نەمخوێندووەتەوە هێشتا کتێبەکەم نییە، ماوەک بوو چاپی لە بازاڕ نەمابوو، بەڵام مانگی پێشوو دووبارە بڵاوکرایەوە. سێ ڕۆژ لەوەوپێش براکەمم نارد بۆ ئەوەی بۆم بکڕێت لە داشکانێک کەوا هەبوو، براکەم لە کتێبخانەکە پەیوەندیی

پێوەکردم و گوتی: کتێبەکە نرخی هەشت هەزارە و خاوەنی دوکانەکە دەڵێت ناتوانین داشکانی بۆ بکەین، چونکە نووسەر ڕێگەنادات. منیش پێمگوت جارێ مەیکڕە.

- مەیکڕە، ئەگەر بەیانی هاتیتە دەوام من ئەوەی بۆ دەهێنم ئەو هەر کاری پێی نییە و خوێندوویەتییەوە. با دیارییەکی بچووک بێت لە منەوە بۆ تۆ.

- زۆر سوپاست دەکەم، ئەزیتیشە بۆت، بەڵێ بەیانی دێم بۆ دەوام بیهێنە دەیخوێنمەوە، بەڵام وەکوو دیاریی قبوڵی ناکەم.

- باشە با بەیانی بیهێنم و بزانین دواتر چی دەبێت.

- دووبارە زۆر سوپاست دەکەم.

ڕۆژی دواتر شازیار کتێبەکەی بۆ هێنام، ویستی لە ناو ئەو ڕەفانەی دابنێت کەوا لە ڕاڕەوەکانی کۆلێژەکەمان دانراون بۆ ئەوەی قوتابییەکان شتەکانیانی لێدابنێن، بەڵام پێمگوت لێرە دایمەنێ ڕۆژانە چەندان شت لێرە دەدزرێت! بیبە بۆ سەرۆکایەتیی بەشی خۆمان، لەوێ بە ناوی منەوە دایبنێ. دوای نیوەڕۆ دەچم وەریدەگرمەوە.

شازیار کچێکی جوان، تێگەیشتوو بوو. عاقڵ و بیرفراوان بوو. کۆنترۆڵی هەموو قسەکانی خۆی لە لابوو. دەیزانی چی دەڵێت و چۆن دەیڵێت و لە کوێ و بۆ کێی دەڵێت. هەڵسوکەت و جوڵەکانی خۆی دەزانی و سنوورەکانی دیارییکراو بوون. هیچ کات هیچ سنوورێکی نەدەشکاند، جا سنووری خودا، کومەڵگە وماڵەوە، یان هاوڕێیەتیی. کچێک بە واتا جوان و ناوازە وەک ناوەکەی. شازیار ناوێکی ناسک و جوان و ئارامبەخش. شازیار تەنها یەک کێشەی هەبوو، ئەوەش بۆ ئەو کێشە نەبوو، بەڵکوو لە لای منەوە بە کێشە دەبینرا، ئەویش ئەوەبوو خوێنەر نەبوو. زۆر لەگەڵیدا هەوڵمدا نەمتوانی وای لێبکەم بخوێنێتەوە. کەسێکی زۆر بە باوەڕبوو، باوەڕی بە خودا بە جۆرێکبوو کەوا مرۆڤی ئاوا کەمبوو. ئاخر توشی هەر شتێک بهاتبایە دەیگوت دیارە ئەو شتە خێری تێدایە بۆمان و خودا بە چاکی دەزانێت

بۆمان. باوەڕم پێیهێنا کەوا بخوێنێتەوە و کتێبی خۆشبوێت، بەڵام جگە لەوە پێویستی بە شتێکی تریش هەبوو بۆ ئەوەی بخوێنێتەوە ئەویش هێزبوو، بەڵام نەمتوانی ئەوەی پێبدەم.

شازیار پەرستاربوو، بەبێ ئەوەی پەرستاریی خوێندبێت. پەرستاری ڕۆح و گیان بوو، ئەو خەندانەی کە دەیکرد کاتێک دەیتبینی، قسە خۆش و ئارامبەخشەکانی، هەر کێشە و خەمێکم هەبایە قسەم لەگەڵی دەکرد، بە ئامۆژگاریی و قسە جوانەکانی هەموو خەمەکانمی دەڕەواندەوە. مرۆڤێکی تایبەتبوو و لە ژیانمدا دڵخۆشبووم بە هەبوونی. هەموو کاتیش سوپاسی خودام دەکرد بۆ بوونی و داوام لە خودا دەکرد پاداشتی بداتەوە بۆ چاکەکانی.

# نامەیەک بۆ پەشێو حەمەدئەمین

- دوێنێ لە وانەی ئینگلیزی چەند جار سەیرمکردیت هەر خەریکی مۆبایل بوویت، چیت دەکرد؟
- خەریکی نووسین بووم.
- چیت دەنووسی؟
- نامە، نامەیەک بۆ پەشێو.
- نووسەری کتێبی "بە هەزار دڵ خۆشمدەوێیت"؟
- بەڵێ، بۆ ئەو. ماوەیەکی زۆرە دەستم بە نووسینی کردبوو، ئەمڕۆ تەواومکرد.
- بۆم بنێرە دەمەوێت بیخوێنمەوە.
- بەسەرچاوم، فەرموو.

**"نامەیەک بۆ جوانیی، جوانیی واتە پەشێو، پەشێو حەمەدئەمین.**

**ڕەنگە نەتوانم، نا ڕەنگە نا، هەر ناتوانم وەک پەشێوی حەمەد ئەمین و پەشێوی سپیی بنووسم. ناتوانم وەک ئێوە ئازار و گریانەکان بە جوانیی بنووسمەوە، لەبەرئەوە لە کەموکورتیی نامەکەم ببورە.**

**نامەیەک کە نازانم پێتدەگات، یان نا. وەک دوایین نامەی فەرهاد بۆ نازەنین لە ڕۆمانەکەتەوە.**

**بە ترسێکەوە نامەکەم دەستپێدەکەم. ترسێک، کە شێرزاد حەسەن گوتوویەتی (یەکەم شت کە گەنجی کورد دوای تەواوکردنی زانکۆ تەلاقیدەدات، کتێبە). منیش وا لە کۆتایی ڕێگەکەمدام بۆ تەواوکردنی زانکۆ، زانکۆیەک دوای چوار ساڵ دڵۆپێک خۆشیی نەخستە سەر ڕۆژگارە تاریکەکانم. هەرچەندە ئێستا غەرقبوومە لە دونیای کتێب و خوێندنەوەدا، بەڵام درۆش ناکەم دەترسم ڕۆژێک وازی لێبهێنم. وەک ئەو برایەم کەوا منی بردە ناو دونیای کتێبەکان، بەڵام ئێستا خۆی ساڵی دوو کتێب ناخوێنێتەوە، هەر خەریکی یاریی ئەلیکترۆنییە.**

**زۆر دەترسم ڕۆژێک بێت نێوانی من و کتێبەکانیش ساردببێتەوە، وەک نێوانی دایک و باوکم، کەوا ئێستا تەنانەت لەژێر یەک سەقفیش ناخەون و هەمیشە شەڕیانە. دەترسم منیش ژووری خەوەکەم بگوازمەوە و دووربکەومەوە لە کتێبخانەکەم، کەوا ئێستا شێتی ئەوەم پڕیبکەمەوە.**

**تاکە هیوایەک کەوا دڵی خۆمی پێدەدەمەوە، بەوەی نێوانی من و کتێبەکان وەک خۆی بمێنێتەوە، نەخۆشییەکەمە. نەخۆشییەکەم کەوا چەند ساڵێکە هەر لە ژوورەکەم بەندیکردووم و لە داهاتووشدا هەر لەم ژوورە ناچارمدەکات لەگەڵ کتێبەکانم بمێنمەوە.**

**ئا ببورە پەشێوی جوانیی، زوو باسی نەخۆشییەکەمم نەکرد، نەخۆشییەک کەوا بێبەشیکردووم لە دەست و قاچەکان، دەست و قاچم هەیە، سوپاس بۆ خودا، چونکە مرۆڤگەلێک هەن ئەوەندەشیان نییە، بەڵام هێزیان تێدا نییە.**

**با پێیبڵێین کەمئەندام، نا کەمئەندام نا، چونکە لە قۆناغی یەکەمی زانکۆمدا یەکێک لە مامۆستاکانم، گوتی کەمئەندام نیت، دەتوانیت بڵێیت خاوەنپێداویستیی تایبەت، چونکە ئەم دوو چەمکە زۆر جیاوازن. کەمئەندام ئەو کوڕانەن کەوا لێرە ڕۆژانە دەیانبینیت، بەدوای کچان کەوتوون. گوتی تۆ دەکەویت، جەستەت دەکەوێتە سەر زەوی، ناتوانیت هەڵبستیتەوە، بەڵام کەسانێک هەن کە ناویان هاوڕێیە دەستت دەگرن و دەبن بە دیوار لەپشتت**

**و هەمیشە بەرزتدەکەنەوە. بەڵام کەمئەندامەکان مێشکیان بەردەبێتەوە بەر قاچی کچان! شەرەف و جوانیی خۆیان لەبەر قاچی کچەکان فڕێدەدەن، بۆ ئەوەی کچەکان بۆیان ڕووتببنەوە. ئەوانە کەمئەندامن.**

**منیش هەر وەک ئەو کوڕە بێقاچم، کەوا لە نامەیەکدا باسی خۆشەویستیی خۆی بۆ سروە کرد. خۆ ئەگەر نەیانکوشتبایە، سروە دەبوو بە مەعشوقەکەی و دڵی خۆی پێدەدا. تۆ بڵێیت ئەگەر منیش نامەیەکی ئاوا بۆ کچە دڵدارەکەم بنێرم دڵی خۆیم پێبدات؟**

**ئەمڕۆ کە خەریکی نوسینی ئەم نامەیەم بۆت ڕۆژی شەممەیە، (٢٣)ی نۆڤێمبەر. بەڵام نازانم کەی ئەم نامەیە دەگات بە بەرچاوەکانی تۆ و دەیخوێنیتەوە. ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونی براکەمە، خۆشی لە ماڵەوە نییە و کەسیش بیری نییە. دەمەو عەسر بوو، بە کوڕە چوارساڵانەکەیم گوت، بڵێ داپیرە ئەمڕۆ باوکم دەبێت بە پێنج ساڵ! ئەویش بە جوانیی و سادەیی خۆیەوە هەمان قسەی منی بۆ داپیرەی دووبارەکردەوە، داپیرەشی ئاهێکی قووڵی لەناخیدا هەڵکێشا و گوتی خۆ لە ماڵەوەش نییە شتێکی بۆ بکەین. دەزانی براکەم ساڵی پێشوو زانکۆی تەواوکرد و ئێستا خەریکی کرێکارییە.**

**خۆشم نازانم بۆ باسی براکەمم کرد، هەرچەندە دەنووسم زیاتر دەچمە ناو بابەتی دوورتر لە مەبەستی نامەکەم، کە خۆی باسی ڕۆمانەکەت بوو. وەک یەکەمین نامەی سوارە بۆ سروە. خۆ باسی هەموو دونیای بۆ کرد، هەر خۆشەویستییەکەی خۆی لەبیرکردبوو.**

**ڕۆمانی جوانیی، بە هەزار دڵ خۆشمدەوێیت.**

**بەرلەوەی بچم بۆ زانکۆ، نێوانێکی وام لەگەڵ کتێب نەبوو، بە هەموو تەمەنم دوو، یان سێ کتێبم لە دەرەوەی مەنهەجی قوتابخانەدا خوێندبووەوە. دەکرێت حەزم لە کتێبخوێندنەوە کردبێت، بەڵام نە ئاشنای خوێندنەوە بووم لە لاپتۆپ و مۆبایلەکەم، نە لە زیندانی ژوورەکەم دەچوومە دەرەوە هەتا کتێبێک بکڕم. خۆ ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕۆژێک قاچەکانم**

**ڕێگەکەمیان بەرەو ناو کتێبفرۆشان نەبرد، ڕۆژێک نەچووم بۆ دوکانی کتێبەکان بە مەستیی بگەڕێمەوە. مەست بە شەراب نا، مەست بە بۆنی کتێب و وشەکان. گلەیی بێت لە قاچەکانم ئەو جوانییەیان پێنەدام.**

**لە قۆناغی یەکەمی زانکۆدا لەگەڵ کچێک توشی گفتوگۆیەکی کورت بووم، کەوا لە بەشەکەی خۆم دەیخوێند. ئەنجامەکەی پێشنیازکردنی کتێب بوو بۆم. کتێبەکەی پێدام و لە ماوەکی کەم خوێندمەوە و بۆم گەڕاندەوە. هەرچەندە سەرەتای خوێندنەوەم بوو، بەڵام ئەو کتێبە دونیایەک جوانیی و ئارامیی پێدام. ڕۆمانێکی ئایینیی بوو، باسی لە سەرکەشییەکان و کارە خراپەکانی کوڕێک دەکرد لە زانکۆدا، گەنجێکی خوێنگەرمی دژ بە ئایین و پیرۆزییەکانی، بەڵام دواتر هەر ئەم گەنجە بە هۆی دروستکردنی پەیوەندیی هاوڕێیەتیی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانی، هەموو بیروبۆچوون و کارەکانی دەگۆڕێن. بۆ کۆمەڵگە و خێزانەکەی دەبێتە گەنجێکی بەسوود. بەڵام بەداخەوە پاش ماوەیەک بە هۆی زەمینلەرزەوە کۆتایی بە ژیانی دێت. ئێستاش خۆم بە قەرزاری ئەو قوتابییە دەزانم، چونکە هۆکاری یەکەمبوو بۆ چوونم بۆ ناو دونیای کتێب.**

**دوای ئەو کتێبە، ئیتر حەزم لە کتێبخوێندنەوە دەکرد. بوونی کتێبخانەی گەڕۆک لە کۆلێژەکەماندا کە ساڵی چەند جارێک دەهاتن، دەرگایەکی تربوو بۆ چوونە ژوورەوەی من بۆ ناو دونیای کتێب. قۆناغی یەکەمی زانکۆم هەنگاوی یەکەمم بوو بۆ چوونە ناو دونیای کتێب و تێکەڵبوون بە وشەکان. لەگەڵ خوێندن و بەڕێکردنی ساڵەکان زیاتر دەچوومە ناو دونیای کتێبەکانەوە.**

**نازانم، بیرم نیيە کەی ڕۆمانەکەی تۆ بڵاوبوويەوە، چ مانگێکی (٢٠١٨) بوو. دوای ماوەک لە بڵاوبوونەوەی هەندێک لە نامەکانی لە فەیسبووک بڵاودەکرانەوە، نامەی کوڕەشوانێک بۆ کچێکی شاریی، وەڵامی کچەکە بۆی، نامەی ترۆزییفرۆشێک، نامەی کوڕێکی کەمئەندام بۆ کچێک کە دەیگوت**

**وەرە عارەبانەکەم پاڵبدە، سەرچاوەی ئەو نامانەش بەهەزار دڵ خۆشمدەوێیت بوو. هیچ ئارەزووێکم نەبوو بۆ پەیداکردنی ئەو کتێبە.**

**ڕۆژێک هاوڕێیەکی جوانم، جوانیی لە ڕووخسار نا، خۆ ڕووخساریشی جوانبوو، بەڵام جوانیی لە مرۆڤایەتیی و میهرەبانیی، جوانییەکی ناوازە، کچێک پڕ لە جوانیی، ناوی ڕۆمانەکەی هێنا و داوای زانیاریی لێکردم لەسەری، بەڵام وەڵاممدایەوە کەوا نەمخوێندووەتەوە و هیچی لەسەر نازانم. چەند جارێکی تریش باسی کردەوە لە لام و دەیگوت کەوا حەز بەو کتێبە دەکات. خوێنەرێکی واشنەبوو، بەڵام جارجار داوای کتێبێکی دەکرد، ئەگەر بینیبای لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر زۆر باسدەکرێت، ئەویش کچێک بوو وەک زۆرینەی کچانی نیشتیمان قوربانیی دەستی کۆمەڵگە بوو. قاچ و دەستی هەبوو، بەڵام لەبەر زنجیرەکانی کۆمەڵگە توانای نەبوو سەرێک لە بازاڕی کتێبفرۆشان بدات و کتێبە دڵخوازەکەی بەدەستبخات. منیش نەمدەویست دەستیبخەم.**

**کات تێپەڕی و پیشانگەی کتێب هات، لە کۆتاییەکانی (٢٠١٨) هەستمدەکرد لەخۆڕا گۆڕانێکم تێدا ڕوودەدات، گۆڕانێک ئەو کتێبەی کەوا پێشتر نەمدەویست، ئێستا بەدوایدا وێڵم. لە پیشانگەدا زۆر گەڕام و پرسیاریمکرد، بەڵام ئەفسوس دەستم نەکەوت. یەکەم جاریشم بوو بچم بۆ پیشانگەی کتێب، ئا چوونیشم بۆ ناو کتێبەکان هەستێکی وای پێنەدام، چونکە لەبەر ئازاری ئەندامەکانی جەستەم و ترس لە کەوتن لەم شوێنە، نەمتوانی پتر لە کاتژمێرێک بمێنمەوە. لە کاتێکدا کەسانێک لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە کاتەکانیان لەوێ بەسەردەبرد.**

**وەرزەکانی خوێندن ڕۆیشتن و وەرزەکانی ساڵیش خەریکی خۆگۆڕین و نوێبوونەوە بوون. وەرزی سەرما ڕۆیشت بە کۆڵێک ئازار و گریانەوە، بە بینینی دونیایەک فرمێسکی خوشکەوە، بەهار خۆی دەرخست. کام بەهار؟ ئەو بەهارەی ڕۆژێک پیاسەیەکم لە ناو سەوزایی و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی نەکرد. ئەو بەهارەی لەگەڵ هاوڕێیەک تیایدا نەچوومە دەرەوە. نا، من**

جوانییەک لە بەهاردا نابینم. لەگەڵ بەهار لە پایەتەختەوە دووبارە موژدەی کراوەنەی پیشانگەیەکی تری کتێبیان دا. لە نیسانی ئەمساڵ واتە (٢٠١٩). دڵخۆشبووم، بیرمکردەوە ئەمجارە کتێبەکە دەدۆزمەوە.

ڕۆژەکان ڕۆیشتن و پێشانگا کرایەوە، پێشانگا لە کاتێک بوو کەوا بێ پارە بووین لە ماڵەوە، بەڵام من بەو چەند هەزارەی کە وەک مووچەی خاوەنپێداویستییەکی تایبەت وەریدەگرم لە حوکومەت، حوکومەتێک لە بڕی ئەوەی ئەو بژێویی ژیانی خەڵکەکەی دابینبکات، ئێمە پارەی پێدەدەین. شتێکم کۆکردبوویەوە بۆ ڕۆژێکی ئاوا، بۆ ئەوەی شتێک لە ماڵەوە داوانەکەم. چووین بۆ پیشانگە، ئەمجارە گەڕانێکی زیاتر لە جاری پێشوو، پرسیارکردنێکی زیاتر لە کۆمەڵێک کتێبخانە، بەڵام دەست نەکەوت ئەم کتێبە، ئەو کات فەیسبووکەکەشتم لەلانەبوو، هەتا شتێکی لەسەر بزانم، چونکە کاتی پیشانگە بەشی زۆری نووسەر و وەرگێڕەکان، خوێنەران ئاگاداردەکەنەوە کەوا کتێبەکانیان لە چ ناونیشانێک دەستدەکەوێت. بەدڵشکاوییەوە کۆمەڵێک کتێبم کڕی و گەڕامەوە. نازانم چ قیامەتێک هەستا لە ماڵەوە بە بینینی کتێبەکان، بۆ چی ئەوەندەم خەرجکردووە لە کڕینی کتێب لەم کاتە بێ پارەییەدا، بەڵام گوێم بە کەس نەدا و وەڵامی کەسم نەدایەوە، وەک دەڵێن وامدانا کەوا نە بای دێ، نە باران. سەرەڕای جوێن و قسەی ناشرینیش کەوا پێیاندەگوتم. ئاخر ئەوان تێناگەن من تەنها کتێبەکانم هەیە، ئەوان کەسیان تاسەر بۆم نامێنن، بەڵام هەتا من هەبم، کتێبەکان لە لام دەبن. قسەم بۆ دەکەن و دەمدوێنن. کتێبەکان ڕاستەقینەن جوانیی نەبڕاوەن وەک جوانیی پەشێو. نەبڕاوە مەبەستم لە جوانیی پەشێوە. خۆ پەشێویش وەک هەر مرۆڤێکی تر ڕۆژێک بۆ سەفەری ئەبەدیی دەڕوات، بەڵام پەشێو جوانییەک دوای خۆی جێدەهێڵێت کەوا وێنای نییە و نەبڕاوەیە. کات دەڕۆیشت منیش نە کتێبەکەم دەستدەکەوت، نە بە شێوەی ئەلیکترۆنییش بڵاوبوویەوە. وەک ئەو کتێبانەی بەدزییەوە دەکرێن بە ئەلیکترۆنیی و مافی نووسەر و وەرگێڕ دەخۆن.

ڕۆژێکی گەرم بوو. کارەباکەمان خواعافوی بکات نەبوو. چلەی هاوینی ئەمساڵ دار و دیوار و دەشت هەمووی لەبەر گەرمیی لە ئاهـ وناڵەدابوو. چۆلەکەکان بە باڵی فش و دەمی کراوەوە لەبەر ئەم دەرگە بۆ ئەم دەرگە دەفڕین، بەدوای دڵۆپێک ئاودا وێڵبوون، وەک وێڵیی من بۆ ماچێکی ئەو. چۆلەکەکان ئاوەکەیان دەستکەوت، منیش هەر بەبێ ئەو. گەرمیی تەنگی بە هەموو بونەوەرەکان هەڵچنیبوو، دەتگوت ئاگر دەبارێت. دەشبێت ئاگرباران بێت، ئەگەر ئاگرباران نەبێت ئەی ئەو هەموو دەغڵ و دانە چۆن دەسووتان پێش ئەوەی دروێنەبکرێن. ئاگربارانیشمان بینی، خۆ سەرەتا دەیانگوت هاوینی ئەمساڵ فێنککەرەوەی ناوێ.

لەو ڕۆژە گەرمەدا بۆ فێنککردنەوەی ڕۆحم هەر پەنام بۆ کتێب دەبرد. لە فەیسبووک پۆستێک کەوتە بەرچاوم کەوا کتێبخانەی (مەم و زین) ئۆفەرێکی داشکاندنی هەبوو بۆ کتێبەکان، ئەو کتێبخانەیە لە نزیک کۆلێژەکەم بوو، چەندین جار لە کۆلیژ کە بێ وانە دەبووم حەزمدەکرد بچم و سەردانی ئەوێ بکەم، بەڵام هەموو جار قسەی براکەمم بیردەکەوتەوە کە پێیگوتبووم کتێبخانەکە لە قاتی دووەمی بینایەکە، کەواتە نەمدەتوانی بچم. چەند کتێبێکم دەویست لە ڕێگەی نامەوە داوامکرد، هەرچەندە باوەڕم نەبوو کەوا کتێبەکەی تۆم دەستبکەوێت، بەڵام نازانم چ هۆکارێک پاڵنەربوو بۆ ئەوەی ناوی (بەهەزار دڵ خۆشمدەوێیت)یش بنووسم، دوای ماوەیەک وەڵامیاندایەوە. ئەو کتێبانەی بەردەستبوون لە لایان بۆیان نووسیبووم، نامەیەکی چەن جوان بوو وەڵامەکەیان، نامەیەک مەگەر ئەو نامەیەکی ئاوا جوانم بۆ بنووسێت، ئەگەرنا شتی ئاوا نەبوو. جوانیی نامەکە لەوەدا بوو کەوا گوتیان ڕۆمانی جوانیش بەردەستە لە لامان. هەر بەپەلە داوامکرد کتێبەکانم بۆ تۆماربکەن، بۆ ئەوەی دواتر کەسێک وەریانبگرێت بۆم. ئەو ڕۆژە گەرمە ڕۆیشت، بەڵام هەموو ڕۆژەکانی دواتریشی ئاوابوون، گەرم و وشک.

پاش چەن ڕۆژێک کتێبەکانم بۆ هاتەوە. ئەوکاتەی کتێبەکانم بۆ هاتەوە کەمێک لە بانگی مەغریب لایدابوو، خۆر تازە ئاوابووبوو و ئەم نیشتیمانەی جێهێشتبوو. چەندە سەیرە خۆر، هەموو ئێوارەیەک ئەم نیشتیمانە

جێدەهێڵێت و بەیانیان زوو دێتەوە. ئاخر ئەم نیشتیمانە جوانییەکی نییە هەتا کە جێتهێشت بۆی بگەڕێیتەوە، وێرانە وێران ئێرە! هەزاران مرۆڤ خۆزگە بە جێهێشتنی دەخوازن، جا گەڕانەوە بۆی! ئاهێکی قووڵ بۆ نیشتیمانی فرۆشراو.

بەهەزار دڵ خۆشمدەوێیت، کە بۆم هاتەوە لەگەڵ دوو کتێبی تر بوو، یەکیان دیاریی ئازیزێک بوو، ئەوەی تریش دڵخوازێکی تری خۆم بوو. ئەم کتێبە چەندە جوان بوو! وێنە، بەرگ، ناوەڕۆک و وشەکانی هەموو شتەکانی یەک لە یەک جوانتربوون. براکەم سەیرێکی کرد و گوتی: چ ناوازەیە! بە ڕاستیی ناوازەبوو. چاوەکانم لێی تێرتێر کرد، ئەوەندەم سەیرکرد. بەڵام دڵم نەهات بیخوێنمەوە، ئاخر هەندێک کتێب هەن ئاوان، دڵم شەق دەبات هەتا پێیاندەگەم، کە پێشیانگەیشتم دڵم نایە بیانخوێنمەوە. لەگەڵ کتێبەکانی تر لە ناو کتێبخانە شڕ و تێکەڵەکەمدا دامنان. بۆ کاتێکی جوان هەتا بچمە خزمەتی. کاتێکی جوان هههههههـ خۆم پێدەکەنم بەم وشانە، کام کاتی جوان، مەگەر ببینم خوشکەکانم بەبێ ئازار دەژین، ژیانێکی ئارام، یان سەر بخەمە سەر کۆشی ئەو و بخوێنمەوە. ئەمانەش تەنها خەیاڵاتێکن، باوەڕم بە خودا هەیە و لای ئەو ئاسانە ڕۆژێک ببنە ڕاستیی. هەمیشەش سوپاسگوزارین.

پاش دوو بۆ سێ مانگ، ئیتر زیاتر نەمتوانی بووەستم، دەستەکانم خۆیان بەرەو کتێبەکە چوون، بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە. ئاخر ناکرێت عاشق و مەعشوق لە لای یەک بن و بەیەک نەگەن. کتێبەکەم لە ناو کتێبخانەکەمدا دەرهێنا، جوان لێی وردبوومەوە و سەیرمکرد. بەرگەکەی، وێنەکەی، وشەکان، دەستم بە خوێندنەوەی کرد. نامەی یەکەم، نامەی کوڕەشوانێک، نامەی فەرهادی جوان بۆ نازەنین. چەندین جار لە فەیسبووک خوێندبوومەوە، چەن جوانبوو، چەن ئارامبەخش بوو. ئەی وەڵامەکەی نازەنین، لەگەڵ وشەکانیدا ڕووخسارم غەرقی خەندە و پێکەنین بوو. ئەو وشە سادە و جوانانە، حەزمدەکرد هەر وشەیەک بەقەد ڕۆمانێک درێژبووبایەوە بۆ ئەوەی نەگەم بە کۆتایی و هەر بەردەوامبێت، بەڵام

**هەرچەند بێت، هەر کۆتاییدێت. ژمارەی نامەکان زیاتردەبوون جوانیی و نیگەرانییەکان زیاتر و ژمارەی کەسەکان زیاتر نامە دوای نامە.**

**خۆشەویستیی فەرهاد و سوارە بۆ نازەنین و سروە لە ناو دونیایەک خەیاڵ غەرقیدەکردم. ئەی باشە بۆ هەتا ئێستە نامەیەکی ئاوام بۆ ئەو نەنووسیوە؟ خۆ سوارە بە هەزار ترس نامەی یەکەمی بۆ سروە نووسی، بەڵام سروە لەو زیاتر خەریکبوو دەسووتا لە ئەشقی سوارەدا. دەمێکە گوتومە: (بە شەرمەوە پێمگوت خۆشمدەوێیت. بە گەرمییەوە گوتی: من زیاتر). نا هیچ کات پێمنەگوتووە خۆشمدەوێیت، ئەوە تەنها خەیاڵێکە ئەو دێرە نووسیومە بۆ خۆم. ئاخر ترسێکی قووڵ تر لە ترسەکەی سوارە لە ناخمدا هەیە، ترسی نەخۆشییەکەم، ترسێک نازانم هیچ کات لێی دەربازدەبم، یان نا.**

**هەرچەندە زیاتر دەچوومە قووڵایی کتێبەکەوە، زیاتر دەترسام. ئاخر چەندی فەرهاد و سوارە دەستیان بۆ ئەو کارانە دەبرد دژی ئەم سیاسییانە، ژیانیان زیاتر دەکەوتە مەترسییەوە. بەرلەوەی بگەم بەکۆتایی دەترسام و دڵنیابووم لەوەی کۆتاییەکەی ئەم عەشقە جوان و پاک و سادانە خۆش نابێت. ناشرین دەبێت وەک ڕووخسار و بوونی ئەو ناشرینانەی دەستیان دەچووتە خوێنیان. دەستە بۆگەنەکانیان بە خوێنە پاکەکانیان سوورکرد. دەستیان بە خوێنەکە پیس نەبوو، خوێنی ئەوان بە دەستەکانیان پیسدەبوو. ئاخر بەرگەگرتنی گرانە، دڵێکی بەهێزی دەوێت، منیش دڵم لاوازە. بەڵێ، دڵم بەهێز نییە. نەخۆشییەکەی جەستەم کاریکردووەتە سەر دڵیشم. دایکم هەمیشە دەڵێت دڵت لەبەر نەخۆشییەکەت لاوازە بەرگەی هەموو شت ناگرێت، زوو دەشکێت، زوو دەگریت، زوو دونیا بەسەر خۆت تاریکدەکەیت بەم دڵە لاوازەت. ئاخر من چی بکەم کە دڵم ئاوایە. پێم وایە دڵێک بەهێزیش بێت بەرگەی کۆتاییەکەی ئەم کتێبە ناگرێت. ناکرێت تەواویبکەیت و نەگریت. بەڵێ، من گریام. گریام بۆ فەرهاد، بۆ نازەنین، بۆ سوارە و سروە. بۆ خۆشەویستییە پاکەکەیان.**

**مامە پەشێو، پەشێوی جوان، زۆرم نووسی؟ بەرانبەر جوانییەکانی تۆ هیچ نین ئەوەندە، بەڵام با بەسبێت. چاوەکانت پڕ ئازارە، با بە زۆرخوێندنەوە ئازاریان زیاتر نەبێت، بەڵام هیوامە ئەمڕۆ و سبەیش نەبێت، با ساڵێکی تربێت، هیوامە بیخوێنیتەوە و بکەوێتە بەرچاوەکانت.**

**کات لای من:**

**کاتژمێر: جوانییە.**

**ڕۆژ: تۆیت.**

**ساڵ: دڵشکانە.**

**ببورە لە وشەکانم کە بەقەد خۆت و وشەکانت جوان نین.**

**خۆشمدەوێیت بە هەزار دڵ و زیاتریش...**

- خوێندمەوە.

- ئمممم چۆن بوو؟

- زۆر جوانبوو نامەکە، لەوەی ساڵی پێشتر جوانتربوو کە بۆ گەشبیرت نووسیبوو. دەستت خۆشبێت، دڵخۆشم بەوەی ئاوا دەتوانیت خەم و ئازارەکانت بکەیت بە وشە، هیوادارم ئەو نامەش بگات بە کاکەی نووسەر.

- چیتریش؟

- هەهەهە چ چی تر؟ هەر ئەوەندە.

- ئاخر لەبەر ئەوەیە بە تۆ دەڵێم خوێنەرێکی ڕاستەقینە نیت. خوێنەری ڕاستەقینە بە دوو سێ وشە قسە لەسەر نووسینێکی ئاوا ناکات.

- ئێ خۆ منیش دەزانم خوێنەرێکی جددیی نیم، بەڵام کوا تۆ پێمبڵێ خوێنەری ڕاستەقینە قسەی چییە لەسەر ئەو نووسینە؟

- ئمەم باشە، فەرموو ئەوە بخوێنەرەوە قسەی مامۆستا هەڵوێستە دوای خوێندنەوەی ئەو نامەیە:

**لە هەڵوێستەوە بۆ سامی.**

**سەلاو گیانەکەم...**

**نامەکەم هەموو خوێندەوە، زۆر ناسکبوو، زۆر قەشەنگبوو، زۆریش کاریگەربوو!**

**بە جددیی ئێستە بە تەواویی لێت تێگەیشتم! لە هەموو شتێکت، حەزەکانت، ئارەزووەکانت، خەمەکانت، ئازارەکانت،...هتد.**

**زۆر کاری لێکردم، زۆریش بۆت پەرۆشبووم. هیوام وایە هەموو شتەکان بەرەو باشبوون برۆن و بە پشتیوانی خودای گەورە هەموو شتێک دواجار باشدەبێت.**

**نامەیەکی زۆر جوانبوو، زۆریش پڕهەست بوو. بە جددیی وای لێکردم زۆر تامەزرۆی ئەو کتێبە بم، واتکرد کە هەوڵی تەواو بدەم بۆ ئەوەی دەستمبکەوێت.**

**شتێکی باشت کردووە کە هەڵچوونەکانت بە نووسین دەردەبڕیت، وەک چۆن قسەیەک هەیە دەڵێت:**

**((نووسەر کە تورە دەبێت، دەنووسێت.**

**نووسەر کە دڵی پڕدەبێت، دەنووسێت.**

**نووسەر کە دەکەوێتە خۆشەویستییەوە، دەنووسێت.**

**نووسەر کە تەنها دەبێت، دەنووسێت.**

**نووسەر کە دڵخۆشدەبێت، دەنووسێت)).**

**تۆش باشدەکەیت کە دەنووسیت. من باوەڕم وایە کەوا ئەو نووسینانە شتێک لە ژیانت دەگۆڕن، نازانم چۆن، بەڵام هەستدەکەم ئەگەر هەر ئاوا بنووسیت ڕۆژێک دێت ئەو نووسینانە دەتگەیەنن بە شتانێک کە هەرگیز**

**باوەڕت نەکردووە پێیانبگەیت، من دڵنیام. یاخودا دەستەکانت خۆشبێت و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و هیوادارم ئەگەر بکرێت ئەو نووسینە بدەیت بە ماڵەوەتان و هەموویان خوێنەری بن، دڵنیام زۆر شتیان بەرانبەرت دەگۆڕێت!**

**سەرکەوتوو و سەرفرازبیت گیانەکەم.**

**خۆشمدەوێیت. هاوڕێ و برات: هەڵوێست غازی.**

- دەستی خۆشبێت، باش تێتگەیشتووە، بەڵام کاکە ئەو شتانەی ئەو مامۆستایە باسیکردووە کە تازە زانیویەتی من دەمێکە هەستمکردووە و دەزانم، ئەوەش لەبەرئەوەیە پێم وانییە بەقەد من تێکەڵاوییت لەگەڵی هەبێت بەپێی ئەوەی پێشتر باست نەکردووە بۆم.

- ئمممم وایە، بەڵام دەشکرا ڕایەکی جیاوازت هەبێت. گرنگ هەر چۆنێک بێت زۆر سوپاس کە خوێنەری بوویت.

- دەکرێت پێمبڵێیت ئەم مامۆستا هەڵوێستە کێیە و کەمێک بۆم باسبکەیت؟

- بەڵێ، بۆنا...

وابزانم چەند جارێک باسی ئەوەم بۆ کردوویت کەوا بەرلەوەی لە زمانی تورکیی وەربگیرێم و دواتر بۆ ئەم کۆلێژەی خۆمان چۆن لەسەر تەنها یەک پۆینت لە کۆلێژی پەروەردە لە بەشی ئینگلیزیی وەرنەگیرام. ئەو کات مامۆستا هەڵوێستیش یەکێک بوو لەو قوتابییانەی لەسەر چەند پۆینتێک وەرنەگیرا و بە واستەکردن چەند قوتابییەکی تر پێش ئێمە خران و وەرگیران. هەردووکمان خەمێکی زۆرمان لەوە خوارد و هیچیش نەدەکرا، بەڵام ئێستا هەردووکمان سوپاسگوزاری خوداین کەوا نەچووین و دڵنیاین ئەو شتە خێری تێدابوو بۆ ئێمە. هەڵوێست لە دوورەوەش هاوڕێی براکەم بوو، ئیتر بە هۆی ئەوەوە یەکترمان ناسی. ئەوەبوو من هاتم بۆ ئێرە بۆ خوێندن و ئەویش لە کۆلێژی زمان لە بەشی کوردیی وەرگیرا. یەکەم ڕۆژیش کەوا هاتم بۆ دەوام و وانەم کرد لە ڕێستێکدا هات سەردانیکردم. چەند خولەکێک لە لام بوو، هەندێک پیاسەمانکرد و قسەمانکرد،

دواتر ڕۆیشت و گوتی وانەم هەیە. پاش زیاتر لە مانگێک دەوامکردن ڕۆژێک پێویستم بە کتێبێک هەبوو، ئامۆزاکەم داوایکردبوو بۆی پەیدابکەم، ئەوەی ساڵی پێشوو بۆم هێنایت خوێندتەوە. داوام لە زۆر کەس و ئەو قوتابییانی خۆمان کرد بۆم بکرن، بەڵام هەمووان بە بیانووی جیاواز ڕەتیانکردەوە و گوتیان ناتوانین. بەڵام مامۆستا هەڵوێست بۆی کڕیم و دوو ڕۆژ دوای ئەوە پەیوەندیی پێوەکردم و گوتی: لە کۆلێژی ئێوەم، کتێبەکەم بۆ هێناویت. وەکوو کورد گوتوویەتی "مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە". ئەویش هەر زوو دیاربوو کەوا کەسێکی چەندە چاکبوو و هاوڕێیەک بوو مرۆڤ ئەگەر هاوڕێیەتیی بکردایە وەک ئەوە وابوو سەروەتێکی بێئەژماری بەدەستهێنابێت. هەر لە قۆناغی یەکەم لەم ڕاپۆرت و سیمینارانەی کەوا ئامادەمدەکرد بە شێوەیەکی بەرچاو یارمەتییدەدام و سەرچاوەکانی بۆ دەناردم. سەرەتا کە هاتمە ناو جیهانی کتێبەوە، جارجارە شتێکم دەخوێندەوە، بەڵام بەردوام نەبووم لەسەری بە هاندان و قسەکانی ئەو بوومە خوێنەرێکی باش و فێریکردم کەوا بەپێی توانای خۆم ببەخشم و هانی کەسانی تر بدەم بۆ ئەوەی ببن بە خوێنەر. هاوڕێیەکی نموونەییە هەمووکات شانازیی پێوەدەکەم کەوا کەسێکی ئاوام هەیە. کەسێکی تێگەیشتووە و هەست بەم شتانە دەکات کەوا گوێی لێدەبێت و دەیانبینێت. زۆرجار هەبووە لە هەمووان باشتر بووە بۆم و لێم تێگەیشتووە. تەنها ئەو دووجارەی لە قۆناغی یەکەم هاتەلام و یەکترمان بینیوە، بەڵام بە چات و پەیوەندیی تەلەفۆنیی زۆر قسەمانکردووە. یەکێکە لەو کەسانەی کەوا ماوەیەکی زۆرە، واتە سێ ساڵ زیاترە هاوڕێ و براین. ئاخر لەم ڕۆژگارەدا کەوا زۆربەی هاوڕێیەتییەکان لەگەڵ کۆتاییهاتنی بەرژەوەندییەکان کۆتاییاندێت، بەڵام گومانم نییە و دڵنیام کەوا ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوامدەبین. ئەزیزم مرۆڤگەلێک هەن ناتوانیت بەم وشانە حەقی بوونیان بدەیت، هەڵوێست یەکێکە لەم مرۆڤانە. هەرچی بڵێم کەمە بەرانبەر چاکە و میهرەبانیی و گەورەیی ئەو. وەک ئەو لە کۆتایی نامەکەی نووسیبووی "خۆشمدەوێیت" منیش ئاوا پڕ بە دڵم خۆشمدەوێت. هەمووکاتیش ئەوەی پێدەڵێم کەوا خۆشمدەوێت و شانازیی پێوەدەکەم.

- بیرمکەوتەوە، لە قۆناغی یەکەم ڕاپۆرتێکت لەگەڵ ڕاز کرد لەسەر "بەڕێوەبردنی کات" ئەو کات گوتت کەوا هاوڕێیەکت بە ناوی هەڵوێستەوە پێیداویت.

- بەڵێ وابوو.

- خودا بۆ یەکتان سەلامەت بکات و هەمیشە هەبن و پێکەوە دڵخۆشبن کاکەگیانم. دڵخۆشم کەوا کەسی ئاوا باشت هەیە، تۆش هەمیشە جێگای شانازییت بۆ من.

- زۆر سوپاس گوڵخانم ئامین اجمعین، منیش شانازیی بە تۆوە دەکەم.

- ئممم، با بێینەوە سەر باسی کتێبەکە، پرسیارێک بکەم؟

- بێگومان، فەرموو.

- گومانم نییە لە جوانیی و ناوازەیی کتێبەکە، دەتوانین جوانترین بەش، یان لاپەڕەی کتێبەکە بنێرێت بۆم؟

- بووەستە با وێنەی هەر (٢٧٦) لاپەڕی بگرم و بۆت بنێرم.

- هههههـ نا نا، بووەستە بۆ هەمووی؟

- ئاخر هەمووی جوانە، ناکرێت بڵێم ئەوە جوانترینە.

- باشە کاکە بە دڵی خۆت شتێکم بۆ بنێرە.

- باشە، وێنەی چەند لاپەڕەیەکم گرتووە کەوا گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە (فەرهاد و نازەنین)، ئەم بەشەت بۆ دەنێرم، بەڵام واتای نییە ئەوە جوانترینی کتێبەکەیە.

١٠ لاپەڕەیەک دەبوو، وێنەکانم بۆی نارد، پاش چەند خولەکێک وەڵامی دامەوە.

- ئاسیا: جوانترین گفتوگۆ بوو. دەمەوێت کتێبەکەش بیخوێنمەوە، زۆر تامەزرۆی بووم زۆر. ئای لە کاک پەشێو لەخۆڕا نییە تۆ ئاوا عاشقی بوویت.

- پەشێو تایبەتە، کەی هاتمە دەوام کتێبەکەت بۆ دەهێنم.

- ئاسیا: بە تامەزۆرییەوە چاوەڕوانم...

هەفتەی ڕۆژێک دەچووم بۆ دەوام، بەڵام قوتابییەکان زوو زوو نامەیان دەنارد و دەیانگوت بۆ نایەیت بۆ دەوام، بیرتدەکەین. ڕۆژێکی یەکشەممەبوو نزیکەی (١٠) ڕۆژ دەبوو نەچووبووم بۆ دەوام. بڕیارمدا و پێمگوتن بەیانی دێم، بە ئاسیاشم گوت.

- بەیانی کاتژمێر (١٢) لە گراجەکە لای پاقڵەفرۆشەکە دەتبینم و دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.

- نا، بەیانی مەیە بۆ دەوام زۆر ساردە، حاڵت خراپدەبێت.

- ڕاهاتووم لە سەرما و هەموو شتێک، قەینا دێم.

- باشە بەدڵی خۆت بکە، بە هاتنت دڵخۆشدەبین.

بەیانی لە خەو هەستام، باران و ساردییەکی زۆر بوو، ویستم پەشیمانببمەوە لە چوونم، هێزێکی زۆری دەویست لەم سەرمایە لە ناو ئەو جێگە گەرمە بێیتە دەرەوە و بچیتە ناو ئەو دونیا ساردەوە، بەڵام ئیتر درەنگبوو بۆ پەشیمانبوونەوە. بیرمکردەوە ئەگەر نەچم و ئاسیا لەو سەرمایەدا چاوەڕوانم بکات، ئەوکات چی! خۆم گۆڕی و چووم. بە ڕاستیی دونیا گەلێک ساردبوو، بەفر نەباریبوو، ئاخر لە هەولێر چەند ساڵێکە بەفر نەباریوە و بەفرمان نەدیوە، تەنها ساردیی بەفری شوێنەکانی ترمان بۆ دێت.

لە کۆلێژ دوای کاتژمێر (٩) وانەیەکم خوێند و هەندێک لەبەر خۆر پیاسەمکرد، ئەوکات خۆر هەڵهاتبوو، دواتریش نزیکەی کاتژمێرێک لەگەڵ هاوڕێکانم وەستابووم و قسەماندەکرد. بوو بە نزیک کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، هێدی هێدی چووم بۆ ئەو شوێنەی بڕیاربوو ئاسیای لێ ببینم، کە گەیشتمە ئەوێ چیم بینی! ئاسیا لەگەڵ کوڕێکدا پیاسەیدەکرد، کە لەگەڵ خۆمان بوو، بەڵام ئەوەی سەیربوو ئەوەبوو بەرلەوەی بێم بۆ ئەم شوێنە، ئەو کوڕە لە لای بەشەکەی خۆمان لەگەڵ هاوڕێکانی دانیشتبوو و مەجلیسیان خۆشبوو، کەچی پێش ئەوەی من بگەم بە ئەوێ، ئەو لەوێ ئامادەبوو و لەگەڵ ئاسیا قسەیدەکرد. لەبەرئەوەی نەمدەزانی باسی چی دەکەن، لەبەر ئەوە باش نەبوو و شتێکی عەیب بوو بچم بۆ لایان و

گفتوگۆکەیان بپچڕێنم. نەچووم و لە گەراجەکە لە ناو سەیارەکان دەمێک دەوەستام و دەمێک هاتوچۆم دەکرد، یان خۆم بە فەیسبووکەوە خەریکدەکرد، چاوەڕوان بووم گفتوگۆکەیان کۆتاییبێت و قسە لەگەڵ ئاسیادا بکەم، بەڵام هێندەم سەرمابوو لووت و گوێکانم سوورهەڵگەڕابوون. بایەکی دەهات ساردتربوو لە بەفر و لە سەرماندا مرۆڤی گێژدەکرد. هەر چاوەڕوانبووم گفتوکۆکەیان تەواوبێت و قسە لەگەڵ ئاسیا بکەم، کاتژمێرێک زیاتر وەستام، دواتر کە قسەیان تەواوبوو کوڕەکە ڕۆیشت و ئاسیاش بەبێ ئاوەڕدانەوە چوو بۆ کافتریاکە، بێگومان ئەوانیش ئاگاداربوون کەوا من لەوێ بووم. منیش هەر بە تەنها مامەوە و لە سەرماندا لێوەکانی خۆم دەگەست هەتا دوای زیاتر لە دوو کاتژمێر ئەوانەی تریش کە هاتوچۆم لەگەڵیان دەکرد تەواوبوون و هاتن بەدوامدا، ئیتر گەڕاینەوەماڵەوە. دەمەویست بەسەر خۆمدا زاڵبم، بەڵام دڵم خەریکبوو بتەقێت، بارێکی هێندەی چیایەک لەسەر سینەم بوو و نەدەڕۆیشت، زۆرجار دڵم تەنگبووە، زۆرجار بە تەنها گریاوم، بەڵام هیچ کات وەک ئەو ڕۆژە نەبوو. نەمدەویست قسە لەگەڵ کەس بکەم، دەمەویست لە هەمووان دووربم، هەر خۆی لەو کاتیشدا کەس نەبوو قسەی لە لا بکەم و خۆم بەتاڵبکەمەوە. کاتژمێر (٤)ی دوای عەسربوو لە ماڵەوە خەوتم.

دوای نوێژی مەغریب لە خەو هەڵستام هەر باش نەبووبووم، شەو ئاسیا نامەی نارد و گوتی:

- لەگەڵ ئەو کوڕە لێک دێین؟ هاوڕێبین.

- هاوڕێ؟

- بەڵێ.

منیش خۆم خەریکبوو دڵم بتەقێت و لەبەر ئازاری سەرم چاوم دەردەهات. پێمگوت:

- بەڵێ، زۆریش لەیەک دێن و جوانن بەیەکەوە، خودا سەرکەوتووتان بکات.

- چییە توڕەیت؟ ئەمڕۆ سەرمات بوو؟

دەیزانی هەرکاتێک بڵێم "خودا سەرکەوتووت بکات" ئەوە بە جددیی قسەناکەم و شتێک هەیە، پێمگوت:

- بەڵێ، زیاتر لە زۆر.

- زۆر بۆ کامیان تورەیت، یان سەرمات بووە هەههەه؟

- هەردووکیان.

- ئەی پێم نەگوتی مەیە سەرمایە؟ چونکە جلی زۆر ناپۆشیت و بەرگەی سەرماکە ناگریت.

- پێویستبوو بێم، بەڵام پەشیمانم.

- لە من تورەیت؟

- نا لە تۆ تورەنیم، ناتوانم لێشت تورەبم، لە خۆم و گەمژایەتیی خۆم تورەم. دڵم خراپ لە خۆم شکاوە و وێرانە.

- وامەڵێ، بۆ وا بە خۆت دەڵێیت؟ هەتا کەی لەوێ بوویت؟

- کە هاتن بەدوامدا، کاتژمێر دوو لایدابوو، بەڵام ئەو دوو کاتژمێرە بەساڵێک ڕۆیشت لە من.

- ویستم بێم بۆ لات، بەڵام ماندووبووم و سەرمام بوو، قاچەکانم توانایان نەمابوو چیتر ڕامبگرن.

- وەک قاچەکانی من؟ ئاساییە کات هی خۆتە چۆن سەرفیدەکەیت.

- نا، وەک قاچەکانی تۆنا، بمبورە.

ئیتر قسەم نەکردەوە، ئەویش بێدەنگ بوو. چەند ڕۆژێک دوای ئەوە پەیوەندیی پێوەکردم، هەندێک قسەمانکرد و باسی ئەو چەند ڕۆژەی کۆلێژی بۆ کردم. دواتر گوتی:

- ئەمجارە بێیت پاقلەت بۆ دەکڕم.

- منیش بە پێکەنینەوە پێمگوت: چەند باشە هەر جارێک شتێک بکەیت، یان دڵم ئازاربدەیت بە پاقلەیەکی هەزاردیناری ئاشتمبکەیتەوە. خۆشت دەزانیت بێگومان دڵی من چۆنە بە هۆی نەخۆشییەکەمەوە بە شتی سادە زووزوو دەشکێت و برینداردەبێت. ئاوا تۆ زەرەر دەکەیت.

- ئاساییە، ئەوەندە چییە بۆ تۆ، سەد هێندە قوربانی تۆ بێت.

لە ماوەیەکی کەمدا سێ پاقلە قەرداربوو، بەڵام تەنها یەک دانەیمان خوارد، چونکە ڕێکنەدەکەوت و من نەدەچووم بۆ دەوام تەنها ئەو جارەش بەسبوو بۆمان.

دوای دوو ڕۆژ ئاسیا نامەی بۆ ناردمەوە و گوتی:

- ئەو کوڕەش کەوا ئەو ڕۆژە لەگەڵیبووم لە گەراجەکە داوای خۆشەویستیی لێکردم، لەبەرئەوە هەر ئەو ڕۆژەیش پێم نەگوتیت، چونکە زانیم حاڵت باش نییە، لەبەرئەوە تەنها گوتم هاوڕێین. ئەمڕۆ دووبارە قسەمانکردەوە، پێمگوت کەوا ڕازی نیم و داوای لێبوردنم لێکرد. ئەویش گوتی باشە، بەڵام بیرێکی تریشی لێبکەرەوە و دواتر ڕۆیشت. بەڵام دواتر لە لای کوڕێک گوتبووی بەو ئاسانییە دەستبەرداری ئاسیا نابم، بۆ من هیچ گرنگ نییە هەرچی دەکات با بیکات دڵم نایەوێت و قسەی کۆتاییە.

وانەکانی قۆناغی چوارەم لە قۆناغەکانی تر خۆشتربوون، هەرچەندە من دەوامم نەدەکرد، بەڵام مەلزەمەکانم هەبوو و لە ڕێگەی ئاسیاوە ئاگاداربوو لە وانەکانەوە چی دەخوێندرێت و باسی چی دەکرێت، لەبەرئەوە دەڵێم ئاسانتربوون. تەنها شتێک کە ناخۆش و بێزارکەربوو لە قۆناغی چوار توێژینەوەکەمان بوو. ئاخر ئێمە چوار ساڵە وانەکان بە کوردیی دەخوێنین، کەچی ئێستا داوامان لێدەکەن توێژینەوەکانمان

بە زمانی عەرەبیی ئامادەبکەین. مرۆڤ کە بیر لە ژیان و گاڵتەجاڕییەکانی ئەو ویرانەیە دەکاتەوە، نازانێت پێبکەنێت، یان دەست بە گریان بکات و چاوەکانی خۆی دابخات و خۆی بێدەنگبکات، چونکە ئەوەی لە هەموو جیهان نەتبیستبێت و نەتبینیبێت لەم ویرانەیە خۆی دێتە بەرچاوەکانت. گرووپێکی پێنج کەسییمان پێکهێنا و مامۆستامان بۆ دیارییکرا. مامۆستاش بابەتێکی عەرەبیی بۆ دیارییکردین، کە هیچمان لێینەدەزانی و نەماندەزانی بەچی دەستپێبکەین. ماوەیەکی زۆر لەگەڵیبووین و پێوەی خەریکبووین، هەتا لە سەردەمی کۆرۆنادا تەواومانکرد.

شتێک کە لێرەدا کەمترین کات باسمکردووە کتێب و خوێندنەوەیە لە نێوانماندا، لەگەڵ کتێبدا باش دەڕۆیشتین، زووزوو ئاسیا داوای کتێبی دەکرد و پێمدەدا، دەیخوێندەوە و بۆی دەهێنامەوە. هەندێکیشی بە نەخوێندراوەیی بۆم دەهێنایەوە. هاوڕێکانیشی جارجار شتێکیان دەخوێندەوە و داوای کتێبیان دەکرد. کتێبێک کە خۆی و هاوڕێیەکی زۆر باسیاندەکرد و دەیانگوت کە پێویستە بیخوێنمەوە. کتێبەکە هی من بوو، کڕیبووم پێش ئەوەی بیخوێنمەوە بە ئاسیام دا. ئەو خوێنەری بووبوو بۆ هاوڕێکەی کە ناوی (سیما) بوو پێشنیازی کردبوو و پێیدابوو، سیماش خوێنەری بوو و دەیگوت کەوا ناوازەترین کتێبە کەوا خوێنەری بووم. ئەو کتێبە لە لای من زۆر تایبەت بوو، منیش سیمام لە دوورەوە دەناسی و چەند جارێک قسەم لەگەڵ کردبوو، سیما داوای لێکردم کتێبەکەی پێبدەم بۆ خۆی بێت. پێمدا و پێمگوت:

- با دیاریی من بێت بۆ تۆ.

- سیما: نا، وەک دیاریی قبوڵی ناکەم، بەڵکوو لە بەرانبەریدا کتێبێکت بۆ دەکڕمەوە و بە ئاسیا بۆت دەنێرم. سیما لە کۆلێژ لەگەڵ ئێمە نەبوو، ئەو هاوڕێی قوتابخانەی ئاسیابوو و پەیمانگای تەواوکردبوو. چەند جارێک هاتبوو بۆ کۆلێژەکەمان، بەڵام من نەمبینیبوو. پاش دوو هەفتەیەک لە ڕێگەی ئاسیاوە کتێبێکی بۆ ناردم لە بری ئەو کتێبەی کەوا بردبووی.

منیش ئەو کتێبەی بە سیمام دا، لەبەر ئەوەی هێشتا خوێنەری نەبووبووم، لەبەرئەوە دووبارە کتێبەکەم بۆ خۆم کڕییەوە و خوێندمەوە. جوان بوو، سوودیشی

هەبوو. بەڵێ، تایبەت بوو، بە ڕاستیی وەک ئاسیا و سیما گوتیان کتێبەکە زۆر ناوازبوو. کەم کتێبم خوێندبووەوە کەوا ئاوا جوان و ناوازە بووبێت، کە باسی لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریی ئێران دەکرد و ڕوویکی ناشرینیان بۆ ئایینی ئیسلام دروستکردبوو. بێگومان نەدەکرا بەبێ ئەوەی تەواویبکەیت چاوەکانت نەبن بە جۆگەڵەی فرمێسک. چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی کتێبەکەم تەواوکرد لە فەیسبووک بینیم پۆستێک کرابوو لە بارەی ئەو کتێبەوە، کەسێک لە کۆمێنت نووسیبووی بە فیلمیش هەیە بە هەمان ناو. لینکەکەیم پەیداکرد، بەڵام نەمزانی چۆن دایبەزێنم. ئیتر بۆ ئاسیام نارد و گوتم:

- هەموو جار دەڵێیت سەیری فیلم دەکەم، ئەوە فیلمی کتێبەکەیە بۆم دابەزێنە، بۆ بەیانی دەمەوێت. بەیانی کە دەچووم بۆ کۆلێژ و تاقیکردنەوەمان هەبوو.

- نازانم دایبەزێنم، من فیلم تەنها سەیردەکەم بە ئۆنلاین، نەک بە دابەزاندن.

- بۆ بەیانی دەمەوێت. دەبووایە منیش هەندێک ڤیدیۆی بۆ بنێرم هی وانەکان بوو. پێمگوت: بەیانی دوای تاقیکردنەوەکان لە گەراجەکە دەتبینم. شەو درەنگ ئاسیا نامەی ناردەوە و گوتی:

- فیلمەکەم دابەزاند، بەیانی بۆت دەنێرم و تۆش ڤیدیۆکانم بۆ بنێرە. هەندێک کتێبیشم کە لە لای سیما بوو بە ئاسیای دابوو، گوتی بۆت دەهێنمەوە.

بەیانی دوای ئەوە لە هۆڵی تاقیکردنەوە هاتمە دەرەوە، هەندێک قسەم لەگەڵ هاوڕێکانم کرد و چوومە گەراجەکە. کەمێک پیاسەم کرد، زۆر سارد و باراناویی بوو، بارانێکی نەرم نەرم دەباری. چووم لە ناو ئەو تەکسییەدا دانیشتم کە هاتوچۆمان پێدەکرد. چەند لاپەڕەیەکم لە کتێبێک کەوا لەناو مۆبایل لە لام بوو بە شێوەی (pdf) خوێندەوە. دواتر پەیوەندییم بە ئاسیاوە کرد و پێمگوت:

- وا لە گەراجەکە لە ناو تەکسی دانیشتووم، وەرە بۆ ئەوێ. پاش چەند خولەکێک گەیشتە لام و کتێبەکانی پێدام. سەیرمکردن دانەیەکی کەمبوو. ئاسیا گوتی:

- ئەوە لە لای سیمایە هێشتا نەیخوێندووەتەوە، کەی خوێدنییەوە بۆت دەهێنمەوە.

لەبەرئەوەی مۆبایلەکەی ئەو کۆمپانیای ئەپڵ بوو، هی منیش هواوی بوو، ناردنی ڤیدیۆکان زۆر زەحمەت بوو، بەڵام پاش ماندووبوون و هەوڵێکی زۆر بۆم نارد و فیلمەکەش کە دایبەزاندبوو بۆ خۆمم نارد. کاتێکی زۆری ویست بۆ ناردنیان، ئەو کاتەی خەریکبووم بە ناردنی ڤیدیۆکانەوە پرسیارێکی کرد، هەموو کات کە کێشەیەک شتێکی هەبووایە نەیدەگوت ئەو کێشەیەم هەیە، بەڵکوو سیناریۆیەکی دروستدەکرد و باسی کێشەکەی دەکرد. واتە نەیدەگوت شتێکی ئاوام هەیە، بەڵکوو دەیگوت با بڵێین کەسێک هەیە ئاوایە و لە دۆخێکی ئاوادایە. سەرەتا هەموو شتەکانی بە تەواویی پێ نەدەگوتم، بەڵام کە شتەکە تەواودەبوو و ئەنجامێکی دەبوو هەموو ڕووداوەکانی لە سەرەتاوە بۆ باسدەکردم. دەیەویست ڕای خۆمی پێبڵێم و ڕێگەیەکی پیشانبدەم، کەوا پێویستە چی بکات و چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئەو دۆخەدا کەوا ئێستا تێیدایە.

لە پرسیارەکەی دیاربوو کێشەی لەگەڵ کەسێک هەیە کەوا ماوەیەکە کەمە یەکتریان ناسیوە و بەیەکەوە قسەیانکردووە. کەمێک لە یەک عاجزبووبوون، ماوەیەکە قسەیان نەکردبوو. دیاربوو کە ئاسیا بیریدەکرد و بەدوای ڕێگەچارەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکاتەوە. تەنها گوتی هاوڕێمە. نەیگوت کوڕە، یان کچ. منیش پرسیاری ئەوەم نەکرد کێیە و چۆن ناسیوتە، چونکە دڵنیابووم لە ڕۆژانی داهاتوو خۆی هەموو شتێکم پێدەڵێت. قسەکانی ئەوکاتم هەمووی بیر نییە، بەڵام زۆر قسەم بۆ کرد و ئەگەرەکانی کە دەکرێت ڕووبدەن بۆم باسکرد. پێم وابێت قەناعەتم پێهێنا، کەوا ئەو نامە بۆ کەسە بنێرێت و لەیەکتر تێبگەن.

کە قسەکانمان تەواوبوو و ناردنی ڤیدیۆکانیش تەواوبوون، کە کاتژمێرێک زیاتری ویست. ئاسیا ڕۆیشت، منیش هەر ئەو کات لە ناو تەکسییەکەدا سەیری فیلمەکەم کرد، هەتا هاوڕێکانم هاتن. فیلمەکە وەک کتێبەکەبوو، تەنها چەند ڕووداوێکی بچووکی لە کتێبەکە کەمتربوو. فیلمەکە گەیشتبووە نیوەی کە بەڕێکەوتین بۆ ماڵەوە، لەوێدا فیلمەکەم وەستاند و ئەوەندەی مابووەوە لە ماڵەوە سەیرمکرد. فیلمەکەش وەک کتێبەکە جوان و واتاداربوو.

یەک دوو ڕۆژ دواتر لە فەیسبووکەوە قسەماندەکرد، ئاسیا گوتی: - شتێکت پێبڵێم؟

- بۆنا! فەرموو بیڵێ.

- پێتوایە من کەسێکم خۆشبوێت و کەسێک لە ژیانمدا هەبێت؟

- بەڵێ.

- کێ؟

- بە پێکەنینەوە (من، سیما، شازیار و ئاواز و هاوڕێکانی ترت).

- کوڕە ئاوا نا نا، مەبەستم کوڕە، واتە ڕەگەزی بەرانبەر، تۆ کاکەگیانمیت و ئەوانەی تریش کچن.

- نازانم هیچ کات شتت لە من نەشاردووەتەوە، ئەگەر شتێک هەبێت دەیزانم، پێم وانییە کەسێکی ئاوا هەبێت.

- با ئەو جارە هەیە، دڵم خۆی بۆ کەسێک چووە و ئەویش هەروا بۆ من.

- کێیە ئەو کوڕە بە بەختەی دوای نزیکەی چوار ساڵ لێرە توانیویەتی دڵت ببات؟

- لەوانەیە نەیناسیت، چونکە لەگەڵ خۆمان نییە.

ناوی دوو سێ کوڕەکانی خۆمانی گوت، گوتی هاوڕێی ئەوانەیە، کەسێکی ئاوایە و ئاوایە، کوڕێکی جوانە و باڵابەرزە. سەرەتا من بە کەسێکی تر تێگەیشتم، لەبەرئەوە پێمگوت ئەگەر ئەو کەسەبێت کە من بیرم بۆی چووە، ئەوە بە ڕای من کەسێکی هیچ باش نییە و خراپ دیارە و ئەوەندەی بینیومە هەر جارێک لەگەڵ کچێکدایە. لە کۆتاییدا دوای گوتنی کۆمەڵێک ناو و ناردنی وێنە چەند کەسێک کەسیان نەبوو، ئاسیا گوتی:

- کوڕەکە ناوی (ئیلیاس)ـە و وێنەیەکی نارد، ئەوە ئیلیاسە بینیوتە؟

- لەوانەیە بینیبێتم، بەڵام خۆ نەمزانیوە کێیە هەتا چاودێریی بکەم. کوڕێکی باڵابەرز و سپۆرت بوو، خراپ دیارنەبوو. بەڵێ، واتە ئاسیاخان ئەمەی خۆشدەویست.

- ئەوە ئەو کەسەیە کە ئەو ڕۆژە بۆم باسکردیت لە گەراجەکە.

دونیایەک پرسیار لە مێشکم دروستبوو، دوای ئەوەی ئاسیا ئەو شتانەی پێگوتم، کێیە ئەو کوڕە؟ لە کەیەوە بەیەکەوەن؟ کەسێکی چۆنە؟ ئاسیا دڵخۆشە لەگەڵی، یان نا؟

نازانم، بەڵام سەرەتا پێم ناخۆشبوو کەوا ئاسیا وایگوت، واتە پێم ناخۆشبوو کەوا کەسێک خۆشیدەوێت. هەستێکی ناخۆشم هەبوو نازانم ترس بوو، یان چی. ترسەکە لەبەر خۆم نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئاسیابوو. ئاخر هیچم لە بارەی ئیلیاسەوە نەدەزانی، ئەگەر خۆشەویستییەکی درۆیینە بێت ئەوکات چی؟ ئاخر من هیچ کات نامەوێت ئاسیا تەنانەت بچووکترین ئازار و خەمی هەبێت. چەند ڕۆژێک باسمانکرد و زۆر شتی لە بارەی ئیلیاسەوە گوت. خەمەکانمی هەموو ڕەواندەوە و دڵنیایکردمەوە کەوا ئیلیاس کەسێکی باش و جێگەی متمانەیە. ئەویش بە هەمان شێوە خۆشیدەوێت. چەند مانگێکە کەوا بەیەکەوەن، سەرەتا وەکوو هاوڕێ دەستیانپێکردووە، واتە لە سەرەتاوە یەکیان خۆشویستووە، بەڵام کەسیان پێش ئەوەی تر نەکەوتووە و هەستەکانی بۆ ئەوەی تر دەرببڕێت. مانگێک دەبێت کەوا ئیلیاس داوای خۆشەویستیی لە ئاسیا کردووە و ئەویش قبوڵیکردووە. بەڵام هێندە تێکەڵاو نین کەوا هەموو ڕۆژێک قسەبکەن و لە کۆلێژ هەموو کات بەیەکەوە ببیندرێن. چەند ڕۆژێک جارێک قسەیەک دەکەن و زووزوو بابەتی قسەکانیان تەواودەبێت و نازانن باسی چی بکەن. هێشتا لە قۆناغێکدان کەوا شەرم لەیەکتر دەکەن، لەبەرئەوە هەستەکانیان بۆ یەکتر بە شێوەیەکی زۆر کەم دەردەبڕن، بەڵام گرنگ دڵخۆشن بەیەکەوە.

ئاسیا هەندێک کات بە شتی زۆر سادەی ئیلیاس دڵی تەنگدەبێت، جوابنەدانەوەی نامەیەک، یان قسەیەک، نەک قسەکە ڕەق بێت، بەڵکوو کەمێک بۆنی ڕەقیی لێبێت بەسە بۆ ئەوەی خەم بخوات.

دوای ئەوەی ئاسیا باسی ئیلیاسی بۆ کردم، چیتر نەچووینەوە بۆ دەوام هەتا دوای سەردەمی کۆرۆنا. ئەوکات تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم تەواوبووبوو، سەرەتای مانگی دوو بوو بڕیاربوو هەتا مانگی چوار نەچینەوە بۆ دەوام. دواتر کۆرۆنا هات و هەمووانی لە ژوورەوە کرد و چەند مانگێک لە کەرەنتینە بووین و دەوام ڕاگیرا. هێدی هێدی هیچ خەم و دوودڵییەکم نەما بەرانبەر خۆشەویستییەکەی ئاسیا و ئیلیاس، متمانەم بەو کوڕە زیاتر دەبوو، لە ناو ئەو هەمووە لەو چەند ساڵەدا ئاسیا ئەمەی هەڵبژارد و چووتە دڵیەوە. کە ئەو خۆشیبوێت و ئاسوودەبێت لەگەڵی و متمانەی پێی هەبێت، من خەمی چیم بێت! هەموو کات بە ئاسیام دەگوت تۆ دڵخۆشبە و باشبە، تەواو منیش دڵخۆشدەبم.

چەند جارێکیش دەچوومە ناو فەیسبووکەکەی ئیلیاس و سەیری وێنەکانی و هاوڕێکانیم دەکرد کەسێکی شیرین و خۆشەویست دیاربوو، هەمووان خۆشیاندەویست و ڕێزیاندەگرت، مرۆڤێکی جوانە. جارێکیان لە ناو فەیسبووکەکەی ئەلیاسەوە چوومە ناو چەند فەیسبووکێکی ترەوە لەوانەی لایک و کۆمێنتیان بۆ ئیلیاس کردبوو، لە یەکێک لە فەیسبووکەکان وێنەی منداڵێکی خەپەی جوانم بینی، کچ بوو، منداڵەکان هەمیشە شیرین و جوانن. ئارامیی بە ڕۆح و گیان دەدەن، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن سروشتی مرۆڤەکە دەگۆڕێت و کەم مرۆڤ هەیە بە چاکیی بمێنێتەوە. وێنەی کچەکەم لە لای خۆم خەزنکرد و بۆ ئاسیام نارد. گوتی:

- مردم هههههـ ئەوەت لەکوێ هێنا؟

- ئەو کچە جوانە کێیە؟ لە تۆوە فێربووم کە بێئیش بووم لە ناو فەیسبووکی خەڵکی پیاسەبکەم و بزانم چی هەیە و چی نییە و خزم کەسیان کێن. هەر بە ڕاستیی ئەو شتە لە ئاسیاوە فێربووم و دایمە لە فەیسبووکی خەڵکی کەوتبووین کە دەسمان بەتاڵبووایە.

- ئێ مادەم لە منەوە فێربوویت، کەواتە دەبێت خۆشت بزانیت کەوا ئەو منداڵە کێیە.

- وێنەکەم لە ناو فەیسبووکێک هێنا وابزانم خوشکی ئیلیاس بوو، لەبەرئەوە پێشبینیی دەکەم ئەو کچە خوارزای ئیلیاس بێت، ڕاستم؟

- هەربژیت بە خۆم دەچیت کاکەی خۆم. بەڵێ، ئیلیاس خاڵیەتی و کچەکەش ناوی "نازەنین"ـە، زۆریش جوانە.

ئەوەندەی ئاسیا باسی ئیلیاسی بۆ کردم و لە وێنەکانی بینیم و سەیری فەیسبووکەکەیم کرد، کوڕێکی جوان بوو، جوان بە جەستە و ڕووخسار و ڕەوشتەوە. میهرەبان و بەوەفا و دڵسۆز بوو. هاوڕێکانی و هەموو کەسێکی خۆشدەویست، ئەگەر باش بووایە و ئەو کەسە خۆشیبویستایە. هەر لە بەشەکەی خۆماندا دەیخوێند، بەڵام قۆناغێک لەدوای ئێمەوە بوو. دەیخوێند و دوای دەوامی کۆلێژیش کاریدەکرد. واتە کەسێکی تێگەیشتوو بوو و خەریکی بەفیرۆدانی کاتەکانی نەبوو. بەپێی کات و ڕێککەوتیش خوێنەریش بوو و کتێبی چاک و بەسوودی دەخوێندەوە. خوێنەربوونی جوانترین شتی ئیلیاس بوو لە لای من، هەموو کەسێکم خۆشدەوێت کە کتێبی خۆشبوێت ئەگەر ئەو کەسە دوژمنەکەشم بێت، شتی باشی دەخوێندەوە و سەیری فیلمیشی دەکرد، کە ئەوە لە شتە باشەکانە. باشترە لەوەی کاتەکانی بە پۆبجی و شتی بێسوود بەفیرۆبکات.

لەبەرئەوەی زمانی تریشی دەزانی خوێندنەوە بۆ ئەو خۆشتربوو، چونکە دەیتوانی بە زمانی تریش بخوێنێتەوە و سەیری فیلم بکات. منیش ئیتر خۆشمدەویست، حەزیشم دەکرد وەک هاوڕێیەک بیناسم، بەڵام ئیتر وا نەبوو و یەکمان نەناسی. گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هیچ کات دڵی ئاسیا نەشکێنێت و بتوانێت دلخۆشیبکات. ئەگەر هەمووش نەبێت دڵۆپێک لە ئارەزوو و خەونەکانی ئاسیا بکاتە ڕاستیی و دەستی پێیان بگەیێبێت بۆ نمونە؛ هەبوونی کتێبخانەیەکی جوان و بچووک لە ماڵەکەی و شتانی تر...

# کۆرۆنا

چەندە لە وێنەگرتن و ئاهەنگی دەرچوون دەترسام، دەمەویست نەچم. چەندە دەترسام کە ئەگەر بڵێم نایەم، کاردانەوەی قوتابییەکان چۆن دەبێت. ترسگەلێک ناخمیان دەخوارد، کۆرۆنا هەمووی لێدوورخستمەوە. سەرەتا کە کۆرۆنا هات، دەیانگوت هیچ مسوڵمانێک نایگرێت! ئەی ئێستا چی؟

ئەوەی هەژاربوو لەگەڵ ئەو دەردە هەژارتر بوو، ئەوەی دەوڵەمەندبوو هیچ کێشەیەکی نەبوو، لەبەر نەبوونی هیچ کار و شتێک هەژارەکان خۆیان هیچیان نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا خەریکبوون ئەو هیچەی خۆیان دەفرۆشت بۆ پارووێک نان و حەبێک. کتێبیان دەفرۆشت، جلوبەرگی بەر خۆیان دەفرۆشت، شتی ناو ماڵیان دەفرۆشت، کەسانێکیش کە هەژار بوون بە عەقڵ و ڕەوشت و ئەخلاق خۆیان و خەڵکیان دەفرۆشت. هەندێکیش دزییاندەکرد. مزگەوتەکان چۆڵبوون، سروشت ئاهێکی قووڵی هەڵکیشا و بەرەو گەشانەوە و پاکبوونەوە هەنگاویدەنا. زۆر مرۆڤ دیدی بۆ ژیان گۆڕا. ئەو نیعمەتانەی هەتا دوێنێ هەست بە نەبوونی نەکرابوو و مرۆڤ بۆ بوونی سوپاسگوزار نەبوو، ئیتر هەستیپێکرا. چەوساندنەوەی میللەت و گەمژایەتیی میللەت ڕوونتر بوویەوە. دزییکردن پەرەیسەند و دزی گەورەتر دروستبوون. خۆخەریککردن بە شتی بێسوود و گاڵتەجاڕیی گەیشتە لووتکە. مرۆڤ بەهای خۆی لەدەستدا و لە لایان مرۆڤەکانی ترەوە یاریی بە گیانی دەکرا. خوێندن بوو بە نوکتەی ساڵ، شەهادەیان بێنرخ کرد و قوتابی دەمکوتکرا. هەرچی دەرگای ناوەندەکانی خوێندنە قوفڵکران. ژیان بەجۆرێک گۆڕا، ئێرە لە مەملەکەت و

هەسارەیەکی تر دەچوو. میدیاکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە تێکدان و شێواندنی دۆخەکە.

یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو، هێشتا چەند کاتژمێرێک مابوو بۆ بانگی ئێوارە، قسەم لەگەڵ ئاسیادا دەکرد. باسی خوێندمان دەکرد، ئاخر ئەو کات کەس نەیدەزانی حاڵی خوێندن بەکوێ دەگات. بە ئۆنلاین دەکرێت، یان دەخرێتە دوای کۆرۆنا، یان چی؟

- ئەرێ تۆ چی دەڵێیت لەسەر کۆرۆنا؟ تازە لە شوێنێک خوێندمەوە دەڵێت هەتا ئێستا کۆرۆنای ڕاستەقینە لێرە بوونی نییە. کەچی لەولاشەوە چەند خزمێکمان گرتوویانە.

- گوتن و نەگوتنی ئێمە چی لە بابەتە دەگۆڕێت! مرۆڤیان تێکداوە و کەس نازانێت لەم وێرانەدا چی گوزەردەکات. دوو هەفتە لەوەوپێش زیاتر لە دە کەسیان لە گوندەکەمان برد بە ناوی ئەوەی توشبوون. لە کەناڵەکانیش باسکرا. کەچی ئەمڕۆ باوکم دەڵێت ئەو کەسانەی بردرابوون هاتوونەتەوە و دەڵێن هیچ کێشەمان نەبوو بەزۆر ئێمەیان بردووە. لێرەش لە فەیسبووک دوو کچی هاوڕێم توشبوون و هەر یەکێکیان نامەیەکی نووسیوە و بڵاویکردووەتەوە باسی حاڵی خۆیان دەکەن لەگەڵ کۆرۆنادا.

- هەر هەفتەی پێشوو باوکی شازیاریش توشبووبوو، هەفتەیەک نیشانەکانی هەبوو دواتر باشبووەوە. کوا نامەکانی ئەو کچانەم بۆ بنێرە.

- ئاگاداری شازیار و باوکی بووم، سوپاس بۆ خودا تێپەڕاند. ئەوە نامەکان:

**نامەی یەکەم: دوای تێپەڕبوونی (١١) ڕۆژ لەگەڵ کۆرۆنادا.**

**دەمەوێت ئەوەتان پێبڵێم هەتا دەتوانن خۆتان بپارێزن، گوێ لەو کەسانە مەگرن کە گاڵتەتان پێدەکەن و دەڵێن باوەڕمان بە بوونی ئەم ڤایرۆسە نییە. کەسی وا هەیە بێمەناعەیە و توانای بەرگرییکردنی نییە، توشدەبێت، وەک من.**

**دەمەوێت چەند وەسفێکیتان بۆ بکەم، ئەم جەنابی کۆرۆنایە بە هەڵامەت گرتم، سەرەتا پژمەی زۆر و قورگئێشە و ئیتر دوای ئەوەی هەڵامەتم نەما و ئێستا هەستی بۆنکردنم بە هیچ جۆرێک نەماوە. بۆنی هیچ شتێک ناکەم، لەگەڵ ئەوەشدا سەرئێشە و چاوئێشەیەکی بەردەوام و سووربوونەوەی چاوم هەموو کات، ئەوەش بە هۆی ئەوەی پلەی گەرمیی لەشم بەرزە و ئاوی جەستەم کەمدەبێتەوە. ئاخر قەت بووە تا نەهێڵێت بخەویت و لە شیرینیی خەودا خەبەرتبکاتەوە؟ ئەوە (١١) ڕۆژە حاڵی من ئاوایە. لە شیرینیی خەودا تا دەمگرێت و بێدارمدەکاتەوە. تەنانەت بنی پێیەکانیشم دەڵێیت لەسەر تەنوور دانراوە، ئارەقدەکاتەوە. دەی کە تاشت لێبێت نابێت بخەویت، چونکە بۆ خڕۆکەسوورەکانی خوێن خراپە و دەبێت خێرا بچیت خۆت فێنکبکەیتەوە. بێگومان خەوە خۆشەکەشت دەزڕێت.**

**نە ڕۆژێکە و نە دووان و نە سیان، بەڵکوو بە درێژایی ماوەکە و بە درێژایی ڕۆژەکان ئەم تایە بەردەوامە لەگەڵت، جگە لەوەش دەبێت بەردەوام چارەسەر و ڤیتامین بخۆیت هەتا یارمەتیی بەرگریی جەستەت بدەیت و بێهیوا نەبێت. ئاخر خراپە بێهیوایی بۆ بەرگریی لەش. قەت حەبت خواردووە بەقەد دەنکەبادەمێک گەورەبێت؟ دەی ناچاریت ڕۆژانە بیخۆیت و لێت نەبڕێت هەتا ئەو تایەت کەمببێتەوە و ئازاری قورگت کەمێک کەمببێتەوە. ئا بیریشم نەچێت حەبەکە (١٠٠٠) میلیگرامە، جاران کە حەبێکی ئاوام بخواردایە هەتا هەفتەیەک لەبەر ئازای مەعیدەم دەمناڵاند، بەڵام ئێستا بە ناچاریی دەبێت هەموو ڕۆژێک بیخۆم، چونکە جەستەی خۆم خۆشدەوێت.**

**ئەگەر تۆش خۆتت خۆشدەوێت، گرنگیی بە تەندروستیی خۆت بدە، تکایە.**

**بیرمچوو ئەوەشتان پێبڵێم کە هەموو ماسولکەکانی لەشم ئازارێکی زۆریان هەیە. زۆر جاریش ئازارەکە لە بەشێک بۆ بەشێکی تری جەستەم دەگوازرێتەوە و بەردەوام وام لێدەکات نەتوانم لە شوێنی خۆم هەڵبستم و هەر لە جێگەدا کەوتووم.**

**تکایە ئاگاداری خۆتان و خۆشەویستانت بن و خۆتان بپارێزن.**

**نیاز ئیسماعیل**

**نامەی دووەم: ڕووناک، بەڵام لە چۆڵییدا سامناک!**

**هەستانم بۆ پیاسەکردنێکی شەوانە، بۆ ئەوەی لەوەی کە خراپم خراپتر نەبم.**

**وەک زۆربەی شەوەکان کە لەسەر سیسەمە نەرمەکەم هەڵدەستام و دەچووم بۆ لای بەڕادی ئاوەکە هەتا قومێک ئاو بخۆمەوە و دانیشتنم لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە بۆ تەنهاییبوونم و بیرکردنەوەم لە زۆر شتی ژیانم. هەستام وەک هەمیشە شەوێکی درەنگ کە بەلایەنی کەمەوە لەدوای کاتژمێر دووی نیوە شەوەوە هەڵدەستام. ئەو شەوەش هەڵستام بۆ بیرکردنەوەم لە ژیان، بەڵام کە دەرگای ژوورەکەم کردەوە ئەوەی بینیم هۆڵەکەمان نەبوو، بگرە ڕاڕەوێکی زۆر ڕووناکم بینی و زۆر بە حەپەساوییەوە ڕۆیشتم و سەیری دەرەوەم کرد. بە خۆمم گوت: ئاڵا ئێرە ماڵەوە نییە، ئێرە نەخۆشخانەیە. بۆچی ناتەوێت باوەڕ بەوە بکەیت کە تۆ نەخۆشیت و توشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنایت؟**

**زۆر بە هێواشیی پیاسەیەکم بە ڕاڕەوەکەدا کرد، بەڵام چۆن پیاسەیەک، بەسەر هێڵە سوورەکاندا دەڕۆیشتم بە هیوای ئەوەی بگەمە ئازادیی و دەرگایەک بۆ چوونەدەرەوە و ڕزگاربوون بدۆزمەوە. دەگەیشتمە کۆتایی هەر خاڵێک کە هیوام نەدەما بەئازادبوون بە خۆمم دەگوت: ئاڵا دەبێت زیندانییکراوانی بەندییخانەکان چ هەستێکیان هەبێت کە هیچ هیوایەکیان نییە بە ئازادبوونیان؟**

**ئاخۆ ئەوانیش وەک تۆ بێهێزبن لە ژیاندا؟**

**دەبێت ئەوان چەندە لە بیری خانەوادەکانیان بن؟**

**ئاهـــــــــ بە هەناسەیەکی ساردەوە بە خۆمم دەگوت بەڵێ ئاڵا، بگرە ئەوان حاڵیان لە تۆ خراپتریشە. بەردەوامدەبووم لە ڕۆیشتن هەتا ئەو کاتەی ئەمجارەیان ئاگام لە ڕۆیشتن و ڕێگەکەم نەدەما و چاوم بەو هەموو ژوورە چۆڵ و پڕ لە قەرەوێڵەی نەخۆشە دەکەوت. لە خۆمم دەپرسی ئاخۆ چەند کەس لەسەر ئەم قەرەوێڵانە لەتاو ئازار حەسرەتی مردنیان هەڵکێشابێت؟ ئاخۆ چەند کەس خۆشەویستی دایک و باوکی لەسەر ئەمانە لەدەستدابێت؟**

**دووبارە بە هەناسەیەکی ساردەوە بە خۆمم دەگوت: بەڵێ، بگرە خراپتریش لەوانەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە ڕوویداوە. لێرەوە بەردەوامدەبووم لە پیاسەکردن بە ڕاڕەوەکەدا، هەتا ئەمجارەیان گەیشتمە پەنجەرەیەکی گەورە و وەستام، بەڵام کاتێک سەیری خوارەوەم کرد ترسام و هەستم بە بەرزیی شوێنەکەم کرد، کە تەنها پێنجقات بوو، لە ترسان گەڕامەوە دواوە. جا نازانم بۆ نەموێرا کە نزیکبکەومەوە لە کاتێکدا ژوور و ماڵەکەی خۆم زۆر لەوە بەرزترە، بەڵام هیچ ترسیشم لێی نییە و زۆر بە ئاسودەیی پشتدەدەم بە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە، بەڵام بۆ لێرەدا ناوێرم تەنانەت نزیکیش بکەومەوە. دوای کەمێک بیرکردنەوە بە خۆمم گوت: نا ئاڵا نا، ناحەقت نییە کە لێرە دەترسیت، ئاخر چاوی تۆ فێرە بە بینینی ڕووناکیی سەر شەقام و هاتوچۆی سەیارەکان. بینینی ماڵ و باڵەخانە بەرزەکان و ڕۆشتن و پیاسەی خەڵکیی و ڕاکەڕاکێ و یارییکردنی مناڵەکان. دوکان و یارییکردنی گەنجەکان لە یاریگاکان. چاو و دڵی تۆ بەرگەی بینینی ساحەیەکی چۆڵ و تاریکیان نییە.**

**ڕوومم سووڕاندەوە و بەردەوامبووم لە ڕۆیشتن، بەڵام بەبێ ئەوەی بمەوێت ئاوڕ لەو چۆڵەوانییە بدەمەوە و بە ئاراستەیەکی تردا دەستم بە ڕۆیشتن کردەوە. دەڕۆیشتم، لەپردا هاتە بەرچاوم کە مناڵەکان بە ڕۆژ چەند بە بێزارییەوە ڕۆژەکانیان بەڕێدەکەن و چەند ماندوون لەوەی کە تەواوی ڕۆژەکەیان لە ژوورێکی پڕ لە قەرەوێڵە و نەخۆشدا بەسەردەبەن. بە خۆمم گوت: زۆرن کە نەک تەنها خەمی برسێتیی، بەڵکوو خەمی فرمێسکی دایکیشیان دەخەنەوە ناو دڵی خۆیان و بەو مناڵییەوە بێناز و ماندوون دەبن**

**لە ژیان. هەرچۆنێک بێت بەردەوامبووم و بیرم لە زۆر شتی تر دەکردەوە. مێشکم هەرجارە و ڕایدەکێشام بۆ بیرکردنەوە لە شتێک و تامی ئازارەکەشی پێدەچەشتم.**

**هەرچۆنێک بێت ڕۆیشتم و هەتا چوومەوە لای دایکم، بەڵام ئەمجارە هێزی ڕۆیشتنم نەما و بەدیار دایکمەوە دانیشتم. سەیرمکرد و بیرمکەوتەوە کە ئەمشەو چەند بە نەخۆشیی و بەدەم ئازارەوە خەوی لێکەوتووە. هەستم بە خەمی دڵی دەکرد، کە لەبەر ئێمە چەند پڕە. دەمزانی بێتاقەتیی دایکم لەبەر خۆی نییە، بەڵکوو خەمی لەدەستدان و جیابوونەوەی ئێمەیەتی. دەمزانی کاتێک ئێمە دەبینێت خەریکین ئازار دەچێژین، ئەو ساڵ بە ساڵ لە تەمەنی کەمدەبێتەوە. هیچ شتێک بەقەدەر خەمی دایکم منی تێکنەشکاند. ئاخر ئەو زۆر نەخۆشبوو، کاتێک دەمبینی تای دەگاتە (٤١) پلە ئیتر تەواو دڵم هەستی بە ئازار دەکرد. بەرگەگرتن لە بینینی ئازاری دایک و بێدەستەڵاتییم ناخۆشترین هەستبووە کە من چەشتبێتم. بەڵام هێشتا بە خۆمم دەگوت ئەمە تێدەپەڕێت، ئالا تۆ بە ڕۆژ دەبێت پێبکەنیت لەبەر خاتری دایکت. تۆ هێز بدە بە هەمووان، خاترجەمبە کە خودای گەورە ئاگای لێتە. لەچی دەترسیت لە کاتێکدا تۆ پشتت بە خودا بەستووە و هەمووانت بە ئامانەت داوەتە دەست ئەو. مەگەر تۆ گەورەترین هێزت لە پشت نییە؟**

**ئیتر لێرەوە بۆ ئەو شەوە بە تەواویی هێزم لێبڕابوو و دەمگوت سەیربکە ئێرە چەند ترسناکە و چەندێکیش ڕووناکە. ڕاڕەوێک ئەوەندەی ئازاری هێنایە بەرچاوم کە بە هێواشیی هاتمەوە سەر جێگەکەم، جێگایەک کە لەچاو سیسەمەکەی خۆم وەک بەرد وابوو. ڕاکشام و گوتم: ڕاستە ماندووبوویت لەوەی هەمووان ببینیت کە لە دەرەوەن و تۆش نەتوانیت بڕۆیت، ڕاستە خەمی لەدەستدانی خێزانەکەتە، لەوانەیە خەمی ئازار و نارەحەتیی و ناخۆشیی شوێنەکەشت هەبێت، بەڵام تێدەپەڕێت، ئـــــــــــارامبە و دڵنیابە خودا لەگەڵتە. نازانم دوای ئەوە چۆن خەوم**

**لێکەوت، بۆ بەیانی کە چاومکردەوە دیسان لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە بووم ئەمە خەون نییە، ڕاستییە.**

**دووبارە هەستام هەتاوەکوو ڕۆژەکانی تر نان و حەبەکانم بخۆم، وەکوو هەموو ڕۆژەکانی تر ڕۆژەکەم بەڕێدەکرد و بێتاقەت و خەمی دنیام لە دڵمدا هەڵدەگرت و تێمدەپەڕاند. بەڵام تاکەشت کە دڵم پێیخۆشبوو ڕووخۆشیی و قسەخۆشیی دکتۆر و پەرستار و کارمەندەکان بوو، کە لە دەورمان بوون و بەدەممانەوە دەهاتن. بە بینینیان ئاهێک بە دڵمدا دەهات و دوعام بۆ دەکردن و بە خۆمم دەگوت: ئالا تۆش ڕۆژێک وەک ئەمانە دێیت بۆ لای نەخۆشەکانت و دەبیت بە پەرستاری چەندەها نەخۆش. بیرتبێت ئەوانیش وەک تۆ پێویستیان بە پێدانی هیوا و میهرەبانیی و سەبری تۆ هەیە. تۆش ڕۆژێک هیوابەخشبە و باوەشی سۆز و میهرەنانییت بۆ هەموو نەخۆشێکت بکەرەوە. دڵنیابە لەوەی زۆربەیان وەک تۆ ئەوانیش شەوانە پیاسەیەکی تەنهایی بە ناو ڕاڕەوێکی ڕووناک و سامناکدا دەکەن. ئەوانیش نەخۆشیی و خەم ماندوویکردوون. تۆش ببە هۆی لابردنی ئازار و خەمی ئەوان و لە میهرەبانیی و هیوا نوقومیان بکە. دەی ئاخر تۆ لێرە تامی میهرەبانییت چەشت، هیوات پێدرا، نازت هەڵگیرا. ئەوانەی لێرەن تۆ ناناسن، بگرە لە ماندووبوون زیاتریان پێ نابەخشیت، بەڵام بڕوانە چەند بە میهرەبانییەوە ئاگایان لێتە و چەند هیوابەخشن. بزانە چەند بە ئارامییەوە دێن بەدەم ئەو هەموو داواکارییەی تۆ و چەندەها نەخۆشی تری وەک تۆوە. هەست بەوە بکە ئەوانە شەوان لەبەر ئازاری قاچیان خەویان نییە و بە ڕۆژیش لەبەر ماندووبوون ئارامییان لێهەڵگیراوە، بەڵام هێشتا چەندە ئازایانە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن. تۆش ببە بە یەکێک لەوان. تۆ ئێستا دەزانیت میهرەبانیی چییە و ئەوان میهرەبانییان فێرکردیت. کاتی ئەوەش هاتووە کە ئیتر پیشەکەی خۆت خۆشبوێت، چونکە هەر ئەوان بوون لە لایان خۆشەویست کردیت. ڕاستە تۆ وانەی زۆرت لەدەستچوو، بەڵام بە مانەوەت لە نەخۆشخانە ئەوەندەی تەواوی ساڵێکی خوێندن ئەزموونت وەرگرت.**

**من گەیشتم بەو قەناعەتەی کە ئیتر بە ڕاستیی جارێکی تر نابێت وانەکانم فەرامۆشبکەم، چونکە من کاتێک پێویستیم پێیان دەبێت کە هەرگیز نابێت نەزانبم، پیشەی تۆ هەرگیز ئەوەی پێ قبوڵ ناکرێت. بەڵێ، من تەنها ئەمانە نا، بگرە فێربووم کە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا ڕابێت و تەحەمولبکات. بە ڕاستیی دەستەڵاتی خودای گەورەم بینی، هەستم بە هێزی ئەو دەکرد. قبوڵکردنی دوعاکانمانم بە چاوی خۆم دەبینی. زانیم کە خودای گەورە هەرگیز بەندەی خۆی فەرامۆش ناکات و ئاگاداری هەمووانە. گریان و باسکردنی خەمەکان لە لای و پاڕانەوە لە خودا ئارامییەکە کە لە هیچ شوێنێکی تری ئەم دنیایە بەدەست ناکەوێت. کاتێک سوژدە دەبەیت بۆ خودای گەورە و پڕ بەدڵ دەگریەیت و هانای بۆ دەبەیت و بە ئەسپایی پێیدەڵێیت ڕزگارمبکە، ئیتر ئەو دەرگای ڕەحمەتی دەکاتەوە و بەڵێنی خۆی بەجێدەهێنت و تۆ لێوانلێو دەکات لە ناز و نیعمەتە نەبڕاوەکانی خۆی.**

**ئالا موحەممەد.**

- ئێستا چۆنن ئەوانە؟

- سوپاس بۆ خودا ئێستا هەردووکیان زۆر باشن و بە تەواویی ڕزگاریانبووە.

- سوپاس بۆ خودا تێیانپەڕاند، ئەی چۆن دەیانناسیت؟

- ئەوەی یەکەم خەڵکی سلێمانییە و چوار ساڵ دەبێت دەیناسم. لە فەیسبووکەوە ناسیم، هاوڕێیەکی نزیکمە تاکە کەسە ئەو لەم دونیا خەیاڵاوییەی فەیسبووک ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لەگەڵم بمێنێتەوە زیاتر لە زۆر باشبووە بۆم و زۆر قەرزاری چاکەکانیم. ئەوەی دووەمیش خەڵکی هەولێرە، کەمتر لە نیاز دەیناسم و تێکەڵاوییم لەگەڵی هەیە. ئەویش مرۆڤێکە پڕە لە جوانیی و میهرەبانیی. کچێکە هاوڕێیەتیی هەر کەسێک بکات ئەو کەسە دەبێت شانازییبکات بە بوونی ئالا لە ژیانیدا. هەردووکیان کەسانی زۆر باشن، ئازاری زۆریان چەشت بەم دەردەوە.

- ئمممم ئەمە بەڵگەی ئەوەی کە بوونی هەیە کەسانێکیش هاواردەکەن و دەڵێن بوونی نییە. ئاڵا پەرستارە؟

- بەداخەوە بۆ ئەو کەسانە بە پڕوپاگەندەکانیان ژیانی خەڵکی تریش دەخەنە مەترسییەوە. نەخێر پەرستار نییە، لە داهاتوودا دەبێت بە پەرستار پشتیوان بە خودای گەورە.

- بە پشتیوانی خودای گەورە، بە ڕاستیی کارێکی پیرۆزە.

- وایە، بە هیوای کاری باش بۆ ئەو و هەموو ئەوانەی کارەکانیان بە خۆشەویستییەوە دەکەن.

- من هەتا ئەمڕۆ وامدەزانی تەنها ئێمەی مرۆڤ لەبەر کۆرۆنا کەرەنتین کراوین و دەکرێین.

- بۆ چی بووە و چی کەرەنتین کراوە؟

- ئەمڕۆ پۆستی وەرگێڕێکم بینی نووسینێکی دانابوو، نووسیبووی چەند ڕۆژێکە کەرەنتینم کردووە.

- کام وەرگێڕ؟

- ئەیاد فەهمی، لە گرووپەکان زۆر شت دادەنێت، وابزانم کتێبیشی هەیە.

- بەڵێ دەیناسم، بابەتەکانی زۆر جوان و کاریگەرن. کەسێکی زۆر خاکیی و تێگەیشتووە. گەنجیشە بە پشتیوانی خودای گەورە ئەستێرەیەکی گەش و گەوهەرێکی مەزن دەبێت بۆ خزمەتی کتێبخانەی کوردیی و خوێنەران.

- وایە بە پشتیوانی خودای گەورە. سەیرکە نووسینەکەی کە کەرەنتینی کردبوو زۆر جوانبوو. ئەمە بوو:

**هاوڕێ نزیکەکەم هاوسەرگیریی لەگەڵ براکەمدا کرد!**

- **براکەت ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتردەبێــت بمدە بە ئەو...**
- **بۆ شێتبــووم شێتکی وەک تۆی توشبکەم.**

**ئەم قسانەمان بە گاڵتەوە دەکرد، بەڵام جارێک بە جددیی بیرم لەوە کردەوە چی دەبێت ئەگەر هاوڕێ نزیکەکەم ببێت بە هاوسەری بــراکەم.**

**ئەوکاتەی دایکم بڕیاریدا کچێکی بۆ خوازبێنیی بکات. بیرم لەو کردەوە، کەمێشکی بردوبووم بۆ هاوسەرگیریی. بەدڵنیاییەوە لەو باشترمان دەستناکەوێت بــۆ ماڵ و بۆ براکەم.**

**لەدوای ئەوەی چەندین جار سەردانیکردین، پرسیارکردنی براکەم لە بارەیەوە ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت. دەمبینی پەیوەندییەکە گەشەدەکات، بەڵام لە جیاوازیی نێوانیان زۆر دەترسام، بچووکترین شــتیان لەیەک نەدەچوو. ئەو نووسەرە و حەزی بە خوێندنەوەیەکی ئارام هەیە و کەسێکی نەرمونیان و کۆمەڵایەتییە و عینادە و دیندارێکی زۆر پاکە، زۆرخۆرە و خاوەنی قاقایەکی بەرزە، بە ڕاستیی نمونەییە.**

**بەپێچەوانەی براکەمەوە، براکەم خۆی خۆشدەوێت و توڕەیە و حەزی بەخوێندنەوە و نووسین نییە و خاوەنی بەرپرسیارێتییە و کوڕی تەنگانەیە.**

**ئەم جیاوازییە زۆرە وای لێکردم بکشێمەوە و تەداخولی نێوانیان نەکەم. پێویستیش بوو لێیان بەدووربم و گەرەنتیی کەسیان نەکەم.**

**واملێکردن خۆیان یەکتری بدۆزنەوە، وەک ستاییشکردنی هاوڕێکەم لە لای براکەمدا لەو کاتەی بۆ ماڵمان دەهات.**

**ڕۆژێک کە قسەماندەکرد پێمگوتبووکچێکی خان و مانمان دەوێت بۆ براکەم. بە تیلەچاوێــک لێیڕوانیم و دەستی بەناوقەدییەوە گرت و گوتی:**

- **ئەمە بووک دەتانەوێت؟**
- **بە خودا دەزانم لە جۆری تۆ نییە.**
- **دەتوانم بیکەمە جۆری خۆم.**
- **ئێ باشە دایکم دەهێنم بتخوازێت، دایکت بانگبکە با قسەی لەگەڵ کەم**
- **هەهەهەهەــ شۆخییم کرد.**
- **بەڵام من نایکەم.**

- **چی؟ دەزانی وەک ئەوە نییە خەون دەبینم و...**
- **ئێ خۆت نەتگوت دەتوانم وەک خۆمی لێبکەم!**

**قەناعەتم بەم کرد و سەرەی براکەم هات کە دیاربوو ئامادەیە، چونکە ڕێزیدەگرت و بەگونجاوی دەزانی...**

**ئەوەتا ئێستا هاوڕێکەم لە ئیشەکانیماڵەوەدا یارمەتییم دەدات و بە خێرایی ڕاهات لەگەڵماندا، چونکە پێشتر دەیناسین و دەزانێت چۆن ڕەفتار دەکات، بەڵام زۆر وریابووەتەوە و ڕەفتارەکانی گۆڕاوە و عەجولییەکەی نەماوە، خەریکە نایناسمەوە.**

**براکەم زۆرباشتر بووە و بە هۆیەوە زۆر لە جاران دیندارتر بووە.**

**منیش گەورەترین سوودمەند بووم لەم شتە، ئیدی پێویست ناکات لە کاتی گریانەکانمدا پەیوەندیی پێوەبکەم. لە کارەکانی ماڵەوەدا یارمەتییم دەدات و لێم نزیکە. تەنها لانەیەک نییە، بەڵکوو بەشێــکە لە ماڵەکە و پارچەیە شەکربــوو، مێروولەکە بە خێرایی هەڵیگرتەوە.**

**گەورەترین کارم ئەنجامدا کە لە نێوانیاندا تەداخولمکرد.**

**قەناعەت بە هاوڕێکەت بکە هاوسەرگیریی لەگەڵ براکەتدا ئەنجامبدات.**

**وەرگێڕانی: ئەیاد فەهمی**

**لە حەسوودییدا چەند ڕۆژێکە کەرەنتیم کردبوو.**

- جا بە ڕاستیی ئەم نووسینە شایەنی کەرەنتینکردنە.
- ئاگاداری لەو بڕیارەی کەمێک لەوەوپێش ڕاگرایەتیی کۆلێژ دەریکردووە؟
- نا، چی دەڵێن؟
- ئێستا شازیار بۆی ناردم، بڕیاریانداوە دوای چەژنی ڕەمەزان بە شێوەیەکی ڕێک و خۆپارێزییەکی باشەوە بچینەوە بۆ کۆلێژ و تاقیکردنەوەکان ئەنجامبدەین. زۆریش یارمەتیی قوتابی دەدەن.
- سوپاس بۆ خودا لە کۆتاییدا توانیان بڕیارێک بدەن.
- ئەرێ وەڵڵا هههههههه

بارودۆخی کۆرۆنا کەمێک باشتر بوو، هێدی هێدی ژیان ئاسایی دەبوویەوە. هەرچەندە کۆرۆنا لێرە هیچ کات کۆتایی نەهات. بڕیاردرا بە جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لە ناو کۆلێژدا ئەنجامبدەین. دەبووایە بچینەوە بۆ خوێندن. لەبەرئەوەی کاتم زۆر لەدەستدابوو نە توێژینەوەکەمان تەواوکردبوو و نە وانەیەکم خوێندبوو، لەبەر ئەوە زۆر خەمم دەخوارد. دوای چەژنی ڕەمەزان ئەوەی مابوو لە تاقیکردنەوەکان و پێشکەشکردنی توێژینەوە و گفتوگۆی توێژینەوە، هەموویمان تەواوکرد و ئەو ساڵ هەموومان بە خولی یەکەم دەرچووین، چونکە لە لایەن کۆلێژ و مامۆستاکانەوە یارمەتییەکی زۆر دراین، بە هۆی ئەم دۆخە وێرانەوە کە جیهان تێکەوتبوو.

دوایین ڕۆژی تاقیکردنەوەبوو، ڕێککەوتبووین کەوا دوای ئەوەی لە تاقیکردنەوە تەواوبووین، هەموومان لە ناو یەکێک لە باخچەکانی کۆلێژ کۆببینەوە بۆ ئەوەی وێنە بەیەکەوە بگرین. چونکە بڕیاربوو دوای ئەو ڕۆژە چیتر من کەسیان نەبینمەوە، بەڵام ئەوان یەکتریان دەبینیەوە و دەتوانن سەردانی یەکتر بکەن.

لە هۆڵی تاقیکردنەوە هاتمە دەرەوە، هێشتا کەسم نەبینیبوو هەستمدەکرد ناخم پڕە لە گریان، ئاخر ناکرێت جارێکی تر ئەو مرۆڤانە نەبینمەوە. ئەوان بەشێکی گەورەبوون لەو ژیانە وێرانەی من. ئاسوودەیی و ئارامیی و هێز و پشتم بوون. ئەوەم بیربوو کەوا دەبووایە لە یەکێک لە باخچەکان هەموومان کۆببینەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی کەس ببینێت و لە دەرگایەکی دواوە کەوا چۆڵبوو زۆربەی جار بەوێدا هاتوچۆمدەکرد ڕۆیشتم و هیچ کەسێک ئاگادارم نەبوو. ئاخر هێزی گریانم نەبوو، نەدەبووایە لەوێ لە ناو هەموویاندا بگریم. ناخۆشترین شت لەو ساتەدا لەخەیاڵمبوو و بیرم لێدەکردەوە، ئەوەبوو چوار ساڵم بەڕێکرد، چوار ساڵ هاوڕێ و خوشک و برا بووین لەگەڵ ئاسیا. ڕۆژێک وێنەیەکمان نەگرت بەیەکەوە و هەتا بیخەمە ناو لاپتۆپەکەم و ببێت بە یادگاریی و دوای چەند ساڵێک، یان دوای چەند ڕۆژێک سەیریبکەم و بگریم. پەیوەندییم بە هاوڕێکانمەوە کرد، کە لە تەکسیدابوون لەگەڵمدا، گوتیان وەرە بەردەرگە وا چاوەڕوانتین، لە گەراجەکە بووم و چوومە دەرەوە، لە دەرەوە لەبەردەرگای کۆلێژ بەرلەوەی بچم بۆ ناو تەکسییەکە بۆ دوایین جار ئاوڕێکی دواوەم دایەوە و سەیرکردنێکی غەمگینانە سەیری کۆلێژم کرد.

مۆبایلەکەمم لە گیرفانم دەرهێنا و وێنەیەکی ناو کۆلێژ و بەردەرگەم گرت و چوومە ناو تەکسییەکە، بۆ ماڵەوە بەڕێکەوتین.

ئەو کاتەی بەڕێگاوەبووین بۆ ماڵەوە، ئەو وێنەی کەوا گرتم لەگەڵ چەند وێنەیەکی تر کەوا پێشتر لە پەیجەکانی بە ناوی کۆلێژەوەبوون دەرمهێنابوون، لە فەیسبووک پۆستمکرد و لەسەری نووسیم:

**سلاو؛**

**بیرمە یەکەم ڕۆژ کە هاتم بۆ ئێرە، چەندە نامۆبووم بەم شوێنە و ئێرەش نامۆ بە من. ئەمڕۆش کە ڕۆیشتم هەر نامۆکەی جارانم.**

**ماڵئاواییمان بەم شێوەیە نەبوو، کەوا من دەمەویست. قەرار وایە چیتر یەکتر نەبینینەوە، ببورە نازانم ئاگاداربوویت، یان نا، بەلام من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە هاتم بۆ ئێرە تۆم خۆش نەویست. ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٦/١٢/١٩) یەکەمجارمبوو پێ بخەمە ناو زانکۆوە، زانکۆیەک لە مێشکی مندا دونیایەک پێناسی سەیرسەیریان بۆ دروستکردبوو، پڕیانکردبوو لە ژاوەژاو و ترس. ببورە ئێستاش دوای تێپەڕینی چوار ساڵی خوێندن هەر خۆشم ناوێیت و ڕقم لێتە، بەلام ویستم لەگەڵت ڕاستگۆبم و نامەیەکت بۆ بنووسم، وەک وەفایەک ئەگەرچی لەوانەشە بە بێوەفا ناوم ببەیت. بەلام ببورە من ناتوانم وەک ئەوانەی تر لەدواتەوە باستبکەم، من هەمووجار بەرانبەر بە خۆت پێمگوتویت کەوا چەندە ڕقم لێتە و نەفرەتم لێکردوویت. کەچی ئەوانەی تر لە لای خۆت باسی ئەوە دەکەن کەوا چەندە خۆشیاندەوێیت و لە نەبوونیشت بە خراپە باستدەکەن، من ئاوا ناتوانم.**

**ئەگەر بمتوانیبایە بەیانییەک دەهاتم هەموو دیوارەکانتم دادەپۆشی بە پۆستەر، ئەو دیوارانەی سەریان پڕە لە نامە و بەرواره، کە هەموویان یادگاریی دوو عاشق، یان دوو هاوڕێن. بەڵێ، دەمەویست بەیانییەک بێم و هەموو دیوارەکانت داپپۆشم بە پۆستەری ڕەنگاوڕەنگ و هەموو گلەییەکانم بۆت لەسەر پۆستەرەکان بە خەتێکی گەورە بنووسمەوە. دەمەویست لەسەر**

**پۆستەرێک بۆت بنووسم: تۆ تەنانەت کورسییەکیشت نەبوو بە دڵی من بێت و بە ئاسودەیی لەسەری دابنیشم. لە هەموو لایەک دەمنووسی: نە ئاوەکەت تێنوێتیی شکاندم، نە لەفەکانت برسێتییان بردم، نە مامۆستاکانت فێری شتێکیان کردم، نە دیوارەکان و زەوییەکەت پشتیانگرتم و ڕێگەیاندا نەکەوم، نە هۆڵەکانت لە سەرما و گەرمادا منیان پاراست، نە گوڵەکانت جوانییان پێدام. بەڵام ئەوەش ناشارمەوە مرۆڤانێکی جوانت پێدام کە هەموو کات پشتیانگرتم. سوپاس، سوپاس بۆ پێدانی ئەم مرۆڤانە.**

**خۆ ڕاستە هەندێک لە مامۆستاکانت پڕ بوون لە جوانیی، وەفا، میهرەبانیی، بەزەیی و مرۆڤایەتیی. بەڵام من هەر هیچیان لێوە فێرنەبووم، داوای لێبوردنیان لێدەکەم.**

**سوپاست دەکەم بۆ ئەو مرۆڤانەی پێتناساندم، هەندێک لە مرۆڤەکان پەشیمانم لەوەی سڵاوێکیشم لێکردوون. ئاخر تەنها ناشرینیان بڵاودەکردەوە، کارێکی تریان نەبوو. هەندێک لەم مرۆڤانەش پەشیمانم لەوەی سڵاوێک کەمترم لێکردوون، چونکە ئەمانە بێدەنگبوون و هەموو شتێکیان ئارامیی بوو. گلەیی ئەوەشت لێبێت هەندێک مرۆڤت درەنگ پێناساندم، ئاخر یەکێک لە باشترین ئەو مرۆڤانەی پێتناساندم، دوای ڕۆیشتنی سێ ساڵ پاشان ناسیم.**

**ببورە، بڕیارمدابوو نامەیەکی درێژت بۆ بنووسم بۆ ماڵئاواییکردنم لێت، بەڵام ئیتر نامەکەم لە کورتیی دەبڕێنمەوە، چونکە ئێستا بەپەلەم، نە کاتم هەیە و نە هێز، پڕیشم لە گریان و کەچی شوێنەکەم هی گریان نییە. دووبارە سوپاس بۆ هەموو شتێک و ڕقم لێتە.**

**ماڵئاوا...**

دوای ئەوەی پۆستەکە لە فەیسبووک ئەپڵۆدبوو، یەکسەر مۆبایلەکەمم کوژاندەوە و بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. گەڕانەوەیەک بۆ ئەبەد. دوای دوو ڕۆژ مۆبایلەکەمم پێکردەوە، سەیری فەیسبووکم کرد، ئاخر دوو ڕۆژبوو بێهەواڵ بووم و

بەبێ هیچ قسەیەک و ئاگادارکردنەوەیەک خۆم ونکرد. دونیایەک نامەیان ناردبوو سامی لە کوێیت؟

بۆ ونیت؟

بۆ ڕۆیشتی تو خودا؟

تۆ باشیت؟

ئاسیاش نامەیەکی ناردبوو نووسیبووی: ویستم دوای چوار ساڵ و لە دوایین ڕۆژدا وێنەیەکت لەگەڵ بگرم، کەچی تۆ ڕۆیشتیت و هەموو شتێکت لەدوای خۆت بەجێهێشت، بەبێ ئەوەی بیرێک لە من و هاوڕێکانت بکەیتەوە.

وەڵامی کەسم نەدایەوە، فەیسبووکەکەم سووتاند و بە یەکجاریی لە هەمووان دوورکەوتمەوە. بڕیارمدا یەک هاوڕێم هەبێت و زیاتر نا، ئەویش کتێب...

ماڵئاوا ئەی ژیان و ئەوانەی پێمدەگوتن هاورێ.

# دوای سەفەری ئەبەدیی سامی

هەتا ئێرە هەموو شتەکان لەسەر زاری سامییەوە گێڕدرانەوە، ڕووداوەکانی نێوان سامی و ئاسیا گەیشتنە کۆتایی. بەشی هەرەزۆری ئەو شتانەی دەمزانی و لە سامییەوە بیستبووم باسمکردووە، لەوانەیەش شتانێک هەبێت لەبیرمکردبێت، یان من نەمزانیبێت. ئیتر منیش (هێمن)، دەمەوێت چەند شتێک بڵێم لە بارەی خۆونکردنی سامی و دوای ئەوە و کۆتایی بەو نووسینە بهێنم.

لەو چوار ساڵەی زانکۆدا زۆر جار سەردانی سامیم دەکرد و دەچوومە لای، بەڵام هیچ کات لەوێدا ئاسیا، یان ئەو کەسانەی کە ناومبردوون لەسەر زاری سامییەوە نەمبینین. لەوانەیە کەوتبێتنە بەر چاوەکانم، بەڵام نەمدەناسین، چونکە هەموو کات کە دەچووم بۆ لای سامی، ئەو بە تەنها لە گەراجەکەوە وەستابوو، یان پیاسەیدەکرد. ئەگەر باسی هاوڕێکانیشیم بکردایە، دەیگوت: هێمن تکایە وازیان لێبهێنە و مەیانناسە، باوەڕم پێبکە مرۆڤەکان و ژیان ئەوەیان فێرکردم هەتا کەسێک کەمتر بناسیت زیاتر لە بەختەوەرییەوە نزیکدەبیتەوە. ڕۆژێک دێت دەیانناسیت و هەموویان دەبینیت، بەڵام تکایە جارێ لێیانبگەڕێ. بەڵێ، ئێستا هەموویان لە دوورەوە دەناسم و هەموویانم لە وێنە بینیوە، بەڵام چی کە سامی خۆی لێرەنییە...

ڕاستە سامی وێنەی لەگەڵ ئاسیا و زۆربەی هاوڕێکانی نەبوو، بەڵام ئەوکاتانەی قوتابییەکان دەچوون بۆ گەشت و گەڕان، سامی وێنەکانیانی لە لای خۆی هەڵدەگرت. دەیگوت: ڕۆژێک دێت پێویستم بەم وێنانە دەبێت کە تەنها

دەبم. ئێستا لاپتۆپەکەی لە لای منە، لەدوای ڕۆیشتنیەوە داوای لاپتۆپەکەیم لە ماڵەوەیان کرد و پێیاندام. پڕە لە وێنەی هەموو قوتابییەکان، وێنەی کوڕ و کچەکان هەموویان، یەک وێنەی سامی خۆی تێدابوو، کە لەگەڵ کچێک بوو سەرەتا نەمزانی کچەکە کێیە، بەڵام دواتر سەیرمکرد ناوی هەردووکیان و بەرواری وێنەکە لەسەرەوە نووسرابوو، کچەکە ڕاز بوو. هەندێک وێنەی ئاسیاشی تێدابوو. بەڕاستیی سامی ڕاستی دەگوت ئاسیا کچێکە هەمیشە وەک گوڵ دەدرەوشێتەوە. هەموو کات دەیگوت: هەر لەبەر جوانیی ڕووخسار و باشیی و میهرەبانیی و بەوەفاییەکەشی نەبێت، لەبەر شتێک ئاسیام زۆر خۆشدەوێت، ئەو شتەی ئاسیای لە لام زۆر جوان و خۆشەویست کردووە، درۆنەکردنیەتی لەگەڵم. بە درێژایی ئەو کاتەی پێکەوەبووین جارێک درۆیەکم لێنەبینی، کەچی ئەوانەی تر زووزوو درۆیاندەکرد و ڕاستییەکانیان دەشاردەوە. درۆکردن لە لای کەسانێک وەک خواردنەوەی ئاو ئاسانبوو.

بەڵێ، سامی دەیگوت درۆنەکردن ڕووخساری مرۆڤ جواندەکات، مرۆڤ خۆشەویستدەکات. وەک چۆن ئاسیای هێندە جوان کردبوو.

دوای سەفەری ئەبەدیی سامی، من هیچ شتێکی وام نەبیستەوە لە بارەی کەسانی ناو چیرۆکەکەوە، بە تایبەت ئاسیا. ئاخر سامی زوو ڕۆیشت، دوای ئەوەی پۆستەکەی لە فەیسبووک کرد و پاش دوو ڕۆژ دواتر فەیسبووکەکەی سڕییەوە. نزیکەی سێ مانگ خۆی لە هەموو دونیا دابڕاند. هیچ کەسێک هەواڵی نەدەزانی، جگە لە من کە جارجار پەیوەندیی پێوەدەکردم. بێگومان ئەوە بەدەر لە خێزانەکەی.

دوای سێ مانگ بانگیکردمە ماڵەوە، چەند فایل و شتێک لە ناو لاپتۆکەی بوو پێیدام و گوتی: ئەوە کتێبەکەمە، تەواوبووە و کاتی چاپیەتی. بیبە بۆ ئەم کتێبخانەیە خۆم قسەم لەگەڵیان کردووە. تەنها پێویستە فایلەکەیان پێبدەیت، لە بری من ئیمزایەک هەیە بیکەیت. ئەوان وادەزانن من خۆم دەچم، پێیان بڵێ کەوا سامی خۆی ناتوانێت لێرەبێت، هەر شتێک پێویستە من دەیکەم لە شوێنی ئەو و هەموو بەرپرسیارێتییەکەشی هەڵدەگرم. کتێبەکەم برد بۆیان و ئیمزاکەشم کرد. سەرەتا گوتیان خودی نووسەرەکە دەبێت لێرەبێت و خۆی ئیمزاکە بکات، بەڵام دوای ئەوەی باسی حاڵی سامیم بۆ کردن ڕازیبوون و ئەوەی پێویستبوو لەوێدا

ئەنجامدا بۆیان. ئەوانیش پاش وردبینییەک کە دوو بۆ سێ ڕۆژی خایەند کتێبەکەیان نارد بۆ چاپ و گوتیان کەوا لە ماوەی دوو هەفتەدا دەگەڕێتەوە.

دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک، لە بەیانیی ڕۆژێکی پێنج شەممە، ئەو ڕۆژەی کە هەموو کات سامی دەیگوت: پێنج شەممە ڕۆژە دڵخوازەکەی منە لە هەفتەدا. خوشکە بچووکەکەی سامی پەیوەندیی بە خوشکمەوە کردبوو و پێیگوتبوو کەوا ئاگادارمبکاتەوە لەوەی کەوا ئێستە سامی مردووە، سامی مرد...

کاتژمێر (٩)ی بەیانی دوای ئەوەی بانگی سامی دەکەن هەتا لەخەو هەڵبستێت، بەڵام وەڵامێکی نییە و هەڵناستێت. لێیدەگەڕێن دوای نیو کاتژمێر دووبارە دایکی بانگیدەکاتەوە، بەڵام هەر هیچ جوڵەیەکی نییە. دایکی خۆی دەچەمێنێتەوە و دەستەکانی بۆ دەستی سامی درێژدەکات و دەیەوێت بە هۆی جوڵاندنی دەستییەوە خەبەریبکاتەوە، بەڵام دەستە سارد و بێ ڕۆحەکەی لە ناو دەستەکانی دایکی بەردەبێتەوە. دایکی دەست لە هەموو جەستەی دەدات و بانگی خوشکەکانی دەکات، بەڵام لەوکاتیدا سامی لە جەستەیەکی ساردی بێگیان زیاتر نییە. بێئاگان لەوەی چەند کاتژمێریکە هیچ گەرمییەک لە جەستەی سامیدا نەماوە، دەنگی گریان و هاواری خوشکان دەستیپێیکرد.

سامی پارچە نووسینێکی هەبوو بۆ ئەو کاتەی کەوا دەڕوات، بۆ دایکی و خوشکەکانی نووسیبوو، ئەمە بوو:

**"کە مردم**
**تو خودا هیچ لەسەر سینەم مەڕوێنن.**
**فرمێسکی جوانتان بۆ دووریم مەڕژێنن.**
**دایکە، شازادەکانم.**
**بەرگی ڕەش بۆ نەبوونم لە خۆتان مەئاڵێنن.**
**کە مردم، گەیشتووم بە ئاواتی لەمێژیینەم.**
**شادییەکەم مەشێوێنن".**

هەموو کات سامی دەیگوت (٢٦)ی مانگی (١٠) یەکێک لە ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانمە. هەر لەو ڕۆژەشدا بۆ ئەبەد ڕۆیشت. بە تەواویی نازانم هۆکار چی بوو کەوا ئەو ڕۆژەی بە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی دادەنا، واتە سامی پێیوابوو لە هەموو ساڵەکان ئەم ڕێکەوتە شوومە بۆ ئەو، هیچ کات باسی ئەو شوومەی بۆ نەکردبووم، کەوا لەم ڕێکەوتەدا توشی چی دەبێت، تەنها ئەوە نەبێت کەوا خۆم ئاگاداربووم لە (٢٦|١٠|٢٠١٣)ـە لەم بەروارەدا دوای ئەوەی بەیانی خۆی ئامادەدەکات، نانی بەیانی دەخوات و بۆ قوتابخانە بەڕێدەکەوێت. لە نێوان ماڵی ئەوان و قوتابخانەکەدا کەندەڵانێک هەبوو دەبووایە لێی بپەڕێتەوە، ئەو ڕۆژە لە ناو کەندەڵانەکە دەکەوێت و ناتوانێت هەڵبستێتەوە. زۆر هەوڵدەدات، زیاتر لە کاتژمێرێک، کاتژمێرێک! ئەی ئێمە لە یەک چرکە هەڵدەستینەوە. ئەو ڕۆژە زیاتر لە کاتژمێرێک لە کەندەڵانەکە دەمێنێتەوە هەتا بە ئۆتۆمبێل دێن دەیبەنەوە ماڵەوە. ئەو ڕۆژ تاقیکردنەوەشی هەبوو، بەڵام نەیتوانی بۆ قوتابخانە بچێت. دوای ئەوەی هاتەوە ماڵەوە لەوێش زۆر قسەیان پێگوت و بەوە تاوانباریاندەکرد کەوا خەتای ئەوە کە ناتوانێت هەڵبستێتەوە. لەوێدا بۆ یەکەمجار سامی بیری لەوە کردەوە کەوا هەوڵبدات خۆی لەو ژیانە ڕزگاربکات، ئەگەر بە خۆ کوشتنیش بێت، بەڵام ڕێگریی لێکرا...

ئەو شەوە هیچ وەسێتێک شتێکی وای جێنەهێشتبوو بۆ هەمووان، تەنها شتێک کە جێیهێشتبوو نامەیەکی درێژبوو، شەو بەدەستوخەتە ناخۆشەکەی خۆی نووسیبووی. بۆ کچی خوشکی بوو. پاش تەواوبوونی پرسەکەی داوام لە یەکێک لە خوشکەکانی کرد ئەو نامەیەشم پێبدات دەمەوێت خوێنەری بم. ئەویش پێیدام و خوێنەری بووم. نامەیەکی درێژبوو لە لاپەڕەی یەکەم لە سەرەوە بە دەستخەتێکی گەورە و ناخۆش نووسیبووی: **ئەمرۆ و بەیانیش نەبێت با (١٠) ساڵی تر بێت گرنگ بگات بە ماهی. ئەو کاتەی لە ژیان تێگەیشت و هەستی بە نەبوونم کرد.** ئەوە سەرەتای نامەکەبوو، لێرەدا دوای تەواوبوونی قسەکانم تەواوی نامەکە دادەنێم لەگەڵ ئەو فایلەش کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد "دوایین نووسراو"، چونکە من لەگەڵیان گریام، خراپ گریام. دەمەوێت هەر کەسێکی تریش کە خوێنەری بوو لەگەڵیاندا بگریت. ئاخر سامی وای فێرکردم کەوا ڕێگریی لە گریانی کەس نەکەم، چونکە گریان زۆر بەسوودە بۆ مرۆڤ بۆم گرنگ نییە، کەوا کۆمەڵگە چی

بە پیاوێک دەڵێت کەوا خەریکە دەگری. لە ناو ئەو نووسراوانەی کەوا نازانم بڵێم شیعر، یان چی بوون پارچە نووسینێکم دۆزییەوە کە وەک وەسیەتێک بوو، نووسیبووی:

**"تو خودا کە مردم**
**کە ڕۆیشتم بۆ سەفەری ئەبەدیی و جێمهێشتن**
**هەمووتان لە لای خۆتان**
**یادگارییەکانم**
**بسڕنەوە**
**بشکێنن**
**بسوتێنن**
**بدڕێنن**
**تاکە داوامە، تو خودا مەیشکێنن".**

سەختبوو باوەڕکردن پێی و بەهۆش خۆهاتنەوە، بەڵام بەڵێ، لە ڕۆژێکی باراناویی، لە ناوەڕاستی پاییزدا سامی بۆ هەمیشە ڕۆیشت. دوای تەواوبوونی پرسەکەی هەواڵەکەم بە کتێبخانەکەشدا کە ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەیان لەئەستۆگرتبوو. چوار ڕۆژ دوای ئەوەی هەواڵی مەرگی سامیم بە کتێبخانەکەدا لە پەیجی فەیسبووکی خۆیان پۆستێکیان کردبوو و نووسیبوویان: دوای هەفتەیەک لە ڕۆیشتنی یەکەم منداڵی نووسەر لەدایکبوو. یەکەم منداڵ مەبەستیان کتێبەکە بوو. ئەحمەدی خانی لە شوێنێک گوتویەتی: ئەو دەق و نووسراوانەی کە نووسەرێک دەیاننووسێت وەک منداڵی خۆی وان بۆ نووسەرەکە.

ڕۆژی دواتر چووم بۆ کتێبخانەکە و لە کۆڕی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە ئامادەبووم، کۆڕێک بەبێ ئامادەبوونی نووسەر! کتێبەکە ڕۆمانێک بوو بە ناوی "بڕیاری خۆکوشتن"، کە باسی چەند گفتوگۆیەکی دەکرد لە نێوان سامی و کوڕێک کەوا بڕیاری خۆکوشتنی دابوو. لە فەیسبووکەوە یەکتریان ناسیبوو، کوڕەکە چەندین ساڵ بوو بەدەست خەمەکانییەوە دەیناڵاند و کەسیشی نەبوو گوێی بۆ بگرێت. لە کۆتاییدا بڕیاردەدات هەموو ئەو خەمانەی کەوا چەندین ساڵە خەریکن ناخی

دەخۆن بۆ سامیان باسبکات و دواتر خۆی بکوژێت. سامی دەیەوێت لە بڕیاری خۆکوشتن پەشیمانیبکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و کوڕەکە خۆی دەکوژێت. ئەوە بەرگرییکردن نییە لە سامی، بەڵام ئەم کوڕە گەیشتبووە باوەڕێک کەوا لە لای ئەو تەنها خۆکوشتن چارەسەری هەموو شتێکی دەکرد، لەبەرئەوە نەک هەر سامی، بەڵکوو هیچ کەسێک توانای ئەوەی نەبوو پەشیمانیبکاتەوە. گفتوگۆکانیش ساڵێک بەر لە سەفەری ئەبەدیی سامی ڕوویاندابوو و ئەو سێ مانگەی دوای کۆلێژ کە سامی خۆی لە هەمووان ونکرد خەریکی نووسینەوەیان بوو.

دوای ئەوەی کۆڕەکە تەواوبوو، دوو دانەم لە ڕۆمانەکە وەرگرت و گەڕامەوە بۆ لادێ. کتێبەکەم برد و چووم بۆ سەر گۆڕەکەی سامی و پێمگوت: هۆ کاکەی نووسەر، هەستە کتێبەکەتمان بۆ ئیمزا ناکەیت؟ خوێنەر کتێبی بە ئیمزای نووسەرەوە دەوێت.

ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگیی دانیشتم، دواتر بڕیارمدا کەوا چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکەی خۆی بە دەنگ بۆی بخوێنمەوە.

لاپەڕەی یەکەمم هەڵدایەوە نووسرابوو "پێشکەشکردن"، پێشکەشی کۆمەڵێک کەسی کردبوو. نووسیبووی:

**"ئەم کتێبە پێشکەشە بە هەموو کەسێک و هەموو خوێنەرێک، پێشکەش نییە بە هیچ کەسێک.**
**پێشکەشە بەم کەسەی ژیان ماندووی کرد، بەڵام لە کۆتاییدا ژیانی بە چۆکدادا و سەرکەوت.**
**پێشکەشە بەم کەسەی کە بە چاوەکانی ئەم خوێنەی دەبینی کە لە برینەکانی دەچۆڕا، بەڵام ئەو بەردەوامبوو.**
**پێشکەشە بەم کەسەی هەرگیز بیر لەخۆکوشتن ناکاتەوە، بەڵکوو ئازارەکانی دەکاتە پاڵنەرێک بۆ بەهێزبوون.**

**پێشکەشە بەم کەسانەی ئەگەر ڕۆژێک و جارێکیش بووبێت بوون بە گوێگر و ئازاری کەسێکیان کەمکردووەتەوە.**
**پێشکەشە بە هەموو باوکێک، هەموو ئەم پیاوانەی کردارێکی سەرجێی لەگەڵ ئافرەتێک دەکەن و منداڵێک دەخەنەوە، باوک نین.**
**پێشکەشە بە هەموو دایکێک، ئەوانەی منداڵەکانیان پەروەردەدەکەن دایکن، نەک ئەوانەی منداڵەکانیان بەخێودەکەن.**
**پێشکەشە بەم خوشکانەی، ژیانی براکانیان دەکەن بە بەهەشتێک و دەبن بە هەموو دونیا بۆ براکانیان.**
**پێشکەشە بەم برایەی، بووە بە پشت، بە چیا، بە ئارامیی، بە پەناگە، بە گوێگر و هەموو شتێک بۆ خوشکەکانی.**
**پێشکەشە بە هاوڕێیەک، بە هێمنێک، هێمنەکەی من، کە نمونەی نییە و نەبووە و نابێت.**
**پێشکەشە بە هەر: وشەیەک، دێڕە نووسینێک، وتارێک، یان کتێبێک، کە ژیانی مرۆڤێکی وێران دەگۆڕن و هەڵیدەستێننەوە.**
**پێشکەشە بە هەر: پەتێک، گولـلەیەک، دڵۆپێک ژەهر، چەقۆیەک، ئاوێک و هەر شتێک کە مرۆڤێک دەکوژێت و دەخنکێنێت، بەڵکوو چیتر دەستیان نەچێتە گیانی مرۆڤانێکی پاک کە دەیانەوێت هێشتا بژین.**
**پێشکەشە بە هەر خاوەنپێداویسییەکی تایبەت کە لە جیهاندا بوونی هەیە و دەژی. بە تایبەت ئەوەی کۆڵی نەداوە".**

پێشکەشکردنێکی سەیربوو، یەکەمجار بوو کتێبێکی لەم چەشنە ببینم، ئەوەی پێشتر من دیومە پێشکەش بە کەسێک کراوە بە دێڕێک، بەڵام ئەمەی سامی! هەر خۆی و خودا دەزانن بۆ وای داناوە، ئێستە ئەمیش لە لای خودایە.

لاپەڕەی دواتر نووسرابوو:

کۆڕی ناساندنی یەکەم کتێبی نووسەر:

**چەند ڕۆژێک بوو ساڵی نوێ دەستیپێکردبوو، دەمێک بوو باران ڕووی لەم نیشتیمانە پیسە کردبوویەوە و دەیەویست کەمێکیش بێت ئەم پیساییە**

**پاکبکاتەوە، کەوا مرۆڤانێکی نزمتر لە ئاژەڵ لە دوای خۆیان بەجێیانهێشتووە.**

**ڕۆژی پێنج شەممە، لە یەکێک لە کتێبخانە جوانەکانی شاردا کۆڕێک هەبوو، کۆڕی بڵاوکردنەوەی یەکەم کتێبی نووسەرێکی نوێ، نووسەرێکی گەنج و جوان. کەسێک کە لەوەتەی کتێبی ناسیوە هەمیشە لەناو جیهانی کتێبدا دەژییێت. هەموو کات دەڵێت: ئەگەر کتێبم نەناسیبا نەدەگەیشتم بە ئێرە و لەوانەیە هەر زەمانی زوو کۆتاییم بە ژیانی خۆم بهێنابایە، بەڵام کتێب هەموو ژیانی منی گۆڕی. چەندین کەسی پێناساندم و چەندین دەرگای بۆ کردمەوە، باشترین و جوانترین شت کە کتێب و خوێندنەوە بەمنیان دا: نووسین بوو. ئەم وشانەی کە دەیاننووسم و نووسیومە، ئەگەر نەنووسرابان ئێستا منیان کوشتبوو. سوپاس بۆ خودا، سوپاس بۆ ئەو کەسەی کتێبی پێناساندم، کە هەتا ئەبەد خۆم بە قەرزاری دەزانم. لەگەڵ ئەوەشدا من زۆر درەنگ کتێبم ناسی، زۆر درەنگ...**

**کتێب و نووسین کەسانێکیان پێناساندم هەتا دوایین خولەکی ژیان و بوونم، لە ژیانمدا شانازیی بە بوونیانەوە دەکەم. ئەوان واتە مرۆڤەکان، ئەو مرۆڤانەی بە هۆی کتێبەوە هاتنە ژیانمەوە، زۆر شتیان لە ژیانم گۆڕی. ئازارەکانیان گۆڕیم بۆ خەندە و خۆشیی، تێڕوانینی منیان بۆ ژیان گۆڕی، هەستە ڕەشبینییەکانیان گۆڕیم بۆ هەستانێکی گەشبین و جوان، پڕ لە هیوا و ئومێد بۆ داهاتووی نادیار.**

**کتێب خودای پێناساندم، ئەو خودایەی دەمپەرست بەبێ ئەوەی بیناسم. ئاخر ئێمە کوا فێرکراوین خودا بناسین، تەنها فێری پەرستن کراوین. وای بۆ حاڵمان، وای لەم دڵەمان کە خودای نەناسیوە...**

**دەمەو عەسر بوو، ئاسمان ڕەش و تاریک بوو بە هەورێکی ئاوس بە باران. لە ئێوارەیەکی جوانی گوند دەچووە دوای خۆرئاوابوون. تاوتاوێکیش بارانێکی بەلێزمە دەباری و دەتگوت بارانەکە شێتە. هێندە بە خێرایی دێت و بە پەرۆشە بۆ ماچکردنی زەوی. بەڵێ، بارانەکە شێتبوو تامەزرۆی ماچی**

**شەقامەکان و پەڕە ناسکەکانی گوڵ بوو. هەندێک مرۆڤی لووتبەرز بە فیزەوە بەسەر بارانەکەدا دەڕۆیشتن، ئای خودایە چەندە ناشرینن ئەو مرۆڤانە. هەندێک کاتیش بارانەکە هێواشدەبوویەوە و نم نم دەباری. بە نەرمیی و میهرەبانییەوە دەکەوتە سەر زەوی. سەر پەڕەی گوڵەکان، سەر چەتر و ڕووخساری مرۆڤەکان.**

**کتێبخانەکە پڕبووبوو لە خوێنەری گەنج و پیر لە ئافرەتان و پیاوان، هەمووان تامەزرۆی بینینی نووسەر و دەستخستنی کتێبەکە بوون. دوای نوێژی عەسر دەبووایە کۆڕەکە دەستپێبکات، دوای عەسر ئەوەی نوێژیکرد، ئەوە کردی لە شوێنی تایبەت کەوا بۆ نوێژ هەبوو لە کتێبخانەکە، ئاخر ئەوە لە جوانترین کتێبخانەکانی شار بوو، هەر کتێب، نا بەڵکوو هەرچی جوانیی بوو لەوێ چاوەکان دەیانبینی. پڕبوو لە تابلۆی دەستڕەنگیینی کوڕ و کچانی گەنج. پڕبوو لە ڕەیحان و گوڵ، مرۆڤ وا هەستدەکرد وا بەهارە و لە ناو گوڵ و گوڵزار دانیشتووە.**

**دوای ئەوە ڕێکخەری کۆڕەکە کە خاوەنی کتێبخانەکە بوو گوتی: ئێستا کاکی نووسەر دێتە ژوورەوە. هەموو چاوەکان چوونە سەر ئەو دەرگایەی کەوا بڕیاربوو نووسەر لێی بێتە هۆڵەکەوە، جگە لە چەند کەسێک لە ئامادەبووان کەوا نووسەریان دەناسی کەسی تر پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد ئەو نووسەرە بەم شێوەیە بێت و سڵاویان لێبکات.**

ئەوەندەم خوێندەوە لە دیار گۆڕەکەی، وەک پەشێو دەیگوت: شل شل بوومەوە لەگەڵ گریان. ویستم بەردەوامبم، بەڵام دایکی و خوشکەکانی هاتن. سڵاوم لێیانکرد و یەکێک لە کتێبەکانم بەدایکی دا. بە بێدەنگیی لەوێ ڕۆیشتم، ویستم ئەوان لەگەڵی بە تەنهابن و بۆ خۆیان دڵییان خاڵییبکەنەوە، نەوەکوو لەبەر من شەرمێک بکەن و نەتوانن قسەیەک بکەن. خۆشم نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم، زۆر خۆشە هەندێکجار بڕۆیت و نەزانیت بۆ کوێ دەڕۆیت. بڕۆیت و مەبەستت گەیشتن نەبێت. بڕۆیت و حەزنەکەیت بگەیت بە شوێنێک، قەرەباڵغیێکی دیارییکراو. ئامانجت تەنها ڕۆیشتنەکە بێت، بڕۆیت و خەمی گەڕانەوەت نەبێت. نە

کەس چاوەڕوانی گەیشتنت بکات و نە کەس چاوەڕوانی گەڕانەوەت بکات. بڕۆیت و بەرپرسیارێتیی هیچ کەسێک و شتێکت لەئەستۆ نەبێت. نە ژیان، نە دایک و خوشک، نە باوک و برا، نە هاوڕێ و هاودەم، خەمی هیچ شتێکت نەبێت، هیچ شتێک. بڕۆیت و هەموو ژیانت خەیاڵ بێت. نازانم خولەکێک، یان کاتژمێرێک، یا چەند ڕێگەم بڕی. ئەوەندە دەزانم وام هەستدەکرد لەوەتەی هەم وا خەریکی ڕێگەبڕینم و نەوەستاوم. گیانم خەریکبوو لە جەستەم دەردەچوو، لەگەڵ ماندووبوون. دەنگێک منی هێنایەوە هۆشی خۆم، دایکم بوو گوتی: بۆ دەگریت کوڕم؟ بەبێ ئەوەی هەستبکەم گەیشتبوومەوە بەر دەرگەیماڵەوە و فرمێسک لە چاوەکانم دەهاتە خوارەوە. گوتم دایە لە لای سامی بووم. دایکم هیچ قسەی نەکرد و منیش بەبێ ئەوەی چیتر بڵێم چوومە ژوورەوە.

دوای ئەوەی کەمێک ئیسراحەتم کرد و نانی ئێوارەم خوارد، تاریکیی هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو، دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکە کردەوە، لەو شوێنەی لێی وەستابووم. بەبێ ئەوەی سەرم بەرزبکەوە لەسەر لاپەڕەکانی بەردەوامبووم هەتا گەیشتمە کۆتایی و کتێبەکەم تەواوکرد. باران نەبوو، (ئاسمان پڕبوو لە ئەستێرەی شێت)، بەڵام کۆتا لاپەڕەی کتێبەکە تەڕتەڕبوو...

ئێستە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرین، چەند ڕۆژێکی تر یادی دوو ساڵەی ڕۆیشتنی سامی و دواتریش بڵاوبونەوەی کتێبەکەیەتی. چەند مانگێک دوای ڕۆیشتنی بڕیارمدا ئەوە بنووسمەوە، سەرەتا کەمێک کارم لەسەرکرد، بەڵام دواتر وازم لێهێنا. ئەوە مانگێکە بە جددیی کاری لەسەر دەکەم و خەریکی ئەم نووسینەم، دەمەوێت لە (٢٦ی ئۆکتۆبەر) پێشکەشیبکەم، ئیتر وا گەیشتمە کۆتایی و شتێکی وا نەماوە کە باسم نەکردبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە ئاسیا و ئیلیاس گەیشتن بەکوێ دوای ئەو دوو ساڵە؟

هەفتەی پێشوو بەیارمەتیی یاسەمین ئامۆزای هاوڕێکەی سامی توانیم هەندێک زانیاریم دەستبکەوێت. بێگومان ئاسیا و هاوڕێکانی سامی ئەوانەی کۆلێژ چەند ڕۆژێک دوای مەرگی سامی لە ڕێگەی یاسەمینەوە هەواڵی کۆچی دوایی سامییان زانیبوو.

یاسەمین گوتی: بەر لە ساڵێک ئەوان مارەبڕاون، چوار مانگیشە دوای ئەوەی ئیلیاس خوێندنی تەواوکردووە، هاوسەرگیرییان کردووە. ئێستا ئاسیا و ئیلیاس و دایکی ئیلیاس بەیەکەوە دەژین. ئیلیاس لە کۆمپانیایەکی ئەهلیی فەرمانبەرە هەر لەو شوێنەی کەوا ئەو کاتەی لە کۆلێژیش بوو کاری لێدەکرد. ئاسیاش لە مۆڵێکی فرۆشتنی جلەبەرگی ئافرەتان کە هەر لە لای ماڵی خۆیانە کاردەکات. ژیانێکی سادە و جوان بەیەکەوە دەژین. ئیلیاس برای نییە و خوشکەکانیشی لە دەرەوەی وڵات دەژین، باوکیشیان ماوەیەکی زۆرە لە ژیاندا نەماوە، ئەگەرچی لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە هەموو کات ئاگاداری یەکترن و قسەدەکەن، بەڵام خوشکەکانی ئیلیاس جارجارەش بە سەردان دێنەوە لای ئیلیاس و ئاسیا و دایکیان. هەموویان بەقەد دونیا تاکە براژنەکەی خۆیان خۆشدەوێت و گرنگیی پێدەدەن.

ئێستە هەردووکیان خوێنەرێکی باشن و کتێبخانەیەکی خنجۆڵانەیان لە ماڵەکەیان دروستکردووە و ئاسیا زۆر پێی دڵخۆشە. ئاسیا باسی سامی بۆ ئیلیاس کردووە و پێیگوتوە کەوا کەسێکی چەندە گرنگبووە لە ژیانی و چەندە خۆشیویستووە و هەموو یادگارییەکانی خۆیانی بۆ باسکردووە. ئیلیاسیش بەڵێنی بە ئاسیا داوە ڕۆژێک بیبات بۆ گوندەکەی سامی بۆ سەردانکردنی دایک و خوشکەکانی و سەردانکردنی گۆڕەکەی.

دڵخۆشبووم بەو شتانەی کەوا یاسەمین پێیگوتم، چونکە دەزانم ئەگەر سامیش لێرەبووایە دڵخۆشدەبوو بە بینینی ژیانی ئاسیا بەم شێوەیە. ئاخر هەموو کات سامی بە ئاسیاب دەگوت: تۆ دڵخۆشبە، منیش دڵخۆشدەبم ئەی جوانترین و باشترین و میهرەبانترین خوشکی دونیا.

هەموو شتێک کۆتاییهات، نییەتیشم هەیە هەر لە ڕێگەی خاتوو یاسەمینەوە ئەگەر ئەوە بوو بە کتێبێک و چاپکرا نوسخەیەک بۆ ئاسیا و ئیلیاس دەنێرم، ئەگەریش نەبوو ئەوە بە شێوە ئەلیکترۆنی دەبێت بۆیان بنێرم.

ئەگەر بوو بە کتێب بەر لە هەر کەسێک دانەیەک دەهێنم و بە دایکی سامی دەدەم و پێیدەڵێم: فەرموو ئەمە بۆ زیندوو هێشتنەوەی ڕۆحی کوڕەکەی تۆیە بۆ هەمیشە.

نزای بەختەوەرییان بۆ دەکەم هەموو کات، چونکە بەختەوەریی ئەوان، بەختەوەریی سامییە...

ماڵئاوا ژیان..

# نامەیەک بۆ ماهی (جوانترین بوونی ژیانم)

نازانم ئاخۆ چەند ساڵی تر ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، یان لەوانەیە دایەت بۆت بخوێنێتەوە، بەڵام هیوادارم یەکەمجار کە ئەم نامەیەت پێدەگات بەرواری (١٨ی ٦) بێت. ئێوارەیەکی هاوین، ئێوارەیەکی فێنک و جوان، هەر من دەزانم ئێوارەیەکی درەنگی هاوین چەندە فێنک و جوانە لە لادێکەمان. ئەو کاتانەی هێشتا لەسەر قاچەکانم بووم چەندین ئێوارە هەتا دونیا تەواو تاریکیدەکرد لە دەرەوە و لای گۆڕستانەکە بە تەنها پیاسەمدەکرد لەبەر خۆشیی و جوانیی کەشەکەی لەگەڵیشیدا گوێگرتن لە بەهجەت یەحیا.

دەزانیت بۆچی دەڵێم ئەم بەرواری؟ چونکە ڕۆژی لەدایکبوونتە، سەرەتای ساڵێکی نوێیە لە تەمەنت. لەگەڵ دایەت بێن بۆ سەر گۆڕەکەم، بە تەنها تۆ و دایە، کەسی تر لەگەڵتان نەبێت.

ماڵتان لە گۆڕستانەکە دوورە، بەڵام دەزانم ئەو ڕۆژە لە ماڵی ئێمە دەبن، هەمووان هاتوونەتەوە ماڵی باپیرە، تەنها کەسێک لەوێ نییە منم!

هەمووان خەریکی کارکردنن، هەندێک لە چێشتخانەکە خەریکی چێشت و سفرە ئامادەکردنن، منداڵەکان یارییدەکەن. ئێستا ئێوە تەنها شەش منداڵن، بەڵام ئەو کات زیاتربوون منداڵی خاڵ و میمکەکانت، تۆش لەوانەیە خوشک و برای ترت هەبێت. باپیرە تەمەنی زیادبووە و تازە لەسەرکار هاتووەتەوە، دەچیت ماچێکی باپیرە دەکەیت، دەزانیت ئەم ماچەت هەموو ماندوویێتیی باپیرە دەبات؟

دایەت لەگەڵ میمکەکانت خەریکن سفرەکە ئامادە دەکەن. خۆر کەمێکی ماوە ئاوابێت، داپیرە دەڵێت دەبێت لەگەڵ بانگی مەغریب نان ئامادەبێت. لەناکاو دەنگێک هەموو دەستەکان دەوەستێنێت، دەنگەکە تۆیت دەڵێیت: "دایکە وەرە بچین بۆ لای خاڵەگیان، بیریدەکەم.

دایەت دەڵێت: بووەستە کچم کارم هەیە ڕۆژێکی تر. تۆش پێداگیریی دەکەیت و دەڵێیت یان دێیت لەگەڵم، یان بە تەنها دەڕۆم.

دایەت بێزار و ماندووە، دەڵێت ئۆف لەدەست تۆش، بووەستە مۆبایلەکەم دەهێنم و دێم. داپیرەش بە دایەت دەڵێت کچم هەتا تاریک نەبووە لەگەڵی برۆ، ماڵی خاڵەشی هێشتا لە شارەوە نەگەیشتوون.

دایەت مۆبایلەکەی دەهێنێت و بەدواتدا دێت. تۆ بە ڕاکردن بەرەو گۆڕستانەکە دێیت، دایەش هێدی هێدی لەدواتەوە دێت ناتوانێت ڕابکات، چونکە قەرار وایە چەند مانگێکی تر خوشک، یان برایەکی ترت لەدایکبببێت.

- دایکە خاڵەگیانم کامە گوڵی لە هەمووان زیاتر خۆشدەویست؟

- گوڵەکان نا، خاڵەت عاشقی ڕەشەڕەیحان بوو.

هەتا دایەش دەگاتە لات، تۆ چەپکێک ڕەیحان لەسەر گۆڕەکانی تر دەهێنیت و دێیت لە لام دادەنیشیت و ڕەیحانەکان دەخەیتە سەر سینەم و دەڵێیت: بۆ وا زوو ڕۆیشتیت؟ نەدەبووایە کەمێک زیاتر لێرەبایت؟

ئاخر من زۆر قەرزاری تۆم خاڵۆ گیان، دایەم دەڵێت ئەوەی تۆ پێتبەخشیوم و ئەوەندەی تۆ خۆشتویستووم کەس وەک تۆ نەبووە. ئەی نەدەبووایە کەمێکی تریش لێرەبایت هەتا کەمێک خۆشەویستییت بدەمەوە؟

ئاخر من ئاگرێک لە چەشنی ئاگری تەباغەکەی داپیرە وا ناخم دەسووتێنێت خاڵۆ، ئەو ئاگرە نەبوونی تۆیە، هەرگیز خامۆش نابێت.

ڕاستە دایەم دەڵێت: هەرکات دەچووینەوە بۆ ماڵی باپیرە سووتانێکم لە چاوەکانی خاڵەت دەبینی؟

سووتانێک بۆ باوەشێکی من، بۆ ئەوەی لەباوەشمبکەیت و بمگێڕیت، بۆ ئەوەی بمبەیت بۆ دوکان و بە دڵی خۆم شت هەڵبگرم؟ ڕاستە خاڵۆ؟ دڵنیام کە ڕاستە. ئاخر دایەم درۆیەکم لەگەڵ ناکات هەتا فێری درۆنەبم وەک منداڵەکانی تر.

خاڵۆ دەزانیت ئەو ئاگرەی چاوەکانت لەگەڵت نەهاتووەتە گۆڕەوە! بەڵکوو هاتووە بۆ چاوەکانی من.

ئێستە من باوەشی تۆم دەوێت و دەستم پێت ناگات، خاڵۆ من پڕم لە تۆ و هەرگیزیش بەتاڵنابمەوە.

دایەت دەگاتە لات، سەرت لەسەر سینەم داناوە، دایە سەرت بەرزدەکاتەوە و دەڵێت:

– بەسە مەگری، خاڵەت توڕەدەبێت بەم گریانەت.

– نا، کێ دەڵێت توڕەدەبێت؟ خۆ تۆ هەموو کات پێمدەڵێت کەوا خاڵە خۆیشی زۆر دەگریا.

– نا، هەموو کەسی دایە، وایە خاڵەت دەگریا، بەڵام نەیدەویست تۆ بگریت، هەرگیز نەگریت تۆ.

دایەت زۆر هەوڵدەدات هەتا گریانەکەت دەوەستێنێت، تۆش دەڵێیت:

– ئاخر دایکە من چی بکەم زیاتر لە زۆر بیریدەکەم. وێنەیەک، یادگارییەک، شتێکی بۆ جێنەهێشتووم هەتا ئەو دڵە بچووکەم لە لای بەتاڵبکەمەوە.

– بۆ کچم مەگەر هەر تۆ ئاوایت؟ ئەی چی بە ناخی سووتاوی ئێمەی خوشکەکانی دەڵێیت ها؟ ئەوەتا خۆی لێرەیە لە وێنە و شت بگەڕێ. هەر کات ویستت وەرە لێرە لە لای دابنیشە و پڕ بە دڵی خۆت هاواربکە و قسەی بۆ بکە. ئەو یادگاریی و وێنانەشی کە لە هزرتدا بوونیان هەیە بیانپارێزە.

– بەڵام خۆ خۆت ئاگاداریت چەندجار ویستوومە بێم بۆ لای، بەڵام بابە ڕێگە نادات بە تەنها بێم.

– بێگومان بابەت ڕێگە نادات بە تەنها بێیت، دەتوانی لەگەڵ براکەت، یان لەگەڵ ئامۆزاکانت بێیت. دوێنێ باوکت باسی ئەوەی دەکرد حاڵت باش نییە و خەم خەریکە دەتتوێنێتەوە.

– ئێستا گەورەبووم، هەموو شتەکان دەبینم و لە هەموو شتەکان تێدەگەم، کە لە چواردەورم ڕوودەدەن. من نامەوێت ئازادییەکی ڕەهام پێبدەن و بەرەو شکاندنی سنوورەکانی خودا و خێزانم ببات. ئەوەندە بەسە بتوانم لەگەڵ براکەم بێین بۆ لای خاڵەمان.

– قسە لەگەڵ باوکت دەکەم مادەم بە تەنها نەبیت ڕێگەت پێدەدات بێیت. سەیربکە چۆن قسەدەکات و باسی ئازادییم بۆ دەکات. (ئەوە هەمووی کاریگەریی کتێبەکانی خاڵەتە، کە لە ماڵی داپیرە دەیانخوێنیتەوە).

دەزانیت؟ چەند ساڵە چاوەڕێم گەورەببیت و لە شتەکان تێبگەیت. ئێستا زیاتر لە تەمەنی خۆت گەورەیت و لە هەموو شتەکان تێدەگەیت. خاڵەت ئەو شەوەی ڕۆیشت، نامەیەکی بۆت جێهێشتبوو، تەنها نامەیەک بۆ تۆ، هیچ شتێکی تری جێنەهێشت بۆ هیچ کەسێکی تر. وابزانم ئێستا ئیتر هەم کاتی ئەوە هاتووە نامەکەی خاڵەت ببینیت، هەم مافی خۆتە چونکە ئەو نامەیە موڵکی تۆیە و بۆ تۆ نووسراوە. دوای ئەوەی شەو گەڕاینەوە ماڵی خۆمان لەوێ نامەکەت پێدەدەم.

– نا دایکە، شەو نا، من ئێستا ئەو نامەیەم دەوێت، ناتوانم بووەستم هەتا دەگەڕێینەوە ماڵەوە. ئاخر من وا دەخنکێم لە تینوویەتییان بۆ وشەیەکی، ڕۆحم خەریکە دەمرێت لە برسان بۆ دەنگ و باوەشی.

– باشە ئارامبە، نامەکە بە وێنە لە ناو مۆبایلەکەم هەیە، بە دەستوخەتی خاڵەت لە ماڵەوە لە ناو یەکێک لە کتێبەکانی باوکتە، ئێستا ئەوەی لە لامە بۆت دەخوێنمەوە و کە ڕۆیشتینەوەش ئەوەی ماڵەوەت پێدەدەم. ئێستاش بە بێدەنگیی دابنیشە و تەنها گوێبگرە. کات درەنگە، با زوو تەواویبکەم و بچینەوە، ئێستا بانگی ئێوارە دەبێت، ماڵی خاڵەشت چەند خولەکێکی تر دەگەن.

ئەوەش دەقی نامەکەی خاڵەت:

"ئەمرۆ و بەیانیش نەبێت با (١٠) ساڵی تر بێت گرنگ بگات بە ماهی، ئەو کاتەی لە ژیان تێگەیشت و هەستی بە نەبوونم کرد".

بەر لە سڵاو...

بەقەد بارانێکی وشکەساڵیی خۆشمدەوێت.
بەقەد جۆگەلەی ئەوینی دڵی دڵدارێک خۆشمدەوێت.
بەقەد دوانیگای کەسێک کە دەیەوێت جێمانبهێڵێت خۆشمدەوێت.
بەقەد ئاوڕدانەوەی کچەشۆخێک لە خۆرئاوابوون خۆشمدەوێت.
بەقەد گۆزەی دەستی کچێکی لادێیی خۆشمدەوێت.
بەقەد تیشکی مۆمێک لە شەوی تاردا،
بەقەد دەنگی هاژەی ڕووبار،
بەقەد ماسیی و دەریا و کەنار،
بەقەد گوڵ و نێرگزەجاڕ،
بەقەد جوانیی وەرزی بەهار،
بەقەد نازی دڵی دڵدار،
بەقەد گشت دونیا و کەسوکار،
بەقەد شوعلەی شۆخی نازدار،
بەقەد دڵێکی نازدار،
بەقەد دڵێکی بریندار خۆشمدەوێت.
من بەقەد هەموو ئەوانەی دەڵێن خۆشمدەوێت، خۆشمدەوێت. بۆ ئەبەد...

سڵاو شازادەکەم...

نازانم ئێستە چەند شەممەیە و چ ساڵ و ڕێکەوتێکە.

لە حاڵت ناپرسم، چونکە دەزانم باشیت. ئەگەر باشیش نەبیت، ئەوە کاری خودایە. گومانم نییە کەوا خێری تێدایە. لە جوانییت ناپرسم، چونکە دەزانم جوانترینی. مەگەر کچی شازادەکەی من جوانترین نابێت؟ بیرت نییە، بەڵام من بیرمە داپیرەت هەموو کات دەیگوت: ئەمە جوانێک دەبێت هاوشێوەی نابێت. ئەریَ دڵنیام تۆ ئێستا ئەو جوانەیت کە داپیرەت باسیدەکرد.

ماهییەکەم ئێستە گەورەبوویت، ڕێزی دایەت بگرە، باشە؟ دایەت فریشتەیەکە بۆ خۆی، دەزانیت لای من پیرۆزترین و جوانترین دروستکراوی خودا (خوشک)ـە؟ پێنج خوشکم هەیە، لە خوشکەکانیشم دایکت یەکەمە لە دڵمدا. دایەت ناوازەیە، جوانە، میهرەبانە، سەرچاوەی ژیانە، ئارامیی و ئاسودەیی ماڵە.

وەک ئێستە بیرمە، خوازبێنیی دایەت هاتبوو، ماڵێکی دەوڵەمەند و ناسراوبوون لە شارەوە، داپیرەم و هەندێک کەس بە باوکمیان دەگوت پێیانبدە، هەبوونن. ئەوان هەبوونی سەروەت و ماڵی دونیا بە سەرچاوەی دڵخۆشیی تێگەیشتوون، بەڵام باوکم (باپیرەت) گوتی: نایدەم، هێندە بە دڵتانە ئێوە کچی خۆتان پێیانبدەن، ئەوە هەر بۆ ئامۆزاکەیەتی (واتا باوکت). سەرەتا وام هەستکرد ستەم لە دایەت کراوە، بەڵام دواتر زانیم دڵخۆشە بە بڕیاری باوکم.

بەرلەوەی مارەببڕێن دایەت مۆبایلی نەبوو، ئاخر لە خێزانەکەمان نەدەبووایە کچەکان مۆبایلیان لە لابێت، نازانم ئێستا تۆ هەتە یان نا؟ هەموو کات دایکت مۆبایلی منی دەبرد و قسەی لەگەڵ باوکت دەکرد. بووبوون بە دوو کۆتری سپیی عاشق، بەبێ یەک هەڵیان نەدەکرد.

کاتی مارەبڕینەکەیان هات، شەوبوو ماڵمان قەرەباڵغبوو، هەموو لە ژوورەوەبوون، منیش بە بێدەنگیی لە حەوشەکە دانیشتبووم، قسەم لەگەڵ هاوڕێیەکی زانکۆم دەکرد، هاتن بانگیانکردم و گوتیان وەرە وێنە بگرە. چووم و پیرۆزباییم لێکردن و وێنەیەکم لەگەڵیان گرت. ئیتر چوومەوە ژوورەکەم و بە بێدەنگیی دانیشتم هەتا ماڵەوەمان چۆڵبوو. ئەمشەوە کە باوکت و ئەوانەی تر ڕۆیشتنەوە، دایەت زۆر دڵخۆشبوو.

دوای چەند ڕۆژێکی کەم باوکت مۆبایلێکی بۆ دایەت هێنا. بێگومان ئەوەش لەسەر ئیزنی باپیرە و داپیرەت، ئیتر بۆ خۆیان قسەیاندەکرد، شتەکە پەیوەندیی بە منەوە نەما.

ناوەڕاستی مانگی (٩) بوو، ڕۆژێک دەبووایە بچم بۆ کۆلێژ، تاقیکردنەوەی خوولی دووەمم هەبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە جیاوازبوو، دەزانیت بۆ؟ چونکە دایەت دەبوو بە بووک. ئەو کاتەی لە ڕێگەبووم بۆ کۆلێژ، هەستمدەکرد وا دەگریم، ناخم

دەسووتێت. ئاخر ڕۆیشتنی بۆمن سەختبوو. مۆبایلەکەمم دەرهێنا و نووسیم: "تۆش دەڕۆیت، بەڵام ڕۆیشتنێکی جیاواز، مافی خۆتە و خودا پێیداویت، دەگریم بێ تۆ".

لە کۆلێژ دوای تاقیکردنەوە لەگەڵ هاوڕێکانم قسەمدەکرد، گوتم: ئەمڕۆ وا من لێرەم و لەولاشەوە خوشکم دەڕوات، چ سەختە، بێخەم و بێئاگا لە دونیا لێرەم. ئاخر چ برایەک لەم ڕۆژەدا لەگەڵ خوشکەکەی نابێت. گەڕامەوە ماڵەوە، چەند خوشک و برایەکی دایکم هاتبوون لەگەڵ منداڵەکانیان، دایەشت لە ماڵەوەبوو، دەمێکبوو ئەوان نانی نیوەڕۆیان خواردبوو. منیش چوومە چێشتخانەکە نانم خوارد، دوای نانخواردن چوومە ژوورەکەی خۆم و بە تەنها دانیشتم.

دەرگاکەم داخستبوو، ویستم هیچ دەنگەدەنگێک نەیەت، ویستم ئاگاداری هیچ نەبم و بخەوم. چاوەکانم داخست، بەڵام بیرکردنەوەکانم ڕێگەیان نەدا خەو بچێتە چاوانم. گوێم لە دەنگەکان بوو، دایکم دەگریا وەک هەموو دایکێک کەوا لە کاتی ڕۆیشتنی کچەکانیان دەگرین. جا نازانم ئەوە گریانی خۆشییە، یان بەپێچەوانەوە. تێگەیشتم ئیتر کاتی ڕۆیشتنی دایەتە. لەبەر دەرگای ژوورەکەم گوێم لە داپیرەت بوو بە دایەتی گوت: ماڵئاوایی لە سامی بکە، پاشان بڕۆ. دەرگای ژوورەکەم کرایەوە، دایەت هاتە ژوورەوە ماچیکردم و ڕۆیشت، ڕۆیشتنێکی چەند سادە و ئاسان...

زۆر گریام و بە تەنها دانیشتم، پاش عەسر ئەوانەی تریش هەموو ڕۆیشتن بۆ ماڵی زاوا، تەنها من لە ماڵەوە مامەوە. نەمتوانی بچم بۆ لای دایەت لەم ڕۆژەدا و وێنەیەک بگرم لەگەڵی. خۆ ئەو کات جەستەم ئاوا وێران نەبوو، نا هۆکاری نەچووم لەبەر جەستەم نەبوو، بەڵکوو توانای خۆگرتنم نەبوو. ئەگەر بچووبام دەبووایە بگریم، لەبەر ئەوە گوتم نەچوون باشترە، چونکە بە گریانی من دڵنیابووم دایەشت دەگریا.

پاش چەند کاتژمێرێک هەموویان هاتنەوە و دونیایەک وێنەیان گرتبوو، بەڵام دایەت نەهاتەوە. ئیتر ئەو دەبووایە لە ماڵە نوێیەکەی بێت.

پاش هەفتەیەک ئێوارەیەکی درەنگ چەند خولەکێک بەر لە مەغریب دایکت هاتەوە ماڵەوە، جوانترین ئێوارەبوو. زۆر دڵخۆشبووم بە هاتنی، ئارامییەکی زۆری بە ڕۆحم دا. چەند کاتژمێرێک لێرەبوو و دواتر ڕۆیشتەوە.

ڕۆژی دواتر شتێکم بۆ نووسی، بەڵام ئێستاش پێموابێت نەیدیوە، تەنها لای خۆم بوو و کەس نەیبینی نووسراوەکە. ئێستاش نووسینەکەم لە لا ماوە، ئەوەتا:

جوانترین
خۆشترین
ئێوارەی ژیان
حەسانەوەم بوو
لەسەر شانەکانی تۆ
ئێوارەی ئەمڕۆ ئەفسوناویی بوو
بە ئامادەبوونی تۆ
هەم جەستەم
هەم دڵ و ڕۆحم
ئێستا لەوپەڕی ئاسودەیین
پڕن لە تۆ، لە بۆنی تۆ، لە بوونی تۆ
دەرکەوتنت لە ناکاو بوو
خەندەکانت هیوا بوو
ماچەکەت ئارامیی ڕۆح بوو
چایەکەت جوان بوو
ئەمما خەندەکانت جوانتر
قسەکانت شیرینتر....

ئەو وشانە کەمن، زۆر کەمن بەرانبەر دایەت، بەڵام هەر توانای نووسینی ئەوەندەم هەبوو. ماهییەکەم، دایکی تۆ فریشتەیەکە لە بەرگی مرۆڤدا. هەرچی بۆ بکەیت و پێیبدەیت لە چاکە و جوانیی و میهرەبانیی هێشتا کەمە بۆ ئەو.

ڕۆژەکان بە خێرایی دەڕۆیشتن، لەو ماوەیەدا لە فەیسبووک کەسێکم ناسیبوو بە ناوی ماهی. ناوی خۆی ماهی نەبوو، بەڵام من بە ماهی ناسیم و بە ناوی ماهییەوە خۆشمویست. ئەگەر هەزار دڵم هەبووایە بە هەر هەزاری خۆشمدەویست. ئەویش وابوو بۆ من، گیانێک بووین لە دوو جەستەدا.

پاش ماوەیەک گوتیان کەوا منداڵێک لەدایکدەبێت، ئەو منداڵە تۆ بوویت. کەس نەیدەزانی کەی و چۆن دێیت، کەس نەیدەزانی چ ڕەگەزێکیت، ئەوەی زانرابوو ئەوەبوو منداڵێک لەدایکدەبێت. هەر خودا دەزانێت چەند دڵخۆشبووم بەوەی منداڵێک دێت و شازادەکەی من دەکات بە دایک. دایەت جوانترین جوانیی ژیانم بوو. دەمگوت ئاخۆ منداڵەکەی چۆن غەرقی ئەوینی خۆیم دەکات؟

یەکەم کەس بە ماهیم گوت: شازادەکەم دەریا (واتا دایەت) دەبێت بە دایک، منداڵێکیان دەبێت. ماهیش زۆر دڵخۆشبوو وەک من، ئەوەی زیاتریش من و ماهی دڵخۆشکردبوو، ئەوەبوو دایک و باوکت پێیانگوتم دەتوانم من ناوی منداڵەکە بنێم. هەستێک بوو لە ژیانم تاقیم نەکردبووەوە هەستی ئاوا خۆش و ئاسوودەبەخش. نەک هەر بۆ تۆ، بەڵکوو بەگشتیی ئەوە شتێکی زۆر خۆش و جوانە داوای ئەوەت لێبکەن منداڵێک ناوبنێیت. ماوەیەک بوو زۆر بیرمدەکردەوە لە ناو، نازانم بۆ بیرم لە ناوی کوڕ نەکردەوە تەنها ناوی کچ بوو، کە بە خەیاڵمدا دەهات. نازانم هەستمدەکرد کچێک لەدایکدەبێت، یان چی، ناوێکی وام بە خەیاڵدا نەدەهات، شایەنی کچی دایەت بێت.

ڕۆژێک بە ماهیم گوت: دەمەوێت ناوی تۆ بۆ شازادە بچووکەکەمان دابنێم، جوانترین و ئارامترین ناو. هەر کات ببینم و بانگیبکەم و ناوی ببیستم، چاوم دادەخەم تۆ دەبینم بە هۆیەوە. ماهیش بەو شتەی کەوا پێمگوت زۆر دڵخۆشبوو. منیش لە لای خۆمەوە ئیتر ناوی ماهیم بۆ دانایت. بێگومان ئەو شتانەش بە ڕۆژێک و دوو نا، زەمانێک ڕۆیشت هاتنیشت نزیکبوو، ناوەکەش کە بۆم دانابوویت بە کەس و بە دایە و بابەتم نە گوتبوو.

ڕۆژێک دوای عەسر دایەت هاتەوە، لەبەر دەرگا دانیشتبووین من و دایەت و میمکەکانت، چەند مانگێکی کەم مابوو بۆ هاتنت، - دایەت گوتی: دەزانن باوکی چ ناوێکی بۆ منداڵەکە داناوە؟

- ناوی چی ئەی ئێوە چیتان بە من گوت؟ ئەی بە منتان نەگوت تۆ ناوی بنێت؟

- من ئەو شتانە نازانم و ئاگادار نیم، کوا کەی وامانگوتووە؟

بێدەنگبووم و وەڵامیم نەدایەوە. لەوێدا زۆر خراپ دڵم شکا لە مرۆڤ. ئاخر دیوتە چۆن مرۆڤ لە کاتێک بەڵێندەدات و دواتر هەر نازانێت چی گوتووە. ئاخر چۆن دەبێت ئاوام لەگەڵ بکەن ها خانمی دڵم؟

- ئەگەر منداڵەکە کوڕبێت ناوی (عبدالرحمان) دەبێت، ئەگەر کچیش بێت ناوی (ماهی) دەبێت.

ئەوە ڕێککەوت بوو، یان چی؟ هەمان ئەو ناوەی من دامنابوو باوکیشت دایتابوو. تۆ بڵێیت خودا بیەوێت دڵشکانەکەم چاکبکاتەوە و خوێنم لێنەچۆڕێت؟

بەڵێ، وەک هەموو ئافرەتێکی ئێرە دایەت هەر زوو نەچوو ڕەگەزت بزانێت، هەتا لەدایکبوویت. پاشان زانیمان کچیت. پێم ناخۆشبوو کەوا بەڵێنەکەی منیان لەبیرکرد، بەڵام بە بیستنی ناوی ماهی کەمێک دڵم ئارامبووەوە.

ڕۆژەکانم بۆ هاتنت دەژمارد، چەژنبوو دایەت هاتبووەوە ماڵی خۆمان، حاڵی باش نەبوو داپیرەت دەیگوت هەر بزانن ئەمڕۆ و سبەی شازادە بچووکەکەمان دێت، شەو دایەت گەڕایتەوە ماڵی خۆتان.

بۆ بەیانی کە خەبەرمبووەوە سەیرمکرد ماڵەوە چۆڵچۆڵە. نە دەنگێک، نە کەسێک هیچی لێنییە. هەستامەوە خۆت دەزانیت چۆن هەڵدەستام ئەگەر بیرت مابێت. بە قەنەفە ڕزیوەکەم، ئێستاش ماوە، یان هەر دوای ڕۆیشتنم سووتاندیان قەنەفەکەم؟ چونکە دەزانم چەندە لە دڵیان داخبوو بوونی لە ژوورەوە. خاڵۆژنت هەمیشە دەیگوت ڕۆژێک هەر فڕێیدەدەم لەو ژوورە و دەیسووتێنم. ئاخر نازانم چ

ڕێگەی لێیانگرتبوو. مەگەر ماڵەکەیان هێندە جوان و پاک ڕاگرتووە تەنها قەنەفە ڕزیوەکەی من تێکیداوە و ئەو زیادە.

بەڵێ، بە قەنەفەکەم هەستامەوە. لەسەر مەخسەلەکە دەمووچاوی خۆم شوشت و چوومە چێشتخانەکەوە، یەکێک لە میمکەکانت لەوێ بوو، گوتم:

– ئێرە بۆ ئەوا چۆڵە و دەنگی کەسێک نایەت؟

– دەریا منداڵی دەبێت، دایە چووە بۆ لای ئەو و ئەوانەی تریش هەموو چوون بۆ سەرکار.

نازانم نانم خوارد، یان نا. چوومە حەوشەکە چەند خولەکێک پیاسەمکرد. پاش کەمێک میمی ژیانت لەگەڵ منداڵەکانی هاتەوە. نزیک نیوەڕۆ بوو هیچ هەواڵێک نەبوو لە دایەوە، ئەوانەی تریش لە کار هاتنەوە. چووم بۆ سەرئاو، لەوێوە گوێم لێبوو بە تەلەفۆن قسەیاندەکرد، تێگەیشتم حاڵی دایەت خراپە. هاتمە دەرەوە و لە هۆڵەکە دانیشتبووم، گوتیان منداڵەکە بووە. بەڵام دەریا حاڵی هیچ باش نییە. هاتمەوە ژوورەکەی خۆم، باوکت پەیوەندیی کرد، شتێکی دەویست، هات بردی و ڕۆیشت، زۆر بەپەلە بوو. دەرگاکەم داخست و دەستم بەگریان کرد.

ئاخر ئەگەر دایەت شتێکی بەسەربهاتبایە من چیم بکردایە؟ ئاخر ئەوکات و ئێستاش کە ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم، دایەت ئازیزترینمە. زۆر گریام، ماهیش لە لام نەبوو کەمێک دڵم بداتەوە. هەندێک دوعامکرد بە گریانەوە داوام لە خودا دەکرد، دایەت سەلامەت دەربچێت. بەم هەموو پیسییەی خۆمەوە، ئاخر ئەو کات تەنانەت نوێژیشم نەدەکرد، بەڵام باوەڕم هەبوو خودا وەڵامم دەداتەوە. ئەگەر هیچ کاتێکیش وەڵامی نەبووبێت بۆم، بەڵام ئەمجارە جیاواز دەبێت، بەڵێ باوەڕم هەبوو.

ماوەیەکی بەسەردا ڕۆیشت، داپیرەت پەیوەندیی کرد و گوتی ئێستا دەریا حاڵی جێگیر و باشە، هەموو مەترسییەکی تێپەڕاندووە. هەناسەیەکی فێنک بە گیانمدا هاتەوە و ئارامبوومەوە، دانیشتم و سوپاسی خودام دەکرد.

بەڵێ، منداڵێک لەدایکبوو، کچێک. ئەوە تۆ بوویت هاتیتە ئەو دونیا جەنجاڵەوە، هاتنت بەدەست خۆت نەبوو، دڵنیابە ڕۆشتنەکەش بەدەست خۆت نییە، هەمووی لە لای خودای گەورەیە، ئەو چاکەی ئێمە دەزانێت.

دوای ئەوەی هەموو شتێک ئاساییبووەوە، دەنگی مۆبایلەکەم هات، سەیرمکرد میمکت بوو. کەمێک بوو گەڕابووەوە ماڵی خۆیان، گوتی:

- دەزانن ئەمڕۆ (١٨)ی مانگە؟

- بەڵێ.

- ئێ ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

بیرم کردەوە، بەڵام مێشکم هێندە ئاڵۆزبوو هیچ شتێک بە بیرمدا نەهات، پێمگوت: نازانم، چییە؟

- ڕۆژی لەدایکبوونی ژیرە. واتا کوڕە گەورەکەی. بوو بە پێنج ساڵ، ئەو کاتەی تۆ لەدایکبوویت.

وەک خۆت دەزانیت یەکەم کچ بوویت لە لە خێزانەکەمان، واتە لە منداڵی خوشک و براکان، بەر لە تۆ سێ کوڕ هەبوون، دوای تۆش دوو کچی تر هاتن لە ماوەی شەش مانگ بوون بە سێ کوڕ و سێ کچ. دوای دوو ساڵیش لە ڕۆیشتنی تەمەنت براکەت هات.

ئەو کاتەی تۆ هاتیت ماهی لێرە نەبوو، دووربوو نازانم بۆ، بەڵام ماوەیەک لێکدووربووین. ڕاستییت بوێت دەزانم بۆ دووربوو، بەڵام نامەوێت هۆکارەکەیت پێبڵێم، چونکە زۆرجار بێدەنگبوون باشترە لە قسەکردن. لەوانەیە هۆکارەکەی ئازارتبدات. یەکەمجار کە تۆی بینی تەمەنت چەند مانگێک بوو.

نازانم هەر یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونت بوو یان بووبووی بە دوو ڕۆژ کاتێک یەکەمجار تۆم بینی لە وێنەیەک، لەنێو مۆبایل. نازانم دوای چەند ڕۆژیش بوو کە یەکەمجار هاتیت بۆ ماڵی باپیرە. ناشیرین و ڕەش بوویت، بەڵام پڕ لە جوانی،

دەزانم لەوانەیە لەو قسانە نەگەیت، بەڵام نازانم چۆن بیڵێم، جوان بوویت لە هەمان کاتیش ناشیرین بوویت.

دەمویست زوو گەورەبیت، بەڵام ڕۆژەکان نەدەڕۆشتن، خۆشمدەویستی زیاتر لە زۆر مرۆڤ. تەنانەت وێنەیەکت کەوا میمیت سناپی پێکردبوویت لەسەر ڤایبەرم دانابوو. پاش ساڵێک وێنەکەم بینییەوە، چەند گۆڕابوویت، چەند جوان بووبوویت، پێمگوت ئای خودایە لێرە چەند ناشیرینە.

(٢٦) ڕۆژ دوای هاتنی تۆ، کچێکی تریش هات. مەروە، کچی خاڵەت، کە دواتر دەبن بە دوو هاوڕێی زۆر نزیک.

ڕۆژەکان دەڕۆیشتن، هاوێنێکی گەرم بوو. ڕۆژەکان دەڕۆیشتن و تۆش گەورەدەبوویت. ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر خۆشمدەویستی، وەک خۆشەویستییم بۆ ماهیی گەورە. جار دوای جاریش کە دەهاتنەوە جوانتر و شیرینتر دەبوویت، کە دەخەوتی دەمهەژاندیت، یارییم لەگەڵ دەکردیت، پێدەکەنیت لەگەڵم، ژیان جوانتر بووبوو لەگەڵ تۆ. مەگەر خودا بزانێت چ جوانییەک لە خەندەکانت هەبوو، ئاخر دەڵێن: (کاتێک منداڵ ئەم خەندەیە دەکات، ئەوە فریشتەی بینیوە).

پاش ماوەیەک کە ماهیی گەورە هاتەوە خەت، وێنەی تۆم بۆ نارد، گوتی:

- کێیە؟

- هەستدەکەیت کێ بێت؟

- نازانم، چۆن بزانم؟

- ماهییە.

- نا! کەی هات؟ کەی ئاوا گەورەبوو؟

- ئاخر زەمەنێکە تۆ لێرە نیت.

ئەویش وەک من خۆشیدەویستیت، ئێستاش خۆشیدەوێیت. بە شازادە بچووکەکەمان ناویدەبردیت. هەموو کات لە حاڵتی دەپرسی و داوای وێنەتی دەکرد

و دەیویست هەمیشە بتبینێت. ئەگەر جارێکیش نەخۆشبایت زۆر خەمی دەخوارد. جارێکیان کەوا شازادە بچووکەکەمان نەخۆشە، داوای ژمارەی دایکتی کرد، پێمدا و قسەی لەگەڵ دایەت کرد و لە حاڵتی پرسی.

سەرەتای وەرزی زستان بوو، چەند ڕۆژێک مابوو ببیت بە (٦) مانگ، دەمەویست شتێکت بۆ بکرم، چونکە دایکت حەزیدەکرد. خۆم توانام نەبوو بچم شتێکت بۆ بکرم، لەبەرئەوە داوام لە هاوڕێیەکی زانکۆم کرد، ئەو چوو بۆ بازاڕ و ورچێکی بچکۆلانەی وەک خۆتی بۆت کڕی. واتا هەم دیاریی من و هەم هی هاوڕێکەم بوو. ئێستاش دایەت ئەو ورچەی بۆت هەڵگرتووە.

یادەوەرییم زۆر لاوازبووە، ناتوانم هەموو شتێک بهێنمەوە یادم کەوا پەیوەندیی بە تۆوە هەیە. ئاخر مرۆڤێک کەوا لە دوایین کاتژمێرەکانی ژیانکردنیدا بێت، چۆن دەتوانێت بیر لە یەک شت بکاتەوە بە تەنها و بە دیارییکراوی. ئێستا هەموو ژیانم بە تێکەڵاویی لەبەرچاوم دێت و دەچێت، هەموو ڕووداوەکان، ناتوانم ئەو شتانەی پەیوەندیی بە تۆوە هەیە هەموویان دەربهێنم و بۆت بیاننووسمەوە. وای لە حاڵی مێشکی شێواوم لەم کاتەدا...

هەر جارێک کە دەهاتنەوە گەورەتر و جوانتر دەبوویت، هەموو جارێک وێنەتم دەگرت، لاپتۆپەکەم پڕە لە وێنە و ڤیدیۆکانت. خەندە و گریانەکانت. بانگکردن و هاوارەکانت. ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر عاشقت دەبووم، کە دەهاتییە ژوورەکەم، کە یارییت بە کتێبەکانم دەکرد، کە سەیری وێنەی مەڕ و بزنەکانت دەکرد لە لاپتۆپەکەوە ئەو خەندانەی دەتکرد ژیانمی پڕدەکرد لە جوانیی.

نازانم کەی کەوتیتە سەر قاچەکانت، چەند هەنگاوێکت دەنا و دەکەوتیت، بەڵام ماندوو نەدەبوویت لە هەوڵدان. وێنە و ڤیدیۆکانت لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕۆیشتن، هێندە وێنەتم بڵاوکردبووەوە لە ستۆریی ماسنجەرەوە هەموو هاوڕێکانم تۆیان دەناسی و خۆشیاندەویستیت. هەمووان دەیانزانی خۆشەویسترین کەسی ژیانی سامی تۆیت.

تەمەنت دوو ساڵ و چەند ڕۆژێک بوو، کە بوویت بە خوشکی گەورە، خوشکی گەورە بۆ برایەک، بزانە زیاتر لە هەر مرۆڤ برا پێویستی بە خوشکە، کە دڵی

خۆشە، کە خەمدەخوات، کە حاڵی باشە، کە حاڵی وێرانە، هەموو کات خوشکی دەوێت. ببە بە هەموو کەس و هەموو شتێک بۆ براکەت، باشە؟ فیدای هەردووکتان بم...

هەموو شتێکم لە ژیان بینیبوو، هەر چوار وەرزی ساڵ، هەر حەوت ڕۆژەکەی هەفتە، هەر دوانزدە مانگەکەی ساڵ، گریان و پێکەنین، ژیان و مردن، کەوتن و هەستانەوە، خوێن و برینی پێچراو، هاوڕێی باش و خراپ، تامکردنی چەندەها خواردن و خواردنەوەی جیاواز، گەرما و سەرما، مردن و لەدایکبوون، بوون بە خاڵە و مامە. هەموو شتێکم بینی تەنها یەک شتی تر چاوەڕوانی بووم، یەک شتی تر و ئیتر دەمەویست بمرم، ئەویش تۆ لە بری کاکۆ بە خاڵە بانگم بکەیت. دەنگی ماهی ببیستم بڵێت خاڵە. بیستم، بینیم، گریام کە وتت خاڵە. سێ مانگ بەر لە ئێستا. تەواو ئیتر دوای ئەوە مەگەر من چیم بوێت، نا هیچم ناوێت جگە لە مەرگ نەبێت. مەرگێک بە تەنها بەبێ ئەوەی لە دوایین هەناسەکانمدا هیچ کەسێک لەسەر سەرم بێت...

خاڵە کوا دایە؟ خاڵە وێنەی مەڕەکان، خاڵە ئەوەم بۆ بکەوە، خاڵە پارەم پێبدە، خاڵە مۆبایلم پێبدە، خاڵە ئاتاری دەکەم، خاڵە منداڵەکان یارییەکانم دەبەن، خاڵە میمی ئەوەم پێنادات. ئەوانە و چەندان داواکاریی و گلەیی ترت. هەر جارێک دەهاتیتە لای من و شتێکت دەگوت دڵخۆشدەبووم، هەر جارێک کە دەهاتنەوە یەکەم کەس دەهاتیتە لای من دونیایەک دڵخۆشدەبووم.

ئێستا کە گەورەبوویت نازانم چیت پێبڵێم، گومانم نابێت لە پەروەردەکردنت، چونکە دەزانم دایە و بابەت دوو کەسی چۆنن. خودا بۆ یەکتری دروستکردوون ئەم دوانەیە. لەگەڵ پەروەردەی ئەوانیش کتێب بخوێنەوە، کتێبەکانی بابەت، کتێبەکانی من، هەموویان نا، بەڵکوو ئەوانەی دایەت پێتدەدات دواتر ئەوانەی خۆت بەسوودیان دەزانیت و کەسێکی ناوازەت لێ دروستدەکەن.

ببە بە کچێک کە دایە و بابەت شانازییت پێوەبکەن. ببە بەم کچەی کەوا هەمیشە داپیرەت دەیگوت ئەمە کە گەورەبوو کچێکی لێدەردەچێت هاوشێوەی نابێت. ببە بە کچی خەونەکانی داپیرەت. خودا و پێغەمبەرەکەی لەپێش هەموو

شتێک و کەسێکەوە دابنێ. خۆتت خۆش بوێت، مرۆڤەکان بناسە و بزانە تێکەڵی کێ دەبیت. با هەمیشە نزیکترین هاوڕێت کتێبەکان بن، لە ناو کتێبەکانیش کتێبەکەی خودا لە پێش هەمووان دابنێ.

ماهیم، ببورە ناتوانم زیاتر بنووسم، ئەوە چەندین جارە قەڵەمەکەم لە دەستم دەکەوێت، دەستم توانای نووسینی وشەی نەماوە، ببورە ئیتر هەموو شتێک تەواوبوو، هەموو شتێک...

دوایین شت، ناونیشان و ژمارەی ماهیی گەورەت بۆ جێدەهێڵم، پەیوەندیی پێوەبکە و لێی دامەبڕێ. خۆشیدەوێیت، من لە ئەودا ببینە، چونکە ئەویش من لە تۆدا دەبینێت.

لە هەمووی گرنگتر؛ ئاگاداری دڵت بە.

خۆت و دایەت و هەمووان بە خودا دەسپێرم.
ماڵئاوا، بۆ ئەبەد ئەی جوانترین عەشقی من.
ماڵئاوا هەموو دونیای من.
خۆشمدەوێیت.

# دواپین نووسراو

## گەشبینیی:

ناوەڕاستی مانگی دووە، زستان خەریکەماڵئاوایی دەکات و بەهار دێت. ئێستا شەوێکی درەنگە و هەمووان خەوتوون، ئەمڕۆ یەکێک لە جوانترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو. من نامەوێت جارێ بخەوم و دەمەوێت ئەمڕۆم یادداشتبکەم و هەمیشە لەبیرمبێت.

سێ ڕۆژ بوو لەسەریەک باران شێتانە دەباری و تینووی زەوی بوو، دایکم گوتی بەیانی بۆ خۆتان بخەون، کەس زوو هەڵنەستێت، بەڵام من دوای نوێژی بەیانی خەوم لێنەکەوتەوە. دانیشتبووم هەتا خۆرهەڵهات، دونیا ڕووناکبووەوە و ئاسمان هیچ هەورێکی نەبوو، هەموو خەوتبوون. لە جێگەکەم هەستامەوە و چوومە هۆڵەکەوە، سەیری ژووری خوشکەکانم کرد، مۆبایلی خوشکە بچووکەکەم زەنگی لێدەدا، سەیرمکرد زەنگی ئاگادارکەرەوەی کاتژمێر بوو. ئاخر خوشکە بچووکەکەم شوانە، هەندێک مەڕ و بزنی هەیە هەموو ڕۆژێک کاتژمیرەکەی دادەنێتەوە بۆ ئەوەی مەڕ و بزنەکانی بباتە لەوەڕ. مۆبایلەکەیم کوژاندەوە، گوتم با تێرخەو ببێت و ئەمڕۆ هەڵنەستێت. من دەچم مەڕ و بزنەکان دەبەمە دەرەوە. چوومە چێشتخانەکە سێوێکی سەوزم هەڵگرت و چوومە دەرەوە.

ڕۆژی پێنج شەممەبوو ئەمڕۆ، ڕۆژە دڵخوازەکەی من، جوانترین ڕۆژی من لە هەفتەدا. چەند کار و بەرخێکی بچووکمان هەیە بۆ ئەوەی شیر لە دایکیان

وەربگیرێت دەبێت بە ڕۆژ لە دایکیان جیابکرێنەوە. بۆ ئەوەی دایکم بیاندۆشێت و شیرەکەیان بکات بە ماست و پەنیر، بەڵام من جیامنەکردنەوە و هەموویانم پێکەوە بردە لەوەڕ. شێتانە خەریکی مژینی گوانی دایکیان بوون وەک بڵێیت ئەوە یەکەم کۆتاجاریانە. تەنها مانگاکەم نەبردە دەرەوە، کە هەندێک ئالیک و جۆم بۆ ئەو دانا. مەڕ و بزنەکانم بردە دەرەوە. کەمێک لەماڵەوە دوورکەوتمەوە بۆ ئەوەی لەوەڕێکی کەمێک باشیان هەبێت، ئاخر خوشکەکەم چونکە کچە نابێت زۆر لە ماڵەوە دووربکەوێتەوە. ڕۆیشتین، ئەوان خەریکی خواردنی گیابوون، منیش لە دیاریان دانیشتبووم، مۆبایلەکەمم دەرهێنا و نووسیم: "**هەندێک کات لەگەڵ مەڕ و بزنبوون، زۆر ئارامبەخشترە لەوەی لەگەڵ مرۆڤەکان بیت، ئەم ساتەم بە هیچ شتێک ناگۆڕمەوە لە دونیادا، دەتوانم کتێبیش لە لای ئەوان بخوێنمەوە، مەرج نییە هەر کتێب و قاوەبێت، کتێب و مەڕ جوانتریشە**".

ڕۆمانە جوانەکەی پەشێویش "بە هەزار دڵ خۆشمدەوێت" لەگەڵ خۆمم بردبوو بۆ ئەوەی بۆ جاری سێیەم بیخوێنمەوە. لەم کەشوهەوا خۆش و ئارامە، ئەم پارچە نووسینەی کە لە نۆتی مۆبایلەکەم نووسیم لەگەڵ وێنەیەکی کتێبەکە کە لەگەڵ مەڕ و بزنەکان گرتم لە فەیسبووک پۆستمکرد. پاشان دەستم بە خوێندنەوەی کرد. هەندێکجار بە دانیشتن و هەندێک جاریش بە پیاسەکردنەوە دەمخوێندەوە. نیوەی کتێبەکە زیاترم خوێندەوە، بێگومان ئەگەر مەڕ و بزنەکان عاقڵ نەبوونایە و بچوونایە دەغڵ و دانی خەڵکیان خواردبایە، وەک ئەو شوانانەی خۆیان ئاژەڵەکانیان لە دەغڵ و دانی خەڵک تێردەکەن، ئەوکات نەمدەتوانی ئەوەندە بخوێنمەوە.

کاتژمێر (٩) بوو، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، سەیرمکرد دایەبوو، وەڵاممدایەوە خوشکە بچووکەکەم قسەیکرد، بە هەناسەیەکی ماندووەوە گوتی:

- ئەوە تۆ ئاژەڵەکانت بەرداوە؟

- بەڵێ.

- دەی ئەوەندە لەوەڕە بەسە بیانهێنەوە دەیاندۆشین.

- باشە کەمێکی تر دێمەوە.

مۆبایلەکەم خستەوە گیرفانم. ئاژەڵەکانم پێشخۆمدا و هێدی هێدی بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە. ئاژەڵەکانم کردەوە ژووری خۆیان و چوومەوە ژوورەوە، دەست و دەموچاوم شوشت.

جلەکانم کەمێک تەڕ و پیس بوون، بۆنی ئاژەڵەکانی گرتبوو، خۆم گۆڕی و چووم سەیری چێشتخانەکەم کرد نانیان دەخوارد. هەر کەسێک و داوای شتێکی دەکرد و دەبوایە بە زووترین کات لەبەردەمی ئامادەبێت بە تایبەت باوکم و کوڕەکان. کچەکانیش وەکوو ڕۆبۆت دەهاتن و دەچوون، خوشکم گوتی:

- دانیشە چی دەخۆیت؟

- لێیبگەڕێ خۆم دەچم هێلکە دەکەمە ڕۆن.

دوو هێلکەم کردە ڕۆن بەو شێوەی خۆم حەزم لێیبوو، چوومەوە ژوورەوە لەسەر سفرەکە دانیشتم. دایە گوتی:

- وەک هەمیشە هێلکەوڕۆنەکەی تۆ لە هی هەمووان جوانترە، لەگەڵ نانێکی گەرم و مرەبای خۆخ هێلکەکەم خوارد. ئاخر من ساڵێک دەبێت چام تەرککردووە و نایخۆمەوە، لەبەرئەوە بەبێ چا خواردم و دەستخۆشییم لێیانکرد و چوومە حەوشەکە دانیشتیم.

کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ بوو، لە حەوشەکە لە لای حەوزی ماسییەکان کورسییەکم دانا و دەستمکردەوە بە خوێندنەوەی بە هەزار دڵ خۆشمدەوێیت. جوانترین کەش بوو، خۆر لە دەرەوە بوو، بایەکی هێمن و جوانی دەهات، ئارامیی بە گیان و ڕۆح دەدا. ماسییەکان جارجار سەرێکیان لە ئاوەکە دەردەهێنا و سڵاوێکیان لێدەکردم. تێکەڵ بە سروشت و هەستەکانی سوارە و سروە بووبووم. نیو کاتژمێر زیاتربوو ئاگام لە دونیای دەوروپشتم نەمابوو. لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکەم لەو دونیا جوانە هاتمەدەرەوە. هەرچەندە کەمتر لە پێنج چرکەش مۆبایلەکەم دەنگی لێوەهات، سەیرمکرد پەیوەندیی وەڵامنەدراوەبوو لە خوشکە گەورەکەمەوە، ئەوسا

زانیم باڵانسی نییە بۆ پەیوەندیی. پەیوەندییم پێوەکردەوە، کوڕە پێنج ساڵانەکەی وەڵامی داوەمەوە و گوتی:

- خایە سامی کەی دێنەماڵی ئێمە؟

- دێین خاڵە دوای نیوەڕۆ دێین. هەر لە مۆبایلەکەوە هەستمکرد دڵی چەندە خۆشبوو. هاواری دایکی کرد و گوتی دااایە ماڵی خایە سامی دێنە ماڵمان. هیچ قسەیەکی تری لەگەڵ نەکردمەوە و مۆبایلەکەی داخستەوە. منیش وازم لە خوێندنەوەکەم هێنا و چوومە ژوورەوە، کتێبەکەم لە ناو کتێبخانەکەم دانا. مۆبایلەکەم بەدەستەوەگرت و کەمێک چوومە ناو فەیسبووک، بەڵام شتێکی وای لێنەبوو و بەم کاتەش کەسی لێنەبوو بیدوێنم. مۆبایلەکەم خستە سەر شەحن و سەیری براکەمم دەکرد کە خەریکی یارییکردن بوو بە ئێکس بۆکسەکەی.

نانی نیوەڕۆ ئامادەبوو، گوتیان وەرن نان بخۆن. چوومە چێشتخانەکە پەتاتەیان لە ڕۆن کردبوو لەگەڵ هەندێک برنج و شلەی دوێنێش هەبوو، هیچیانم نەخوارد، نەک لەبەرئەوەی حەزیان پێنەکەم، بەڵکوو نەمویست نان بخۆم. هەندێک میوەی شوراوە لەسەر کەوانتەرەکە بوو، کەرتێک مۆزم خوارد و هاتم لە هۆڵەکە دانیشتم. پاش ماوەیەک دەنگی بانگی نیوەڕۆ هات، دەستنوێژم شوشت و لە ژوورەوە نوێژمکرد. ویستم کتێبەکەم بهێنم تەواویبکەم، بەڵام بیرمکەوتەوە بە کوڕی خوشکەکەمم گوتبوو دێمە ماڵتان. واتە کە قسەشم لەگەڵ کرد مەبەستمبوو من دەچم، نەک هەموومان. خۆم گۆڕی و بەڕێکەوتم بۆ ناو گوند، چونکە ماڵی ئێمە لە دەرەوەی گوندکەوەیە.

سەرەتا دەچمە ماڵی مامم، چونکە خوشکێکم و کچەکەی کە هەموو دونیای منە لەوێن. عیشق و هەموو جوانییەکانی ژیانم لەوێن. بەرلەوەی بگەمە بەر دەرگە پەیوەندیی بە خوشکەکەمەوە دەکەم، بزانم لە ماڵەوەن، ئەویش گوتی لە ماڵەوەین. گوتم باشە ئێستە دەگەمە لاتان. بەر لەوەی مۆبایلەکەم دابخەم گوێم لێبوو خوشکم بانگی ماهی کرد و پێیگوت وەرە خاڵەت هات. گەیشتمە لای ماڵیان، لەدەرگەم دا، خوشکەکەم دەرگەی کردەوە و بەخێرهاتنی لێکردم. نێوچاوانیم ماچکرد. ئاخر خوشکەکان حەقە هەمیشە چاوەکانیان، دەستە ماندووەکانیان ماچبکرێت. من

دونیایەک قەرزاری خوشکەکانمم، هەتا ئەو دونیاش ببم بە بچووکیان ناتوانم قەرەبووی باشییان بکەمەوە بەرانبەرم.

لەگەڵ خوشکەکەم دەڕۆم. ئامۆزاکانم لەگەڵ دایکیان لە حەوشەکە دانیشتبوون چاوەڕوانبوون چایەکە ئامادەببێت و خوشکم بیهێنێت. سڵاوم لێیانکرد و لە لایان دانیشتم. ماهی خانم سەیریدەکردم و خەندەی دەکرد. خۆی لە باوەشی باوکی ناوە و هەر دەڵێت کاکۆ، مەبەستی خاڵەیە. کەمێکی پێدەچێت خانم ئەوجا هاتە باوەشی من و ڕێگەی پێدام چاوە جوانەکان و ڕوومەتە نەرمەکانی ماچ بکەم، بۆنیبکەم و ئارامیی بداتە گیانم. ئەویش ماچیکردم. ئای خودایە ئەوە ماچە، یان ئارامیی! ماچەکانی لەو ماچە ئارامەی دایکی دەچێت کە یەکەم ئێوارە دوای هەفتەیەک لە شوکردنی هاتەوە و ماچیکردم. لە لام دانیشت و بە زمانەکەی خۆی هەزار قسەی بۆ دەکردم و منیش لە زۆربەی تێنەدەگەیشتم، کاکۆ مامە، کاکۆ بابە، کاکۆ بەبە، کاکۆ ماوۆ، ئەو دەربڕینە سادە و جوانانە. باوکی گوتی بەسە مێشکی خاڵەت برد.

- لێیبگەڕێ. داوای پەرداخێک ئاوم لە ماهی کرد و گوتم بڕۆ بڵێ دایە ئاو بۆ خاڵە. دایکی لە چێشتخانەکە خەریکی چا تێکردن بوو، ڕۆیشتە لای دایکی و هاواریکرد دایە دایە، کاکۆ ئاو. دایکیشی تێگەیشت و لەگەڵ چایەکان ئاوەکەی بۆ هێنام. ئاوەکەم خواردەوە و وەک سوپاسگوزاری کۆمەڵێک ماچی ماهیم کرد. هەمووان چاکەیان لەپێشبوو تەنها من نەبێت، مامۆژنم گوتیە خوشکم:

- کچم ئەی بۆ چات بۆ برات نەهێناوە؟

- دەست خۆش مامۆژن گیان، بەڵام من چا ناخۆمەوە و تەرکمکردووە. حەتمەن خوشکەکەشم ئەوە ئاگادارە، لەبەرئەوە بۆی نەهێناوم.

- باشە بە دڵی خۆت.

هەتا کاتژمێر (٢)ی دوای نیوەڕۆ لەگەڵ ئەوان دانیشتم، قسەمان لەسەر هەموو شتێک دەکرد، داوای ڕووخسەتی ڕۆیشتنم کرد و هەستام. بە خوشکەکەشم گوت

ئەگەر ماهی خەوی نایەت لەگەڵ خۆم دەیبەم، دەچینە دوکان و دواتریش بۆ ماڵی میمکی.

- بیبە نیوەڕۆ لەخەو هەستاوە، جلێکی گەرمی لەبەرکرد و ماهی بە ڕاکردن هاتە باوەشم. دوکانێک لە خوارەوەی ماڵەکەیان هەیە چووینە ئەوێ. زەرفێکم هێنا و پڕ شتی جۆراوجۆرم کرد بۆ دوو کوڕەکەی خوشکە گەورەکەم و ماهیش هەندێک شتی بۆ خۆی هەڵگرت. پارەکەمان دا. ماهیم لەباوەشکرد و بۆ ماڵی خوشکە گەورەکەم بەڕێکەوتین.

ماڵی خوشکم لە دوکانەکەوە زۆر دوور نییە، بە چەند خولەکێک گەیشتین، دەرگە کراوەبوو، بەبێ ئەوەی لە دەرگە بدەین چووینە ژوورەوە. ئەو کوڕەی کە پێش نیوەڕۆ پەیوەندیی پێوەکردم، لە حەوشەکە بوو و بانگی دایکی کرد و گوتی: دااایە خایە سامی و ماهی هاتن. ماهیم لە باوەشم دانایە سەر زەوییەکە و چووە لای میمی گیانی و منیش کوڕەکانم ماچکرد. دواتر چوومە لای خوشکم، سەیرێکمکرد و هەزاران ئازار لە ڕووخسار و جەستەی دەخوێنمەوە، زەرفەکەم بە منداڵەکان دا، کە هەموو کێک و شەربەت و شیرینییەکی تێدابوو. کوڕەکان و ماهی هەتا ماندوو و بێزار بوون لە شتەکانیان خوارد، بە خوشکمم گوت ئەوەی تر هەڵبگرێت بۆیان بۆ کاتێکی تر.

بانگی عەسر بوو، هەر لەوێ نوێژەکەم کرد و دواتر لەگەڵ منداڵەکان خەریکی یارییکردن بووم، وەک بڵێیت لە هەمان تەمەنی ئەوان دام. ڕێگەم نەدەدا هەستبکەن جیاوازم لەوان و من منداڵ نیم. ئێمە یەک شتین، ئێمە خاڵ و خوارزاین، من خاڵیان و ئەوانیش هەرسێ خوارزاکەم. هەر خودا دەزانێت ئەم پەیوەندییە چەندە جوانە. کەم پەیوەندیی هەیە هێندەی پەیوەندیی نێوان خاڵ و خوارزا جوان و بەهێزبێت، چەندە شیرینن ئەمانە لە لای یەک، خودا کەس لە مانە بێبەش نەکات.

ماندووبووین لە یارییکردنیش، هەر چوارمان پاڵماندایەوە. گوتم:

- ماهی بەسە هەستە با بڕۆینەوە.

- ڕۆیشتنی چی، منداڵەکان بیرتدەکەن، چەند مانگە نەهاتوویتە لایان، دەبێت ئێوارە لێرەبن.

نەمتوانی قسە لە قسەی بکەم، سەیریشمکرد ماهی خەویدەهات، پێمگوت:

- ئاخر ئەوە خەوی دێت.

- خۆم چارەسەری دەکەم. لە مەمەیەکی شوشە هەندێک شەربەت دەگرمەوە و پێیدەدەم.

لەگەڵ شەربەتەکە ماهی هەتا مەغریب خەوی لێکەوت. منیش هەر لەگەڵ منداڵەکان یاریی و قسەم دەکرد. ئاگاداری کات نەبووم، ڕۆژیش کورتە.

- هەستە نوێژی مەغریب بووە، نوێژت بکە و نان ئامادەیە.

نوێژمکرد و پیاوەکەشی هاتبوویەوە، کوڕەکانیش بانگی ماهییان کرد، هەموومان بەیەکەوە چووین بۆ نانخواردن، کەشەکە هەندێک ساردی کردبوو و هەورێکی ڕەش ئاسمانی تاریکتر کردبوو بەم ئێوارە. خوشکەکەشم نیسکێکی کردبوو کە دەرمانە بۆ ئەو سەرمایە.

نانخواردن تەواوبوو، لەگەڵ کوڕەکان یارمەتیی خوشکمان دا بۆ کۆکردنەوەی سفرەکە، کارەکان تەواوبوون. منداڵەکان بەیەکەوە یارییاندەکرد و ئێمەش لەگەڵ خوشکم و پیاوەکەی دانیشتبووین قسەماندەکرد. خوشکەکەم چای هێنا لە بری چا بیبسییەکی بۆ من دانابوو بەم سەرمایە، بەڵام خۆم حەزم لێیە و دەیخۆمەوە، لە ناوەڕاستی زستان ئاوی بەفراو نەبێت نایخۆمەوە.

دوای نوێژی عیشا باران دەستیپێکردەوە، نەدەکرا بە پێ بگەڕێینەوە لەبەر ماهی، هاوسەری خوشکم گوتی: من دەتانگەیەنم. لەگەڵی هەتاماڵی ماهی هاتین و لەوێدا دابەزین و سوپاسیم کرد. گوتم: تۆ بڕۆوە منیش جارێ لێرەدەبم. ئەو ڕۆیشت من و ماهیش چووینە ژوورەوە، ماهی چووە لای دایکی.

دایکی گوتی:

- کوڕەکان لە ماڵەوە نین هەموویان لە دوکانن.

سەیرمکرد ئەوانەی دانیشتوون هەموو ئافرەتن، دووبارە ماهی و دایکیم ماچکرد و ماڵئاواییم لێکردن.

باران دەباری، بەڵام بارانەکە تووڕە نەبوو، بارانێکی نەرم بوو، بە هێواشیی و بە میهرەبانییەوە دەباری. هێدفۆنەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و کردمە گوێم، قورئانێکم لە مۆبایلەکەم پێکرد و بۆ ماڵەوە بەڕێکەوتم. پێنج خولەک زیاترم پێچوو هەتا گەیشتمەوە ماڵەوە، کاتژمێر (٨) لایدابوو و نزیکبوو لە (٩)، نوێژی عیشام کرد و (بە هەزار دڵ خۆشمدەوێیت)ـم دەرهێنا بۆ ئەوەی تەواویبکەم. بەر لە کاتژمێر (١١) تەواومکرد. بوو بە یەکەم کتێب، یەکەم ڕۆمان، یەکەم جوانیی کە سێ جار خوێنەری بووم. جێگەکەم ڕاخست و چوومە ژێر بەتانییەوە.

سەیرێکی فەیسبووکم کرد، وەک هەمیشە پڕ لە درۆ و قسەی بێزارکەر و هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی جیهانیی کە هەموو دونیای ترساندووە، چەند هاوڕێیەک نامەیان ناردبوو، وەڵامی هەموویانم دایەوە و خەتەکەم داخست.

بڕیارمدا ڕۆژەکەم بنووسمەوە، نووسیم و هەتا گەیشتم بە ئێستە، ڕۆژەکەم کۆتاییهات، لەدوایین دێڕ دەنووسم: خودایە، بە میهرەبانیی خۆت، بە ڕەحم و گەورەیی خۆت، بە ناوەجوانەکانی خۆت، خودایە ئازیزانم بپارێزە و لە خراپە بمانپارێزە، بە ناوی تۆوە دەژین و دەمرین. مۆبایلەکەم فڕێدەدەم و چاوم دادەخەم.........

# سوپاس بۆ تۆی خوێنەر

سوپاس بۆ تۆی خوێنەر کەوا هەتاوەکوو کۆتایی هاتی لەگەڵ سامی و ئازارەکانیدا، هیوادارم؛ چێژ، جوانی و سوودی پێدابن، پەشیمان نەبن لەم کاتەی کەوا پێتانداوە.

من، تۆ، چەندین کەسی تر دەکرێ لەنێو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا خۆمان بدۆزینەوە و هەست بکەین وا ئێمەش یەکێکین لە کارەکتەرەکان، هێواش هێواش لەگەڵ قاچە بێ هێزەکانی سامی هەنگاو دەنێین.

سوپاستان دەکەم بۆ ناردنەوەی؛ هەر بۆچونێک، ڕەخنەیە، پرسیار و دەستخۆشی، یا هەر شتێک دەتوانن بۆ ئەم پەیجەی ئینستاگرام بنێرن:

Sami_books96

٢٠٢٢-٨-١٢

هەینییێکی پڕ لە ژاوەژاو.